مەحمود مەلاعززەت

# حکومەتی کوردستان
# لەناو مەتەڵی سیاسەتی بریتانیادا
# ١٩١٨ - ١٩٢٤

## لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی وسیاسییە

بنکەی ژین

سلێمانی ٢٠٠٦

٩٥٣,٢١٢
م ٩٦٥ مەحمود مەلاعززەت
حکومەتی کوردستان لەناو مەتەڵی سیاسەتی بریتانیادا.- (زنجیرە-٥٣)
سلێمانی: بنکەی ژین، ٢٠٠٦.
٣٧٢ل: ١٧,٥ × ٢٥ سم.
١- شێخ مەحمود ٢- کوردستان- عیراق ٣- کوردستان- مێژوو
ئ- ناونیشان ب- زنجیرە- ٥٣
کتێبخانەی گشتیی سلێمانی زانیاریی سەرەتایی پۆلێن و پێرستی ئامادە کردووە

**سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح**

زنجیرە: ٥٣
کتێب: حکومەتی کوردستان لەناو مەتەڵی سیاسەتی بریتانیادا
نووسەر: مەحمود مەلاعززەت
تایپ: ژیلوان مەحمود مەلاعززەت
مۆنتاج: یادگار ئەوڕەحمان
بەرگسازی: قادر میرخان
خەتی بەرگ: ئەحمەد سەعید
تیراژ: ١٥٠٠
شوێنی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان
ژمارەی سپاردن: ١٠٥٤ی ساڵی ٢٠٠٦

**بنکەی ژین**
بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی
هەرێمی کوردستان: سلێمانی، سەرچنار، گەڕەکی ١١٩، شەقامی ٧٥ سەگرمە، خانووی ٧٣
نۆرماڵ: ٣١٨٣٦٣١ ئاسیا: ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ یا ٠٧٧٠١٤٦٤٨٣٣ سانا: ١١٢٨٣٠٩

## پێشکەشە بە :

**حاجی مەلا عززەتی باوکم**
**کە بۆ یەکەمجار ناوی شێخ مەحمودو حکومەتی کوردیم لەزاریەوە بیستو، فێری کردم راستگۆو دڵسۆزو پاكو هەژارو گیانلەبەر دۆست بم.**
**حاجی ئاسکۆڵی دایکم:**
**کە بەردەوام دژی ئاژاوەو ناکۆکیو ناسازی قسەی دەکرد**

# وتەیەکی پێویست ...!

**جەمال عەبدول**

پێش ئەوەی بچمە ناو ئەو چەند دێڕەی وەك سەرەتاو پێشەکییەکی ئەم بەرهەمە پڕ بایەخە کەوتە ئەستۆمو نووسیم، ئەبێ ئەوە بڵێم کە کاك مەحمود، براو هاوڕێیەکی پەنجا ساڵەو مرۆڤێکی دڵو دەروون پاكو هاوڕێ دۆستو هاودەمی تاسەری تێکۆشانو کۆڵنەدانو بەرچاوتێرو نەفس بەرزو نووسەرو مێژوونووسو ڕۆژنامەوانو ڕووناکبیرو خەمخۆری بەڵگەنامەو خاوەن هەڵوێست بوو، هەر لە سەرەتای ژیانیەوە، چاوی بە جیهانێکی جەنجاڵو پڕکێشەو مەینەتیو بێمافیو چەوساوەیی گەلو نەتەوەکەی هەڵهێنا، بۆیە دڵی پڕسۆزی پیرۆزی کوردایەتی بوو، چی پێکرا لەو پێناوەدا کردیو قوربانیی داو نزیکەی نیو سەدەی ژیانی کەمو کەڵی، تێکۆشەرێکی دڵسۆزو دوورە ڕێ هەڵەکردنو خۆ بۆ پلەوپایە دۆڕاندنو لەخۆبوردووی خەباتی ئازادیخوازی نەتەوەکەی بوو...، بە سەلیقەو بەهرەو حەزی خۆڕسکی، چیا تووناوتوونەکانی مێژووی هەڵئەکۆڵیو بە چنگی پەرۆشی، کێومالّی وڵاتە ئەنجن ئەنجنکراوەکەی ئەکردو بەدوای بەڵگەو

نیشانەیەکدا ئەگەڕا، بیکاتە قەواڵەی ڕەسەنی و دێرینیی نەتەوەکەی، لە هەندەران و ئاوارەییش، وێڵی مۆزەخانەو کتێبخانەو ئەرشیفەکان بوو، بەدوای سەرچاوەیەکی مێژوویی و بەڵگەنامەیەکی خۆرەڵاتناس و شارەزاو مێژوونووسێکدا، هەرچی دەربارەی کورد نووسرابێ کۆی ئەکردەوەو لە دووتوێی کتێب و نامیلکەو وتاری چڕو پڕی زانستیدا بڵاوی ئەکردەوەو هەڵەو شێواندن و خەوشە مێژووییەکانی ناشی و ناحەزانی ڕاست ئەکردەوە...! ئەم بەرهەمە ناوازەیەی (حکومەتی کوردستان، لەناو مەتەڵی سیاسەتی بریتانیادا)، هەوڵێکی پڕ سەلیقەو لێزانانەیە، بۆ ڕوونکردنەوەی مێژووی حوکمڕانی و مەلیکایەتیەکەی باشووری کوردستان و لێکۆڵینەوەی سیاسەتی ئەفسەرە سیاسییەکانی بریتانیا لە ساڵانی پێش و هاودەم و پاش یەکەم جەنگی جیهان بەرامبەر کوردو پێك نەهێنانی دەوڵەت بۆ باشووری کوردستان و بەستنەوەی ئەو بەشەی کوردستان بە مێزۆپۆتامیاوە، بۆ دامەزرانـدنی ئەم وڵات و دەوڵەتە ناپیرۆزەی ناونرا عێراق و دوای بڕیاری ناوچەی ئارام و فەراهەمبوونی کوردستانی فیدراڵیش، بەراوردێکی ئەو ئەزموونەو تاقیکردنەوەکەی جەمهورییەتی کوردستان و ئەم ئەزموونە نوێیەی کوردو ڕوونکردنەوەی هەلومەرجە لێکچووەکانی و کێشەو گرفت و کەلێنەکانی هەر ئەزموونە بە مەبەستی سوودوەرگرتن لە هەڵەو کەموکوڕییەکانی ئەو سەردەمە بۆ خزمەتی ئەم هەلە مێژووییەی ئێستا...!

زۆر دەمێکە، زۆربەی سیاسەتمەدارو نووسەرە نیشتمانپەروەرەکانی کورد بەگشتی هەواداران و بەشدارانی ڕەوت و

ڕێبازەکانی بەرەی چەپ بەتایبەتی، بێ دانانی سنووریێکی مێژوویی و بێ شۆڕبوونەوە بۆ ناخی ڕووداوە پەیوەندیدارەکانی لایەن و هۆکارو جیاوازییەکانی ئەم سەردەم و لێکنەدانەوەی راوبۆچوونی رەوتە جیاوازە جۆراوجۆرەکانی ئەو سیاسەتەو بێ گەڕانەوە بۆ بەڵگەنامەکانی ئەرشیفخانەکانی ئەو وڵاتە، لەسەر ئەو راوبۆچوونە سوورن کە ئەو زلهێزە (ئینگلیز) لە هەموو قۆناغەکانداو بەتایبەتی لە سالآنی یەکەم جەنگی جیهانی و داگیرکردنی مێزۆپۆتامیادا، دژی کوردو چارەسەری دادوەرانەی کێشە ڕەوا نەتەوەییەکەی بووە، بۆیە کە هێزەکانی بەرەو باشووری کوردستان کشان و هەندێ ناوچەیان داگیرکرد، ئینجا بە نەخشەو بەرنامەو گەمەی سیاسی، دژ ی ئامانج و خواستەکانی بووەو هەر لەبەر ئەوەیش بەشدارانی بزوتنەوەی نیشتمانی و نەتەوەیی کورد، بەرپرسیی پشتگوێ خستن و هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سێڤرو بڕیارو راسپاردەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان و بەیاننامەو راسپاردەی زلهێزەکانی ترو بەربەرەکانی و ڕووخاندنی حوکمداری و مەلیکایەتییەکەی شێخی نەمرو داگیرکردنی ئەو بەشەی کوردستان و بەزۆرلکاندنی بە مێزپۆتامیاوە و دامەزراندنی وڵات و دەوڵەتی عیراق لەسەر بنەمای شۆڤێنییانەی عەرەبی سوننە، لەدژی کوردو عەرەبی شیعەی خرایە ئەستۆی ئەو و هەر بەوەیشەوە نەوەستا، بەڵکو لەو قۆناغە گرنگ و ناسکەدا، دەستێکی باڵآشی هەبوو لە دابەشکردنەوەی کوردستانداو راستەوخۆ دژی بزوتنەوەی نیشتمانیی کوردستان وەستاو یاریدەدەرێکی کاریگەر بوو، بۆ

داگیرکەران‌و بەستنی پەیمان‌و پیلان‌و ڕێکەوتنی سەربازی‌و سیاسی لە ناوچەکەدا بۆ سەرکوتکردنی بزوتنەوەی نیشتمانی کوردستان، کە بێگومان ئەو راوبۆچوونانە، پاش گەڕانەوە بۆ نامەو بروسکەو گفتوگۆی بەرپرسان، دەرکەوت کە بۆ ماوەکانی پێشترو سەرەتای حوکمڕانیی کورد، زۆریان ناڕاست‌و هەندێکیان بەپێچەوانەوەو هەندێکی تریشیان ئاڵۆزو تێکەڵ‌و پێکەڵ بوون.

ئەم تەلاشە زانستییانەیەی کاك مەحمود، کە پشت بە بەڵگەنامەو رووداو و دۆکیۆمێنتە رەسەنەکانی سەردەمەکە ئەبەستێ، دروستی‌و نادروستی ئەو راوبۆچوونانە ئاشکرا ئەکات‌و سەردەمێکی ئاڵۆزو تەماویی گرنگی مێژووی هاوچەرخی کورد روون ئەکاتەوە، کە سەردەمی حوکمڕانی‌و مەلیکایەتییەکەی باشووری کوردستانە بە ڕابەری‌و سەرکردایەتی شێخ مەحمود، کە لەگەڵ رووداوەکانی دواتر سەرەتاو زەمینە سازییەك بوون بۆ هەندێ رووداوی گرنگ، وەك شەڕی بەردەرکی سەرای سلێمانی، وەك سەرەنجامێکی شکست‌و زیانە گیانییەکانی ئەو رووداوە مێژووییەو وەرچەرخانێك لە گوێزرانەوەی رەوتی سیاسی کورددا لەشاخەوە بۆ شار، کە بووە هۆی بیرکردنەوە لە پێکهێنانی کۆڕو کۆمەڵی سیاسی وەك جێگرەوەیەکی ئامرازی خەبات بۆ هێنانەدیی ئامانجە نەتەوەیی‌و نیشتمانییەکانی.

گرنگترینی ئەو سەرچاوانەی کە سیاسەت‌و هەوڵەکانی شێخ مەحمود روون‌و رەوان لە هەموو ئەو قۆناغانەدا ئەخەنە پێش چاو ئەمانەن:

١-ئەو نامانەی کە ناردوونی بۆ بەرپرسە ئینگلیزەکانو هەموویان لە ئەرشیفی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیادا پارێزراون.

٢-ئەو نامانەی بۆ بەرپرسە رووسەکانی ناردوونو ساڵەها دوای ناردنیان بڵاوکراونەتەوە.

٣-نامەو راسپاردەو پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەرپرسە تورکەکاندا.

٤-رۆژنامە خۆماڵییەکانی سەردەمی حوکمداریو مەلیکایەتییەکەی، کە زمانحاڵی خۆیو حکومەتەکەی بوون.

٥-وتووێژەکانی لەگەڵ سمایلخانی سمکۆ، لەکاتی سەردانەکەی سلێمانیداو ئەو نامەو بروسکانەی لەنێوان شێخو سمکۆدا ئاڵوگۆڕکراون.

٦-بروسکەو نامەو وتووێژو بیرەوەریو نووسینی ئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیز لەناوچەکەدا.

٧-بیرەوەریو نووسینەکانی ئەوانەی هاودەمی ئەزموونەکە بوون، یان لەنزیکەوە لەگەڵ شێخ ژیاونو زۆریان لەبارەی شێخەوە زانیوە.

٨-نووسەرانی عەرەبی عیراقو رۆژنامەکانی عیراق، بەتایبەتی ئەوانەی سەردەمەکەو مێژوونووسانی دواتر.

لەکۆتاییدا ئەڵێم: ئەم شاکارەی تری کاک مەحمو، هەوڵێکی خەمخۆرانەی ترێتی، بۆ روونکردنەوەی لایەنێکی تەماویی قۆناغێکی گرنگی مێژووی کورد بۆ ئێستاو ئایندە، هەرچەندە بەهۆی ماوەکەمیو پەرۆشی فریاخستنی ئەو دیارییە بەنرخە، بە یادەوەرییەکەی شێخی نەمر، (کە یەکێك بوو لە ئاواتو خەمەکانی کاک مەحمو، بەجۆرێك لە

سەرەمەرگا بە ژیلوانی کوڕە گەورەی وتبوو، خەمی ئێوەم نییە، شکور گەورەن‌و لەخەم رەخسیوون، بەڵام خەمی بەرهەمەکانمە کە فریاناکەوم تەواویان کەم) وەك هەموو کارێکی مرۆڤکرد، بێ کەلێن‌و کەموکووڕی نییە، بەهیوام لە چاپی دووەمدا ئەو کەلێن‌و ناتەواوییانە نەمێنن‌و پڕبکرێنەوەو تەواو بکرێن‌و نەخشەو وێنەی هەموو ئەوانەی ناویان هاتووەو دەقی ئەو نامەو بروسکەو بەیاننامەو دۆکیۆمێنتانەش بخرێنە پاڵ ئەو ڕەنجە پیرۆزەو گیانی شەکەتی ئەویش لە بەهەشتی نەمریدا شادو ئاسوودەبێت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## ئەم لێکۆڵینەوەیە

بیرۆکـەی ئـەم لێکۆڵینەوەیـە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرەتای نـەوەدەکان، مەبەستە سەرەکییەکان:

- بۆ رووناکی خستنە سەر مێژووی حوکمڕانیی و مەلیکایەتییەکەی کوردستانی جنوبییە ١٩١٨-١٩٢٤.

- بۆ لێکۆڵینەوە لە سیاسەتی ئەفسەرانی سیاسیی بریتانیا لە ساڵانی پێش و کات و دوای یەکەم جەنگی جیهان بەرامبەر بە کورد، هۆی پێکنەهێنانی دەوڵەت بۆ کوردستانی جنوبی، بەستنەوەی ئەو بەشەی کوردستان بە میزۆپۆتامیاوە بۆ دامەزراندنی ئەم وڵات و دەوڵەتەی ناوی عیراقە..

- شیکردنەوەی هەڵوێست و را جیاجیاکانی ئەو ئەفسەرانە بەرامبەر بە ئاییندەی کوردستان و میزۆپۆتامیاو ناوچەکە..

- دوای جەنگی کوێت و بڕیاری ناوچەی ئارام بۆ کوردستانی عیراق و لەدایکبوونی کوردستانی فیدراڵ، بیرۆکەی بەراوردێکی ئەو ئەزموونەو تاقیکردنەوەکەی جەمهورییەتی کوردستان لەگەڵ ئەم ئەزموونە نوێیەدا بوون بە سەنتەرێکی تر، لێکۆڵینەوەکە بە مەبەستی رووناکردنەوەی هەلومەرجە لەیەکچووەکانی خوڵقان و کێشەو کەلێنەکانی هەر ئەزموونە، بە مەبەستی سوودلێوەرگرتنیان..

www.zheen.org

لـه مـاوه جیاجیاکـانی نێـوان سـەردەرهێنانی ئـەو بـیرەو پلـەکانی دواییترپـرۆژەی لێکۆڵینـەوەو نووسـینەکانی تـرم بـەپێی رۆژگارەکـان نۆرەبڕییـان لـەم باسـە دەکـرد تـا زەمینـە لـەبارو گونجاوەکـەی بـۆ رەخسا، مەبەستم لەوە رووخاندنی دڕندەو گەورەترین رژێمی دژ بە نەتـەوەی کـوردە، کە رژێمی سەدام حسەین بوو..

کـە کـەش و هەوایـەکی لـەبارو زۆر گرنگـی بـۆ کوردایـەتیو بـۆ ئـەم ئەزموونەی کوردستانی فیدراڵ خوڵقاندووە..

یـەکێك لـە ئەنجامـە گرنگـەکانی ئـەو بزووتنـەوە جەماوەرییەیـە، کـە بـە رێفراندۆم (راپرسین یان رای هەموو خەڵك وەرگرتن) ناوزەد کراوە، مەبەست لێی داواکردنە لە هاوپەیمانان و ئەوروپا و ئەنجومەنی ئاسایش کە لە کەش و هەوایـەکی دیموکراسـیدا، راپرسـییەکی گـشتیی لـە کوردسـتانی عیراقـدا بکرێـت تـا بزانرێـت دانیـشتوانەکەی چـییان دەوێـت و چـۆن بڕیـار لەسـەر چارەنووسی خۆیان دەدەن..

ئەو ئەزموونەو ئەم هەل و دەرفەتە مێژوییەی ئێستا، لە گـەلێك لایەنـەوە لەیەکچوون و جیاوازی دەبینرێت و دەکرێت سوودێکی زۆر گەورە لە هەڵـەو کەلێنەکانی ئـەو سـەردەمە ببینرێت و بخرێتـە خزمـەت ئـەم هەلـە مێژووییـەی ئێستا..

نەخشەی سەرەتا بۆ ئەم باسەم هەمەلایەن و فرە لك و چوونە ناو قوڵایی باسەکانەوە بوو.. نەك هەر بۆ سیاسـەتی ئینگلیزەکـان، بـەڵکو بۆ سیاسـەتی سەرکردایەتییەکی کوردیش.. بەڵام ئەم هەلومەرجەی ئێستاو ئـەو پرۆسـەی

کارکردنەبۆ ریفراندۆم، ناچاریان کردم کە باسەکان کورت و پوخت بکەمەوە، بەم شێوەیەی ئیستاکە لەبەر دەستی خوێنەری ئازیزدایە..

بنکەی ژین
www.zheen.org

## ئاوڕێك له مێژووی كوردستانی عیراق

هەرچەندە كورد دەوڵەتی تایبەتی و ئازاد و یەكگرتووی خۆی نەبووە، بەردەوامیش نیشتمانەكەی داگیركراو بووە، لەگەڵ ئەوانەشدا، بەردەوام لە هەموو روداوو گۆڕانەكانی ناوچەكەو لە ناو زۆر لە ناكۆكی و ململانی و ئاژاوەو شەڕوشۆڕەكاندا، لەناو زۆر لە بزووتنەوە ئایینی و مەزەبییەكاندا، كەموزۆر ناوی هەبووە و هاوبەشیی كردووە.. بە تایبەتیی لە سەردەمی خولەفای راشیدین و ئینجا دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامییەكان كە دوابەدوای یەك رووخاون و لەسەر داروپەردوو شوێنەواری یەك دامەزرێنراون.

گەشترین سەردەمەكانی ئەو قۆناغە مێژووییانە، دامەزراندنی دەوڵەت و میرنشینی سەربەخۆو نیمچە سەربەخۆ بووە.

لەناویانداو ئەوەی پەیوەندیی بە لێكۆڵینەوەكەمانەوە هەیە، میرایەتی بابانە.

تیشكێك بۆ سەر ئەو میرانەی رۆڵی بەرچاویان بینی ویلایەتی شارەزور سەرجەمی حوكمرانیی تورك تا یەكەم جەنگی جیهانی رۆڵی میرنشین و گەلێك لە میرەكانی بابان:

ئەورەحمان پاشا، برایم پاشا، مەحمود پاشا، ئەحمەد پاشا. لابردنی عوسمان پاشاو شاعیران، تەریقەتەكان و كەسایەتییە ناودارەكان: مامە یارە، دوانزە سوارەی مەریوان.

www.zheen.org

## سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی لەوێوە بوو بۆچی؟

ئایا تێگەیشتەی ناسیۆنالیزم پێوەندی بە بیری تاکەکەسەوە هەیە یان کۆمەڵە کەسێکی هۆشمەندو شاعیرو ڕێبازی تەریقەتەکان لەگەڵ میرو کاربەدەستاندا

ناسیۆنالیزم و بیری ئازادیی و سەربەخۆیی

ناسۆنالیزم و ڕەسیویی دروشم و ئامانج

ناسیۆنالیزم و خەبات بۆ ئەو ئامانج و دروشمانە.. کامڵبوونی شوێنەواری ئەو رابوردووە لە هەڵکەوتنی کەسایەتیی تایبەتیو کۆمەڵگەیەکی جیاواز لە دەوروبەرەکەی و بەلەدایکبوونی دیاردەی نوێ لەو کۆمەڵگە نوێیەدا، بوونە مایەی شانازیکردن بە خۆو بە دەڤەرەکەوە، ئەوانەش خۆناسین و گیانی سەربەخۆییان لێوە خولقا.

ڕاستە شێخ عوبەیدولای نەهری بە بیر و بە ئامانج و بە نەخشەو ستراتیجی خەباتی، بیرێکی تا ئەو سەردەمە کامڵ و پێگەیشتوو هۆشیارانە بوو.

ڕاستە بیری ئەحمەدی خانی.

ڕاستە بیری حاجی قادری کۆیی.

بەڵام ئەوانە لە سنووری تاکەکەس، لە سنووری تاکەکەسێکی هۆشمەندو بلیمەت دەرنەدەچوو. یەکێك لەو کەسایەتییە ئایینی و نیشتمانپەروەرانەی لەناو ئەو کەش وهەوایەو لەسەر ئەو زەمینەیە

دەرکـەوت، شـێخ مـەحمودی بـەرزنجی بـوو. ئـەو هـەر سـەرەتای دەسـتپێکردنی یەکـەم جـەنگی جیهـان و لـەناو رووداوەکانیـدا، وەك کەسـایەتییەکی بەدەسـەڵات و شـیاو بـۆ سـەرکردایەتیکردنی خـەڵکی ناوچەکە دەرکەوت و بەرەبەرە نفوزو دەسەڵاتی زیاتر دەبوو.

## کورد لەناو مەتەڵی سیاسەتی بریتانیادا بۆچی؟

زۆر لەمێـژە زوربـەی سیاسـی و سیاسـەتمەدارو نووسـەرانی نیـشتمانپەروەری کـورد بەگـشتی، هابەشـانی رێبازەکـانی بـەرەی چـەپ بەتایبەتی، کۆمۆنیست و سۆسیالیستەکان بەتایبەتیتر، لەناو لێکۆڵینـەوەو تـۆژینـەوەو یەکالاکردنـەوەی سیاسـەتی بریتانیـادا بەرامبـەر بـە کـورد، بێ دانانی سنوورێکی مێژوویی بێ شۆڕبوونەوە بۆ ناو قوڵایی رووداوەکانی پەیوەست بە لایەن و هۆکارو جیاوازییەکانی ئەم سەردەم و ئەو سەردەم، بێلێکدانـەوەی راوبۆچـوونی رێبـازە جیاجیاکـانی ئـەو سیاسـەتە، بێگەڕانـەوە بـۆ بەڵگەنامـەی نـاو ئەرشـیفخانەکانی ئـەو وڵاتـە، لەسـەریەك تیۆری و راوبۆچوونی داڕێـژراو هەڵوێـستیان وەرگرتـووە، کـە دەتوانرێـت پوختەکەی بەمجۆرە بخرێتە پێشچاو:

ئـەو زلهێـزە، هـەر لەکۆنـەوە، لـە هـەموو پلـەو قۆنـاغـە جیاجیاکانـدا، بەتایبـەتی لـە سـاڵانی یەکـەم جـەنگی جیهـان و دوای داگیرکردنـی میزۆپۆتامیا، بە هێزی سەربازیی و هاتنە ناو باشووری کوردستانەوە بـە ئاشـتی، لـەدژی کـورد بـووە، راسـتەوخۆ دژی چارەسـەرکردنی دادوەرانـەی کێشەی نەتەوەیی کورد بووە. بۆیە لەکاتێکدا هێزەکانی

www.zheen.org

رووەو باشووری کوردستان کشان‌و هەندێ ناوچەیان داگیرکرد، ئیتر بە نەخشەو پلان‌و گەمەی سیاسی لەدژی ئامانج‌و خواستەکانی بووە، لەلایەن هاوبەشانی بزووتنەوەی نیشتمانی‌و نەتەوەیی کوردەوە ئەو دەوڵەتە بەرپرس کرا لە لاخستن‌و هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی سیڤر، لاخستنی بڕیارو راسپاردەکانی کۆمەڵەی نەتەوەکان‌و بەیان‌و راسپاردەی زلهێزەکانی‌تر، هەر ئەم تاوانبارکرا بە بەربەرەکانیی‌و روخاندنی حوکمداری‌و مەلیکایەتییەکەی شێخ مەحمودی نەمر، ئینجا بە داگیرکردنی ئەو بەشەی کوردستان‌و لکاندنی بە میزۆپۆتامیاوە تا ئەم وڵات‌و دەوڵەتەی عیراق لەسەر بنچینەی نەتەوەیی عەرەبی سوننە مەزەب کە بە دژی نەتەوەی کورد‌و شیعەکان بێت پێکهێنرا، لەدواییشدا، تەنانەت لە مافە سادەکانیش، کەخۆیان بەڵێنی جێبەجێکردنیان دابوو،پاشگەزبوونەوە، مافی رۆشنبیری‌و هاووڵاتی‌و یەکسانی لە کارو فرمان‌و لە دامەزراندن‌و لەبەرامبەر ئەو یاساو سیستێمەش کە بۆ خۆیان دایاننابوو فەرامۆشکران. ئیتر لەناو ئەو بارودۆخەدا چەندە توانرا هەوڵ درا تا کورد لەناو ئەو قەوارە عیراقییەدا بتوێنرێتەوەو یەك نەتەوەی عیراقی، بەو مەرج‌و خواستانەوە کە خۆیان گەرەکیان بوو، پێك بهێنرێت، لەسەر ئەنجامیشدا، بە واتەی نەتەوەپەروەرانی کورد، نەك سوسیالیست‌و کۆمۆنیستەکان، وەك رژێمێکی کۆلۆنیالیستی دواکەوتوو سەپێنراو بەوجۆرە مامەڵەی کوردو نیشتمانەکەیان دەکرد. تیۆرییەکە هەر بەوەوە ناوەستێ‌و دەڵێت:

ئەو دەوڵەتە هەر بەوەشەوە نەوەستا، بەڵكو لەو قۆناغەدا رۆڵێكی گەورەشی لە دابەشكردنەوەی كوردستاندا بینی، راستەوخۆ لەدژی جووڵانەوەی نیشتمانیی كوردستان وەستاو یارمەتیدەرێكی كاریگەر بو بۆ دوژمنە داگیركەرەكانو بەستنی پەیمان و رێككەوتنی سەربازیو سیاسی لە هەرێمەكەدا تا بتوانن بزووتنەوەی نیشتمانیی كوردستان سەركوت بكەنو لە سەرئێشەی كورد سەرفراز بن.

بێگومانە كە ئەو راوبۆچوونانە بۆ ساڵەكانی دواساغبوونەوەی هەمووان، لەسەر دامەزراندنی وڵاتو دەوڵەتی عیراق بە پێوەلكاندنی باشووری كوردستان بە میزۆپۆتامیاوە، بە رووخاندنی دەوڵەتەكەی باشووری كوردستانو خەفەكردنی بزووتنەوەی چەكداری، دەڵێم ئەوانە بە گەرانەوە بۆ نامەو بروسكەو قسەو گفتوگۆی لێپرسراوان، هەمووی راستو دروستن، بەڵام بۆ ماوەكانی پێش ئەوەو سەرەتای حوكمڕانیی كورد، گەلێكی ناڕاستو هەندێكی بەپێچەوانەوەو لایەنێكیشی ئاڵۆزو تێكەڵ و پێكەڵ بوون.

لەم لێكۆڵینەوەیەدا كەپشت بەبەڵگەو رووداوو دۆكۆمێنتە رەسەنەكانی سەردەمەكە، هەوڵ ئەدەم گەلێ لە ڕاستییەكان بخەمەپێش چاوو، بەپێی زەمەن و زەمینەكان، دروستیو نادروستی ئەو راوبۆچوونانە ئاشكرابكەم.

لێرەدا رووی قسە لەوانە نییە كەلە ماوەكانی دوای رووخاندنی دەوڵەتەكەی باشووری كوردستان، لەگەڵ ئەو تیۆریو راوبۆچوونانە بوونو سیاسەتی ئینگلتەرەیان بەوجۆرە پێناسە كردووە چونكە

راستو دروست بەوجۆرە بووە. رووی قسەشم لەوانە نییە کە چ لە سەردەمی دەوڵەتەکەی کوردستاندا بیروڕای تایبەتییان هەبوو، چ ئەوانەی حیزبی هیوایان دامەزراند کەلەناو کاروانە سیاسییەکەیدا، هەڵوێست لە بریتانیا هۆیەکی گرنگی ناو هۆیە سەرەکییەکانی پەیدابوونی ناکۆکیو ململانێی نێو ریزەکانی ئەو حزبە بوو کە سەرەنجام بە هەڵوەشانی کۆتایی هات..

بەڵکو روویو دەم و قسە لەوانەیە کە بۆ سەردەمی یەکەم جەنگی جیهانو ساڵانی دوایتریش ساڵانی حوکمداریو مەلیکایەتییەکەی شێخ مەحمود (١٩١٨-١٩٢٤) بەگشتیو پلەی یەکەم بەتایبەتی، ئەو راوبۆچوونانەیان هەبووەو هەیە، بۆ ئەو کەسانەشە کە لەدواییدا لایەنگری راستودروستی ئەو تیۆرییە بوون بۆ ئەو سەردەمانەو بەرگرییان لێ کردووە..

ئەم باس و لێکۆڵینەوەیە رووناکیی دەخاتە سەر سەردەمێکی گرنگ لە مێژووی هاوچەرخی نەتەوەی کورد، ئەوەش یەکەم ئەزموونی حوکمڕانی و سەربەخۆییە لە دواساڵی دەیەکان و نیوەی یەکەمی بیستەکانی سەدەی بیستەمدا، مەبەستم حوکمداریو مەلیکایەتییەکەی کوردستانی جنوبییە کە شێخ مەحمود سەرکردایەتیو رابەرایەتی دەکرد.

# بەشی یەکەم

( ١ )

## سێ پلە لە حوکمڕانیی خۆماڵی و
## سێ ڕێباز لە ئەقڵ و کاری ئینگلیزدا :

ڕووداوو بارودۆخە نێونەتەوەییو هەرێمیو نێوخۆییەکانی سالانی یەکەم جەنگی جیهانو دواتریش، زەمینەی خوڵقاندنی یەکەم پلەی حوکمداریی کوردستانو لەدایکبوونی یەکەم دەسەلاتی سیاسیو نیشتمانییان خوڵقاند، ئەو ڕووداوانە هەلومەرجی لەباری مێژوویی بێوێنەیان بۆ کورد ڕەخساندو تێیدا ئەزموونێکی نوێی هێنایەکایەوە، کێشەی نەتەوەیی کورد خرایە سەر شانۆی سیاسیی نێودەوڵەتان بۆ یەکەمجار لە مێژووی سیاسیی کورددا دەوڵەتانی هاوپەیوەند بەو جۆرە ڕووداوانەوەو بە کوردستانو ناوچەکەوە، زلهێزەکان، ڕێکخراوی نوێو تازە پێکهاتووی کۆمەڵەی نەتەوەکان، کێشەی کوردستانیان هێنایە سەر مێزی گفتوگۆو لێکۆڵینەوە بۆ چارەسەرکردنی، بەپێچەوانەی پلەو سەردەمەکانی رابوردو کە کێشەکەی لەناو بازنەی داگیرو دابەشکردندا قەتیس کرابوو، بە هێزی ئاگرو ئاسنیش

مامەڵــەیان دەكــرد، بــۆ یەكــەمجار لــە مێــژووی كــوردا سیاســیو دیپلۆماسـیی كـورد دەچـنە سـەر شـانۆی سیاسـەتی نێونەتـەوەیی بـۆ مشتومڕ لەسەر كێشەی نەتەوەكەیان. گرنگەكانیان:

- سەركەوتنی ئەو دەوڵەتە گەورانەی بەڵێنو پەیمانی سەرفرازیو رزگاریو مافی بڕیاردانی چارەی خۆنووس- یان بە نەتەوەو گەلانی سەرزەمین دابوو.

- ژێركەوتنی دەوڵەتی عوسمانی كە كوردستانی باشوور، باكووری خۆرئاوا، باكووری داگیر كردبوو، واتە نزیكەی سێچواریەكی (٣/٤) پانتایی كوردستانی لەژێر دەستدا بوو.

ئـەوەش بـوو بـەهۆی تێكـشكانی هێـزی چـەكدارو داڕووخـانی بەڕێوەبەرایەتییەكانیو دروستبوونی بۆشایی لە بەڕێوەبردنو هێزی پاراستنی ئاسایشو یاسای سەردەم.

- شەپۆلی خەباتی گەلو نەتەوە ژێردەستەكان، دەنگی رزگاری و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەییان رادەگەیاند.

- بوونی سەركردەیەكی وەك شێخ مەحمود بە هێزێكی چەكدار لە مەیدانەكەدا هۆیەكی گرنگ بوو بۆ پڕكردنەوەی بۆشاییەكانو بۆ بەرگری لە كوردو بەرزكردنەوەی ئاڵای سەربەخۆیی كوردستان.

- هاوكاریی گەلێك رۆشنبیرو شاعیرو ئەفسەری نیشتمانپەروەرو سەرەك عەشیرەتی دڵسۆز كە ئامادەبوون بە ڕابەریی شێخ مەحمودی سەركردە دەوڵەتی كورد دابمەزرێنن، بەتایبەتی ئەو كەسایەتییە

www.zheen.org

رووناکبیرو کوردپەروەرانەی گەڕانەوە وڵاتو سوپاو کاری دەوڵەتیی عوسمانییەکانیان بەجێهێشت.

- سەردەرهێنانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە باکوورو خۆرهەڵات بە دروشمو داوای مافی نەتەوەیی، ئامادەبوون بۆ هاوکاری چەکداری و سیاسی لەگەڵ هەموو هێزەکانیتری کوردستان.

- نوێنەرایەتیی جەنەراڵ شەریف پاشاو هەوڵو کۆششەکانی لەناو کۆڕو کۆبوونەوەو کۆنگرە نێونەتەوەییەکاندا، کە دەنگی کوردی گەیاندە سەر شانۆی سیاسیی کۆنگرەی ئاشتیو دەنگو داوای کوردو ئەرمەنی یەکخست، کە وەك کۆسپێکی سەخت دادەنرا.

- دامەزراندنی کۆڕو کۆمەڵی سیاسیو رۆشنبیریو چالاکییەکانیان.

- سەدان ساڵ لە چەوساندنەوەو زوڵمو زۆر لە کورد، جۆرێك لە سۆزی هەندێك لە سیاسەتمەدارو مرۆڤپەروەری دەوڵەتانی بۆ لای کورد راکێشابوو.

- ناکۆکیو ململانێی نێودەوڵەتیو هەرێمی، هەلێکی لەباری بۆ کورد هەڵخست کە سوود لەو ململانێو ناکۆکییانە وەربگرێت. بەتایبەتی لە گەلێك سیاسەتمەدارو ئەفسەری سەربازیی ئینگلیز.

دەتوانین ئەو ماوانەو ساڵانی دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتیی خۆماڵیو مامەڵەی سیاسیو دیپلۆماسی بە سێ پلەی سەرەکیی دابەش بکەین:

**یەکەم:** (١٩١٨/١١/١٧ تا ١٩١٩/٦/٢٢) یەکەم پلەی حوکمداریی شێخ مەحمود کەبەناوی حوکمداری کوردستانەوە بوو، درێژەی کێشا.. هەرچەندە بانگەشەی دامەزراندنی حوکمدارییەکە لە (١٩١٨/١١/١٧)دا

لەسەر ڕەزامەندیی گەورە لێپرسراوانی ئینگلیز بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی مێجەر نۆئێل گەیشتە سلێمانی‌و لەو ڕۆژەدا سەلماندنی ئەو دامەزراندنەی بەناوی مەندوبی سامییەوە بلاّوكردەوە. كەچی زۆری نەبرد ناكۆكییە ئاشكراكان لەسەر دەسەلاّت‌و جۆری بەڕێوەبردن‌و ئاستی سەربەخۆیی بۆ كورد‌و بیروبۆچوونەكان لەسەر ئەوانەو خۆبەخاوەن زانینی كوردستان وەك گەورەترین هێزی دنیا كە ناوچەكەی "ڕزگار" كردووەو دەبێت كوردستانیش وەك هەموو كۆلۆنییەكانی‌تر مل كەچی یاساو بنەماكانی جۆری حوكمكردن بێت، ئاكامی ئەوانە شەڕی دەربەندی بازیان‌و بریندار‌بوونی شێخ مەحمودو بەدیلگرتنی (١٩١٩/٦/١٨) بوو. دواتر دادگایەكی سەربازیی ئینگلیز لە كەركوك حوكمی كوشتنی شێخی داو لەدواییدا بەژیانزیندانیی حوكمدراو بۆ جزیرەی ئەندامان-ی هیندستان دوورخرایەوە. هێزەكانی بریتانیاش لە ٦/٢٢دا سلێمانی‌یان داگیركرد، بەلاّم لەبەر گەلێك هۆی نێودەوڵەتی‌و ململانێی ناوهەرێمەكەو هۆی خۆیی كە چیرۆكێكی دوورودرێژی پڕلەڕووداوو ناكۆكی‌و ململانێی شەڕوشۆڕو ئاژاوە لەسەر بەرژەوەندییەكان‌و جۆری مسۆگەركردنیان پێك دەهێنن. دوای دووساڵ شێخ مەحمود ئازادكراو بەڕێگەی كوێتدا هێنرایەوە بۆ سلێمانی، تا پلەیەكیتر لە حوكمڕانیی دەست پێ بكات.

**دووەم:** پلەی دووەم لە ئۆكتۆبەری ١٩٢٢وە تا مارسی ١٩٢٣ درێژەی كێشا.

یەكێك لە گۆڕانە گەورەكانی ئەم سەردەمە لەدوای بلاّوكردنەوەی فرمانی حوكمداریی بۆ دامەزراندنی كابینە لە ١٠/١٥دا، لە ١١/١٥دا

لـــەژمارە -١- ی ڕۆژنامـــەی (ڕۆژی کوردســـتان)، زمانحـــاڵی حوکمدارییەکەی شێخ مەحمود بە(مەلیکی کوردستان) نێوبرا.

ئـەم گۆڕرانـەو لـەو سـەرەتایەدا، زیـاتر ئەفـسەرە سیاسـییەکانی وروژانـــدو کردیانـــە بیانوویـیـــەکی تـــر بـــۆ دوژمنایـــەتیی کـــوردو دەوڵەتەکـەی. لەگـەڵ ئـەو کـەش وهـەوا سـازگارەی بـۆ کـورد ڕەخـسا، لەگەڵیشیدا ناکۆکییە کۆنەکان و گەلێکی نوێی تر ئاڵۆز دەبوون:

-بەتایبەتی ململانێی ناو هەرێمەکەو سەرکەوتنەکانی ئەتاتورك و پێـداگرتن لەسـەر داگیرکردنـەوەی ویلایـەتی موسـڵ کـە هـەموو کوردستانی باشووریشی دەگرتەوە.

-ڕاکێـشانی سـۆڤیەت بـەلای خۆیـدا، سـووربونی عەرەبـە ناسیۆنالیـستەکان لەسـەر لکانـدنی ئـەو بەشـەی کوردسـتان بەمیزۆپۆتامیاوە تـا دەوڵـەتێکی نـوێی عیراقیـی دابمـەزرێنرێت، زیـاتر بەهێزبوونی بەرەی ڕێبازی یەکەم و لاوازیی دوو ڕێبازەکەی تر.

-نەخـشەو داواکـانی دامەزرانـدنی عـیراق و لاخـستنی نەخـشەی دامەزرانـدنی دەوڵـەتی کوردسـتان و فەرامۆشـکردنی مافـەکانی تری کورد.. تاد، ئەوانە زۆرانبازییەکەیان قوڵتر کرد، ململانێی زلهێزەکان لەسەر چەسپاندنی بەرژەوەندییەکانیان و وەرگرتنی زۆرترین و باشترین دەستکەوت لە ناوچەکەدا گەرمتر دەبوو.

- تا لە ١٩٢٣/٣/٢٣دا هێزی ئاسمانیی بریتانیا سلێمانیی بۆمباران کرد هێزەکانی ئینگلیز پایتەختی کوردستان-یان داگیرکردەوە، شێخ مەحمودو هێزەکانی پاشەکشەیان بۆ ناوچە دێهاتی و چیاکانی نزیك

شـار كـردو بەربـەرەكانێی چـەكداری دەسـتی پێكـردەوە. دوایـیتر، سەبارەت بە گەلێك هۆ، بەناچاری هێزەكانی ئینگلیز لە ١٩٢٣/٦/١٧دا سـلێمانی چـۆڵدەكەنو، شـێخو هێزەكـەی لـە ٧/١١ دەگەڕێنـەوە پایتەختەكەیو سەردەمێكیتری ژیانی دەوڵەتیی دەست پیٚ دەكاتەوە.

سێیەم: پلەی سێیەم لە ژیانی دەوڵەتی باشووری كوردستان، بە دووەم سەردەمی مەلیكایەتیی شێخ مەحمود دەست پیٚ دەكات:

لە ئاگۆستی ١٩٢٣تا جولاٚی ١٩٢٤ دوای ئەوە جارێكی تر سلێمانی لەلایەن هێزەكانی بریتانیاوە داگیردەكرێتەوە، بەلاٚم سەركردەكەی كورد لـە سـەركەوتن بێئومێـد نـەبوو. بۆیـە سـەردەمێكی نـوێی لـە خـەباتی شـاخو چـەكداری دەسـت پـیٚ كـردەوە، تـا لـە سـەرەنجامی وتووێـژو نائومێدیی شێخ مەحمود لە سەركەوتن لە ١٩٢٧ ملی بۆ رێكەوتنێك دا كـە یـەكێك لـە بەنـدەكانی ئـاوارەبوونی شـێخ بـوو لـە كوردسـتانی رۆژهەلاٚت. بەلاٚم ئەوانەش كوردیان بێهیوا نەكرد، بەڵكو سـەردەمێكی نـوێو گرنگـی خـەباتی سیاسـیو پێكهێنـانی كۆمەڵـەو رێكخـراوی كۆمەلاٚیـەتیو سیاسـیو سـووربوون لەسـەر داوا رەواكـان دەسـتی پـیٚ كرد. ئەوانەش پێشەكیی بوون بۆ هەندێك رووداوی گرنگ:

یەكـەمیان شـەڕی بـەردەركی سـەرا بـوو لـە سـلێمانی. وەك سەرەنجامێكی شكستو زیانە گیانییەكانی ئەو رووداوە مێژووییە.

سەرەنجامی ئەوەش، جارێكیتر شێخ مەحمودی سەركردە هاتەوە مەیدانو داستانی شەڕی ئاوباریكی تۆماركرد (١٩٣١) وەك ئەنجامێكی بێئومێـدیی ئـەو شكـستییە، ئـیتر بەیـەكجاری دانیـشت، بـەلاٚم

سەربەرزانەو لەناو بیرەوەریی رابردوویيەکی پڕ لەشانازیی کە تەنانەت لە دواکۆچی پڕشکۆیدا (١٩٥٦/١٠/٩) ئەو خۆپیشاندانە خوێناوییە بوو کە لە ناشتنی تەرمەکەیدا لە بەردەرکی سەراو رۆژانی ئازادیی پایتەختەکەی بە نەوەکانی نوێ بگەیەنێت و دواڕۆژی رووناکی لە لاشەی بێگەردی ئاوابێت، بەوانەش دوا ماڵئاوایی لە پایتەختەکەی بکات..خۆی و رۆڵە دیارو پرشنگدارەکەی و ئەزموونی حوکمڕانییەکەشی بن بە لاپەڕە گەشەکانی مێژووی ئەو سەردەمە.

دووەمیان بیرکردنەوە لە پێکهێنانی کۆروکۆمەڵی سیاسی، وەك ئەڵتەرنەتیڤێکی ئامرازی خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان.

## سێ دیاردەی زەق و پڕلەزیانی ئەو شکستییەو پاشەکشەی کوردایەتی:

- مەیدان چۆڵبوون بوو بۆ ئیمپریالیزمی بریتانیاو دەوڵەتی کۆلۆنیالیزمی عەرەب رەگەز و سوننە مەزەبی عیراق بۆ زیاتر پەلاماردانی نەتەوەی کورد لەوبەشە داگیرکراوەی کوردستاندا بۆ شێواندنی رەوشە نەتەوەییەکانی و تواندنەوەی لەناو گەل یا نەتەوەیەکی عیراقیدا.

- تەشەنەکردنی ئەو پەتای گەمارۆدانەی کوردایەتیی بۆ سەرجەم حزب و رێکخراوە عیراقییەکان بە ڕاست و چەپیانەوە، تا ئەو ئاستەی کە لە پلە سیاسییەکانی ئاییندەدا، هەموو حزبە عیراقییەکان سادەترین مافەکانی کورد فەرامۆش بکەن، ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ ناحەزایەتی

و دژایەتیـــشی بکـــەن. لـــە دواییـــشدا و لـــەژێر گوشـــاری ئەوانـــەو چەپەکانیـشدا، بەشـێکی گـرنگ لـە ڕێکخـراوە کـوردی و کوردسـتانییە عیراقییەکانیش بگرێتەوە.

- ئـەو گوشـارە هەمەلایەنـە، سـەرکردەکانی کـوردی ناچـارکرد کـە پاشەکشە بکەن لـە دروشمـە نەتەوەییەکەو داشکان بۆ ئەو خواستەی عیراقییـەکان بکـەن‌و دروشمـی ئۆتۆنـۆمی هـەڵبگرن‌و بکەونـە بـەرگریی لەوسنوورە سیاسی‌و جوگرافییـەی بەو زۆرەملێ و یارییە سیاسییانە پێکهێنران.

لێرەشەوە تەوژمی هیوابەستن بە وڵاتانی خۆرئاواوە بەهێز بوو، ئەو تیۆرییـەی کـە سـەرجەم کاربەدەسـتانی ئینگلیـزو ئیمپراتۆرییەتەکە بە دوژمنـی دێـرین‌و سەرسـەختی کـورد دابنرێـت، بـوو بـە بیرو بۆچـوونی زۆربـە. بەرامبـەر بـەوەش کۆمـۆنیزم‌و تیـۆریی مارکـسیزم-لینینیـزم‌و دانـانی یـەکێتی سـۆڤیەت بـە قـەڵای ڕزگارکـەری میللـەتانی چەوسـاوە، وەك بیروبـــاوەڕو وەك دژەکـــردار، وەك ئەلتـــەرناتیڤی دووەم، بـــەهۆی ڕستەی جـوان‌و بریقـەداری تیۆرییەکە، گوشـاری ناڕەوای بزووتنـەوەی ڕاسـتڕەوی عـەرەبی حـوکمڕان لـە وڵات‌و دەوڵەتـە نوێیـە، کـە بـەهۆی لاوازبـوونی بزووتنـەوەی نیـشتمانیی کوردسـتان‌و ئـەوبێ هیواییـەی لـەدوای ڕووخـانی مەلیکایەتییەکـەی شـێخ مـەحمودو شـەڕی ئاوباریـك، باڵی بەسەر گەلێ کەسی نـاو چین‌و بەشـەکانی کورددا کێشابوو، لـەناو ڕیزەکانی گەلدا جێگـەی خۆیـان دەکردەوە. تا کارەکە گەیەندرایە ئەو ئاسـتەی کـە نکـۆڵیکردن لـە دژایـەتی یەکـەم‌و لـە دۆسـتایەتی دووەم

تاوانێك بێت لێخۆشبوونی نەبێ، چونكە ئەویان كرا بە دوژمنی ستراتیجی لە هەموو سەردەمەكاندا، ئەمیشیان بە دۆستی ستراتیجیی، ئەم گوشارە بوە هۆی ئەوە كە پارتیو ڕێكخراوە كوردیو كوردستانییەكانیش بڕوا بەو تیۆرییانە بهێننو تەنانەت پارتیە خێڵەكییەكانیش هەمان ڕێباز بگرن، لێرەشەوە گوشاری سیاسیو سەپاندنی دروشمی خواستراو بەسەر جوڵانەوەی نیشتمانیی كوردستانداو پێرازیبوونیان بوو بە باو تا ئەو ئاستەی كە ئیتر ئامانجو دروشمی مێژوویی ستراتیجیی نەتەوەی كوردو بزووتنەوەكەی لە ڕێبازی خۆی لابدرێتو نەیەتەوە سەر ڕێگەی ئاسایی خۆی، دیارە گەلێ هۆی تریش هەن كە ڕۆڵی خۆیان لەو كردەیەدا بینیوە كە ئیتر ئەو مەبەستانە ناگرێتەخۆی.

یەكێ لەودیاردە گرنگانەی پەیوەندییان بەباسەكەوە هەیەو جێگەی خۆیەتی پێش باسەكە روونی بكەینەوە، ئاستی تێڕوانینو باری سەرنجی رابەرو سەركردەكانی بزووتنەوەی نیشتمانیی كوردە لە خۆو دوژمنو لە دەوروبەرو دنیای دەرەوەو جۆری تێگەیشتنیان لە سەرجەمی رووداوەكان، بەتایبەتی لە سەردەمی رەخساندنی هەلە مێژووییەكەدا.

هەر لە سەرەتای ململانێی چەكداریو سیاسیی نێوان كوردو داگیركەرانی كوردستان بەگشتیو لەگەڵ بریتانیا بەتایبەتی، سەركردایەتیی لە زۆر نهێنیی وردەكاریی ناو تابلۆی سیاسیو نەخشەی كارو جموجووڵی لێپرسراوو ئەفسەرە سیاسییەكانی ئینگلیز

بێئاگا بوون، پەیبردن پێیان ئاسان نەبوو، سەبارەت بە چەند هۆیەك، گرنگەكانی:

نەشارەزایی لە مامەڵەی سیاسیی و دیپلۆماسی دەوڵەتی، ئاشنانەبوون بە سیاسەتی بریتانیاو هەڵوێستی ئەفسەرە سیاسییەكانیان، بە یەكچاو سەیركردنی هەموو لێپرسراوانی ئینگلیز، سەرنجنەدان لە جیاوازییە گرنگەكانی نێوانیان، لە بۆچوون و راو هەڵوێستیان بەرامبەر بە كوردو پاشەڕۆژی سیاسیی‌و مافە نەتەوەییەكان، مەزەنەنەكردنی رۆڵی گەورەو چارەنووسسازی بریتانیا وەك تاكە زلهێزی مەیدانەكە لە بڕیاردان، پیلان و راوبۆچوونەكانی گەورە ئەفسەرانی ئینگلیز لە بەغدا، حاڵینەبوون لە هێڵە سەرەكی و نەخشەو خواستەكانی بریتانیا و بەرژەوەندییەكانی، هێڵی سوور لە مامەڵە لەگەڵ ئینگلیزەكان.

ئەوەی كێشەكەی زیاتر ئاڵۆز كردبوو، نەبوونی یەكێتیی‌و لاوازیی هۆش‌و هەستی نەتەوایەتی، گیانی عەشیرەتگەریی‌و خۆپەرستیی‌و نەبوونی یەك نەخشەو یەك ئامانج‌و هیوا، كۆنەبوونەوە لەدەوری یەك سەركردەی هەڵكەوتو كە بتوانێت نوێنەرایەتی كورد بكات‌و زەمینەی مامەڵە لەگەڵ ئەو دەوڵەتە، بەهێزو پتەو بكات.

بەپێچەوانەشەوە دووبەرەكیی‌و دژایەتی یەكتر، مل نەدان بۆ یەك سەركردەو خۆبەستنەوە بە شارو ناوچەگەریی، بێگانەپەرستیی‌و ئامادەبوون بۆ قەبوڵكردنی سەركردەیەكی بێگانە، ئیتر لە هەر ئاست‌و پلەیەكی زانیاریی‌و كۆمەڵایەتیدا بێت.

ئەو بارە ناهەموارە، سەرەڕای کۆمەڵێك فاکتەرو هەلومەرجی باشی ڕەخساو کە لە بەرژەوەندیی کورد بوون، کە لەکاتی خۆیدا دێینەسەر باسکردنیان، شانبەشانی گەلێ ڕووداوی چەکدارانەی بێ بەرنامەو بێ ئامانجی لێکۆڵراوە، کە لە شوێنی خۆیدا ڕووناکییان دەخەینەسەر، بەرەی ناحەزو دوژمنانی ئامانجە نەتەوەییەکەی کوردی بەهێز دەکرد، بەپێچەوانەشەوە لەدژی بەرژەوەندیی کورد ڕاستەوخۆ لەدژی ئەزموونەکەو بەرژەوەندییەکانی کورد بوون. چونکە ئەوانە بۆچوون و مەزەنەی بەرپرسە بەدەسەلاتەکان و هەڵوێستەکانیان و تیۆرییەکەیان دەسەلماند.

بنکەی ژین
www.zheen.org

(٢)

## بريتانيا: ستراتيج و هێڵه سەرەكییەكان

هیچ گومان لەوەدا نییە كە بریتانیای مەزن، وەك گەورەترین زلهێزی ئەو سەردەمەو بەدەسەڵاتترین دەوڵەت و هێز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دنیاشدا، نەخشەو ستراتیجی هەر بۆ ئەوەبوو كە ئەو ئیمپراتۆرییەتە، كە لەوسەردەمانەدا ڕۆژی لەسەر ئاوا نەدەبوو، تا فراوان و دەسەڵات سەقامگیرتر بێت، وەك بەهێزترین كۆلۆنیالیزمی سەردەم، هێزو بەرژەوەندییەكانی خۆی جێگیربكات، نەیەڵێت هێزی تر هەڕەشە لە دەستكەوت و كۆلۆنییەكانی بكات، لەوپێناوەشدا بە لەشكركێشی و مامەڵەی سیاسیو دیپلۆماسی، نەخشەی بەردەوامیو مسۆگەركردنی مانەوەو سەقامگیركردنی بەرژەوەندییەكانی دادەنا.

ئەوەی كارەكەی ئاسانتر دەكرد، دوواكەوتوویی میللەت و گەلانی كۆلۆنییەكانی بوو، هەژاریو ڕووت و ڕەجاڵیو نەخوێندەواریو نەخۆشیو سڕو تەزیویو تەواو لاوازیی هۆش و هەست و گیانی نەتەوەو نیشتمانپەروەری بوو. بەو داگیركردنەش هەموو ماف وبەرژەوەندییەكانیان پێشێل دەكرا..

بۆیە لەناو ئاژاوەکانی یەکەم جەنگی جیهان، هێزەکانی هاتنە ئەو ناوچانەشەوە، میزۆپۆتامیایان داگیرکردو، سەرەنجام لە باشووری کوردستاندا جێگیر بوون، لەناو بزووتنەوەی نیشتمانیی‌و راپەڕینەکاندا کەوتنە مامەڵە لەگەڵ کورد، لەسەرەتادا، پرۆسەی یارمەتیدان‌و دامەزراندنی قەوارەی تایبەتی، لەدواییدا، بڕوبیانوو گرتن و جیاوازیی داواو هەڵوێست و بۆچوونەکان و تێکچوون، ئینجا ململانێ و شەڕو ئاژاوە دەستیان پێ کرد، دوایتر باشووری کوردستانیان بە وڵات‌و پێکهاتەیەکی تەواو نامۆوە بەستەوە.

سنووری باسەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە ماوەیەکی مێژوویی مەودا تەسکە لەوچیرۆکە دوورودرێژە، مەبەستم سنووری ساڵەکانی (١٩١٨–١٩٢٤) دەگرێتە خۆی بێ ئەوەی بچینە ناو درێژەی شۆڕش و شەڕە چەکدارییەکان کە تێکرا بە حوکمڕانییەکانی هەر سێ پلەکەو بزووتنەوە چەکدارییەکانەوە ساڵانی (١٩١٤–١٩٣١) دەگرنە خۆیان.

بەو پلە جیاجیایانەی کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کردوون. خودی باسەکە دوو مەسەلەی زۆر گرنگ دەگرێتە خۆی:

**یەکەمیان:** کورد لەناو مەتەڵی سیاسەتی بریتانیادا،

**دووەمیشیان:** دیپلۆماسییەتی سەرکردایەتی کورد لەو پلەیەدا.

ئەگەر واقیعبین‌و بابەتییانە لە سەردەمەکە بکۆڵینەوە، بە پشتبەستن بە بەڵگەنامەو بە بروسکەو نامە ئاڵوگۆڕکراوەکان لەنێوان ئەفسەری سیاسی‌و لێپرسراوانی ئینگلیزو دەزگا جۆربەجۆرە سەربازیی‌و جاسووسی‌و سیاسی‌و بەڕێوەبردنەکان لە لەندەن‌و

www.zheen.org

هیندستان و قاهیره، بۆمان دەردەکەوێ کە چۆن بەشێکی گرنگ لەو بۆچوونانەی کە هەموو ئینگلیزەکان، بەبێ جیاوازی وەك بەرپرس لە ناوچەکەو کارەکانی ناوچەکە، لەوماوەیەی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگرێتە خۆی، بەناهەق تاوانبار دەکرێن، هەروەك چۆن بۆ هەمان ماوە، بوونی نەخشەو پلان و ستراتیج لەلایەن ئەو دەوڵەتەوە بە بوونێکی ڕاست و سەلما و دادەنێن.

ئەگەر وردتر سەرنج لە مێژووی ناوچەکەو لەو پرۆتۆکۆڵ و ڕێککەوتن و ئەو پەیمانانەی بۆ دابەشکردنی ناوچەکە سازکرا بدرێ، لە خاڵ و بەندەکانی هەریەکەیان بکۆڵینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە بریتانیا لایەنێکی سەرەکی و چارەنووسساز بووە تێیاندا، بگرە زۆر جار نوێنەرەکانیان داڕێژەریان بوون، هەروەك لەم دواییەدا دەرکەوت کە، بەندەکانی پەیمانی سێڤر لەلایەن ئینگلیزەکانەوە داڕێژرا، بەهۆی ئەوەشەوە کە ڕەشنووسەکەی ئەو پەیمانە لەگەڵ پاکنووسەکەیدا لە ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا پارێزراوەو لەم دواییەدا، دوای تێپەڕبوونی ماوەی یاسایی دانراو بۆ ئەو خستنەڕووە، خراوەتە بەردەست.

ئەوەی تائێستا دەرکەوتووە، هەروەك چۆن زۆر لە ئەفسەرە سیاسییە بەرپرسەکانی ناوچەکەو لە چارەسەرکردنی کێشە جۆربەجۆرەکان، لەدژی کوردو شێخ مەحمودی حەفید بوون و کاریان کردووەو هەوڵیان داوە راو تێورییەکانی خۆیان ساغ بکەنەوەو لاکانیتری پێڕەزامەند بکەن، تا ئەگەری دامەزراندنی دەوڵەت بۆ کورد بخرێتە لاوە، چەندین بەرپرس و ئەفسەری سەربازیی تر هەبوون کە

www.zheen.org

وەك بێلایەن لە ڕاوبۆچوونەکان، نەیانویستووە هەنگاوی بەپەلە بنێن و ئەو رایە بسەلمێنن، بەڵکو داوای چاوەڕوانیو هەڵوێستەو زیاتر لێکۆڵینەوەیان کردووە. شانبەشانی ئەو دوو بەرەیە چەندین ئەفسەری سیاسی و لێپرسراوی تر لە ناوچەکە، بڕوایان بەو تیۆرییانە نەبووەو هەوڵی بەتاڵکردنەوەیان داوە، لەگەڵ دڵسۆزو سیاسییەکانی کورددا بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێ بۆ کوردستان هەوڵو تەقەلایان لەگەڕدابووە.

سەرجەمی ئەو بۆچوونو هەڵوێستە ناحەزانانە بەرامبەر بە کورد، رەسمیو دەوڵەتیو لێکۆڵراوە نەبوون، بەشێك نەبوون لە ستراتیجی دەوڵەتی، گەلێکیان یاساو بڕیاری سەرچاوەیەکی یاسایی دەسەڵاتدار نەبوە کە جێبەجێکردنیان بسەپێنێت، بەڵکو زیاتر بۆچوونی تایبەتیو تازە هەڵقوڵاو بوون، لەسەرەتادا دەزگا گرنگەکانی وەك وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی کاروباری کۆلۆنییەکان بە وەزیرەکانیشیانەوە لەدژی کورد نەبوون، لەدژی دامەزراندنی دەوڵەتێ بۆ کورد نەبوون، هەندێ جار راسپاردەو هەڵوێستەکانیان لە بەرژەوەندیی کورددا بووە، وەك لەناو باسەکاندا بەبەڵگەوە، دەخرێنە بەرچاو.

www.zheen.org

لەوسەردەمەدا بریتانیا، وەك دەوڵەت چۆن مامەڵەی گەلانیتری کردووە، هەر بەوپێیەش لەگەڵ کورددا جووڵاوەتەوە. بەرژەوەندییەکانیو ئاستی هاوکاری یان دژایەتیکردنی، پێوانەی هەڵوێستییەکانی بووە، لەگەڵ رەوتی رووداوەکانو دەرکەوتنی جیاوازیی بۆچوونەکانو گۆڕرانیان بۆ ململانێو بەربەرەکانی راوبۆچوونو هەڵوێستەکان گۆڕراون، بەرەی ناحەز بەهێزتر بووە، بەرەی دۆست لاواز بووە تا لەسەر گۆڕەپانەکە دەرپەڕێنراوە.

لـە پرسـیارکردنی چـۆن‌و بۆچـیی هێزەکـانی بریتانیـای مـەزن بـە نەبوونی نەخشە بۆ هـەموو ناوچەکە و بەبێ ستراتیجێکی سەرتاسـەرو لێکۆڵراوەوە هاتوونەتە ناوچەکە..؟

لـە وەڵامدانـەوەی ئـەو پرسـیارە، دەبێـت گـەلێك لایـەنی سیاسـی‌و هەڵوێـستی ئەنـدامانی پەرلـەمان بـە هـەردوو ئەنجومەنەکـەوە، ئینجـا هەڵوێست‌و رای خـەڵکی بەگشتی باس بکرێن، ناکۆکییـەکانی نـاوخۆ، بارودۆخە سیاسی‌و سەربازی‌و ئابوورییەکانی ئیمپراتۆرییەت بە هـەموو زیانـە گیـانی‌و ئابوورییەکانـەوە، شـی بکرێنـەوەو هاوکێشەی ململانێـی نێونەتەوەییـەکان‌و زۆرانبـازیی هەمەلایەنـە ئاشـکرا بکرێـت، ئەوسـا دەتوانرێـت وەڵامێکـی دروسـتی ئـەو پرسـیارە دەسـتگیر ببێـت. کـە هـەمووی بەگشتی لـەدژی پێشڕەویی هێزەکـانی ئینگلیـز بـوون بـەرەو باکووری بەغدا، لەدژی مانەوەیان بوو لە کوردستاندا، لە بەرژەوەندیی کشانەوەی هێزەکان‌و بـەولات شـادبوونەوەی رۆڵـەکانی نیشتمانەکەیان بـوو، لـەدژی زیـاتر پـارەو گیـانی لاوانی ئینگلیـز بـوون لـە وڵاتێکـدا کـە نازانن ئایندەی چۆن دەبێت‌و بەرەو کوێ دەڕوات.

لەناو ئەو دیدو بۆچوون‌و هەڵوێست‌و لێکدانەوانە کە پێوەندییان بە هەڵوێـستی جیاجیـاو دژو لەگـەڵ بـوونی ئەفـسەرە سیاسـییەکانی بریتانیاوە هەیە، هەمیشە چەند پرسیارێك خۆیان دەسەپێنن، لەوانە:

دەبـێ بۆچـی ئـەو بەشـە بەرپرسـانەی ئینگلیـز، ئـەو دوژمنایەتییـەی کوردیان کردبێت‌و بەوجۆرە لەدژی دامەزراندنی دەوڵەت بووبن بۆ کـورد..؟ ئـەی دەبێـت بۆچی لەهەمانکاتـدا دۆسـتی عـەرەب بـووبن، بـۆ هێنانەکایـەی

دەوڵـەتێكی عیراقـی كەوتوونەتـە ئـەو ململانێیـەو تێیـدا سـەركەوتوو بـوون؟ ئـاخۆ دەبێـت بۆچـی ئـەو بەشـەی بەپێـچەوانەی ئـەو تاقمـەوە لایـەنگیری كوردیان كردووە بۆ دامەزراندنی دەوڵەت بۆ كورد لەبەرچی بووبێت؟

## بۆچی بەرەی ناحەز سەركەوت و ئەوەی ویستی جێگیركرا..؟

لەدواییشدا بریتانیا بووە خاوەن ستراتیجێكی روون و ئاشكرای دژ بەكورد، نەك هەر لە كێشە گەورەكەدا، بەڵكو تەنانەت لە بەدەستهێنانی مافە سادەو ئاساییەكانیشدا، نەك هەر لەو عیراقە تازەدروستكراوەی دەستی خۆی، بەڵكو لە پارچەكانیتریشدا.

بەپێچەوانەی بۆچوون و هەڵوێستەكانی پۆلی یەكەم بەرامبەر بریتانیا، گەلێك لە ڕۆشنبیرانی كورد، چی لەناو ڕووداوەكانی یەكەم جەنگی ١٩١٨ جیهان و چی لە سەردەمی كۆبوونەوەكانی كۆنگرەی ئاشتی لە پاریس و لە كۆبوونـەوەو كۆنفرەنسەكاندا بـۆ مـۆركردنی پەیمانـەكانیتر كـە پێوەنـدیی راستەوخۆیان بە بڕیارو راسپاردەكانی ئەو كۆنگرەیەوە هەبوو، لەوە حاڵیی بووبـوون كـە بریتانیـای مـەزن دەتوانـێ یارمـەتی كـورد بـدات و كـوردیش لەڕێگـەی ئـەوەوە دەتوانێ مافەكانی خـۆی دەسـتگیر ببێـت. بۆیـە جگـە لـە ئـەزموون ەكـەی كوردستانی باشوور ، گـەلێك چالاكی و هـەنگاویتر بۆ ئـەو مەبەستە نرا، بۆ نموونە:

-لـە ناوەڕاسـتی سـاڵی ١٩١٨دا شـەریف پاشـا پەیوەنـدی بـە سـێر پرسی كۆكس-وە دەكات كە لەو سەردەمەدا سـەفیری وڵاتەكـەی بـوە لـە

تاران، لەگەڵیدا کۆدەبێتەوەو داوای یارمەتیی بریتانیا دەکات بۆ کوردو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی، بەڵام سەفیر داواکەی رەت دەکاتەوە، پێش ئەوەش چەندین هەوڵی‌تری لەوبابەتەی داوە.

- سمایل خانی سمکۆو پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئینگلیزو سەردانی سلێمانی‌و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەسەر رێبازی دروست لە هاوکاریی هەرێمی.

- لە ناوەڕاستی ١٩١٨دا عەشایەری موکریان پەیوەندییان کرد بە کۆنسوڵی ئینگلیزەوە لە کرماشان، کە لەوڕۆژانەدا لە سەقز بووەو، داوای لێ دەکەن کە کوردستان لە فارسەکان رزگاربکرێ‌و سەربەخۆیی خۆی وەربگرێ.

لەبەرئەوەی کورد، بەهۆی دابەشکردن‌و داگیرکردن‌و بێبەشکردنی لە هەموو مافێکی سیاسی‌و نیشتمانی‌و بەڕێوەبردن، بە کولتوری دەوڵەت‌و بەڕێوەبەرایەتیی سەردەم کە تاڕادەیەك نامۆبوو، بەتایبەتی ماوەیەکی تاڕادەیەك دوور، بەسەر رووخاندنی میرایەتیی باباندا تێپەڕبووبوو، سەرەنجامی ئەوانەش، تاڕادەیەکی زۆر بە مامەڵەی سیاسی‌و دیبلۆماسی دەوڵەتێکی ئەوروپایی وەك بریتانیای مەزن نەشارەزا بوو، ئەوەش بارودۆخەکەی لەدژی بەرژەوەندی‌و خواستی کورد ئاڕاستەدەکرد، خوڵقاندنی کۆمەڵێ تەگەرەو کۆسپی تر دەبوونە هۆی یارمەتیدەر بۆ خراپترکردنی پێوەندیی ئەو ئەفسەرە سیاسییانەی لە کاروباری کوردو ناوچەکە بەرپرس بوون.

ئەگەر بمانەوێ ئەو خاڵ‌و مەسەلە گرنگانەی کرابوونە سەنتەری مامەڵە لەگەڵ کورد روون بکەینەوە، وابەم جۆرە دێنەبەرچاو:

www.zheen.org

(٣)

# خاڵی هاوبەش لە نێوان لێپرسراوو ئەفسەرە سیاسییەکاندا

دابەشکردنی ئەفسەرانی سیاسیو بەرپرسانی بریتانیا بە چەند ڕێبازێکەوە، پۆلینکردنی دیدو بۆچوون و بیروڕاکانیانە، دیاریکردنی ڕێبازی جۆراوجۆرە بۆ گەیشتنە ئامانجێکی سەرەکی کە لای هەمووان و بۆ هەمووان یەك ئامانجی هاوبەش بووە، ئەوەش خزمەتی ئیمپراتۆرییەتی بریتانیا بووە بە جێگیرکردنی بەرژەوەندیی و نفوزو دەسەڵاتی لە ناوچەکەو لە هەر دەڤەرێکی تر کە دەستیان بیگاتێ، لەبەر ئەوە کە باسی ئەو ڕێبازانەو بیروڕای تری جیاواز دەکەین، ئەوە ناگەیەنێت کە کەسیان لەو ئامانج و هێڵە سەرەکییانە لای دابێت، یان کارێکیان کردبێت کە بە نەخشەو بە پلان زیانبەخش بووبێت..

بۆ ئەو سەردەمەو بۆ سیاسەتی بریتانیا لە کوردستاندا ئەمانەی خوارەوە ئەو ئامانجانە بوون کە هێڵێکی سووریان لە دەور کێشرابوو، بۆ کەس نەبوو بیان بەزێنێت:

- ڕێگەنەدان بە گەڕانەوەی تورك و دەرکردنیان لە سەرجەم باشووری کوردستاندا.

- ڕێگەنەدان بە هیچ کەس و هێزو لایەك کە هاوکاریی تورك بکات و یارمەتیی بدات یان لێی وەربگرێ.

- ڕێگەنەدان بە پەیوەندیکردن بەڕووسەکانەوەو نەهێشتنی بڵاوبوونەوەی دەنگ‌وباسی کۆمۆنیزم لە ناوچەکەدا.

- مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییەکانی بریتانیاو جێگیرکردنیان بە چەسپاندنی ئەو سیاسەتانەو هەمو ئەو هەنگاوو کاروبارانەی بە سوودی خۆیان دەگەڕێنەوە .

- مامەڵەی کوردستان بە پێی بەرژەوەندییەکان و پاراستنی نفوزو دەسەڵاتیان بەبێ مانەوەو هێشتنەوەی هێزی سەربازی.

- بیروبۆچوون و نەخشەی هەموو ئەفسەرە سیاسییەکان لەناو هەموو ڕێبازەکاندا لەبەر تیشکی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەیان بووە.

بۆیە هەموو لێکدانەوەو بیروڕاو هەڵوێست و هەنگاوێك چەند لەیەك جیاواز بووبن، یان تەنانەت ئەگەر دژ بەیەکیش بووبن وئامانجی سەرەکی هەریەکەو هەر هەموویان خزمەتی ئیمپراتۆرییەتی بریتانیا بووە.

www.zheen.org

## هۆو کارتێکەری ناساز لە خوڵقاندنی کۆسپ و گرفتی تر:

سەرەڕای ئەو کەندو کۆسپە ناوەکیو دەرەکییانەی، ڕێگەی خەبات و گەیشتنە ئامانجی کوردیان سەخت و ئاڵۆزتر دەکرد، لەوسەردەمەدا گەلێك دیاردەیتر سەریان هەڵدا یا خوڵقێنران و بوونە کۆسپ و تەگەرەی زیاتر لەبەردەم بزووتنەوەی نیشتمانی کورددا، کە لێرەدا دەتوانین گرنگ و سەرەکییەکانیان لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەستنیشان بکەین:

- لــەناو دەوڵــەتی داڕووخــاوی عوسمانیــدا کــە قەڵەمڕەوەکــەی خرابــووە بــەر نەشــتەری دابەشــکردن، دەیــان گرفتــی قەبــەی دەرەکیـو ناوخۆ چواردەوری دابوو، لەبەردەم چەندین شــەڕی نــاوخۆو میللــەتانی رزگاربوودا گیری خواردبوو، ئابووری وڵات تەواو داڕوخابوو، دەوڵەتـە گــەورە ســەرکەوتووەکان لەگــەڵ دابەشــکردنی قەڵەمڕەوەکــەی ئــەو ئیمپراتۆریەتــە خــەریکبوون، راســتەوخۆ لــەدژی بزووتنــەوە چەکدارییەکەی مستەفا کەمال بوون، بۆیە شتێکی سەیرو نامۆ بوو کە ئەفسەرێکی لێزانو سیاسیو جەربەزەی وەك مستەفا کەمال دەربکەویو ببێتە ئەتاتورکو لەگەڵ سەرجەمی ناکۆکییەکانی بەردەمیدا بکەوێتە ملەو جەنگ، هەموو ئاواتەکانی بەدەست بهێنێتو ببێتە گەورەترین کۆسپی بەردەم جوڵانەوەی نیشتمانیی کورد.

- کارێکی نامۆ بوو کە دوای ئەوەی لە پەیمانی (سایکس-پیکۆ)دا باشووری کوردستان بۆ فەڕەنسە دانرابوو، کەچی لوید جۆرج بتوانێ کلیمەنسۆ لەخشتەبەرێتو لەچنگی دەربهێنێتو بیکاتە بەشی خۆی.

- هەر لە هەمان پەیماندا کوردستانی باکوور بۆ رووسیا دانرابوو، بەڵام بەهۆی بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە، ئەو دەوڵەتە لە جەنگ و لە هەموو پەیمانەکان خۆی بێبەریی کرد، ئیتر دەستبەرداری هەموو ئەو وڵاتو ناوچانە بوو کە بەپێی ئەو پەیمانا نە بە بەشی ئەو تۆمارکرابوون.

- بەپێچەوانەی بیروباوەڕو بەڵێنەوە، یەکێتیی سۆڤیەت ببێتە گەورەترین پاڵپشتو یارمەتیدەری ئەتاتورك کە ڕاستەوخۆ لەدژی

بەرژەوەندییـەکانی کوردبـوو، لام وایـە هـەر ئەمـەش هـۆی سـەرەکیی وەڵامنەدانـەوەی ئـەو سـێ نامەیـە بـوو کـە شـێخ مـەحمود ئاڕاسـتەی رووسەکانی کردو داوای یارمەتیی لێ کردبوون.

ئـەو دیاردانـە هـەروەك چـۆن رووی مێـژووی زۆر گـەل و نەتـەوەی گۆڕی، لەوانەش زیاتر کاری خراپی کردە سەر نەتەوەی کورد، تەواو رووی مێژووەکەی بە ڕێبازێکی دژ بەخواست و ئاواتەکانیدا وەرگێڕا.

## ستراتیج و نەخشە یان بیرو بۆچوونی جیاجیا..؟

بۆ ئەوەی دیدێکی سەرجەمی و سەرەتایی لای خوێنەر بێتە ئاراوە، لێرەدا بۆ سەلماندنی بوونی چەندین راو بیرو بۆچوون و هەڵوێستی جیاجیا کە زەقەکانیان سێ لاو سێ هەڵوێست و سێ جۆر رێبازی کارو بیروبۆچوونی لە یەك دوورو جیاواز بوون، بەڵام لە ناو نەخشەکاندا بۆ یەك ئامانجی سەرەکی بوون. ئەوانە نەبوونی ستراتیجێکی دوژمنانە بەرامبەر بە کوردو نەبوونی بڕیارێکی کۆنکرێتی و ئامادەکراو لەدژی کورد دەردەخەن، لێرەدا نموونەو کورتەی چەند بەڵگەیەك دەخەینە پـێش چـاو تـا، پـێش چـوونە نـاو باسـەکانەوە، وێنەیـەکی گـشتیی سـەردەمەکە بهێنرێتـە بەرچـاو، دیـارە لـە شـوێنی خۆیـدا ئەولایـەن و باسانەی تر زۆرتر روون دەکەینەوە بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونانە:

- لە نامەکانی حسەین-مەکماهۆندا (٢٤ ئۆکتۆبەری ١٩١٥) بەڵێن بە حسەین دەدرێت کە زۆربەی ناوچەکانی سلێمانی، ئاڵتون کۆپری

بخرێنە سەر ئەو ناوچە عەرەبییەی کە سەربەخۆ دەبێت. لەکاتێکدا ساڵێك دواتر، لە پەیمانی سایکس بیکۆدا، هیچ شوێنەوارێك بۆ ئەو گفتە لەئارادا نەما، چونکە ناوچەکان بەسەر بریتانیاو فەڕەنسەو رووسیادا دابەشکران. لەهەمان کاتدا بەڵێنی دامەزراندنی حکومەتێکی عەرەبی جێگەی ئەوەی گرتەوە.

- لە پەیمانی سایکس-پیکۆدا (١٩١٦) هیچ جۆرە دژایەتییەکی بریتانیا بەرامبەر بە کورد ناگرێتە خۆی، بگرە ئینگلیزەکان هیچ بەشێکی کوردستانیان بۆ خۆیان دانەناو گێرمەو کێشەشیان لەسەر دروست نەکرد، بەپێی پەیمانەکە کوردستانی باشوور بۆ فەڕەنسا، کوردستانی باکوور بۆ رووسیا دانرا بوو. لەدواییدا بریتانیا توانی بە گۆڕینەوە ئەو بەشەی کوردستان لەگەڵ ویلایەتی حەڵەب و هاوبەشیکردنی فەڕەنسە لە کۆمپانیای نەوت کە لەو سەروبەندەدا زیاتر بایەخی پێ دەدرا، باشووری کوردستان بۆ خۆی مسۆگەر بکات، دوای ئەوەی نەوت بوو بە فاکتەری وەرچەرخێنەر لەلایەك و جەختکردن لەسەر بایەخی بەستنەوەی ئەو بەشەی کوردستان بە میزۆپۆتامیاوە.

www.zheen.org

### لە سەرەتادا سایکس رای وابوو کە :

ئەرمەنستانێك لە کلیکیە لەژێر ئینتیدابی فەڕەنسەدابێت.. ولاتێکی کورد-ئەرمەنی لە دەریای رەشەوە تا سیرت و ئورفە پێك بهێنرێت.

سەرەنجام لە کوردستانی خواروو دەوڵەتێکی خودموختاری کوردی پێك بهێنرێت کە کەرکوك و پردێ و هەولێر کە دانیشتوانێکی زۆر

تورکمانیان هەیە، نەگرێتەوە، بەڵام ناوچە کوردنشینەکان هەمووی تا سیرت و ورمێ و مەهابادیش بگرێتەوە.

- لە پەیمانی (سان ریمۆ)دا ئەپریلی ۱۹۲۰، سوێندخۆران، ئاماژەیان بۆ مافەکانی کورد کرد کە لەدواییدا لە پەیمانی سیڤەردا کران بە بڕیار.

- لە پەیمانی (سیڤەر)دا ۱۰ ئاگوستی ۱۹۲۰، بەندە بەناوبانگەکانی ٦٢، ٦٣، ٦٤ تۆمارکرا، تێیاندا ددان بە مافەکانی کورددا نرا، بە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆشەوە، هەروەك لەپێشیشەوە گوتم رەشنووسی ئەو دۆکومێنتە کە ئینگلیزەکان بۆ خۆیان دایان ڕشتبوو، دەسخەتەکەی لەگەڵ نوسخەی بڕیارلەسەردراودا لە ئەرشیفەکەیاندا پارێزراون. ئەوەی پێویستە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەم:

ئاڵۆزیی زمانی داڕشتنی پەیمانەکەیە، تێکەڵکردنی چەندین مەرجی مەتەڵاوییە کە زۆر زەحمەت پێکەوە کۆدەکرێنەوە، بەجۆرێك کە نهێنییەکانی زمانی دیپلۆماسیی داڕشتنەکە چەندین نهێنیی لەناو وشەو رستەکانیدا حەشارداوە، هەروەك پەیمانەکە وادارێژرابێت کە قابیلی جێبەجێکردن نەبێت. بۆ نموونە ئەم رستانە بەشێکی گرنگن لە پەیمانەکە:

کۆمەڵەی گەلان رادەسپێرێت ئەگەر گەلی کورد لەوناوچانەی لە بەندی ٦٢دا دیاری کراوە لە ماوەی ساڵێکدا لە دەستپێکردن بە جێبەجێکردنی پەیمانەکە بەجۆرێ کە زۆربەی دانیشتوان دەری بخەن کە دەیانەوێت لە تورکیا جیاببنەوەو سەربەخۆ بن لە تورکیا، پێوەندیی بە کۆمەڵی گەلان (نەتەوەکان)ەوە بکرێت، ئەگەر ئەنجومەن بڕیاریدا

که کورد توانای بەسەر ئەو سەربەخۆییەدا هەیە. ئەوسا تورکیاش رازیی بێت کە ئەو راسپاردەیە جێبەجی بکات.

بەڵام ئەوانە لە بایەخی مێژوویی‌و سیاسیی گرنگی ئەو دۆکومێنتە کەم ناکەنەوە، کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی کورددا لە کۆڕێکی نێونەتەوەیی واگەورەدا بەو روون‌و ئاشکراییە ددان بە بوونی کوردو کوردستانی نیشتمانی‌و مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی‌و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆدا بنرێت.

- لە یەکێك لە خاڵەکانی (ماندات)ی عیراقیدا کە بریتانیا لێی بەرپرس بوو بەندی-١٦-ی بەم جۆرە بوو:

- "نابێت هیچ شتێك رێگا لە ئینتیداب بگرێ کە دەزگایەکی ئۆتۆنۆمی بەناوی حکومەتێکی سەربەخۆ لە ناوچە کوردییەکاندا، لەو شوێنانەی کە زۆربەی دانیشتوانی کوردبن، پێك بێنێت"

- لە کۆنفرانسی لەندەن، فێبریوەری ١٩٢١ دوو ڕای ئاشکرا بەرامبەر کوردو کێشەکەی هاتە ئاراوە، بەرەیەك لەدژی دامەزراندنی دەوڵەتێ بۆ کورد، بەرەی دووەمیش بەپێچەوانەوە، لێرەشدا هیچ جۆرە دیاردەیەك نەبوو کە بوونی دوژمنایەتیی راستەوخۆو ستراتیج‌و نەخشەی لێکۆڵراوەی دژ بە کورد بسەلمێنێت.

- لەوکۆنگرەیەی لێپرسراوانی دایەرەی هیند سازیان کرد، وەك أ. هێرتزل باسی دەکات‌و لە شوێنی خۆیدا دەیخەینە پێشچاو، دیسان جۆرێك لە هەڵوێستی پۆزەتیڤانە هەبووە.. هەڵوێستی دژ هەر لەوەدا خۆی دەنواند کە باشووری کوردستان نەبێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ تا

بـــــەمیزۆپۆتامیاوە ببەســـــترێتەوە، ئەمــــــەش لـــــە خواســـــتی بەرژەوەندییەکانیانەوە هەڵقولابوو..

- دیـسان لــە کــۆنگرەی (قــاهیرە)مــەی -١٩٢١ دوولای ســەرەکیو ئاشکرا لەسەر هەڵوێست لە کورد بەهەمان شێوە هاتەئاراوە.

تەنانــەت لەوکاتانەشــدا کــە کوردســتانی باشــوور بــۆ عەرەبــەکان ساغکرایەوەو ولاتو دەوڵـەتی عیراق هاتنـە ئاراوە، هـەردوو حکومـەتی خاوەن شکۆ، بریتانیاو عیراق، گەلێ مافی گرنگیان لەمەڕ دامەزراندنی حکومـەتێکی کوردی، لـەناو چوارچێوەی ئـەو دەوڵەتـە نوێیـەدا، بڕیار لەسەر دا، دیارە ئـەوەش دوای تـەوژمی بزووتنـەوەی نیشتمانیی کورد خۆی، لـەژێر گوشاری پۆزەتیڤانەی ئـەو ئینگلیزانەشدا بوو کـە لەگـەڵ مـــسۆگەرکردنی ئەومافانـــەدا بـــوون بـــۆ کـــورد دوای ئـــەوەی ڕێگـــەی دامەزراندنی دەوڵـەتی خـۆی لێ گیرا، چـونکە مـەلیك فەیـسەڵی یەکـەمو سەرجەمی بەرپرسەکانی ئەو حکومەتەی بەشێکی کوردستانیان کەوتـە ژێردەست، ئامادەنەبوون بچووکترین ماف بە کورد ڕەواببینن، هـەروەك لەدواییدا سروشـتی ناسیۆنالیستانەی دژ بە کوردو مافـەکانی روونتر دەردەکەوێ.

**(٤)**

## ئاوڕێك لە ڕابردووی دوورتر:

پێوەندییەکانی نێوان کوردو بریتانیا، یان روونتر، ئاشنابوونی ئینگلیزەکان بە کورد، ریشەیەکی تاڕادەیەك کۆنی هەیە، سەرەتاکانی سەردانی گەڕیدەو پسپۆڕو پیاوی ئیستیخباراتی ئینگلیزەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمانەی کە بە بیانوو کاری هەمەجۆر دەهاتنە ناوچەکەو لێکۆڵینەوەی جۆربەجۆریان دەکردو زانیاریی هەمەچەشنەیان کۆدەکردەوەو تۆماریان دەکرد.. بەرینبوونی هاتوچۆی ئینگلیزەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سالآنەی کە لقی کۆمپانیای هیندیی رۆژهەلآت لە شاری بەغداد کرایەوە..

لە سالّی ١٧٨٥دا دوکتۆرێکی ئەو کۆمپانیایە سەردانی کەرکوكو ماردینی کرد..

گەشتە بەناوبانگەکەی کلۆدیۆس جێمس ریچ (نوێنەری ئەو کۆمپانیایە لە ١٨٢٠دا بۆ عیراق و کوردستانو سەردانە سێ مانگییەکەی سلێمانییو پەیوەندییەکانی لەگەڵ مەحمود پاشادا کە لە بیرەوەرییەکانیدا تۆمارکراون[1]، بوونەتە سەرچاوەیەکی گرنگو دەگمەنی مێژووی سەردەمەکە..

[1] گەشتەکەی کلۆدیۆس جێمس ریچ بۆ عیراق و کوردستان ١٨٢٠، کراوە بەعەرەبیو لەمیشەوە بۆ کوردی.

گەشتەکانی: رۆلینسۆن، د.کسمبیل، ت. هاول، مێجەر میللینگتن.. تاد گەلێك زانیاریی گرنگیان تۆمارکرد. لە سەردەمەکەشدا ئەفسەرە سیاسیو سەربازییەکانی ئینگلیز، سەرەڕای کارو ئەرکەکانیان، زۆریان بیرەوەریو یادداشتەکانیان تۆمارکردو بڵاوکرانەوە بەتایبەتی:

- ئارنۆڵد وێلسۆن، مەندوبی سامی لە بەغداو بەرهەمەکانی:

London ،- Loyalities Mesopotamia 1914-1917
1930
London 1931،- Mesopotamia 1917-1920

- لۆنگریك و کتێبە مێژووییە بەناوبانگەکەی (چوار سەدە لە مێژووی نوێی عیراق)

London،- (Four Centures of Modern Iraq)

ئەم کتێبە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی.

London 1921 ،- (Two Years in Kurdistan)
W.R.Way

- میجەر نۆئیلو بیرەوەرییەکانی لەسەر گەشتەکەی بۆ باکووری کوردستان، ئەم کتێبە کراوە بە کوردی.

- کتێبەکەی کاپتان های: دوو ساڵ لە کوردستان..

- ئارشیبالد هامیلتۆن ئەندازیاری رێگە بەناوبانگەکەی ناسراو بە (جادەی هامیلتۆن)، کتێبەکەی:

London 1958.،- Roads Through Kurdistan

- ئەدمۆندزو کتێبی: کوردو تورك و عەرەب کە لە ١٩٧١دا جەرجیس فەتحوڵڵا وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، جگە لە

موحازەرەکەی لەسەر کێشەی کورد کە لە ١٩٦٦/١٠/٢٥دا لە زانکۆی مەلەکیی ئاسیا دای.

- میجەر سۆن کارەکانی لەسەر نووسینی زمانی کوردو رۆژنامەگەریی، جگە لە کتێبی

(Mesopotamia and Kurdistan in Disguise). London 1921 -،

جگە لە دەیان راپۆرتی وەك راپۆرتەکەی (لێفنانت راولنسۆن)و (کیلینگ)و باسی رۆڵی گرنگی کورد لە داڵدەدان و شاردنەوەی ئەرمەنەکان لەکاتی قەتڵوعامەکەیان بەدەستی تورکە عوسمانلییەکان.

- لە بەڵگەنامەیەکی سەردەمەکەدا لەژێر ناوی

Note by Political Department،- Kurdistan.

١٤ دیسەمبەری ١٩١٨ لە نەخشەیەکدا سنووری کوردستانی گەورە بەڕوونی داڕێژراوەو بەم جۆرە دیاریکرا.*

کوردستان پانتاییەکی گەورەی چیایە کە لەدەوری دەشتاییە بەپیتەکانی هەردوو رووباری دیجلەو فوراتدایە لەباکوورەوە هەر لەشاری حەڵەبەوە تا دەریاچەی ورمێ. لەڕۆژهەڵاتەوە، لە دەریاچەی ورمێوە بە سنوورەکانی ئێراندا تا مەندەلیو چیاکانی پشکۆ.. لە شارۆچکەی بیرەچك لای رۆژئاواوە رووەو باکوور بە مەلاتیادا تا ئەرزنجان درێژدەبێتەوە.. ئینجا روودەکاتەوە رۆژهەڵات تا رووباری ئاراس (لەنزیك چیای ئارارات تا سووچی سەرووی خۆرئاوای

---

* F0371/33-86 Kurdistan.

دەریاچەی ورمێ (رەزائیە)، ئینجا بە رێکی کەناری خۆرئاوای دەریاچەکەدا رووەو باشوور دەڕوات بە میاندواودا تێپەڕدەبێت تا دەگاتە خورلسباد.. لەوێشەوە تا کرماشانی ئێران.. دوایی روودەکاتە شاری مەندەلی لە عیراق کە کەوتۆتە سەر سنووری عیراق و ئێران بە ماوەی ٩٠ میل زیادەیەو باکووری خۆرهەلاتی شاری بەغدا..

بەپێی یاداشتی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا سنووری کوردستانی ئاسیای بچووک-ی تیا دەستنیشان کراوە (واتە جگە لە کوردستانی ئێران، زەوی کوردستان دەکەوێتە:

" باشووری رووباری بۆتان (کە دەڕژێتە رووباری دیجلەوە لەنزیک سرت لای خەتی پانی ٣٧,٤٥)، هەروەها ئەو زەوییانە دەکەونە خۆرهەلاتی رووباری دیجلەو شاخی حەمرین لەرۆژهەلاتەوە سنووری فارس دەبێتە سنووری" واتە ویلایەتەکانی: بتلیس، وان، موسڵ دەگرێتەوە، بەلام شاری موسڵ نا، شارە گەورەکانی: ئامێدی، رەواندز، ئاڵتون کۆپری، هەولێر، کەرکوك و سلێمانییە..

دیسان لە بەڵگەنامەیەکیتردا لە ١١ی ئۆکتۆبەری ١٩١٩دا کارێکیتری لەوبابەتە کراوە (Kurdistan and Kurd، War Office) بەپێی یادداشتێکی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لەو نەخشەیەدا سنووری کوردستانی ئاسیای بچووک -مەبەست کوردستانی باکورە- دیاری کراوە.

لەگوتارێکیدا بەناوی سوێند خۆرەکانەوە "کلیمەنسۆ" ئەوەی روون کردەوە کە "حکومەتی تورك (دەوڵەتی عوسمانی) ئەوەی

لەبارانییە کە بتوانێت میللەتێك بەڕێوەبەرێت، لەبەرئەوە متمانەی پێناکرێت و نابێ قەومێك کە تورك نەبێ و تا ئیمڕۆ لەژێر جەوری تورك و ستەمی تورکدا ژیاوە دووبارە بخرێتەوە ژێر حوکمی".

## کوردو ئینگلیز لە سەردەمەکانی پێشتردا

زۆر لە گەریدەو لێکۆڵەرەوەی ئینگلیز لە گەلێ بۆنەدا سەردانی کوردستانیان کردووەو گەلێك تۆژینەوەی بەسوودیان لەسەر کۆمەڵگەی کوردەواری کردووە، بەتایبەتی لەوکاتانەوە کە کۆمپانیای (وێست ئینديا) لە بەغدا مەڵبەندی خۆی دامەزراند (١٨٠٦)، (_د. ماکیندۆناڵد کێنیر سەرکردەی سیاسیی ئەو کۆمپانیایە، بەردەوام نەخشەی دادەنا بۆ جەنگ و هاندانی دەوڵەتەکەی بۆ داگیرکردنی تورکیاو ئەرمەنستان و کوردستان و ولاتانی‌تری رۆژهەلات..

- و. هێید لە ساڵی ١٨١٧ سەردانی بەغداو کفری و سلێمانیی کرد.

- د. ك. تۆرتیر لە ساڵی ١٨١٨دا بەغداو کەرکوك و سلێمانی، ئینجا بەرەو سابلاغ و تەورێز رۆیشتووە.

- د. فرایزەر ١٨٢١-١٨٢٢، پەیوەندی بەزۆر لە سەرەك هۆزەکانەوە کرد.

- د. میگنان، کاپتەنی سوپا-١٨٣٠ بە کفری و سلێمانی و بانەو مياندواودا بۆ تەورێزو رووسیا، رۆیشتووەو دوایی بە هەمان رێگەدا گەڕاوەتەوە.

- د. برانت-١٨٣٣، کۆنسوڵی ئینگلیز لە ئەرزرۆم گەشتی دوورودرێژی بە کوردستاندا کردوە.

- هـ. رۆلینسۆن ١٨٣٤-١٨٣٦ له ئەرتەشی ئێراندا مەشقی به هێزێکی ئێرانی دەکرد که له کورد پێکهێنرابوو. هەرهەمان گەڕیده له ساڵی ١٨٣٨دا گەشتێکیتری کردوه.

- فرەنسیس رودن جسنی، گەشتی به باکوورو رۆژهەڵاتی کوردستاندا کردوه، به هەوڵدان بۆ بەکارهێنانی رووباری دیجلەو فورات بۆ ڕێگەوبانی ئاوی بۆ خلیج، ناوبانگی دەرکرد.

## پەیوەندییەکان له سەردەمی جەنگو دواتردا:

هاتنی مێجەر سۆن (میرزا غولام) پێش جەنگ، بۆ ناوچەی سلێمانی و مانەوەی له هەڵەبجە، بەبێ ئەوەی کەس هەستی پێبکات و خۆی دەربخات سەرەتایەك بوو له هەوڵی ناسینێکی کورد بۆ مەبەستێکی نوێ، وەك دەریشکەوت ئەنجامێکی بەسوودی هەبوو بۆ نەخشەی ئایندەی وڵاتەکەی. له سەردەمی جەنگیشدا، هەلومەرجی پەیوەندی و زیاتر له کورد گەیشتن، باشتر رەخسا.

یەکەم دەستپێشخەری پەیوەندییەکانی نێوان کوردو ئینگلیز، لەوکاتانەوە بوو که هێزەکانی ئینگلیز چەند ناوچەیەکی بەسرەیان داگیرکردبوو، هەستی ئیسلامەتیو بانگەشەی هەڵخەڵەتێنی تورکە عوسمانییەکان بۆ غەزا لەدژی دەوڵەتێکی کافر، پاڵی به بەشێك له کوردیشەوە نابوو که هاوبەشیی ئەو غەزایە بکات، بۆیە شێخ مەحمودی حەفید، که دیارو بەدەسەڵاتترین کەسێتییەك بوو له ناوچەی سلێمانیو دەوروپشتی، به خۆیو هێزێکی چەکدارەوە که زیاتر له

هەزار سوارە بووە، هەندێك سەرچاوەی ئینگلیزەكان بە سێ‌هەزاریان لەقەڵەم داوە، خۆیان گەیاندە (شوعەیبە) (نیسانی ١٩١٥) لەوێ هاوبەشییەكی گەرمی جەنگەكەیان لەدژی هێزەكانی ئینگلیز كرد تا شێخ مەحمود بریندارو گەلێك لە غەزاخوازانی كوردیش كوژران. ئیتر بەناچاری شێخ كشایەوە بۆ شاری (ناسرییە).

لە باسەكانی هاوپێوەند بەو مێژووەوە (تۆفیق وەهبی) كە لەگەڵ شێخ و هێزەكەی بوو، بەمجۆرە باسی ئەو دەستپێشخەرییە بۆ پێوەندیی بەهێزەكانی ئینگلیزەوە دەكات:

كاتێك لە ناسرییە پێشبینییەكانمان بۆ ئەو جەنگە باس دەكرد، رەوتی رووداوەكان ئەوەیان لێ دەردەكەوت كە سەركەوتن بۆ هێزەكانی ئینگلیز دەبێت و هێندە نابات دەست بەسەر ناوچەكەدا دەگرێت، ئیتر لەسەر ئەوە پێكهاتین كە نامەیەك بۆ ئینگلیزەكان بنووسرێت، تێیدا داوای مافەكانی كوردیان لێ بكەین.. بڕیاریش درا نامەكە من بینووسم..[1]

دواتر، بەتایبەتی لە ماوەكانی دوای گرتنی بەغدا ،كە هێزەكانی ئینگلیز بەرەو باكوورو رۆژهەڵات كەوتنە پێشڕەوی، هەر لەوساڵەدا رووسەكان لەدوای كشانەوەی هێزەكانی تورك لە خانەقین، هاتبوونە ناوەوەو دەستیان بەسەر ئەو شارەو ناوچەكەدا گرتبوو. لەدواییشدا چۆڵی دەكەن و سەرلەنوێ توركەكان دەگەڕێنەوە، بە هاوكاریی كورد،

---

[1] بۆ زیاتر درێژەی باسەكە بڕوانە: م. ر. هاوار، شێخ مەحمودی قارەمان و دەوڵەتەكەی خوارووی كوردستان، بەرگی یەكەم، لەندەن، ١٩٩٠، ل٣٤٦.

یا ڕێگەنەگرتن لەو هێزانەی ئینگلیز، ئەمان خانەقینو ناوچەکانی دەوروبەری داگیردەکەن (جونی ١٩١٧).

دوای داگیرکردنی کەرکوك، شێخ مەحمود نامە بۆ جەنراڵ مارشاڵ دەنێرێت (نیسانی ١٩١٨) بەڵام نامەکە دەست تورکەکان دەکەوێت چونکە، پێش گەیشتنی هێزەکانی مارشاڵ شارەکە چۆڵ دەکەن تا لە ٢٥ی ئۆکتۆبەری ئەوساڵەدا سەرلەنوێ کەرکوك دەگرنەوە. لە مایسی ١٩١٨دا هێزەکانی ئینگلیز کفریو تازە دەگرن..

لە ١٩١٨/١٠/١٨ دا دەوڵەتی عوسمانی داوای ڕێکەوتن دەکاتو خۆی بەدەستەوە دەدات. لە ١٠/٢٧شدا ئەڵمانەکان بەندەکانی وێلسۆن قەبووڵ دەکەنو خۆیان بەدەستەوە دەدەن. لە ١٩١٨/١٠/٣١دا جەنگ دەوەستێت.. شاری موسڵو ناوچەکانی دەوروبەری لەدوای جەنگ و ئاگربەست و ئینجا زۆر لە شارو ناوچەکانی تری باشوری کوردستان بە بێ شەڕو ئاژاوە، لەلایەن هێزەکانی ئینگلیزەوە داگیر دەکرێن یان بە بەشێك لەو دەسەڵاتە دادەنرێن.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەخەینەسەر چەند گۆشەیەکی ژیانی سیاسیو ڕوداوەکانی ماوەیەکی زۆر هەستیار لە مێژووی نەتەوەی کورد روون دەکەینەوە، مێژووی سیاسیی سەردەمێکی زۆر هەستیار لە پەیوەندیی سیاسیو دیپلۆماسیی ئیمپراتۆرییەتی بریتانیا لەگەڵ کورددا. مێژووی سەردەمێك کە سیاسەتەکەی بریتانیا مەتەڵێکی ئاڵۆزبوو، نەك هەر بۆ کورد بەڵکو بۆ ئینگلیزەکان خۆشیان زۆر ئاڵۆز بووە، بەهۆی فرە ڕاو فرە سەرچاوەی بڕیارو فرە هەڵوێست، کە بۆ کورد زۆر زەحمەت بوو پەی بەو

ئاڵۆزییانە بەرێت و لەو فرە سەرچاوەیە بگات و هەڵوێستی گونجاو بەرامبەر هەریەکەیان وەربگرێت.

تەنانەت بەرپرسانی ئینگلیزیش زۆرجار بە واق وڕماوی لەبەردەم ئاڵوگۆڕو گۆڕانەکاندا دەوەستان و نەیاندەزانی چیبکەن یان بەناچاری لەناو هەڵوێستەو چاوەڕوانیدا دەوەستان تا ئامۆژگاریو راسپاردەکان لە لەندەنەوە یا لە حکومەتی هیندەوە دەگەیشتن. تەنانەت زۆرجار ئەوانیش کێشەو مەسەلەکانیان بە هەڵواسراویو بێ بڕیار دەهێشتەوە تا لەبەر تیشکی گەڵێ رووداوو دیاردەیتر دەگەیشتنە ئەنجامێك بۆ بڕیاردان.

لەناو هەموو ئەو گێژاوانەدا، ئەوەی کە لەسەرەتادا کەم و لەدواییدا زۆرو باشتر ئاشکرابوو، ئەوەبوو کە ئەفسەرە سیاسی و بەرپرسە مەیدانییەکان بووبوونە سەرچاوەیەکی زۆر گرنگ لە بۆچوون و لێکدانەوەو هەڵوێست و بڕیار وەرگرتندا کە سەرەنجام دەبوون بە سەرچاوەی داڕشتنی نەخشەو ستراتیج بەرامبەر بە کوردو بۆ هەموو ناوچەکەش..

ئەوەی زیاتر بارودۆخەکەی تێکچڕەژاوو بوغرنج کردبوو، چەندین دیاردە بوو، لەوانە:

- بوون و دەستتێوەردانی دەوڵەت و هێزی نەیارو دوژمنی وەك تورکیا.
- دەرکەوتنی مەترسی کۆمۆنیزم و سەرەتای بڵاوبوونەوەی لە ناوچەکەدا.
- ناسیۆنالیست و بۆرجواو سەرەك خێڵەکانی عەرەبی ناوچەکە سوور بوون لەسەر داگیرکردنی باشووری کوردستان و بەستنەوەی بەمیزۆپۆتامیاوە.

- چینی فەرمانڕەوای ئێران و بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز ڕۆڵی گرنگیان بینی لە داڕشتنی جۆری مامەڵەی باشووری کوردستان‌و بزووتنەوەی کورد..

- کێشە جۆراوجۆرە ناوخۆییەکانی ناو ڕیزەکانی کورد..

- لەبەردەم بەرژەوەندییە جۆربەجۆرەکاندا، زلهێزەکان پشتیان لە میللەتانی چەوساوەو زوڵملێکراو دەکردو دەشبوونە مایەی زەبرو زۆر بەکارهێنان لەدژیان.

## گرێو گرفتەکانی ناوخۆ

بەهۆی جیاوازیی یاساو بنەما کۆمەڵایەتیو سیاسییە خولقاوەکانی ناو ئەو پرۆسانەوە، بەپێی ئەقڵ و کولتورو کەرەکتاری دواکەوتووی داگیرکەرو بەگوێرەی ماوەو مەودای داگیرکردنەکە، هەر بەهۆی ئەو جیاوازییانەو یاساو ڕێسا کۆمەڵایەتیو سیاسییە خولقاوەکانی ناو ئەو کردانەوە، نەشونماو گەشەکردنە کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستاندا ناکامڵو ناتەواوو شێواوتر دەکرا، بە لاوازیو سستی دەجووڵان‌و جارجاریش ئیفلیج دەبوون، هەر بەو پێیانەش داب‌و نەریتە کۆمەڵایەتی و ئایینییە کۆن‌و دواکەوتەو بەزیانەکان زیاتر سەقامگیر دەبوون، نامۆو نائاسایی دەهاتنە ئاراوەو جێگەی بەشە ئاساییو گونجاوەکەیان دەگرتەوە، هاوتاو لەگەڵیشیاندا باری دەرونییو ئەقڵی

تاکە کەسی و کەرەکتاری کۆمەڵایەتی، گشتیو تایبەتی، نائاسایی دەبوونو دەردە کۆمەڵایەتییەکان زیاترو کۆنەکان چەسپیوو رەگداکوتاوتر دەبوون.

ئەگەر لەو یاساو بنەما گشتیانەوە بچینە ناو ڕووداوە مێژووییەکانی سەردەمەکەوە، یان هەر سەردەمێکی تر، وادەبێت سەرنج لە سروشتو رەوشەکانی پلەو قۆناغەکانی پێشوو بدرێو بەوردی یەکالا بکرێنەوەو تێیان بگەین، لە کۆمەڵی کوردەواری و گەشەکردنەکانی بگەین، ئەگینا نازانین چۆنو بۆچیو بە چی رێبازو لەسەر چ زەمینەو لەناو چ بارودۆخێکدا کاروان گوزەریوەو گەیشتۆتە ئەم قۆناغەی ئێستا.. هەر بەوپێیەش بۆ سەردەمەکە دەبێ لە کۆی ڕووداوەکانو وردەکارییەکانیانو دیاردەی خوڵقاوی پەیوەستی بکەین بە کۆمەڵو چینو بەشەکانییەوە، لە سەرجەمی هۆو هۆکار، خەباتو شێوەی، ئاستی لاسەنگیی هێزو توانای لایەنە ناکۆکەکانی ناوەوەو دەرەوەی سەرزەمینەکە، بەهەمان شێوە بۆ دوژمنی راستەوخۆو ڕووبەڕوو بۆ سەرجەمی دوژمنەکان کە لە شێوەی بێلایەن یا دۆستی کاتیدا دەردەکەونو گەرەکیان بووە سوود لە ناکۆکییەکان وەربگرن، سیاسەتو دیپلۆماسێتیی سەرکردەو ئاستی لە خۆو لە دوژمن گەیشتن، رادەی گونجاویو نەگونجاوییان لەگەڵ دیاردە سازو نەسازەکانی ناوخۆو هەرێمیو نێودەوڵەتی، لەگەڵ باری جیۆپۆلیتیکو جیۆستراتیجیو خاڵەلاوازو نەسازەکانیان، بەرژەوەندیی لایەنە رۆڵ بینەرەکان لە سازانو پێکادان، نەخشەو ستراتیج، بەرژەوەندییە

ئابووریو سەربازیو سیاسیو ستراتیجییەکانی لایەنەکان بەگشتیو بەتاک، تێیان بگەین، بە حاڵیبوون لە سەرچاوەی کارو بڕیار و چارەنووس بەدەست، دیسان بۆ کۆی دەوڵەتانی پەیوەستی بەکێشەکەوە.

## ڕەوشە بەزیانەکان

ئەگەر لەوانەشەوە بچینە سەر تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵی کورد لە سەردەمە جیاجیاکاندا تا سەردەمی ڕووداوەکانی سنووری لێکۆڵینەوەکە، داگیرکردنو پارچەکردنی کوردستان، زوڵمو زۆرو چەوساندنەوەی هەمەلایەنەی سەدان ساڵ، هەوڵی گۆڕینی باری دیمۆگرافیی وڵاتو تواندنەوەی دانیشتوانی،خولقانی جیاوازیی نێوان دانیشتوانی پارچەکان، لەبەر گەلێك هۆ، دابەشبوونی چەند لایەنەی هێزو توانای کوردو سامانی نیشتمانی، فرە دوژمنو هاوکارییان لەدژی خواستو ئامانجەکانی کورد، سەرەڕای ناکۆکیو دوژمنایەتی کۆنو نوێی قووڵ لەنێوانیاندا، باری ئاڵۆزو نائاسایی جیۆپۆلیتیکی کوردستان بەگشتیو هەرپارچەیەکیش بەجیا، باری ئابووریی کوردستانو بەکارهێنانی بۆ بەرژەوەندیی داگیرکەرو لەدژی خۆی، هەڵوێستی دەوڵەتانی سوودوەرگرتوو لەو ئابورییەو لە ڕەوشە جوگرافییەکانی کوردستانی گەورە، گەشەکردنی نائاسایی و شێواوی کۆمەڵی کوردەواری لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، سوودوەرگرتنی

داگیرکەر لە تۆپۆگرافیو ڕەوشە باشەکانی کوردستانو بەکارهێنانیان لەدژی کورد خۆی، نەخشەی هەڵتەکاندنی ئابووری، خراپکردنی ژیانو گوزەرانی خەڵکو باری دواکەوتوویی‌و مانەوەی سستێمی خێڵەکیو شوێنەواری دەرەبەگایەتی بەڕادەیەك کە ڕۆڵی وەرچەرخێنی خراپو بەزیان ببینن، وابەستەیی هەندێك لە سەرانی خێڵو هۆزە ناکۆکەکان بەیەك و بەڕژێمەوە، بەجۆرێ کە هەم بیری ڕزگاریو سەربەخۆییو مافی چارەنووس لاوازو بێمانا بکەنو هەم بزووتنەوەی نیشتمانییش بترنجێننە کەلەبەرێکەوە کە توانای بەدەستهێنانی مافە نیشتمانیو ناوچەییەکانیشی نەبێت، کارێکی گەورەش بکەنە سەر تێکدانی بزووتنەوەی نیشتمانیو لاوازکردنی هۆشو هەستی نەتەوەیی، باوەڕ نەبوون بە خۆو بە پاشەڕۆژ، بێمتمانەییو ڕاڕاییو گیانی کۆیلەیەتی یان خۆسەپاندن، بێماناکردنی زەمینەی سادەو ساکاری بیری نوێی ئازادیی قسەو نووسینو رادەربڕین. لەڕاستییشدا ئەوانە هۆیەکی بنچینەییو کاریگەرن لە سەرنەکەوتنو نوشستیو شکستییەکان، لە دووبارەو چەندبارەبوونەوەی ڕووداوە لەیەکچووەکان، ئەوانە هۆیەکی بنەڕەتیی گۆڕانەکانن، کە مۆرکی خۆیان لەسەر هۆو کارتێکەری بزوێن و خولقاندنی دیاردەو نەخشەو ڕێڕەوو سەرەنجامەکان، بەجێ دەهێڵن. کە هەریەکە بۆ ئایندەی خۆیو لە ئایندەی خۆیدا ڕەنگ دەدەنەوەو تێکڕا شوێنەواریان، تاڕادەیەك بەرچاوو هەستپێکراودەبن.

لە لێکدانەوەو شیکردنەوەی هۆی شکستیو سەرنەکەوتنەکان، لە هۆی مانەوەی کورد بە دابەشکراوی، بە سەرنەکەوتنی لە دامەزراندنی

دەوڵەتی نەتەوەیی و یەکگرتوی خۆی، سەرەڕای بوونی چەندین کێشەو کۆسپی ناوخۆیی تر، ناتوانرێ شکستیی لە هەندێ بارودۆخدا بۆ کاریگەریێتیی هۆ سەرەکییەکانی ناوخۆ، بێ رۆڵی گرنگی هۆیە دەرەکییەکان دابنرێت، بگرە جاری واهەیە هۆ دەرەکییەکە دەبێتە سەرەکی و بنچینەیی و چارەنووسساز کە بڕیار لەسەر سەرەنجام دەدات.

لێکدانەوە کلاسیکییەکانی لەمەوبەر نەك هەر نکوولییان لەوە کردووەو دەیکەن، بگرە بۆ هەموو دیاردەو رووداوێك، هۆکارە ناوخۆییەکان بە بنچینەیی و سەرەکی و چارەنووسساز، دەرەکییەکانیش بە لاوەکی و پلەی دووەم و ناسەرەکی دەزانن، لەکاتێکدا گەلێ رووداوی کۆن و نوێ راستیی بۆچوونی یەکەم و نادروستیی تیۆریی دووەمیان لە هەندێ حاڵەتدا سەلماندووە، یەکێ لەو روداوانەی کە ئەو تیۆرییەی یەکەم دەیگرێتەوە ئەم رووداوەیە کە باسەکەمان دەیگرێتە خۆی.

خۆ ئەگەر بۆ زیاتر سەلماندنی ئەو تیۆری و بۆچوونە بچینە ناو رووداوەکان، مێژووی سەردەمی نوێی کوردستان و ئەزموونەکانی دوای ئەو رووداوە، واچەندین نموونەی تر دەکەونە بەرچاو، گرنگەکانیان:

جەمهورییەتی کوردستان (١٩٤٦/١/٢٢ تای ١٩٤٦/١٢/١٧) لە ڕۆژهەڵات و، کوردستانی فیدراڵ لە باشووری کوردستان (١٩٩٢- ؟) .

چەند دیاردەیەکی ناو کوردستان، سروشت و روخساری کوردیان لای ئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیز، بەتایبەتی ئەوانەی لەگەڵ

بنکەی ژین
www.zheen.org

جێگیرکردنی دەسەڵاتی خۆیان و نەخشەی بەستنەوەی کوردستان بەمیزۆپۆتامیاوە خەریك بوون، ناحەزو نامۆ کردبوو:

- یەکەم باڵکێشانی ژیانی خێڵەکیو تیرەگەری بەسەر کوردستاندا کە ببوە سەرچاوەی پشێویو زەحمەت جێگیرکردنی یاسا.

- دووەم دیاردەی چەكو چەکداریو راپەڕینو یاخیبوونی دوور لە داخوازیو دەستکەوتی کۆمەڵایەتیو سیاسیی کە ئەمەش ژیانی ناو ناوچەگەریو دەسەڵاتی سەقامگیریی زۆر لە سەرەك هۆزو ئاغاو بەگی والێکردبوو کە ڕێگربن لە لایەنگیریی بۆ سەردار یان سەرۆکێکی نەتەوەیی وەك شێخ مەحمودی حەفید.

- سێیەم ڕاڕایی کورد لە پێوەندیو هاوکاریو ساغنەبونەوە لەسەر دەوڵەتی هاوکارو پشتو پەناو خاوەن قودرەتو بڕیاری چارەنووسساز. هەرچەندە ئەو پەیوەندییانە، هەریەکە لە ڕۆژگارەکەی خۆیدا، بەبێ هۆو بێ کاردانەوەی کاری ناحەزانەو دژ بە کورد و سەرکردایەتییەکەی نەبووە..

- ڕاپەڕین و بزووتنەوەو یاخیبوونەکان لەم ناوچەو لەو ناوچە، سروشتی خێڵەکی و نەبوونی بەرنامەیەکی نەتەوەییان دەردەخست..

ئەو دوو دیاردانە لەو ماوە کورتەدا بووبووە سەریەشەو کێشەیەکی گەورە بۆ ئینگلیزەکان، هەر بۆ نموونە لەوماوە کورتەدا ئەم ڕووداوانەو بزووتنەوە چەکدارییانە کە زیاتر سروشتی خێڵەکیو کەمتر دروشمو داوای نیشتمانیو سیاسییان هەبوو باری ناوچەکانیان لە ئینگلیزەکان تێکدابوو، دیارە بێئەوەی پەیوەندیی یان هاوکارییەکی ڕاستەوخۆو

بنکەی ژین
www.zheen.org

کاریگەریان لەگەڵ بزووتنەوەکەی شێخ مەحمودی حەفیددا هەبووبێت، لەکاتێکدا ئەگەر ئەوە بکرایە وا بزووتنەوەیەکی یەکگرتووی وای دەهێنایە کایەوە کە زۆر ئاسان ئامانجەکان بەدەست بهێنرانایەو وائاسانیش حوکمداریو مەلیکایەتییەکەی باشووری کوردستان نەڕووخێنرایە.. جگەلەوەی کە دەبوونە هۆی زیاتر نیگەرانیی ئەفسەرە سیاسییەکان لە کوردو لە نەگرتنی ڕێگەوشوێنێکی وا کە هەردوولا بگەیەنێت بە ئەنجامێك:

- لە جولای (١٩١٩؟)دا حاجی شەعبان ئاغای ئامێدی لەدژی ئینگلیزەکان هەستانو (ماکدۆناڵد) حاکمی سیاسیو بەڕێوەبەری پۆلیسیان کوشت.

- لە ئاگۆستی ١٩١٩دا (حاجی ڕەشی بەگ) لە ئامێدی هێزێکی چەکداری لەخۆی کۆکردبۆوە، لە دەربەندی مزوریدا هێزێکی ئینگلیزیان لەناوبرد.

- لە ٤ی نۆڤەمبەری ١٩١٩دا زێباریو بارزانییەکان (کۆلۆنێل بێل)و (کاپتەن سکۆت) حاکمی سیاسی موسڵ لە بیراکەپرە دەکوژن، دە ڕۆژێکیش دوای ئەوە دەست بەسەر ئاکرێدا دەگرن.

- عەشیرەتی گویان لەدژی ئینگلیزەکان دەجووڵانەوە، لە زاخۆ (کاپتەن پێرسن)-یان کوشت. لە جونی ئەو ساڵەدا (کاپتەن وێڵی) یاریدەدەری حاکم سیاسی لە ئامێدیو هاوڕێکانیان کوشت.

- لە ١٩١٩دا بزووتنەوەی چەکداریی لە بەرزان لەدژی ئینگلیزەکان دەست پێ کرا..

www.zheen.org

- تاهیر ئاغا بە هێزێکی دۆسکییەوە لە سوارەتووکە زیانێکی زۆریان لە ئینگلیزەکان دا.

- لە جەنیوەری ١٩٢٠دا لە تەلەعفەر (رائید بارلۆ) حاکمی سیاسیو هاوڕێکانی لەناو راپەڕینی خەڵکدا کوژران.

- لە دەوروبەری کۆتایی ساڵی ١٩٢١دا سورچییەکان بە جووڵانەوەی چەکداری لەدژی ئینگلیزەکان وەستان.

- دەبلیو. ئار. های-لە کتێبەکەیدا (دوساڵ لە کوردستان-دا) لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکەدا دەڵێ ناوچەکە بێئارام بووە..

- لە ١٧ مارسی ١٩٢٢دا کۆلۆنێلی تورك عەلی شەفیق کە بە ئۆزدەمیر (گیان پۆڵا) بەناوبانگ بوو، بووبووە مەڵبەندی ئاژاوە لەدژی ئینگلیز بەتایبەتی دوای ئەوەی رەواندزی کرد بە مەڵبەندی بەربەرەکانی لەدژی هێزەکانی ئینگلیز بۆ رەواندز.

## بۆچی بەشێکی کارای ئینگلیزەکان لە سیاسەتی شێخ مەحمود ناڕازی بوون و لەدژیشی کاریان دەکرد..؟

جگەلەو هۆکارانەی پەیوەندییان بە سیاسەتی گەورە لێپرسراوانی ئینگلیزەوە هەبوو بۆ لکاندنی باشووری کوردستان بەمیزۆپۆتامیاوە، بۆ پێکهێنانی وڵات و دەوڵەتی عیراق، کە کوردو سەرکردەکەی بە گەورەترین کۆسپی بەردەم ئەو نەخشەیە دادەنران، گەلێك هۆی تریش هەبوون کە پێوەندییەکانی کوردو بەشێکی زۆر لە ئەفسەرە سیاسییەکانی خراپ دەکرد.. لەوانە:

- شێخ مەحمود وەك سەركردەو وەك حوكمداری كوردستان، نەدەچوو بە عەقڵیدا كە كارەكان لەلایەن ئینگلیزەكانەوە نەخشە دەكێشرێن و دەبێت ئەمان جێبەجێی بكەن، راوێژكاران حاكمی پشت پەردەو ئاشكرای كارە گرنگ و هەستیارەكانی دەوڵەتەكە دەبن.

- گیانی نیشتمانپەروەری و سەربەخۆیی و خۆ بە مەلیكی هەموو كوردستان زانین هەڵوێستەكانی دەستنیشان دەكردو لێپرسراوە ناحەزەكانی زیاتر تووڕە دەكرد.

- دەستبەردارنەبوون لە كەركوك و هەوڵی رزگاركردنی ناوچەكانی تری كوردستان.

- دڵنیابوونی بریتانیا لە سیاسەتی شێخ مەحمودو لە پەیوەندییەكانی لەگەڵ توركەكاندا، بەتایبەتی خەڵكانی توركخواز هەبوون كە هەمیشە هانی شێخیان ئەدا تا ڕووبكاتەوە توركی موسڵمان نەك ئینگلیزی كافر..

- بانگەشەی موسڵمانەتیی تورك و خۆبەستنەوەی توندوتۆڵی شێخ مەحمود بە ئایینەكەیەوەو نوێبوونەوەی پەیوەندیی نێوانیان لەدژی بریتانیا .

- بزووتنەوەی چەكداری و چارەسەركردنی ناكۆكییەكان بەزۆری چەك، بەتایبەتی كورد یەكەم نەتەوەبوو كە ئەو رێبازە چەكدارییە بەو شێوازە لەدژی هێزەكانی ئینگلیز بگرێتەبەر.

- لاوازیی ئەقڵی دیپلۆماسی و نەزانینی مامەڵەی گونجاو لەگەڵ ئەفسەرە سیاسییەكان.

- کـــــرداری نائاســــــایی‌و خۆپەرســــــت‌و دواکەوتووانـــــــەی دەست‌وپێوەندەکەی شێخ مەحمود.

- ناحەزایـەتی بەشـێك لـە ئینگلیزەکـان دەگەڕایـەوە بـۆ سـەرەتای هێرشـی هێزەکـانی ئینگلیـز بـۆ میزۆپۆتامیا، بـۆ ئـەو کاتـەی کـە شـێخ مـەحمود بـەخۆی‌و هێزێکـی هـەزار سـوارەوە گەیـشتە شـوعەیبە تـا شانبەشانی تورکەکان لەدژی ئینگلیزەکان شەڕبکات، لەلایەك‌و شەڕی دژ بە هێزەکـانی رووس لـە ناوچـەی سلێمانی لەلایـەکی‌تر. هۆشـیاریی بریتانیـا لـــە پەیوەنـــدیکردن بەڕووســـەکانەوە، بەتایبـــەتی لـــە مـــاوە مێژووییـــە جیاجیاکانـــدا. جاروبـــاریش رووســـەکان یارمـــەتییان لـــە خێڵەکانی کورد وەردەگرت.

- پێوەندیی شێخ مەحمود بە پارچەکانی‌تری کوردستان، بەتایبەتی کوردســـتانی رۆژهـــەڵات، کـــە ئـــەوەش نـــە لەگـــەڵ سیاســـەتی ئینگلیـــز دەگونجاو نە لەگەڵ بارودۆخی ئێران‌و بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکان..

- ســـووربوونی شـــێخ مـــەحمود لەســـەر ســـەربەخۆیی، لەســـەر بـــەڕێوەبردنی کوردســـتان لەلایـــەن کـــورد خۆیـــەوە نـــەك لەلایـــەن راوێژکارانەوە کە بە راستیی هەر خۆیان بووبوونە کاربەدەست..

## گرفته عاسییەکانی تر

- مانەوەی پەیوەندیی نێوان کوردو تورکەکان، بەهۆی نامە یان یەکتربینین.

- سووربوون لەسەر فراوانکردنی دەسەڵات، بەتایبەتی کەرکوك کە نەوتی تیا دۆزرابوەوەو، پەلەکردن لە بەدیهێنانی مەبەستەکەی.

- مل نەدان بۆ راوێژکارە ئینگلیزەکان، لەکاتێکدا فەیسەڵو دەستەودایەرەکەی لە هیچ جۆرە فەرمانێکیان دەرنەدەچوون.

- مامەڵەکردنی هەموو ئینگلیزەکان بە یەك چاوو یەك پێوانە.

- هاتنی فەیسەڵو کۆکردنەوەی تاقمێکی سیاسەتزان و شۆڤێنیستو دژ بە خواستەکانی کوردو، گونجاو لەگەڵ پیلانو نەخشەی ئینگلیزەکاندا. ئەو شۆڤێنیستییە ناحەزییان بەرامبەر بە کورد، لە هەندێ کۆڕو کۆبوونەوەو نووسینو بروسکەکانی لێپرسراوانی ئینگلیز خۆیاندا بەڕوونی باسکراوە، وەك لە شوێنیخۆیدا ئاماژەیان بۆ دەکەم.

- سیاسەتی جەربەزەو دیپلۆماسییانەو پڕ لە فڕوفێڵی ئەتاتورك بەتایبەتی لە:

● سوودوەرگرتن لە بەشێکی کورد، تا ئەو رادەیەی کۆمەڵێکی بەلای خۆیدا راکێشاو بەناوی نوێنەرانی کوردەوە تەلگرامیان پێ رەوانەکردن کە کوردو تورك بڕانو کورد نایەوێ لە تورکیا

جیاببێتەوە.. دەڵێن دوای شکاندنی یۆنانەکان، سەرکردەی هێزەکەی تورك کە پەردە لەسەر پەیکەری سەربازەکە لادەبات کە بەو بۆنەیەوە سازکرا گوتبووی:

هیچ گومان لەوەدا نییە ئەو سەربازە نەناسراوەی ئەو پەردەیەی لەسەر لادەبەین سەربازێکی کورد بووە.

• رێککەوتن لەگەڵ یەکێتی سۆڤێتو هەموو جۆرە یارمەتی وەرگرتنێك، بەتایبەتی دوای ئەوەی پارتییەکی کۆمۆنیستی قوت کردەوە تا لە سۆڤیەتییەکان بگەیەنێت کە ئایینەدەی رژێمی تورکیا هاوپەیمانی ئایدۆلۆجیی یەکێتیی سۆڤیەت دەبێت ! ئەم هاوپەیمانییە گەیشتە ئەو ئاستەی کە کاتێك رووسەکان داوایان لە حکومەتی ئەرمەنستان کرد کە ڕێگە بە هێزەکانی بدرێت تا بۆ یارمەتیو پاڵپشتی ئەتاتورك خۆیان بگەیەننە ناوچەکە، کە ئەو دەوڵەتە ئەو داوایەی قوبووڵ نەکرد، ئیتر بە هێزەکانی هەردوولا ئەرمەنستانیان داگیرکردو دەوڵەتەکەیان رووخاند..

بنکەی ژین
www.zheen.org

لە تەوەرەکانی تریشدا، ئەتاتورك بەرەوو پێشڕەویی بە جەنگی سەربازیو ئەو دیپلۆماسییەتە واقیعبینو زیرەکانەیەی خۆی دا لەدژی: یۆنان، فەڕەنسا، ئیتالیا، بریتانیا لەلایەك بۆ خامۆشکردنو ئینجا تێکشکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو ئەرمەن، دوایی تر بۆ بڕینی سەرچاوەی یارمەتیو کۆمەك، بۆ جێبەجێنەکردنی ئەو پەیمانانەی مافەکانی کورد و ئەرمەنیان تێدا بریار لەسەر درابوو و.. تا سەرکەوتنەکانی بەدەستهێناو کۆماری تورکیای دامەزراند..

- هەوڵـــدان بـــۆ شـــکاندنی یۆنانـــەکان لـــەڕووی ســـەربازییەوە، چارەسـەرکردنی کێشە دەرەکییـەکان لـەڕووی سیاسییەوە بێوازهێنـان لە کاری سەربازی، بەتایبەتی نەخشەی بۆ خۆسادان لەگەڵ فەڕەنسەو ئیتالیا.

- نزیکبوونەوەی ئەمریکاییەکان و زیاتر یارمەتیدانی ئەتاتورك.

- خۆسـازو تـەیارکردن بـۆ تێکـشکاندنی بەربـەرەکانیی نـاوخۆ، کوشتاری بێڕەحمانەی ئەرمەنەکان.

- هەوڵدان بۆ سوودوەرگرتن لە کێشەی موسڵو گوشارخستنەسەر بریتانیا، وەك کارتێکی گرنگ بۆ مانۆڤری سیاسیو گوشار خستنەسەر ئینگلیزەکان.

- راکێـشان و بـەکارهێنانی هەنـدێك نـاوداری کـورد بـۆ گەیـشتنە مەبەستەکانی و کەمکردنەوەی کێشەکانی ناوخۆ..

- پیـــشاندانی ئـــارەزووی رووکردنـــە خۆرئـــاواو دامەزرانـــدنی دەوڵـەتێکی عیلمـانیی.. هـەر لـە سـەرەتای سیاسـەتی دیماگۆگییانـەی تورکـە ناسیۆنالیـستەکان، کـورد بـە سـادەو سـاکاریی دەینواڕییـە ئـەو سیاسەتەو رووداوو مەسەلەکانی دەوروبەری.. بگرە رۆڵی گرنگیشی لە وەرچـەرخاندنی رووداوەکانـدا دەبینـی، بـێ ئـەوەی بزانێـت کـە لـە ئاییندەیەکی نزیکدا راستەوخۆ رووبەڕووی خۆی دەبنەوە.

لـە ساڵی ١٨٨٩دا چەند رۆشنبیرێکی کورد، لەپێش هەموویانـەوە (د.عەبدوڵلا جەودەت، لەگەڵ گەلێك لاوی چەرکەسیو عـەرەب و تورك و گـەلێ رەگـەزیتردا (ئیـبراهیم تمـو ئـەلبانی، اسـحاق سـکوتی کـوردی

دیاربـەکر، محەمـەد رەشـید چەرکەسـی، عەبـدوڵڵا جـەودەت کـوردی عـەرەبگیر هاوبەشـییەکی کاریگـەریان لـە دامەزرانـدنی (جەمعییـەی ئیتیحادی عوسمانیی) کرد کە لەدواییدا بوو بە زەمینە بۆ هاتنە کایەی لاوە تورکەکان (١٨٩٦).

## خاڵی تری لاواز لە سیاسەتو مامەڵەو هەڵوێستی کورددا

زیاتر لەوانە گەلێ لایەنیتری دیارو دەرکەوتوو هەڵوێستی کوردیان لاواز دەکرد زەمینەی چەسپاندنی بیروڕاکانی ناحەزانی شێخ مەحمودو مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەت بۆ کوردیان شلۆق دەکرد لەوانە:

چەسپاوی سستێمی خێڵەکیو گیانی خێڵو تیرەگەریو نەگونجان لەگەل دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی وا کە یاساو ئارامیو ئاسایش بپارێزێتو ناکۆکیو عەشایەریو ملنەدان بۆیەك سەرکردە کە جڵەوی کارەکان بگرێتە دەست بەهێز بێت، کە دیاردەی زەقو بەزیانەکانی ناو ئەو لایەنە:

- کێشە جۆراوجۆرە خۆییەکان کە کۆسپی هەمەجۆری بۆ کوردو سیاسەتو هەڵوێستەکانی دەهێنایە ئاراوە..

- دژایەتی شێخ مەحمود لەلایەن گەلێ لە سەرەك عەشیرەتەکانی ناوخۆو گلەییو سکاڵاو ناحەزی گەیاندنە لێپرسراوانی ئینگلیز.

- جگەلەوە، سمایل خانی سمکۆ ڕێبازی تایبەتی خۆی هەبوو کە لەگەڵ شێخ مەحموددا یەکیان نەدەگرتەوە.

www.zheen.org

- سـەید تـەهای نـەهری هـەوڵی تایبـەتی خـۆی دەدا، کـە لـە سەردەمێکدا وەك پاڵاوتەی لەجێگەی شێخ مەحمود دانان حسابی بۆ دەکرا.

- ناکۆکیی نێوان شێخ عەبدولقادری نەهریو بەدرخانییەکان.

- نـاکۆکیی نانـەوە بـۆ تێکـدانی هەڵوێـستی بەدرخانییـەکان لـە شەریف پاشای نوێنەری کورد لە کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس.

- چـوونی خـەلیل بـەدرخان بـۆ بەغـداو کۆبوونـەوە لەگـەڵ ئینگلیزەکاندا.

- لە جۆنی ١٩١٩دا بابی عالی دوای دانیشتنو چەند کۆبوونەوەیەك لەگەڵ سەید عەبدولقادری شەمزینی، ئەمین عالی بەدرخانو مورادخان لە سەرکردەکانی جەمعییەتی تەعالیی کوردستان، بەڵێنی پێدان کە:

- ئۆتۆنۆمی بدرێت بە کورد بەومەرجەی لە جامیعەی عوسمانیدا بمێنێتەوە، ئەمەش بووە هۆی ناکۆکی دروستکردن.

- کۆڕو کۆمەڵی جیاجیا دامەزرێنرا کە یەکێتی ریزەکانی کوردی زیاتر بێهێز دەکرد،

بـۆ نموونـە: ئـەمین عـالی بـەدرخان جەمعییـەتی تەشـکیلاتی ئیجتماعییـەی دامەزرانـد، مەمـدوح سـەلیمو هاوڕێکـانی پـارتی دیمـوکراتی کـورد، ئەحمـەد سـورەیا بـەدرخان حزبـی ئیـستیقلالی کوردستانیان دامەزراند.

- بـوونی تـاقمی تورکخـواز لـەدەوری شـێخ مـەحمود کـە بـە جلخوارەکان ناونران.

- هاوکاریی بەشێ لە کورد لەگەڵ تورکە لاوەکاندا.

- مستەفا کەمال (ئەتاتورك) توانی بەشێکی گرنگی کورد بەلای خۆیدا رابکێشێتو هاوکاریی بکەن.

- سادەو ساکاریی لە مامەڵەداو نەناسینی دوژمن و ئاسان بڕواکردن بە بەڵێنی ناحەزان..

بنکەی ژین
www.zheen.org

## بەشی دووەم

ئەم بەشە تەرخانە بۆ چوونە ناو وردەکارییەکانی مێژوویی‌و پەیوەست بە سەردەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە، لێرەدا دەمەوێت رووناکیی بخەمە سەر هێڵە سەرەکییەکانی دیدو بۆچوونی جیاجیای ناو ئەفسەرانی سیاسیی بریتانیا کە لە کوردستان و لە عیراقدا جڵەوی کارەکانیان درابووە دەست، لەسەر جۆری چارەسەرکردنی کێشەی کوردستانی جنوبیی بدوێم ..

هەرچەندە بارودۆخەکان هێندە ئاڵۆزو رووداوەکان هێندە خێرا دەخولقان و تێ دەپەڕین، کە گەلێك هەڵوێست و بۆچوونی هەمەجۆریان لێوە دەخولقا.. دیارە چوونە ناو وردەکارییەکانی ئەوانەوە کارێکی ئاسان نییە.. بۆیە لێرەدا ئەوانە دەکەم بە سێ رێبازی سەرەکییەوە..

بۆ سەلماندنی بۆچوون و بیروڕاکان لەسەر باسەکەم، لێرەدا هەوڵدەدەم بیروڕای هەر رێبازەو قوتبە سەرەکییەکانیان، باری سەرنج و هەڵوێستیان بەگشتیی و ئینجا چەند نموونەیەکی بەرپرسەکان بەتایبەتی بە پەنابردنە بەر نامەو بروسکەو دۆکومێنتەکانی سەردەمەکە بخەمە پێش چاو..

بەتایبــەتی ئــەم لایەنــە لــە مێــژووی ڕووداوەکــان، زۆری لەســەر نووسراوە..

کراوە بە مێژووی پێوەندییەکانی کوردو ئینگلیز..

کـراوە بـە سـتراتیجو نەخـشەی بـە پلانـی ئیمپریـالیزمی بریتانیـا لەدژی کورد،

کـراوە بـە پێوانـەی نرخانـدنی سیاسـەتی ئیمپراتۆرییەتەکـە لـە سەردەمەکەو دواتریشدا..

ئیتر لـە بۆچوونو لێکۆڵینـەوەو نووسین لەسـەر مێژووەکـە، باشو خـراپ، لایـەنگرو دژ، دۆسـتو ناحـەز، بۆچـوونە پۆزەتیڤـەکان لەگـەڵ قسەو کـارە نێگەتیڤـەکان تێکـەڵکراونو بـوون بەیـەك لاپـەڕەی ڕەش لـە مێژووی ناوچەکەدا.. بێ ئەوەی لێکۆڵینەوەیەکی بابەتییانە بکرێت، بێ ئـەوەی پـەنا بـۆ ئەرشـیفو دۆکۆمێنتـەکانی سـەردەمەکە ببرێـت، بـێ ئەوەی هەڵوێستی دۆستانەی لایەنگرانی کـورد هـەقی خۆیـان بدرێتێ، بێ ئەوەی حساب بۆ هەڵوێستی بەئینسافانەی هەندێکی تر هەڵوێستی بێلایەنانـەی ژمارەیـەکی تـر بکرێـت! بۆیـە ئەگـەر بەردەسـت خـستنی ئەرشـیفی سـەردەمەکە نەبووایـە وادوور نـەبوو کـەس زاتـی ئـەوە بکـات خـۆی لـە قـەرەی باسو لێکۆڵینەوەیـەکی وابـدات کـە ڕووناکـیی بخاتـە سەر لایەنە باشەکانی هەندێك لەو ئەفسەرانەی بریتانیا.

لە تێوردبونەوەو چوونە ناو قووڵایی نەخشەو سیاسەتی بریتانیا، لە ساڵەکانی سەردەمی یەکەم جەنگو کۆتایی دەیەکانو سەرتاسەری بیستەکانی سەدەی بیستەم، لـە باشووری کوردستاندا جگـە لـەو هێڵـە

سەرەکییانەی کە لەپێشەوە ئاماژەم بۆ کردن، سیاسەتەکان کە بەپێی بیرو بۆچوون و مەزەنەو ئەقڵی سیاسی و جۆری لێکدانەوە بۆ باشترین ڕێگە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتەکەیان و سەقامگیرکردنیان ئەفسەرە سیاسی و لێپرسراوو دەزگای دەوڵەتی لە لەندەن و لە حکومەتی هیندستان، دادەڕێژران، زۆر جار تەبا و جووت لەگەڵ یەك و هەندێ جاری تر بەپێچەوانەوە، جیاو ناکۆك و جاری واش هەبووە ناحەزو بگرە دژ بەیەکیش بوون، هەرچەندە لە لێکدانەوەی هەریەکەیاندا بەرژەوەندیی بەرزی وڵاتەکەیان ڕەچاو دەکردو ئەوەیان دەکرد بە پێوانەی دروست و نادروستیی سیاسەتەکانی خۆیان و بەرامبەرەکانیان.

پێش ئەوەی هێزەکانی بریتانیا بەرەو کەرکوك و موسڵ بکشێن، نەخشەی ئەو هێزە لە هاتنە بەغدا زیاتر هیچ پلانێکی تری بۆ دانەنرابوو. کە جەنراڵ مۆد بەغدای داگیرکرد (مایسی ١٩١٧)، دیارە دوای شەڕو پێکدادان و سەرکەوتن پاشەکشەو شکان و دیسانەوە سەرکەوتن. بڵاوی کردەوە کە هێزەکانی بریتانیا بۆ ڕزگارکردن هاتوون نەك بۆ کۆڵۆنیاڵکردن !

نەخشەی دوای ئەوە زیاتر لەگەڵ خۆقایمکردن و ئارامکردنەوەی ناوچەکەو و دڵنیاکردنی دانیشتوان بوو کە بەهۆی لایەنی ئاینییەوە، ستەم بوو گەلی عەرەب لە میزۆپۆتامیادا لەو ڕووداوانە حاڵی ببێت، بەڵام هەڵبژاردەیەکی سیاسی و نەتەوەپەرستانی عەرەب، دەیانزانی چۆن خۆیان لە گەڵ ڕووداوو گۆڕانەکان بگونجێنن، لەوە بگەن کە

داگیرکردنی ناوچەکە لەلایەن ئەو دەوڵەتە مەزنە بیانییە مەسیحییە "کافرە" داگیرکەرە لەگەڵ بەشێك لە خواستەکانیان دەگونجێت، بەتایبەتی هەر پێش ئەو هاتنە، پەیوەندییان بە گەورە لێپرسراوانەوە کردبوو.. هەرچەندە پڕوپاگەندەی تورکە موسڵمانەکان‌وحوکمی چوار سەد ساڵەیان، کاری خۆیان کردبووە سەر هەست‌و نەستی ئایینی‌و مەزەبیی خەڵکەکە.

دوای ئەوەی بریتانییەکان لە بارودۆخەکە حاڵی بوون، تورکەکان بەبی شەڕو پێکادان لە شار و ناوچەکانی کوردستان کشانەوە.. ئەوسا بە هۆشیارییەوە بەرەو خانەقین کشان. کە لەو سەردەمەدا هێزی رووسەکان داگیریان کردبوو (ئەپریلی ١٩١٧) ئەوە بوو دوای شکاندنی ئەو هێزەو ئینجا دەرپەڕاندنی تورکەکانیش لە دیسەمبەری ساڵەکەدا، خانەقینیان داگیرکرد، لەدوای گرتنی کفری‌و تازە و کەرکوك، لەبەر نەبوونی نەخشەی لێکۆڵراوەو دابەشبوونی رای ناوخۆی بریتانیا‌و پەرلەمان لەسەر کشانەوەی هێزەکان، هەروەك لە سەرەتادا بڕیاربووە کە هێزەکان لە میزۆپۆتامیاشدا نەمێننەوە، لەبەر هۆی سەربازی‌و ترسی هێزەکانی تورك‌و هەڕەشەی بزووتنەوەی چەکداریی خێڵەکان، ئینگلیزەکان لە کەرکوك کشانەوە. بەڵام هۆی ئامادەیی زۆر لە دانیشتوانی ناوچەکە بۆ هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی بریتانیا، لەناویاندا شیخ مەحمودی حەفید بوو. ئەم دەسەڵات‌و ناو و ناوبانگی لە هەموو کەسێکی تر زیاتر بوو، تورکەکانیش کە بەناچاری ناوچەکەیان چۆڵ کرد، دایاننا بە فەرمانڕەوای سلێمانی..

شێخ مەحمود جگە لەوەی خاوەنی هێزێكی چەكداری ئەوتۆ بوو كە بتوانێت ئاسایش لە ناوچەكەدا بپارێزێت، هەر پێش ئەو ڕووداوانە هاوبەشیی شەڕی شوعەیبە (١٩١٥)و دژ بە ڕووسەكانی (١٩١٧) كردبوو. كاتێكیش هێزەكانی بریتانیا كەوتنە پێشڕەوی لە كوردستاندا شێخ دەستیكرد بە پەیوەندیی پێیانەوە تا لە ئامانج و داخوازییەكانی كورد ئاگاداریان بكات و داوای یارمەتی و هاوكارییان لیبكات..

كە ئینگلیزەكان بۆ یەكەم جار كەركووكیان داگیركرد، نامەیەكی بۆ جەنراڵ مارشاڵ نارد. ئەوەش سەریەشەو گەورەترین مەترسیی لەسەر ڕۆڵو ژیانی شێخ دروست كرد، چونكە كە هێزەكەی ئینگلیز لە كەركوك دەكشێتەوە، توركەكان ڕاستەوخۆ دەگەڕێنەوەو نامەكە دەكەوێتە دەستیان ، بۆیە لە سلێمانی شێخ مەحمود دەگرنو لە كەركوك حوكمی ئیعدامی دەدەن، بەڵام عەلی ئیحسان پاشا داوای ئامادەبوونی شێخ دەكات، دوای ئەوەی دڵنەوایی دەكات، ناوونیشانی نەقیب-ی پێ دەبەخشێتو پاراستنی ناوچەی سلێمانی پێ دەسپێرێت، پێشەكیش ٥٠٠٠ لیرەی ئاڵتونی دەداتێ. دیارە مەبەستی عەلی ئیحسان لەو بیرو هەڵوێستو دڵدانەوەو دانانەوەیە بە لێپرسراوی ناوچەكە، زۆر ئاشكرایە. لە ئۆكتۆبەری ئەوساڵەدا، دوای ئەوەی سەرەنجامی یەكەم جەنگ زۆر ڕوون دەبێت و بەهۆی نەوتەلاًنەكانەوە، جارێكی تر هێزەكانی ئینگلیز كەركوك داگیر دەكەنەوەو، پلانی گرتنی موسڵیش دادەنێن..

كاتێ توركیا داوای ڕێكەوتن دەكاتو تەسلیم دەبێت (١٩١٨) هەرچەندە لە یەكەم ڕۆژی مانگی نۆڤەمبەردا هەواڵی شەڕوەستان

دەگاتە ناوچەکە* لێپرسراوانی هێزەکانی بریتانیا گوێ نادەنە مەرجی دوایی پێهێنانی شەڕ، پێشڕەوی نەکردن بەرەو ئەو شارو شوێنانەی داگیرنەکرابوون ، هێزەکانیان لە ١٥ کیلۆمەتری شاری مووسڵەوە پێشڕەوییان بۆ کردو شارەکەو ناوچەکانی دەوروبەریشیان داگیرکرد..

ئالێرەشەوە کێشە بەناوبانگەکەی (مووسڵ) دەخوڵقێ و پرسی کوردیشی تیا ئالۆزتر دەکرێ. ئەوە دیمەنێکی خێراو گشتیی لایەکی ڕووداوەکانی سەردەمەکەیە. لێرەشەوە هەوڵی گەیشتن بە ئامانج و خواستەکان، نەخشەی جۆربەجۆری لا جیاجیاکان، مامەڵەی سیاسیی و مانۆڤرە ئالۆزەکان، ماف زەوتکردن، هەق و ناهەق تێکەڵکردن.. دەست پێدەکات.

بنکەی ژین
www.zheen.org

* بڕوانە: رفیق حلمی، یاداشت، بەشی یەکەم، ل٥١-٥٤.

## رێبازی یەکەم

یەکالاکردنەوەی بۆچوون و بیروڕا لەمەڕ دژایەتیی بریتانیا بەرامبەر بە کوردو دانەمەزراندنی دەوڵەتو ئینجا داگیرکردنی باشووری کوردستان و لکاندنی بەمیزۆپۆتامیاوە تا وڵاتی عیراقیان لێدروست بکرێت..

دەرخستنی دروستیو نادروستیی ئەو بۆچوونە و سەلماندنی راستییەکان.. پێویستییان بە پەنابردنە بەر دۆکومێنتەکانی ئەو رۆژگارە هەیە..

چونکە راستیی رووداوەکانو بەڵگەو دۆکۆمێنتی سەردەمەکەو بگرە لایەنێکی مامەڵەی سەردەمەکە لایەکی ئەو بۆچوونە دەسەلمێننو لایەکی تری رەت دەکەنەوە..

چونکە تەنها گروپێک لە ئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیزو لە بەرپرسەکان ئەو هەڵوێستو بیرو بۆچوونانەیان هەبووە، تەنانەت لە سەرەتاشدا بەو زەقیو توندوتیژیو ئەو دژایەتییەی، کە لەدواییدا بوو بە نەخشەو ستراتیج، نەبووە..

هیچ گومان لەوەدا نییە سەرچاوەو مەڵبەندی خوڵقاندنی ئەو بیرە لای ئەم بەشەی ئەم رێبازە، وەك بەش و رێبازەکانی تر، خزمەتی وڵاتو ئیمپراتورییەتەکەیان بووە، چەسپاندنو پارێزگاریی بەرژەوەندییە بەرچاوو چاوەڕوانکراوەکان بووە. پێدەچێ هۆی سەرەکیی لەسەر دەرهێنانو دروستبوونی ئەو بیرە لەوەوە بێت کە:

داڕێــژەرانی نەخــشەی پێکــەوە بەســتنی باشــووری کوردســتان بـەمیزۆپۆتامیاوە، گـەلێك هۆکـاری ئـابووری و سـەربازی و ڕێگـەوبانی بازرگـانی و جیۆسـتراتیجیی دەوڵەتـە نوێیەکـە، بـە تایبـەتی دەسـت بەسـەراگرتن و دابینکردنـی نـەوت و ڕێگـەوبانی بازرگـانیی نـەوت‌و خولْقانـدنی ئـەوباری جیۆپۆلیتیکـەی کـە ئـەو لایەنانـە بـەرەو ڕێگـەی بازرگانیی خلیج‌و هیندستان‌و دەست بەسەراگرتنی هەموو ناوچەکە مـسۆگەر دەکـەن، بـە خولْقانـدنی زەمینەیـەکی سـەربازی لـەباروو هـۆی کاریگەر بۆ خولْقاندنی هەلومەرجەکان بۆ خزمەتی ئەو نەخشانە. جگە لەوانـە، دوور نییـە پەیدابوونی دۆستایەتی لەگەڵ عەرەبەکانی عیراق، نـەرمی‌و لێزانینـی سیاسـەتمەدارانی عـەرەب‌و دەرك کـردن بـە بایـەخی خۆنزیك کردنـەوە لـە ئەفسەرە سیاسی‌و کاربەدەستانی ئینگلیـز، هـەر لەسەرەتاوە، بە ملدان بۆ سیاسەت‌و نەخشەی سـەردەم‌و ئایینـدەیان‌و دروست بوونی دۆستایەتی.. هۆیـەکی گرنگی تـر نـەبووبێت لـە زیاتر گەلاڵەکردن‌و مەیینی ئەو بیرە، بەتایبەتی زۆر لەوانە لە کۆڕو کۆمەڵی سیاسـی‌و ڕۆشـنبیری‌و کۆمەڵایەتیـدا کاریـان کردبـوو، زۆر لـە داواو ئامـانج و بۆچوونەکان، تاڕادەیەك وەك ئامادەکرابن وابوو، هیچ جۆرە دژایەتییـەکی بـوون‌و مـان‌و دەسـەڵات‌و بەرژەوەنـدی‌و ئەپرسـراوەتیی ئینگلیـزو ئەفـسەرە سیاسـییەکان نـەدەکراو مـل کەچـی فرمانـەکانیان بوون.. بەپێچەوانەشەوە بۆ کورد.

لایەکی تر لە لێکدانەوەی هەڵوێستی ئەم بەشەی سەر ئەم ڕێبازە، دوور نییـە یـەکێك لـە هۆیـەکان، هـەر لـەو بڕوایـەوە نـەبووبێت کـە بـە

مەزەنەی خۆیان کورد نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بتوانێت دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێت و گەشەی پێبکات، بەهۆی زاڵبوونی بیرو ئەقڵ و هێزی خێڵەکی و دەرەبەگێتی هەروەك لە بیروو ڕاو سەرنجەکانیاندا دەردەکەوێ، وەك لەدواییدا دەیانخەینە بەرچاو، ئەوەش چەندە ڕاستی تێدا بووبێت، هێندەش ناڕاستیو بۆ ڕەواجپێدانی بیرو بۆچوونەکانیان بووە.. چونکە کۆمەڵگەی عەرەب لەو مەڵبەندەدا لە کۆمەڵگەی کورد هۆشیارو پێشکەوتوتر نەبووە..

لەبەرئەوەی ئەفسەرە سیاسی و لێپرسراوانی سەر ئەم ڕێبازە لە ناوچەکەدا بە ژمارە زۆرترو بە لێپرسراوەتی بەرزو گرنگترو بەدەسەلاتتر بوون، بۆیە ڕوواندنی بیروبۆچوون و ڕاسپاردەو بڕیارەکان زیاتر سەرنجیان لێ دەدرا، کۆنکرێت لەسەر دیدو بۆچوونەکانی خۆیان دەدوان و هەوڵی چەسپاندنیان دەدا. هەر ئەم لایەنە گرنگەش ئەو دیاردەیەی هێنابووە ئاراوە کە ئەوانە وەك دەسەلات و نوێنەری ئیمپراتۆرییەتەکە سەیر دەکران و وادەزانرا کە ئەو دەوڵەتە بە ستراتیج و بە نەخشەیەکی ڕوونەوە هاتۆتە ناوچەکەوە، بۆیە زۆریان جێگەی ڕێزی گەورە لێپرسراوو دام و دەزگا هەستیارەکان بوون، بەوردی گوێ لە قسەو ڕاکانیان دەگیرا، لەکاتی سووربوون لەسەر هەڵوێست و بۆچوونێك، ڕاسپاردەو بڕیارەکانیان وەردەگیرا، یان هەر هیچ نەبێت پێچەوانەکانیان قبووڵ نەدەکران..

بەرپرس و کەسێتییە بەناوبانگ و دەزگا سەرەکییەکانی ئەم ڕێبازە لەمانەدا خۆیان دەنواند:

▪ ئارنۆڵد ویڵسۆن، یەکەم مەندوبی سامیی بریتانیا لە بەغدا، بەلای منەوە ئەم بە ئەندازیارو بە یەکەم لێپرسراوی ئەم ڕێبازە دادەنرێت..

▪ سێر پرسی کۆکس، مەندوبی سامیی بریتانیا لە بەغدا، دوای ویڵسۆن. ئەمیش لە هەمان ڕێبازدا بیروبۆچوونەکانی وەك ویڵسۆن و هەوڵ و تەقەلاکانیشی تەواوکەری کارەکانی ئەو بوون.

▪ ئەدمۆندز -مێجەرسۆن-هێنری دوبز، میس بێل، کاپتەن بێل، کاپتەن لاین، ای. جی. توێنبی، پارکەر..

▪ دەزگای زانیاریی (ئیستیخبارات) سوپای بریتانیاو سەرکردەی هێزەکان لە میزۆپۆتامیا جەنراڵ هاڵدن..

## بنەما سیاسیو ئابووریو ستراتیجیو تیۆریەکانی بەرپرسانی ئەم ڕێبازە

ئەو ئەفسەرە سیاسیو بەرپرس و دامو دەزگایانەی سەر بەم ڕێبازە، لەدژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی بوون، ڕۆڵی سەرەکییو گرنگیان لەناو ڕوداوەکاندا بینی، بگرە هەروەك بەرپرس بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی باشووری کوردستانو ئەنجامدانی نەخشەیەکی دانراو دەجووڵانەوە، لەدژی شێخ مەحمودی حەفید وەك کەسێتییەکی ناسراوو وەك سەرکردەیەکی لێهاتووی کورد، بۆ بەستنەوەی ئەو بەشەی نیشتمانی کورد بەمیزۆپۆتامیاوە کاریان دەکرد، تا دەوڵەتێکی نوێ بخوڵقێنن، نوێ لەڕووی دیموگرافیو ئەتنیکیو جوگرافیو

سیاسـییەوە. هەوڵیـشیان ئـەدا کـە بەرامبـەرەکانیان لـەو ئەفـسەرە سیاسـیو بەرپرسـانەی رایـەکی تریـان هـەبوو، رازی بکـەنو کاربکەنـە سـەر سەرچـاوەی بڕیـار لـە لەنـدەن. بـەڵام ئـەو هەڵویـستەیان وای نەدەگەیانـد کـە هـەموویان راسـتەوخۆ لـەدژی کـورد بـووبن، یـان دژی هـەموو جـۆرە مافێك بـووبن، بـە ستراتیجو نەخشەیەکی ئامـادەکراو لـە لەندەنـەوە هاتبنـە کوردسـتانو بگـرە بـۆ ناوچـەکەش، بـەڵکو گـەلێك بیروڕای جیاجیاشیان لەسەر جۆری چارەسـەری کێشەکەو ئاسـتی ئـەو مافانەی پێویستە بۆ کورد مسۆگەر بکرێن هەبووە.

لـە سـەرەتای مامەڵـەی دەوڵـەتی بریتانیـا لەگـەڵ کـورد جـۆرێ لـە تێکـەڵو پێکـەڵی، ئـاڵۆزیی بـیروڕاو بۆچـوونو هەڵوێـستی جیاجیـا هــەبوون، هەنــدێکیان بەرچــاوو هەنــدێکی تریــشیان ئاشــکراتر دەردەکـەوتن. ئـەو دیاردەیـە لـە سـەرەتادا زۆر زەقو بـەرفراوان بـوو، لەدواییـشدا بەرەبـەرە کـەمو تەسـك دەبـوەوەو بـەرەو نەخـشەیەکی سیاسـیی یـەکگرتو دەچـوو. لەبەرئـەوەش کـە زۆر لـە بیروڕاکـانی لـەو بابەتـە لـە سـەرەتادا دەکەوتنـە نـاو بـەشو رێبـازی دووەمـەوە، بۆیـە درێـژەدان بـە باسـە سەرنجڕاکێشەکانی ئـەو لایەنانـە لـە هەنـدێك بـیرو بۆچوونەکانی ئەفسەرو لێپرسـراوانی رێبـازی دووەمیشدا دەردەکەون، هـەروەك چـۆن لـە هەنـدێك بـیرو بۆچـوونو رای ئەفـسەرو لێپرسـراوانی رێبــازی دووەمیــشدا دەردەکــەون، بــیرو بۆچــوونو رای ئەفــسەرو لێپرسراوانی ئەم رێبازە لە لایەنی پۆزەتیڤ بەدەرنین.

لەبەرئەوەش کە سەرجەمی نووسین و باسەکان لەسەر ئەو قۆناغە مێژووییەو درێژەی پەیوەندییەکانی کوردو ئینگلیز، لەسەر لایەنە دوژمنانەکەو ئەو تیۆرییە چڕکراون و زۆر بەدەگمەن لایەن و هەڵوێستی باشە دەرخراوە، بۆیە لێرەدا رووناکیی دەخەینە سەر کورتەو پوختەی بیرو بۆچوون و بنەمای تیۆری، سیاسی، ئابووری، ئیتنیکی و جوگرافیی سەرانی ئەم رێبازە.

## سەرەتای پەیوەندی

" لە تشرینی یەکەمی ١٩١٨دا کاربەدەستانی بەریتانیا جێگیر لە بەغدا گەیشتنە ئەو ئەنجامە کە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە میزوپۆتامیاوە، ئایندەی سیاسی و ئابووری ناوچەکە رەونەقدار دەکا، لەڕووی عەسکەرییەوە بواری ئەوەی بە بەریتانیا دەدا چاودێری ئەو کوێستانانە بکا کە کەوتبوونە داوێنی دەشتەکانەوە. بەری باسی ئابووری و (کۆمەڵایەتی) ئەمە بوو کە موسڵ و بەغداو بەسرا دەبوایە بەیەکەوە بن. سەرباری شارە تورکماننشینەکانی دەشتەکان، بەتایبەتی هەولێرو کەرکوك لەگەڵ ئابووریی کشتوکاڵی دەوروبەریشیان، بێگومان دەکەوتنە ناو میزۆپۆتامیا، چونکە ئەم ناوچانە دەوڵەمەندترین ناوچەی بەرهەمهێنی گەنم و جۆی ناوچەکە بوون. بەم شێوەیە بڕیار درا لەو سەردەمەدا کە بارودۆخی شەڕ بواری دەدا ویلایەتی موسڵ داگیربکرێ. لەم بڕیارە ئەوە هەڵدەهێنجرا کە بەریتانیا

ئیدی حەز ناکا هەروەك لە ڕێککەوتننامەی سایکس پیکۆدا پێشبینی کرابوو، موسڵ لەژێر حوکم و چاودێریی فەڕەنسادا بێ.[1]

دیارە فاکتەری نەوت لە سەروو هەموو ئەو هۆیانەوە دادەنرێت، بۆیە هەر زووتر ئینگلیزەکان بیریان لەوە دەکردەوە کە چۆن ئاڵوگۆڕێك لە نەخشەی دابەشکردنەکەی سایکس پیکۆدا بکەن و جنوبی کوردستان لە دەست فەڕەنسا دەربێنن وەك لە دواییدا کردیان..

کاتێ هێزەکانی بریتانیا جێگەو دەسەڵاتی زیاتر سەقامگیر دەبوو، دوای ئەوەش کە هێزێکی تورك توانی رووسەکان لە خانەقین دەربکەن، کەوتنە سەر بیری داگیرکردنی شارەکە، لەگەڵ داگیرکردنی بەغدادا (شێخ مستەفا پاشای باجەڵان) پەیوەندی پێوەکردن و داوای یارمەتیی لێ کردن تا خانەقین لە ڕووسەکان رزگار بکەن، بۆیە کە هێزەکانی ئینگلیز بەرەو خانەقین کەوتنەڕێ، کورد نە یارمەتی تورکەکانی داو نە کۆسپیشی لەڕێگەی هاتنی هێزەکانی ئینگلیزدا دروست کرد.

لە نەخشەی لەشکرکێشیی بریتانیا بۆ سەر میزۆپۆتامیاو بیری بەرەو بەغدا کشان، لەدواییشدا، نەخشەی مانەوەی ئینگلیز لە میزۆپۆتامیادا لەئارادا نەبوو، بگرە لەو مشتومڕانەی لەناو پەرلەماندا دەکرا، ئەو بیرە لای زۆربە دروست بووبوو کە ئەو هێزانەی دەچنە ئەو ناوچەیەوە، دوای جەنگ دەکشێنەوە. دوای ئاگربەستیش دەنگی فراوان بۆ چۆڵکردنی میزۆپۆتامیا بەرزبووەوە، بۆیە بەشێکی گرنگی

www.zheen.org

[1] دێڤید مەکداوڵ، سەرچاوەی نێوبراو، ل٢٥٠. ئەمیش لە ئێل- پی وئێس-١٠-٧٨١- پی ٤٦٣٥ نامەی رۆژی 16ی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ی ئیدارەی سیاسی بۆ وەزارەتی کاروباری هیند، بەغدا- دا وەریگرتووە.

پەرلەمان لەدژی پێشڕەوی بوون بەرەو کوردستان.. بەڵام هەڵگرانی بیری مانەوەو پێشڕەوی کردنو دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە نوێیە، بۆچوونو بنەمای تیۆرییان بۆ دادەڕشت.. بەزەقی بەرژەوەندییە ئابووریو سیاسیو سەربازییەکانی ئیمپراتۆرییەتیان دەخستە پێش چاو.. بنەمای ئابووری و بیری دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە، دۆزینەوەو سوودوەرگرتن بوو لە نەوتەڵانەکان و دەرهێنانی، زیاتر لەوەش ئەو ناوچەیە بە دەوڵەمەند دادەنرا، بەتایبەتی لەڕووی نەوتو گەنمو مەڕومالاتو توتن و خەڵوزو فستقەوە، ئەوانەش بۆ بژێوی هێزە سەربازییەکانو بازرگانی، زۆر پێویست بوون. گەلێك لە بۆچوونەکانی بەرپرسانیش لە وەڵامی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا لەسەر کوردستان چڕکرابوو کە بەڕادەیەکی زۆر بە پاشەڕۆژی کێشەی ویلایەتی موسڵەوە دەبەسترایەوە، بگرە هەروەك یەك کێشە سەیریان دەکرد.

لایەنی جوگرافیا، بەشێکی گرنگی تری ئەو بنەمایە بوو، کە لەمەدا هەر بەوەوە نەدەوەستان کە باشووری کوردستان بەمیزۆپۆتامیاوە ببەستنەوەو بەس، بەڵکو جزیرەی بن عومەرو هەندێك ناوچەی تریش دەهێنرایە ئاراوە کە بخرێتە سەر ئەو وڵاتو دەوڵەتە نوێیە.

بوونی کەمایەتی ئایینی لە باشووری کوردستاندا کرابوە خاڵێکی تری بەهێز بۆ ئەو تیۆرییە، بەتایبەتی کێشەی ئاشوورییە ئاوارەبووەکان. ئەو زوڵمو زۆرەی لە ئاشوورییەکان کرابوو، دەربەدەریو ئاوارەکردنیان لە مەڵبەندی خۆیان، ئەوانە جێگەی سۆزو سەرنجی

بریتانیاو دەوڵەتانی تری خۆرئاوا بوو، لەوەش ئاڵۆزتر ئەوەبوو کە چاویان لەو ڕاستییەش دەنووقاند کە دەسەڵاتی توندڕەوی ئایینیی لە دەوڵەتی عوسمانیدا سەرچاوەی ئەو زوڵم و جینۆساید (کۆمەڵکوژییانە) بوون. جۆری داڕشتنی سنوورەکان و باری جیۆستراتیجی و نەخشەی بازرگانی و پارێزگاری ڕێگەوبانەکان بەرەو هیندستان. خاڵێکی گرنگی تر بوو لەناو تیۆرییەکەی لێپرسراوانی ئەم بەرەیە.

نەخشەی وەستان بەرامبەر زیندوبوونەوەی مەترسیی تورکەکان و هاتنەوە ناوچەکە، بەتایبەتی بەهۆی هاوپەیمانە هاوئایین و هاوڕەگەزەکانەوە، بەشێکی هەستیاری لێکدانەوەو نەخشەی جۆری ساغکردنەوەی ناوچەکە بوو لەڕووی سیاسی و جوگرافییەوە. مەترسیی کۆمۆنیزم و نەشونماکردنی ناوو ناوبانگ و هەوداران، لایەنێکی تر بوون لە بیرو نەخشەکانی داڕێژەرانی سیاسەتی ئینگلیز لە ناوچەکەدا..

رابوردووی ناوچەکە لەدوای ڕووخاندنی دەسەڵاتی ئال جەلیل لە موسڵ و میرنشینی بابان لە سلێمانی و بەستنەوەی لایەنی پەیوەندیی والی و فەرمانڕەوای هەردوولایان بە بەغداوە، کە بەو هۆیەشەوە، بازرگانی و هاتوچۆ لەنێوان ئەو ناوچانەو بەغدادا کەوتە گەشەکردن، هەرچەند ئەمە ڕێگەی بازرگانی و هاتن و چوون بۆ ناوچەکانی تر، بەتایبەتی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وڵاتی فارس و رووسیا.. تاد نەبڕی، بگرە بۆ ناوچە دوورەکان تا سەردەمێکی درەنگ و بۆ ناو بەشەکانی کوردستان هەر بەردەوام و تائێستاش بە ئاوەدانی مانەوە..

ئەوانە پێشینەیەك بوون بۆ بیرکردنەوەیەکی سەرەتایی لە ناوچەکە. بۆیە دوای داگیرکردنی بەغدا لەلایەن جەنراڵ مۆدەوە لە ئایاری ١٩١٧ دا:

" بریتانیا پەیوەندی لەگەڵ چەند سەرۆك هۆزێك دروست کردو پێشوازییان لە نوێنەرانی سەرۆکەکانی ناوچەکانی خانەقین و کفری و هەڵەبجە کردبوو. لە سەرەتای ئایاری ١٩١٧دا کاربەدەستە سیاسییەکانی بەریتانیا پەیوەندییان لەگەڵ سەرۆك هۆزەکانی توزخورماتو و کەرکوك و سلێمانی بەست. لە سلێمانی کۆمەڵێك لە پیاوماقوڵانی شار، بڕیاریان دا حکومەتێکی ناوخۆ پێك بهێنن کە شێخ مەحمودی بەرزنجی سەرۆکایەتی بکا و ئەم حکومەتە سیاسەتێکی تەواو دۆستانە لەگەڵ بەریتانیادا بگرێتەبەر.[1]

لێپرسراوانی بەریتانیا لە بەغدا هەر زوو چەند پەیامێکیان لە شێخ مەحمودەوە پێگەیشت کە ئیدیعای دەکرد نەك تەنیا نوێنەری کوردەکانی ناوچەی سلێمانییە، بەڵکو نوێنەری هەموو کوردانە تا سنەی هەڵکەوتووی ناو خاکی ئێران و پێشنیازی کرد:

" یان جڵەوی حکومەتیان پێ بدەن یان بە نوێنەرایەتی ئێمەو بە پارێزگاری ئێمە کار بکەن:[2]

[1] دێڤید ماکداوڵ، ل٢٥٢.
[2] دێڤید ماکداوڵ، هەمان سەرچاوە، ل٢٥٢.

www.zheen.org

## ئارنۆڵد ویڵسۆن:

هەر لەوساتەوە کە بە وەکیلی مەندوبی سامی لە بەغدا دانرا، لەسەر یەك هێڵ هەوڵی خۆی لەسەر ئەوە چڕکرد کە پرۆژەی بەستنەوەی ویلایەتی موسڵ، کە هەموو باشووری کوردستان دەگرێتەوە، بەمیزۆپۆتامیاوە ئەنجام بدات، تا وڵاتو دەوڵەتێکی نوێی عیراقییان لێ دروست بکات، دەوڵەتێك کە لەڕووی رەگەزەوە عەرەب بێت، ئەوەش راستەوخۆ بە زەرەری کورد تەواو دەبوو، لەڕووی مەزەبیشەوە سوننە مەزەب بێت، کە راستەوخۆ بە زیانی زۆرینەی شیعە کۆتایی دەهات، کۆی پێکهاتەی دەوڵەتەکەش بەو جۆرە عەرەبی سوننە مەزەب لەدژی کوردو هەر بەو پێیەش لەدژی شیعە بوون. بەتایبەتی دوای ئەوەی کەرکوك داگیرکرا ئیتر بە ئاشکرا پرۆژەی دامەزراندنی وڵاتو دەوڵەتەکەی خستە بەرباس، داوای دەکرد خەتی سنوورەکە، رووباری زێی بچووك بێت تا شارو ناوچەکانی سلێمانیش بە هەڵەبجەو پێنجوینیشەوە بکەوێتە ناو سنوورییەوە. ئەم لە کتێبەکەیدا

London ،(Loyalities Mesoptamia 1914-1917 1930)

سێ هۆی سەرەکیی دەستنیشان کردووە کە وای لە ئینگلیزەکان کردبوو بایەخ بە کێشەی کورد بدەن:

١. پاشەڕۆژی ویلایەتی موسڵ کە زۆربەی دانیشتووانی کوردن.

٢. مەسەلەی ئەو زەوی‌و زارانەی دەکەونە باکووری ویلایەتی موسڵەوە.

٣. بزووتنـەوەی نەتـەوەیی كـورد لـە كوردسـتانی ئێرانـدا كـە دەبـوو حسابێكی تایبەتی بۆ بكرێت..[٣]

بی ئەوەی باسی نەوت و مەسەلە ستراتیجییەكانی تر بكات..

كاتێك ئارنۆڵد وێڵسن لـە ١٤ ئـەپریلی ١٩١٨دا لەبـەردەم (جـۆرجی پێنجەم) مـەلیكی بریتانیا ئامادە دەبێت. كاتێك دەربارەی پاشەڕۆژی عـیراق و جـۆری حـوكم و رای دانیـشتوانی پرسـی پـێ كـرا، ئـەم پێشنیازانەی خستە پێش چاو:

♦ هیچ میرێكی عەرەب دانەنرێت، بەڵكو موعتەمەدی سامی هەبێت.

♦ ویلایـەتی موسـڵ و دێرالـزور بەعیراقـەوە ببەسـترێتەوە. دیـسان ناوچە كوردنشینەكانی تر كە ئێستا بەشێكی ویلایەتی موسڵن كە ناخرێنـە سـەر دەوڵـەتێكی ئەرمـەنیی چـاوەڕوانكراو، مەبەسـتی ناوچەكانی هەموو زێی گەورەیە.

كاتێكیش لەبەردەم لیژنە كرزن- و كۆبونەوەی رۆژی شەشی ئەیلولی ١٩١٩دا ئامادە دەبێت، پێشنیازەكانی بەم جۆرە خستە ڕوو:

دامەزرانـدنی ٥ ویلایـەت لـەبری چوار. ویلایـەتی موسـڵ لـە هـەموو جـۆرە رێكخـستنێكی بەڕێوەبـەرێتی و یاسـای بـەدوور دەگـیرێ تـا چارەنووسـی عـیراق وەك كـۆ، بڕیـاری لەسـەر دەدرێـت.. دیـارە ئـەو نەخشانە هەمووی بۆ مەبەستە سەرەكییەكەی بووە..

لە سەرەتادا وێڵسۆن دەیویست خۆی شێخ مەحمود ببینێ و هەوڵ بدا لەگەڵیا رێك بكەوێ كە چوارچێوەی خودموختاری (!) پارێزراو بێت.[١]

---

[٣] بڕوانە: م. ر. هاوار، سەرچاوەی ناوبراو، ب١، ل٣١٤-٣١٥.

بەڵام بە دەستبەکاربوونی مێجەرسۆن، کارەکان بە ڕێبازێکی دژبە خواستی کورد و شێخ و تەنانەت ئەو خودموختارییەشدا ئاڕاستە دەکران..

پوختەی راو بەڵگەو بۆچوونەکانی ئارنۆڵد وێڵسۆنی مەندوبی سامی لە بەغدا، کە کردبوونی بەبەڵگەو بیانوو بۆ بەستنەوەی باشووری کوردستان بەمیزۆپۆتامیاوەو بۆ دانەمەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی، لەم چەند خاڵە سەرەکییانەدا کۆدەکرێنەوە، ئەو دەیگوت:

- کورد هەستی نەتەوایەتیی نییە، بەڵکو هەستی رەگەزایەتیی هەیە.
- کورد هەرگیز یەکگرتو نەبووە، بۆیە مەحاڵە کوردستان بە قەوارەیەکی سیاسی دابنرێت.
- شۆڕشی کورد شۆڕشی شەخسی شێخ مەحمودە کە لەناو ٢٠٠ هەزار کەسدا ٥٠٠ کەسی لەدەور نییە.
- شتێك نییە خەڵکی سلێمانی و هەولێر پێکەوە ببەستێت زۆر کەم نەبێت. زۆربەی خەڵکی هەولێر بە زمان و بە ڕەگەز تورکن، زۆربەیان نایانەوێ لە عێراق جیاببنەوە.
- هیچ کوردێك شك نابەم کە بتوانێت بەناوی دۆڵێ، یان عەشیرەتێك زیاتر قسە بکات.
- کوردێك نییە کە شایستەی ئەوەبێت بەناوی هەموو کوردستانەوە قسە بکات.

---

[١] دێڤید ماکداوڵ ، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٣٣٢، ٣٣٦.

➢ سەرۆکەکانی کورد ناحەزی یەکترن، لەدژی یەکتر دەدوێن، زۆربەیان بە سەرکردایەتی و حوکمداریی شێخ مەحمود قاییل نین..

➢ لای وابوو ئەگەر سلێمانی و هەولێر لە موسڵ جیابکرێنەوە، وا کوردستان لەکیس دەچێت.

هەرچەندە ئەو لەو بۆچوونانەدا زۆر لە راستیی دوورنەکەوتبووەوە.. بەڵام ئەوانە هەر بۆ تێپەڕکردنی راو نەخشەکەی خۆی کردبوونی بە بیانوو.. چونکە بەرامبەرەکەش لە کورد پیشکەوتوتر نەبوو، میللەتەکە لە کورد هۆشیارتر نەبوو..

## ستراتیجی جوگرافیی ئەم لە کوردستان بۆ ئەو عیراقەی پێك دەهێنرێت:

"هەموو پێگەو بنچینەی کارکردن لەگەڵ کوردەکان دەبێ دابینکردنی سنووری دڵنیاکەرەوە بۆ میزۆپۆتامیا بێ. سنوورێکی وا بە رای ئەو نابێ لە دەشتەکاندا بەدوایدا بگەڕێی، بەڵکو دەبێ لە چیاکانی کوردستان دا بیدۆزییەوە.. (ئەمە) پێویستی بە بوونی سیاسەتێکی هۆزایەتیی هەیە".

ئەو خاڵانەی پوختەی بۆچوونە ناڕاست و هەڵەکانی وێڵسۆن بوون، لە سەرجەمی بروسکەو نامەو قسەو نووسینەکانیدا ئەوە دەردەکەون کە ئەو تا چ رادەیەك بۆ مەبەستی سەرخستنی رای خۆی بوونی کردوە بە نەبوون وە نەبوونی کردوە بە بوون.

یەکێك لە کێشە بوغرنجەکان کە دەبووە هۆی نائاسایی رەوتپێکردنی رووداوەکان.. جیاوازییەکانی نێوان ئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیزو کورد بوون بەتایبەتی لەڕووی:

ئامانج و جۆرو شێوەو رێبازی بەدەستهێنانیان، لەوانە: سەربەخۆیی و ئازادیی تاکەکەس و کۆمەڵ، ئاستی شارستانی و گۆڕرانە هەمەلایەنەکان، سستێمی دیموکراسی و شێوەی بەڕێوەبردنی مەدەنی و بەرکەماڵیی یاساو ئاستی جێبەجێکردنی.. تاد جیاوازییەکان بۆ هەردوك لا گەورە بوون، لە زۆر لایەنیشدا پێچەوانەی یەکتربوون.. لەوەش ئاڵۆزتر ئەوە بوو کە لێپرسراوانی ئەم رێبازە، بەو سەنگ و پێوانانە مامەڵەیان دەکردو مەرج و مەرجکارییان بۆ دادەنا..

ئارنۆڵد وێڵسۆن هەوڵی ئەدا کە لە چەند تەوەرێکەوە بیرو بۆچوونەکانی خۆی بچەسپێنێ و ئامانجەکانی بهێنێتە دی، بۆیە ئەو لە دەری گۆڕەپانی کارو ناوەوەی ناوچەکەش کاری دەکرد، نەك هەر لەناو گەورە لێپرسراوو رای گشتیی وڵاتەکەیدا، بگرە لەسەر ئاستی گشتی و لەناو کۆنگرەی ئاشتیشدا چالاکییەکانی بەرچاو دەکرد. بۆیە لە کۆنگرەی ئاشتیدا لە پاریس پێشنیازی خۆی لەمەڕ دامەزراندنی وڵات و دەوڵەتی عیراق خستە پێش چاو، ئەو لە سەرەتادا، بۆ رێگە لێ ونکردن و جێگیرکردنی هەنگاو لەدوای هەنگاو، دەیگوت ئەگەر کورد ئۆتۆنۆمی هەبێت دەبێ ئەوەش جۆرو شێوەکەی بۆ بڕیاری بریتانیا بهێڵرێتەوە. ئەو لەسەر ئەوە سووربوو کە دەبێت حکومەتەکەی شێخ مەحمود بەبەغداوە ببەسترێتەوە، چونکە وای دەردەخست کە ئەگەر

سلێمانی و هەولێر لە موسڵ جیابکرێتەوە وا کوردستان لەدەست دەچێت. لەناو هەوڵەکانیدا نەخشەی تێکدانی ریزەکانی کوردو خولّقاندنی بەرەیەکی دژ بە شێخ مەحمود، بۆ دانەمەزراندنی دەوڵەتی کوردستان و ئینجا بەستنەوەی کوردستان بەمیزۆپۆتامیاوە، داناو بە هەموو شێوەیەك هەوڵی ئەنجامدانی دەدا.. بۆ سەلماندنی راو بۆچوونەکانی خۆی، دەبوو ئەو عەشیرەتانەی ناحەزی شێخ مەحمودن، کۆبکاتەوەو بەرەیەکی ناکۆکیان لێ پێکبهێنێ.

بۆ ئەم مەبەستە سلێمانیی بە کۆسپێکی عاسیی دادەنا، بۆیە لە سەردانەکەیدا بۆ سلێمانی (١٩١٨/١٢/١)، توانیی ناکۆکیی بخاتە ناو سەرەك عەشیرەتەکانەوە. پلانەکەی ئەم بۆ ماڵیکردن و راهێنانی کورد بە چوونە سەر عیراق لە پلانێکی زیرەکانە بۆ خۆی و هەڵخەڵەتێنەر بوو بۆ ئەو سەرەك عەشیرەتانە، یان رازیکردنی هەموو کوردیش.. ئەوەش لە ناوەرۆکی ئەو عەریزەیەدا دەردەکەوێت کە بە ٦٢ سەرکردەی هۆزو تیرە جۆربەجۆرەکانی ناوچەی سلێمانیی ئیمزاکرا:

"ئێمە سەرکردەکانی گەلی کورد خواستمانە دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە نیشتمانەکەمان دابمەزرێ لەژێر ویسایەی ئینگلیزو لەگەڵ عیراق تێکەڵ بکرێت."

هەر خۆی لەو نووسینانەیدا لەسەر سەردانەکەی بۆ سلێمانی ددان بەو فڕو فێڵانەدا ئەنێت و ئەڵێت:

لەگەڵ شێخ مەحمود گفتوگۆیەکی دووروودرێژ کرا، لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆیەدا بۆم دەرکەوت کە ئەگەر تورکەکان دەستدرێژی بکەن بۆ

سەر ئەو ناوچەیە، کوردەکان ئامادەن بەربەرەکانییان بکەن و ڕێگەی هاتنیان لێ بگرن، لەبەرئەوەو لەژێر تیشکی ئەو بارو هەڵوێستەدا جۆرە بەڵێن و پەیمانێك لەلایەن بریتانیاوە بۆ کورد شتێکی پێویست بوو بۆ دڵنیاکردنی کوردەکان کە ئێمە یارمەتیدەرو پاڵپشتیانین.[1]

هەرچەند ئەو گەلێك لە خاڵە لاوازەکانی کردە بنەمای جێگیرکردنی بیرو بۆچوونەکانی و سەرەنجام ئەوەی خواستی بوو، بە ئەنجامی هێنا، کەچی دوای ئەوە بە چەندین ساڵ لە نووسینەکانیدا

Loyalities ،1914-1917 London 1930).

- (Mesopotamia

- (Mesopotamia ،1917-1920-London 1931).

بە جۆرێك لە ڕووزەردیو نیمچە دوودڵییەوە، ددان بە هەندێك ڕاستییدا ئەنێت، لەسەر سەردەمی ناردنی مێجەرسۆن بۆ سلێمانی، کە ئامانج لێی لاوازکردنی حوکمدارو سەندنەوەی دەسەڵاتەکان و سەپاندنی دەسەڵات و هێزی خۆیان بوو– هەروەك ویڵسۆن خۆی ئەڵێت:

"لە مێجەرسۆن باشتر نەدۆزرایەوە کە ڕووبەڕووی شێخ مەحمود ببێتەوەو ئاگاداری هەموو هەڵس و کەوتێکی ببێت..

" ئەڵێت: نەدەتوانرا بزانرێت ئایا ئەو بزووتنەوەیە بریتییە لە خولیاو ئارەزوو خواستی یەکێك لە سەرۆك عەشیرەت و زەعیمەکانی کورد یان نا؟ بەلام ئەوەی لێمان ڕوون بووەوە هیچ گومانێکی تێدا نەبوو، ئەوەبوو کە بزووتنەوەی هێزی نەتەوایەتیی کورد لەناو

---

[1] م.ڕ هاوار، سەرچاوەی ناوبراو، ب١، ل٤٦٨-٤٦٩.

سلێمانیدا زۆر بەهێزو تیژڕەو بوو، لەبەرئەوە ناچار بووین سنوورێك بۆ ئەوە دابنێین و لە خەڵکی سلێمانیمان گەیاندو بیرمان خستنەوە کە حکومەتی خاوەن شکۆی بریتانیا خۆی بە بەرپرسی کوردستان دانەدەنا هەتا خەڵکەکە بەڵێنی ئەوەیان نەدایە کە خۆیان و سەرکردەکانیان ئامادەن هەڵوێست و رەفتاریان باش بێت و هەموو سەرنج و راوێژو راسپاردەکانی ئێمە بەرامبەر بە ڕووداوە گرنگەکان پەسندو قبووڵ بکەن.. "

هەر لەسەر ئەنجامدانی ئەو نەخشەیە وێڵسۆن رێککەوتننامەیەکی لەگەڵ سەرۆك هۆزەکاندا مۆرکرد کە تێیدا هاتبوو:

..سەرۆك هۆزەکان وەك نوێنەرانی کوردستان داوایان لە دەوڵەتی خاوەن شکۆ پاشای بریتانیا کردووە ئەوان بخاتە ژێر پارێزگاریی خۆیەوە و ناوچەکەشیان بە عیراقەوە بلکێنێ، تا لە ئیجابیاتی ئەم پەیوەندییە بێ بەش نەبن و، ئەم سەرۆکانە داوایان لە کۆمیسەری باڵای بەریتانیا لە میزۆپۆتامیا کرد نوێنەرێك لەگەڵ یاریدەدەرانی پێویست بۆ کوردستان بنێرێ بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان بتوانن بە رێنوێنییەکانی بەریتانیا بە ئاشتی و ئارامی لە رەوتی شارستانێتیدا بەرەو پێشەوە بچن و پەیمانیان دا کاتێ دەوڵەتی خاوەن شکۆ پاشای بەریتانیا یارمەتی یان بداو بیانخاتە ژێر پارێزگاریی خۆیەوە، ئەوانیش فەرمان و چاکەکانی دەوڵەتی خاوەن شکۆ پاشای ئینگلستان قبووڵ بکەن.[1]

---

[1] دیڤید ماکداوڵ، سەرچاوەی ناوبراو، ل٣٢٣.

ئارنۆڵـد ویڵـسۆن لایـەنی هەڵـەکانی خۆشـیان بەرامبـەر بـە کـورد ناشارێتەوەو لەم رووەشەوە ئەڵێت:

" کوردەکان کە بە هیچ شێوەیەك دژمان نەبوون، جارێکی دیکە تووشی گومان و دڵەڕاوکێ بوون، بۆیان روون بۆوە ئەو گفتەی هەندێ لێپرسراوی نابەرپرس ئازادانە بەوانیان دابوو..، بێ متمانەو دڵنیاییە.. ئێمە وامان لێ کردبوون پشت بکەنە تورکەکان و پاشان لە گەرمەی گێرمەوکێشەدا خۆش نەبوون تا ساڵانی دواتریش هەر دوژمنمان بوون."

دووەم جەمسەری بەدەسەڵاتی ئەم رێبازە سێر پێرسی کۆکس بوو

ئـەم لێپرسـراوێکی تـری گـرنگ و رۆڵبینـەری سـەر ئـەم رێبـازە بـوو، کاری ئەم تەواوکـەری کارەکانی ویڵسۆن و نەخشەکەی بوو، نـەك هـەر دوای ئـەوەی لـە جێگـەی ئـەو بـە مەنـدوبی سـامیی لـە بەغـدا دانـرا (١١/١٠/١٩٢٠) بـەڵکو پـێش ئـەوەش رۆڵێکـی زۆر هەسـتیاری بـۆ ئـەو رێبـازە وازی کـرد. لێرەدا تـەنها چـەند تیشکێك ئاڕاسـتەی ئـەو رۆڵـەی ئەمیش دەکەین، ئەو کاتەی ئەم سەفیری وڵاتەکەی بوو لـە تـاران، پـێش چاوەڕوانکردنی خۆبەدەستـەوەدانی ئـەڵمانیا، لـە حـوزەیرانی ١٩١٨دا جەنڕاڵ شەریف پاشا دەیبینێت و ئامادەیی کورد بۆ هاوکاریی نیشان ئەدات، لەوەوبـەریش هـەمان داوا دەخاتـە بەرچاوی هێزەکانی بریتانیا بەڵام رەفز دەکرێت. لـە سـەرەتادا ئـەم نـەرم و جۆرێك لـە نیازچاکیی لـە ڕاو هەڵوێستەکانیدا بەدیی دەکران. بەڵام پێدەچێت هەر بۆ کات بردنـە سـەرو بـۆ هـێمن کردنـەوەی نیـشتمانپەروەرانی کـوردو

سەرکردایەتییەکەی بووبێت. تا لە سەرەنجامدا راکێشانو راهێنانی بە نەخشەکەیان ئاسانو بێ کێشەی گەورە بێت. راو بۆچوونەکانی ئەم، لە بروسکەو نامەو راپۆرت گفتوگۆیەکانیدا دەردەکەون، بەتایبەتی ئەو بروسکانەی بۆ (چەرچڵ) وەزیری کۆلۆنییەکان نێردران، لەوانە:

- بروسکەی رۆژی ٢١ جوونی ١٩٢١
- بروسکەی رۆژی ٢٦ ئۆگۆستی ١٩٢١ ژمارە ٤٢٤
- بروسکەی رۆژی ١٦ئۆگۆست ١٩٢١ ژمارە ٤٣٣
- گفتوگۆی لەگەڵ فەیسەڵی یەکەم، دەربارەی کێشەی کورد، کە لە بروسکەی ژمارە ٦١٦ی رۆژی ٢٥ ئۆکتۆبەری ١٩٢١ تۆمارکراوە.
- ئەو راپۆرتانەی لەسەر چوونی نێردراوی (وەفدی) بەدرخان بۆ بەغدا نووسیبوی کە بە ژمارەی س. ئۆ-١٦ لە رۆژی ٢٨ ئۆکتۆبەری ١٩٢١دا بۆ چەرچڵی نارد...، لەگەڵ دەیانی تر..[٢]

**سەرەتای هەڵوێستی ئەم، نەرمو لاستیکی بوو، ئەمەش لەناو بازنەی بۆچوونەکانیدا دەردەکەوێت:**

- موتەسەڕیف بۆ سلێمانی لەلایەن مەندووبی سامییەوە دابنرێ لەگەڵ راوێژکاری ئینگلیزو قایمقامەکان ئینگلیز بن تا کورد دەگاتە ئاستی کارامەیی بۆ ئەو کارە.
- حاکمی سیاسی بۆ هەولێرو کۆیەو رەواندز دابنرێو خواستی خەڵکەکە لە دانانی فەرمانبەراندا رەچاو بکرێت.
- ناوچەی کوردەکان لە لیوای موسڵ بکرێنە لیوایەكو یاریدەدەری موتەسەڕیفی بۆ دابنرێ کە بریتانیی بێت، هەموو فەرمانبەران کورد

بن، تا لەدواییدا کەوتە سەر ئەو زەمینەیەی کە نەك هەر ماف بە کورد نەدرێت، بگرە ناوی کوردستانیش لە نووسین و لەسەر نەخشە نەهێڵرێت..

لەو بروسکەو نامە زۆرانەی لەنێوان چەرچڵ و سێر پێرسی کۆکسدا، لەسەر مەسەلەی باشووری کوردستان، ئاڵوگۆڕکرا، بیروڕا مامناوەندیو باشەکانی چەرچڵ وەك، وەزیری کۆلۆنییەکان، روون دەردەکەون، وەك لە بەشی دووەمدا روون کراونەتەوە.

پێرسی کۆکس داڕێژەری بیری لەبیربردنەوەی زاراوەی کوردستان و بەکارهێنانی وشەی عیراق و سەپاندنی بوو، تا بەوە کاری بەعیراقیکردنی کورد ئاسانتر بکرێت، بۆیە ئامۆژگاریی لێپرسراوانی سنووری دەسەڵاتی دەکردو پێشنیازی بۆ سەروو خۆشی کرد، (ئەندرۆ یۆنگ) لە راپۆرتێکیدا دەڵێت پێرسی کۆکس پێی گوتم کە:

واباشە کە وشەی عیراق بەجۆرێ بەکاربهێنرێ کە لەپێش شەڕەوە هەر ناوی عیراق بووەو کوردستان هەرچۆنێکی ناو ببرێ پێویستە بە بەشێك لە عیراق بژمێردرێ ئەگەرچی بۆ ناچاریش بۆ ماوەیەکی کاتی لە عیراق جیابکرێتەوە.[1]

لەسەر جۆری بەکارهێنانی زاراوە، دیسان پێی گوتم: ئەوە بزانە کە جیاوازییەك هەیە لەنێوان "لەگەڵ عیراق" لەژێر دەستی عیراق "Inclusion"و "Subordination" لە بروسکەی ٢٢ ئەپریلی ١٩٢١دا بۆ چەرچڵ، دیسان ناوبراو دەڵێت:

---

[1] بڕوانە:م. ڕ.هاوار، سەرچاوەی ناوبراو، ب١، ل١٠٨.

وشـەی دەزگـای ئۆتۆنـۆمی بـە دەزگـای ئۆتۆنـۆمی ناوچـەیی بـۆ کـورد نـاوببرێو وشـەی بـاکووری میزۆپۆتامیـا لاببرێـت چـونکە ئەمـە ئـەوە دەگەیـەنێت کـە ناوچـەی کـورد لـە عـیراق جیادەکرێتـەوە. دوای کـۆنگرەی قـاهیرەش، لەگـەڵ ئەوەشـدا دوو ڕای جیـاوازو دژ بەیـەك هـەبوون. دیـسان ئەو، چ لە نامەو بروسکەکانیداو چ لـە کۆبوونەوەکانـدا هەوڵیداوە ڕاکانی خۆی بسەپێنێ تا بیری ڕێوشوێنی بەستنەوەی باشوور بەمیزۆپۆتامیاوە بۆ دامەزراندنی وڵاتو دەوڵەتێکی نوێ بەناوی عیراقەوە بنجبەست بێن.

لە تەلەگرامێکی تریدا بۆ چەرچڵ، مەترسییەکی خـەیاڵی ئێرانییـەکان دەهێنێتە ئاراوە تا ڕاکانی خۆی بسەلمێنێتو دەڵێت:

وا دیارە فەیسەڵ لە دامەزراندنی حکومـەتێکی سـەربەخۆ لـە ویلایـەتی موسڵدا لەوە دەترسێ کە ئەوە هانی کوردەکانی تورکیاو ئێـرانیش ئـەدات کە بچنە پاڵ ئەو حکومەتە کە ئەمەش دەبێتە مەترسییەکی گەورە بۆ سـەر عیراق.. جگە لەوە فەیسەڵ ئومێدێکی زۆری هەیـە بـە کـوردە سـوننییەکان کە لە ئەنجومەنی یاسادانانـدا زۆربە مسۆگەر بکات..

سێر پێرسی کۆکس لایـەنی ئـابووریو بازرگـانی کردبـوو بـە بنـەمای تیۆرییەکە لەسەر ئەو داگیرکردنو پێوەلکاندنە. بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو تیۆرییـە، دەیگـوت، دەبێـت سـەرجەمی ویلایـەتی موسـڵ بـەمیزۆپۆتامیاوە ببەسترێتەوە.. چونکە ئەو بەشەی کوردەکان بە بەڕێوەبەرایەتیی خۆییـەوە دەبێتە سپەرێ بۆ ئەو عیراقە لە مەترسیی فارسەکان..

ئەم دەیزانی هـەڵوێستی عەرەبچێتیی و ڕەقیـی فەیـسەڵ بەرامبـەر بـە کوردو خواستـەکانی کۆسـپێکی بـەردەم تیـۆریو نەخـشەکەیەتی، بۆیـە

هەوڵی ئەدا تا ئەو هەڵوێستە نەهێڵێ و لەجیاتی ئەوە نەرمو نیان بن لە مامەڵەو ددانننان بە بەڕێوەبەرایەتیی ناوخۆیی کوردەکان کە خۆیان لەژێر چاودێریی بریتانیادا حوکمڕانیی خۆیان بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانرێت هەڵوێستی ئەم بەرامبەر بە کورد و هەندێك لە مافەکانی بە دوژمنانە دابنرێت بەڵکو بیری لە چارەسەرێکی مامناوەندیی دەکردەوە.. بۆ نموونە:

دوای گەیشتنی ئەمیر فەیصەل بۆ عیراق، سێر پێرسی کۆکس بەپەنهانی بە عەبدەلڕەحمان نەقیب-ی گوت کە سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران فەرمان بدات کە نووسراوێك بۆ سکرتێری باوەڕپێکراوی ناوبراو بە ژمارەی ١- ٥٣٥ و بە مێژووی ٨ی تەموزی ساڵی ١٩٢١ بە فەرمانی سەرەك وەزیران بنووسێت و لە پایەدار مەندوبی سامی بپرسێت کە بۆچی تەواوکردنی پەڕەوی کاتیی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزرێنەر " یاسای هەڵبژاردن" دواکەوتووە. وە فەخامەتی سەرەك وەزیران دەیەوێت ئەوە بزانێت کە ئایا ڕێگرێك هەیە بۆ تەواونەکردنی ئەو پێڕەوەو بڵاوکردنەوەی بە زووترین کات. سکرتێری باوەڕپێکراوی باڵا ش وەڵامی ئەو پرسەی بە ژمارە ١٦٣١ و مێژووی ٨ی تەمووزی ١٩٢١ بەم جۆرە دایەوە:

وەڵامی نووسراوتان ژمارە ١- ٥٣٥ لە ڕۆژی ٨ی تەمووزی ساڵی ١٩٢١ ئەدەمەوە کە فەخامەتی مەندوبی سامی بەداخە بۆ ئەو دواکەوتنە لەسەر بڕیاردان لەسەر یاسای هەڵبژاردن بە هۆی ئەو گرفتەوە بووە کە چارەیەك بدۆزرێتەوە کە گونجاو بێت لەگەڵ

بەرژەوەندییەکانی کورددا لە جێگە جیاجیاکان و بەپێی پەیمانی سێڤر (سـیڤەر) گرفتەکـەش بـە هـۆی جیـاوازیی تایەفـەکانی کـوردەوە لـە هەڵوێـستیان بەرامبـەر بـە حکومـەتی ناوەنـدیی و فەخامـەتی مەنـدوبی سامیی بریتانی لەدواییدا دەنووسێت:

لەگـەڵ ئاگـاداریی فەخامـەتی لـە هـەموو حاڵەتـەکان ئامادەیـە کـە بەنـدەکانی یاسـای نێـوبراو جێبـەجێ بکرێـت بـە مـەرجێك کـە ناوچـە کوردییــەکان سەرپــشك بــن لــە هاوبەشــییکردن لــە هەڵبــژاردن یــان نــەکردنی، ئــەوەش کــار نەکاتــە ســەر دوا بڕیاریــان ســەبارەت بــە هەڵوێستیان بەرامبەر حکومەتی عیراق و پایەی لای ئەوان..تاد.

لە ١١ی تەموزدا ئەنجومەنی وەزیران کۆ دەبێتـەوەو لەگەڵ بڕیـاردان لەسەر دانانی فەیصەل بە مەلیکی عیراق، لەسەر کێشەی کوردیش ئەم رایانە دەردەبڕێت:

لەبەر ئەوەی حکومەتی بریتانیا بوار بە ناوچە کوردییـەکان دەدات کە لە هەڵبـژاردنی ئەنجومـەنی دامەزراندنـدا هاوبەشـیی بکـەن یـان نەیکـەن وەك لـە پـەیمانی سـێڤردا هـاتووە ئەنجومـەنیش رای وایـە ئـەو ناوچـانە ئـازادیی تـەواویان هـەبێت بۆ هاوبەشیکردن یـان نـەکردن بـەپێی پـەیمانی نێـوبراو، لە پاشەڕۆژیشدا ئەو هاوبەشیکردن یان نەکردنەیان بە بیانوو لێوەرنـەگیرێت. حکومـەتی عیراقیش دەخوازێت کە ناوچە کوردییـەکان هاوبەشییان بکـەن و خوازیـارن کـە لـە لەشـی مەملەکـەتی عـیراق جیـا نەبنـەوە. جا مەتەڵەکـەی سیاسـەتی ئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیـزو سیاسـەتی نـەرمونیانی پڕ لـە

داوی ناحـەز بـە کـوردی عەرەبـە عیراقییـەکان لـەناو ئـەم جـۆرە نەخـشانەدا دەردەکەون..

دەشبێت تەنها بۆ مێژووش بڵێین کە لیوای کەرکوك لەدژی ئەمیر فەیـصەل دەنگـی دا، هـەردوو لیـوای هـەولێرو موسـڵ لـە دەقـی بەیعەتەکـەدا مـەرجی دابینکردنی مافی کەمایەتییـەکان بۆ دامەزراندنی بەڕێوەبردنـەکان بکرێت کـە هاوپەیمانان بەپێی پەیمانی سێڤر بەڵێنیان لەسەر داوە. بەڵام لیوای سلێمانی هاوبەشیی ئەو دەنگدانەی نەکرد..

هەر بۆ زانیاری، دانیشتوانی بەسرەش گەلێك مەرجیان هـەبوو، لەوانـە ئـەو مەلیکە مەلیکی عیراق و بەسرە بێت، ئەنجومـەنی یاسـادانان و سـوپاو پۆلیس و ئیدارەو باج و خەراجی تایبەتییان هەبێت..[1]

کـە لـە ٢٣ی ئابی ئـەو ساڵەشدا ئاهـەنگی تـاج لەسـەرنانی بـۆ کـرا، نـە لـە وتـەکانی ئامادەبووانداو نـە لـەو یەکـەم خوتبـەی عەرشەشـدا بـە وشـەیەکیش ناوی کوردو کوردستان نەهێنرا.. ئەمەش سەرەتایەك بـوو بـۆ وەرچـەرخانێکی پـڕ مەترسـی بـۆ پێـشێلکردنی مافـەکانی کـوردو کێـشەکەیو تەنانـەت ناوهێنانیشی.. بۆیە لە یاسای بنچینەییدا کە لە ١٢٣ ماددە داڕێژرا، سـەرجەم ئەو مافانـەش کـە خۆشیان بـەڵێنی جێبـەجێکردنیان دا فەرامۆشیان کـرد.. بـە وشەش ناوی کوردو کوردستان لەو ماددانەدا نەهات بگرە لـە داڕشتنەکەشیدا رسـتەی نـامۆی "عـیراق خـاوەن سـەروەریی سـەربەخۆو ئـازادە، زەمینەکـەی دابەش ناکرێت و واز لە هیچ بەشێکی ناهێنێت" کرا بە یاساو هـەر لەوێشەوە وا دانرا کە ئەو عیراقە دروستکراوە ئەزەلکردەو موڵکی عەرەبە..

---

[1] السید عبدالرزاق الحسنی، تاریخ العراق السیاسی الحدیث، ج ١، ص٢٢٦-٢٢٧، ٣٣٢.

**هێنری دوبس:**

له سەرەتادا یاریدەدەری مەندوبی سامی بوو لەدوای سێر پێرسی کۆکس کرا بە مەندوبی سامی لە بەغدا..

لـه سـەردەمێکی پلـەی دووەمو سـێیەمی سیاسـەتی ئەفـسەرانی رێبـازی یەکـەم (هێنـری دوبـس) لـە نامەکانیـدا لەگـەڵ وەزیـری کۆڵۆنییەکان ئەوە روون دەکاتەوە کە:

بـەکارهێنانی زاراوەی خودموختـاری (ئۆتۆنـۆمی) بـۆ کوردسـتان، پـڕ مەترسییە چونکە تێگەیشتنی خراپ بۆ سیاسـەتی بریتانیا دەخوڵقێنێت، لەبەرئەوە زاراوەکە چەند لێکدانەوەیەکی فراوان دەگرێتە خۆی..

ئەمـە ئـەوەش روون دەکاتـەوە کـە چـۆن ئـەو سیاسـەتە لـەنێوان وەزیـری کۆڵۆنییـەکانو مەنـدوبی سـامی (هێنـری دوبـس) لەبەغـداو سـەرەك وەزیرانـی عـیراق (یاسـین ئـەلهاشمی) بەتـەواوی لـە ١٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٢دا جێگیرکراوە..

دیسان لە کۆبوونـەوەی نێوان سەرەك وەزیرانی عیراقو مەنـدوبی سامیدا ئەوە بۆ سەرەك وەزیرانی عیراق روون کراوەتەوە کە چۆن هەوڵ دراوە جۆرێـك لـە سـازانو پێکهـاتن لـەنێوان هەسـتی کـوردو عەرەبـدا بخوڵقێنرێـت کـە حکومـەتی عـیراق قوبـووڵی بکـات کـە لـە ناوچـە کوردییەکانـدا زمـانی کـوردی بـەکاربهێنرێتو کـوردە تواناکـان دابمەزرێنرێن. ئەوەشی بۆ روون کردەوە کە چۆن ئەم سیاسەتە وای لە هەموو کوردەکانی باکوورو باکووری خۆرهەڵات کرد کە ئامادەبن بیری

تێکەڵبوون لەگەڵ عیراق قوبووڵ بکەن، جگە لە سلێمانی کە سوورە لەسەر جیابوونەوە. بۆیە وەك مەندوبی سامی خۆی دەڵێت، ناچار بوو کە بەربەرەکانیی هەڵکردنی ئاڵای عیراق لە سلێمانی بکاتو نەیهێشتووە موتەسەڕیفێك دابنرێت، هەرچەندە کورد بووە بەڵام کوردێکی پڕۆ عەرەب بووە. چونکە مەندوبی سامی لەوە دەترسا کە خراپە بەرامبەر هەستی ناوچەیی بکرێتو ببێتە هۆی دواخستنی پرۆسەی چارەسەری کێشەکان. ئەوەشی دەرخست کە چۆن عەرەبەکان بۆ هەستی نەتەوەیی خۆیان بەپەرۆشن، بەڵام بایەخ بە هێزی هەستی نەتەوەیی رەگەزو تایەفەکانی تر نادەن..

ئەوەش پێوەندیی بە مەندوبی سامییەوە هەیە، بڕوا وایە کە وەزیری کۆڵۆنییەکان دەتوانێت سەرەك وەزیرانی عیراق دڵنیا بکات کە سیاسەتی بریتانیا بەرامبەر لیواکانی باکوور هیچ هەڵەیەکی تێدا نییەو حکومەتی بریتانیا بەگەرمی هەوڵی تێکەڵکردنی بەرژەوەندییەکانی کوردو عەرەب ئەدات. وەزیری کۆڵۆنییەکانیش بەو گفتە قایل بوو..

ئینجا باسی ئەو بەڵێنو پەیمانو پابەندییانەی بریتانیا دەکات کە دراوە بە کوردەکان بۆ خودموختاری کە لە ماوەی یەکەمدا لە بەهاری ١٩٢٣ لە شێوەی سێ بەڵێندا بوو، یەکەمیان وەك بەلاغێك لە سێر پێرسی کۆکسەوە بوو (٦ی مایسی ١٩٢١) سەرجەم نەخشەکە بۆ بەستنەوەی ناوچەکانی کوردستان بوو بەعیراقەوە، دوای ئەوەی زاخۆو ئاکرێو دهۆكو ئامێدی، لە موسڵ دەپچڕێنرێنو دەکرێن بە نیمچە

لیوایەك‌و یاریدەدەرێكی موتەسەڕیف كە ئینگلیز بێت دەیبات بەڕێوە. سلێمانیش وەك موتەسەڕیفییەتێك مامەڵە دەكرێت كە مەندوبی سامی موتەسەڕیفەكە دادەنێت.

دووەم ئەو بەڵێنەی هەردوو حكومەتی بریتانیاو عێراق بوو كە لە بروسكەی وەزارەتی كۆلۆنییەكان ژمارە ٦٧٦ لە ٢٨ی نۆڤەمبەری ١٩٢٢دا تۆمار كرا، كە ددان بە دامەزراندنی حكومەتێكی كوردیدا دەنێن لەناو چوارچێوەی عیراقدا (لە شوێنی خۆیدا ئەمە خراوەتە پێش چاوو پێویست بە دووبارەكردنەوە ناكات).

سێیەمیش ئەو راگەیاندنەی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق بوو لە ١١ی یۆلیۆی ١٩٢٣دا كە پوختەكەی: حكومەتی عیراق نیازی دانانی فەرمانبەری عەرەبی لە ناوچەكەدا نییە جگە لە فەرمانبەری فەننی. دانیشتوانی ناوچە كوردییەكان ناچار ناكرێت كە لە نامەناردندا زمانی عەرەبی بەكار بهێنن. بەشێوەیەكی گونجاو مافی تاقمە ئایینی‌و مەدەنییەكانی دانیشتوانی ناوچەكە دەستەبەر (زامن) دەكرێ.[1]

www.zheen.org

[1] بڕوانە درێژەی باسەكان لە: د. ولید حمدی، سەرچاوەی ناوبراو.
– ئەو نامە ئاڵوگۆڕكراوانەو دۆكۆمێنتەكانی تر لە ئەرشیفی وەزارەتی كاروباری دەرەوەی بریتانیا...

## رائید ئەدمۆندز راوێژکاری وەزیری ناوخۆ

ئەدمۆندز[1]، یەکێك بوو لەو بەرپرسانەی ئینگلیز کە هەر لەسەرەتاوە دژی داخوازییەکانی کوردو شێخ مەحمود بووە. هەر وەك خۆی لەکتێبەکەیدا (کوردو تورك‌و عەرەب) دەری خستووە، ئەم لەوێدا دەڵێت:

کورد پێی خۆش بوایە یا پێی ناخۆش بوایە، دەبوایە سلێمانی‌و کەرکوك بەزۆر بخرانایەتە سەر عیراق‌و پێوەی بلکێنرانایە. یان دەبوو حوکمێکی راستەوخۆی ئینگلیز بکرایە لەرێگەی کوردێکەوە کە میللەت باوەری پێی هەبێ‌و لەوانەش نەبێ کە پروپاگەندەی تورك وای لێ بکات لەو رۆژانەدا دژی ئێمە بێت کە لەو رۆژانەدا دژایەتیکردنی ئێمە لەناو هەندێ عەشیرەتی کوردا زۆر گەرم بوو. دیارە لەو ئاماژەکردنە دوولایەنییەدا تەنها مەبەستی شێخ مەحمود بووە. ئەو تەنانەت لە بەیانە دووقۆڵییەکەی هەردوو خاوەن شکۆ نیگەران بوو. لەسەر ئەوە دەڵێت:

کە ئەو بەیانە دەرچوو چووم بۆ کەرکوك لەوێ دەسەڵاتدار هەبوون، لایەك سەر بە شێخ مەحمود، وە لایەکیش سەر بە سمکۆو سەید تەهای شەمزینی بوو. شێخ عەبولکەریمی قادرکەرەم‌و بەگزادەی جاف‌و

[1] نوسەری کتێبی: کوردو تورك‌و عەرەب. لە ١٩٦٦دا، لە موحازەرەیەکیدا لە لەندەن لەسەر کێشەی کورد تێیدا بیرو بۆچوونە کۆنەکانی خۆی دووپات کردەوە.

هەندێ کوردی تر نامەیان بۆ ناردم کە پەیوەندییان بە شێخەوە نەماوە چونکە پێوەندیی لەگەڵ تورکەکاندا پەیداکردۆتەوە.

جموجۆڵی مێجەر نۆئیل، بەتایبەتی کە هەوڵی دەدا شێخ مەحمودو سمکۆو سەید تەها یەك بخات تا پێکەوە هاوکاربن، ئەمی زۆر نیگەران کردبوو، بەڵام شێخ مەحمود ئەوەی قەبووڵ نەکرد، ئەدمۆندزی زۆر خۆشحاڵ کردو گوتی:

ئەو قەبووڵ نەکردنە بۆ ئێمە سوودێکی زۆری هەبوو، بەخێرایی داوای کرد کە ئەو بەیانە دووقۆڵییەی بریتانیاو عیراق بکرێ بە کوردیو بنێررێ بۆ کوردە مامناوەندییەکان نەك بۆ شێخ مەحمود. هیچ گومانیش لەوەدا نەبوو کە ئەم هەنگاوە لە یاریی سیاسیو فڕوفێڵ زیاتر هیچ مەبەستی تری لێی نەبوو، بەتایبەتی هەر خۆی لەوەوبەر گلەیی خۆی دەبڕیو ڕەخنەی لەو کارە گرتبوو. بەکارهێنانی وشەی حکومەت بۆ کورد ئەدمۆندزی بێزارو نیگەران دەکرد.

کاتێك کە ئەم پشکنەری بەڕێوەبەرایەتیی بوو لە کەرکوك لەگەڵ (هێنری دوبس)و گەلێك ئەفسەری تری وەك بوکتونو فاکنسیدا لە ١٦ی فێبریوەریی ١٩٢٣دا کۆبوونەوەیەکی سازکرد، لەوێدا بڕیاریان دا کە داوا لە شێخ مەحمود بکەن تا بچێتە بەغدا، ئەگەر سەرپێچیی لەوەکرد، وا هێزی ئاسمانیی خۆپیشاندانێك لەسەر ئاسمانی سلێمانی بکات، بەیانی هەڕەشەو لابردنی شێخ مەحمود بڵاوبکاتەوە، ئینجا داوای لێ بکرێت کە لەماوەی پێنج ڕۆژدا شێخو ئەندامانی ئەنجومەنەکەی بچن بۆ بەغداد، ئەگەر ئەوەی قوبووڵ نەکرد وا شاری

سلێمانی بۆمباباران بکرێت. بۆ دوورخستنەوەی ئەگەری پێکهاتنی سمکۆ لەگەڵ شێخ مەحموددا، ئاگاداری سمکۆ کرا کە ئەمنستیی بۆ وەرگیراوەو دەتوانێت بگەڕێتەوە شوێنی خۆی.

کاتێک ئەدمۆندز پشکنەری بەڕێوەبەرێتیی کەرکوک بوو، لەگەڵ هێنری دوبس (ئەم لەدوای سێر پێرسی کۆکس کرا بە مەندوبی سامی لە بەغدا)و موقەدەم

WF.M.C. Mee.،W.F. Fakins e A.E. Bokton

کۆبووەو بڕیاریان دا کە داوا لە شێخ مەحمود بکرێ کە بێتە بەغدا. گەر نەهات وا هێزی ئاسمانیی خۆپیشاندانێ لەسەر ئاسمانی سلێمانی بکات، بەیانی هەڕەشەو لابردنی شێخ مەحمود لە حوکمداری بڵاوبکرێتەوەو داوای لێ بکرێ لەماوەی ٥ رۆژدا خۆیو هەموو ئەندامانی ئەنجومەنەکەی بچنە بەغدا. گەر قوبووڵی نەکرد شاری سلێمانی بوردومان بکرێ.

بۆ تێکدانی تەقەلای یەکخستنی بیروڕای شێخ مەحمودو (سمایلخانی سمکۆ) کە لەو سەردەمەدا هاتبوو بۆ سەردانی مەلیك مەحمود، کەوتنە هەوڵدان بۆ نەمانەوەی سمکۆ لە باشووری کوردستان. سەرەنجام ئاگاداری سمکۆیان کرد کە ئامنەستی (عەفوی) بۆ وەرگیراوەو بگەڕێتەوە.

بۆ کەم کردنەوەی رۆڵی سلێمانیو بچووککردنەوەی سەنگی مرۆڤییو پانتایی زەمینەکەی، قەزای چەمچەماڵ لە سلێمانی پچڕێنراو خرایە سەر کەرکوك، لەدواییدا لەسەر داخوازیی (عەبدولموحسین

ئەلسەعدون) هەردوو قەزای كۆیەو رانییەش لە سنووری سلێمانی دەرهێنراو یەكەم خرایە سەر كەركوك‌و دووەمیش خرایە سەر هەولێر.

دوای ئەوەی دەسەڵاتی شێخ مەحمود لە سلێمانی‌و هەندێك ناوچەی بچووكی دەوروبەری سنووردار كرا، ئینجا مەندوبی سامی كەوتە هەوڵدان بۆ دابڕینی شێخ‌و ئیدارەكەی لەلایەك، لەلایەكی تر بۆ رازی كردنی كە ئەگەر پەل بۆ دەوروپشت نەهاوێژێ وادەتوانێت بەو جۆرە بمێنێتەوە.

## مێجەر سۆن

لەگەڵ رێبازی یەكەم، كردەوە خراپەكانی لە سلێمانی جگە لە هەڵوێستی لە شێخ‌و حوكمدارییەكەی، لەهەمان كاتدا خزمەتی مێژوو و زمانی كوردی كردووە.

١- ساڵی ١٩٠٩، رابەرێكی دەربارەی باشووری كوردستان نووسی، دەركەوت كە زۆر وردەو زانیارییەكانی تا ئەوپەری راستی راستن.

٢- كە خۆی حاكمی سلێمانی بوو، بڕیارپیاری دا لە دامودەزگاكانی سلێمانیدا زمانی كوردی بەكاربێت، بۆیە ئەلفوبێی كوردیی چاپ كردو خۆی سەرپەرشتیی فێرگەكانی ئەكردو هانی نووسەرو شاعیرانی كوردی ئەداو خەڵاتی ئەكردن بۆ ئەوەی بە كوردی پەتی بنووسن.

٣- چەند كتێبێكی بەنرخی دەربارەی زمانەوانی‌و دەنگزانی‌و رێزمانی كوردی دیالێكتەكانی زمانی كوردی دانا، لە سالانی ١٩٠٩، ١٩١٢، ١٩١٣، ١٩١٩، ١٩٢٢دا چاپی كردن.

## دەزگای ئیستیخبارات و سەرکردەی سوپای بریتانیا لە میزۆپۆتامیا "جەنراڵ هاڵدن"

هەر لەسەرەتاوە بەڕێوەبەری ئەو دەزگایە لە بەغدا گومان و نادڵنیبیایی خۆی بەرامبەر شێخ مەحمود دەربڕیوە. لەو رووەوە دەیگوت:

فایل و مێژووی شێخ مەحمود لە سەردەمی تورکەکاندا جێگەی دڵنیایی نییە، چونکە بەردەوام لە شۆڕشدا بووە لەدژی تورکەکان، بۆیە دانانی بە حوکمداری کوردستان و لەبەرئەوەی خاوەن دەسەڵات و هێزیشە زووترو زیاتر بەرزدەبێتەوە.

سەیر ئەوەیە یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی زۆر لە ئەفسەرو لێپرسراوانی ناو ئەم بەرەیە کە کردبوویان بە بنەمایەکی تیۆرییەکان بۆ لاوازکردنی شێخ مەحمودو لابردنی، ئەو بۆچوونەیان بوو کە گوایا لە تورکەکانەوە نزیکەو ئایین رۆڵی گرنگ لەژیانی سیاسییدا دەبینێت. بنەما تیۆرییەکانی ئەم لەم بۆچوونانەدا خۆی دەنوێنن:

ئەرکی بریتانییەکان بوو بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی باشوور لەژێر سەرپەرشتیی بریتانیادا. بەلام بەهۆی: دواکەوتوویی و گەشەنەکردنی وڵات، خراپیی رێگەوبان، جیاوازیی هۆزەکان، بریتانیا ناچار بوو لە بنکەی جۆربەجۆرەوە کار بکات. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم دەزگایەو لێپرسراوەکەی ئەو بۆچوونانەی کردبووە هۆی رێگەگرتن لە دامەزراندنی دەوڵەت بۆ کورد.. لەهەمان کاتدا چاوی لە لایەنە باشەکانی کورد نەنوقاندووە. ئەو دەیگوت:

سـەرباری بـوونی نـاکۆکی لـەنێوان هۆزەکانـدا، بـەڵام شـانازی بـە ئەسڵی خۆیانەوە دەکەن، بەدرێژایی سەدەکان کەسایەتیی نەتـەوەیی و داب و نـەریتی خویـان پاراسـتووە، کـە ئـەوەش بەڵگـەی بوونیانـە، بۆیـە پاشەڕۆژیان وەك نەتەوە، لەبەردەمدایە، هەرچەندە ئەوانە نەتەوەن بەڵام نەتەوەیەکی بێ سەرکردەن. لەکاتی ئێستادا ناتوانن پیادەی ئۆتۆنۆمی بکەن، خوێندن لە وڵاتدا نییە، سەرکردەی خێڵەکان لە دەری سنووری خێڵەکانیان هیچ باری سەرنجێکی تریان نییە.

پوختەی نەخشەکەی بۆ ئەو قۆناغەی ژیانی سیاسیی کورد لـەوەدا دیـار کرابـوو کـە: هـەر سـەرکردەیەك بکرێ بـە حـاکمی ناوچـەکەی، بـە حـاکمی دەوڵەتۆکەیـەك، دەبـێ هـان بـدرێن کـە چـاو لـە عیراق بکـەن تـا لـەوەوە فێـر ببن و ئامۆژگاری بکرێن. تـا لەپاشـەڕۆژدا بەڕێوەبەرایـەتیی خۆیان ببێ.

درێــژەی ئــەو راوبۆچــوونانەی بەڕێوەبــەری دەزگــای زانیــاریی سەربازیی بریتانیا لە بەغدا لـەو دۆکومێنتـە گرنگەدایـە کـە کـاتی خـۆی بـە یاداشـتێ بـۆ وەکیلـی وەزارەتـی دەرەوەی نـاردووە (٣ دیسـەمبەری ١٩١٨). بەرامبــەر بــە حوکمــداریی شــێخ مــەحمود رای وا بــوو کــە: حکومــەتێکی نــاوخۆیی پــێ دابمــەزرێنرێ وە نــەهێلرێ نفــوزو دەسەڵاتەکەی و سنووری هێزی لەوە زیاتر بێت. مەبەسـتی ئـەوەبوو کـە لە سنووری سلێمانی تێپەڕ نەبێت. ئەو دەیگوت ئەو کارەیان بە هێزو داگیردنی سەربازیی بکرێ وەیان بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرێتی خۆیی و دانانی حوکمێ بۆ هەر ناوچەیەك.

بۆ زیاتر ڕوونـاکی خستنەسەر بیرو بۆچوونەکانی ئەو دەزگایە، باشتر وایە ئەو یاداشتەی دەزگای ئیستخیباراتی بریتانیا لە بەغدا کە لە سێپتەمبەری ١٩١٩دا لەژێر سەرباسی: "کورتەی کاروباری کوردستانی باشوور لەکاتی جەنگی گەورەدا" نوسیویێتی، بخەینە پێش چاو، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو یاداشتە دوورودرێژە، بۆیە لێرەدا پوختەکەی تۆمار دەکەین:

ئەو گومانەی کەوتبووە ناو دەزگا ڕەسمییەکانی بریتانیا لە دیسەمبەری ١٩١٨دا لەسەر سوودی دانانی شێخ مەحمودی بەرزنجی بە حاکمی کوردستان، لەلایەن بریتانیاوە، زۆربوون و گەورەبوونی دەسەڵات و هەیبەتی، چونکە فایل و مێژووی لە سەردەمی تورکدا مایەی باوەڕ نییە، لەبەرئەوەی کە بەردەوام لە شۆڕشدا بووە لەدژی حوکمی تورك. بە چاوپۆشین لە ڕابوردوو، مەسەلەی گرنگ کە ئێستاکە ڕووبەڕووی بریتانیا بۆتەوە مەسەلەی سیاسەتی عەمەلییە. چونکە شێخ مەحمود تائێستا هەیەو دەسەڵاتەکەی بەشێوەیەکی زۆرو گەورەتر لە ڕابوردوو دەبێ... تاد.

www.zheen.org

لەباری سیاسییەوە زۆر گرنگ بوو کە هێمنی و باری گشتی و (نیزام) بپارێزرێ و خۆ لە بەکارهێنانی هێز لابدرێ. ئەرکی بریتانییەکان خراپی وڵات و ڕێگەوبان و جیاوازیی هۆزو عەشیرەتەکان بوو، بۆیە بریتانییەکان ناچار بوون لە چەند بنکەیەکەوە کارو کۆشش بکەن تا نیزامێکی یەکگرتوو دابنێن و کارو گونجاندنی بۆ تێکەڵکردن دوابخرێ و بە مەبەستی بەڕێوەبەرایەتییەکی ئایینـدەیی. بە ئاشکرا

پێویستی دەکرد هاووڵاتیی کورد هان بدرێ کە سەرنج لە عیراق بدات بۆ فێربوونو ڕێنماییکردن. ئەمەش بێ هیچ مشتومڕێ هەر هەوڵێك بوو بۆ بەستنەوەی کوردەکان بە دەوڵەتێکی عەرەبییەوە کارێکی نامەقبوول بوو لای زۆر خەڵك بەتایبەتی کوردە ناسیۆنالیستە توندڕەوەکان، دیسان لای هۆزەکانی کورد، تەنها ڕووناکبیرە پێشڕەوەکانی کورد وایان دەبینی کە بەستنەوە بە بەغداوە تەنها ڕێگەی پێشکەوتنی مادیو گەشەکردنە بۆ بنچینەی ڕاستەقینەی حوکمێکی زاتی ڕێکبکەون. زۆر زەحمەتە بزانرێ چۆن جووڵانەوەی نەتەوایەتیی ڕزگاریخواز پەیدا بووەو تا چەند بەرهەمی دروستکراوی تەماعی شەخسیی سەرکردەکانی کوردە کەوا دادەنێن کە حوکمی زاتی هەوڵێکی بێوێنەیە بۆ بەدیهێنانی دەستکەوتە شەخسییەکان. هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەو جووڵانەوەیە لەسلێمانی زۆر بەهێز بووەو حکومەتی بریتانیا بیری سەرکردایەتی جووڵانەوەی دەخستەوە کە ئەگەر بە وەرگرتنی لێپرسراوەتیی کوردستان ڕازی بن وا ئەوە هەر لەسەر بنچینەیەك دەبێ کە گەلی کوردستانو سەرکردەکانی کە هەڵیان دەبژێرن بەپێی ڕێکخراوەییو پرەنسیپە نیزام پارێزەکانیو بەڕێوەبەرایەتییەکی عەدالەت بن، بۆ مسۆگەرکردنی پێشکەوتنو گەشەکردن بکرێ. لەلایەکی ترەوە پەیوەندیی بەبەغداوە، لۆجیکی جوگرافیی دەیسەپێنێ، ئاسایی مامەڵەی ڕۆژانە پێویستی دەکات، بۆ خەڵك ڕوونکرایەوە کە فەرمانبەرو کەسانی ئیدارە تا بتوانرێ کورد دەبن، کوردیی، زمانی ڕەسمی حکومەتی ناوچەیی کورد دەبێو دەبێ

عەشیرەتەکانیش ڕێزی یاساو نەریتی دانراو بگرنو ڕێگە بە سەرەك عەشیرەتەکان دەدرێ کە بەردەوام دەبن لە بەڕێوەبردنی عەشیرەتو کاروبارەکانیان. بەڵام بۆ مەسەلەی ئابوورییان بودجەیەکی هەرێمیی دەبێ باجی بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکەو گەشەکردنی وڵات دادەنرێ بەڵام هاوبەشییەکیش لە دانی خەرجی بەڕێوەبردن بۆ حکومەتی داییك لە بەغدا دەکرێ... تاد.

دەسەڵاتداریی بریتانیا، ددانی بە شێخ مەحمودو هەروەها بەگەلی کورددا ناوەو هیچ نییەتێکی سەپاندنی حوکم-ی بەسەر خەڵکدا کەبەوە ڕازی نین نییە، هەرچەندە هەڵەی کردووەو خۆی لە کاروبارو مەسەلەکانی دەری سنووری ناوچەکەی، کە بۆی دانراوە، گلاندووە کە خۆی ناوناوە حوکمداری هەموو کوردستانو کۆمەڵێك خەڵکی دەرەوە هانی دەدەن دەست بخاتە ناو کاروباری دەری کوردستانی باشوور بەڵام بۆ ئەو کاتە نرخێکی سیاسیی گەورەی هەبووەو تەنها لەچوار کەس یەك کەس بە حوکمەکەی ڕازی بوو... تاد.

ئینجا یادداشتەکە باس لە هەڵوێستی سیاسیی جوونی ١٩١٩ دەکاتو نووسراوە:

زۆر زەحمەتە مەزەنەیەکی وردو عادیلانەی هەڵوێستی سیاسیی لە باکوورو ناوەڕاستی کوردستاندا لەو ماوەیەدا بکرێ، بەهۆی پڕوپاگەندەی دژ بەیەكو دژە نائارامییو تێکچوونی نیزامو باری گشتیی...، کە هەمووی بەگشتی ڕاستی هەستی کوردی شێواندبوو کە بەشێوەیەکی ڕوون دەریان نەخستبوو ... تاد.

"دواییتر یادداشتەکە باسی هەڵوێستی کورد دەکات کە زیاتر لەبەر تیشکی راپۆرتێکی "مێجەر نۆئیل"ە کە لە شوێنی خۆیدا روونی دەکەینەوە.

دوا تر باسی راپەڕینەکەی شێخ مەحمود دەکات کە دوای ئەوەی کەرکوك‌و کفری کەوتنە ژێر دەسەڵاتی، چۆن بوو بە هەڕەشەو مەترسی، کە لەژێر دەستیشی دەرهێنران، بە ناوچەکەی رازی نەدەبوو، دەیویست قەڵەمڕەوەکەی فراوان بکات، بە پلەی حوکمداری کوردستانی باشوور رازیی نەدەبوو، بەردەوام هەوڵی دەدا بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی بەسەر عەشیرەتە دوورەکانیش لە هەولێرو بەشەکانی تر کە سەر بە لیوای موسڵ بوون، بەردەوام پێوەندیی لەگەڵ مەڵبەندە دژەکان‌و بێگانە لە شرناخ هەبووە.

کورت‌و پوخت: هەنگاو لەدوای هەنگاو، ئەم تاقمە ئەفسەرە سیاسییەی ناو ئەم رێبازە دەستکەوتە سیاسی‌و ئیداری ئابووری‌و پێناسە نێو نەتەوەییەکانی کوردیان بچووك‌و بچووکتر دەکردەوە، لەڕووی سەربازییشەوە بەهەمان شێوە، ریزەکانی کوردو تەبایی نێو تیرەو هۆزەکانیان تێك دەدا، دڵساردو تۆراوو خۆپەرست‌و ناحەزانی شێخ مەحمودیان دڵ دەدایەوەو ژێربەژێر لەدژیشی دەوەستان. بۆ ئەوەی زەمینەی ئابووری‌و سنووری جوغرافیی گونجاو بۆ دەوڵەتە نوێیەکەی عیراقیش بڕەخسێنرێت، بۆردی حسابی بۆ شارو شارۆچکەو ناوچە هەستیارەکان دەکرد بەو جۆرەی کە لەگەڵ سنووری وڵاتی

فارس یەکبگرێتەوە. هەوڵی ئەدا کە هەر لە سلێمانیو هەڵەبجە وپێنجوین-یشەوە تا زاخۆ بکەوێتە ناو سنووری ئەم دەوڵەتە نوێیەوە.

دانانی مێجەرسۆن بە حاکمی سیاسی بریتانیا لە سلێمانی، لە جێی مێجەرنۆئیل، دوو دیاردەی زەقی خوڵقاند کە هەردووکیان بۆ کوردو بۆ ئینگلیزەکان خۆشیان لە مەودای دوورو نزیکیشدا زۆر خراپ بوون: بێزاریی خەڵکی سلێمانی نەك هەر لە رووخاندنی دەوڵەتەکەیان، بەڵکو لە کردارەکانی سۆنیش کە بەتالانکردنی ماڵو موڵکی شێخ دەستی پێ کرد، کەوتە سووکایەتیکردن بەو کەسانەی کە سەر بەشێخو لایەنگری سەربەخۆیی کوردستان بوون، مەرکەزی قەزای شاربازێری لە سیتەك گواستەوە بۆ چوارتا، مەرکەزی ناحیەی سرۆچکی لەگێڵدەرەوە گواستەوە بۆ بەرزنجەو خانوەکەی شێخ مەحمود کرا بە جێگەی ئەو سوارانەی لەگەڵ مودیری ناحیەی تازەدا بوون (ئەورەحماناغا) کەوتە هاندانی تیرەو هۆزو بنەماڵەکان لە شێخو دەستو دایەرەکەی. تا ئەوانە دژەکردارێکی وایان لای خەڵکی شارەکە خوڵقاند کە هەم دژایەتیی ئینگلیزەکانیان لا زیاد بکاتو هەم لایەنگرانی تورك پەرەبسێننو هەوڵی هێنانەوەیان بدەن. بۆ کەم کردنەوەی دەسەڵاتو قەڵەمڕەوی دەوڵەتەکەی لە سێیەم پلەی حوکمداریی (دووەم پلەی مەلیکایەتیی) شێخ مەحمود، دەسەڵاتدارانی ئینگلیز لە بەرەی ئارنۆڵد وێڵسۆنو سێر پێرسی کۆکس کەوتنە ئاڵوگۆڕ لە ناوچەی بەڕێوەبەرێتیی لیواو قەزاکانی کوردستان. بۆ نموونە: هەولێریان لە کەرکوك جیاکردەوەو کردیان بەلیوایەکی

تایبەتیی، بۆ بچووككردنەوەی سنووری لیوای سلێمانی بڕیاریان دا كە چەند قەزایەك لە سنوورەكەی دەربهێنن و بە لیوای هەولێرو كەركوكەوە ببەسترێنەوە بۆ نموونە:

بڕیار بوو كە قەزای كۆیە بخرێتە سەر سلێمانی و لەناو سنووری حوكمدارییەكەی كوردستاندا بێت، لەبری ئەوە خرایە سەر هەولێر. دوای ئەوەی سەرجەمی راو بۆچوونەكانی لێپرسراوانی ئەم رێبازە جێگیركرا، جێگە بە ئەفسەرانی ترو بیرو بۆچوونەكانیان لێژ كراو لەو مەیداندا كرانە دەرەوە. دوای ئەوەی مەسەلەی دانەمەزراندنی دەوڵەت بۆ كورد لەئارادا نەما، دەوڵەتی عیراق لە باشووری كوردستان و میزۆپۆتامیا دامەزرا، مەلیك و دەستووروو ئالاو حكومەتی بۆ داتاشرا. هاتنە سەر بەربەرەكانیكردنی پێكەوەنانی حكومەتێكی ناوخۆ لەناو چوارچێوەی ئەو عیراقە تازە خوڵقێنراوەدا، هەرچەندە حكومەتی خاوەن شكۆی بریتانیا و حكومەتی عیراق بە ڕەسمی و بەئاشكرا ئەوەیان لە بەیانێكی دوو قۆڵیدا بڵاوكردەوەو دەقەكەشیان بۆ كۆمەڵی نەتەوەكان نارد كە بەم جۆرە بوو:

"حكومەتی خاوەن شكۆی بریتانیا و حكومەتی عیراق ددان بەمافی ئەو كوردانەدا دەنێن كەلەسنوورەكانی عیراقدان بۆ ئەوەی حكومەتێكی كوردی پێك بهێنن و ئومێدەوارن ئەو سەركردانە بەزووترین كات لەناو خۆیانا لەسەر شێوەی ئەو حكومەتە رێك بكەون كە دەویسترێ دروست بكرێ و دەست نیشانی سنوور بكەن و نوێنەری دەسەڵات پێدراو بنێرن بۆ بەغداد بۆ ئەوەی دەست بكەن بە گفتوگۆ دەربارەی پەیوەندیی

ئابووریی لەگەڵ حکومەتی خاوەن شکۆی بریتانیا و حکومەتی عیراقدا دوای پێشێلکردنی ئەو پەیمان و بەڵێنانەیش، لە پلەی سێیەمدا لێپرسراوانی سەر ئەم رێبازە کەوتنە دژایەتیکردنی هەموو داوایەکی تری ئاسایی. بۆیە شتێکی نامۆ نەبوو، کە ئاڵۆزییەکان زیاد بێت، دوای بۆمبارانکردنی شاری سلێمانی حوکمداریی پلەی دووەمیش بڕوخێنرێت، شێخ و پێشمەرگەکانی رووبکەنەوە شاخ، پلەیەکی تر لە خەباتی چەکداریی دەست پێ بکات.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## ڕێبازی دووەم

### ڕێبازی لێکۆڵینەوەو چاوەڕوانیی یان ڕێبازی مامناوەنجی

لەنێوان ئەو دوو ڕێبازە ناسازو ناکۆکو دژبەیەکەدا، ڕێبازێکی تر هەبوو کە جەختی لەسەر وەرنەگرتنی بڕیاری کۆنکرێتیی و بە پەلە دەکرد، داوای چاوەڕوانیو لێکۆڵینەوەی سەرجەمی لایەنەکانی هاوپێوەند بە کێشەکانەوەی دەکرد، تا دیاردەکانو هەڵوێستی کورد زیاتر روون دەبنەوە، تا بە هێمنیو لەسەرخۆ بڕیاری دروست دەدرێت کە جووت بێت لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئیمپراتۆرێتیی بریتانیاداو بۆ ئەوەی زیانی چاوەڕوانکراو لە هێزو نەخشەو بەرژەوەندییەکان بدرێت.

هاوبەشانی ناو ئەو ڕێبازە، هەرچەندە گەورە بەرپرس و دەزگا سەرەکییەکانی بریتانیا بوون لە لەندەنو لە هەردوو قوتابخانەی هیند، کە زیاتر بە حکومەتی هیند ناودەبرا، هەڵوێستەکەی ئەمانیش ئەوە دەردەخەن کە خاوەنی یەک نەخشەو یەك بەرنامە نەبوون، بڕیارێکی کۆنکرێتیو لێکۆڵراوە لەئارادا نەبووە. هەڵوێستو راو بۆچوونەکان لەدایکبووی وەخت یان وەڵامی پرسی ئەفسەرە مەیدانییەکان بوون.

هەرچەندە سەرچاوەی بڕیاری سیاسیو ئابووریو سەربازیو یاسایی دەوڵەتیی لەناو ئەم ڕێبازەدا بوون، لەگەڵ ئەوانەشدا لەو

سەرەتایانەدا هیچ بڕیارێکی روون و کۆنکرێتیی کە نەخشەیەکی کاری مەیدانیی لێوە دابڕێژرێت لەئارادا نەبوو.. بڕیارو راسپاردەو راو بۆچوونەکان زیاتر لەدوای سەردەرهێنانی کێشەیەك، روداوێك و مشتومڕ لەسەریان دەهێنرانە ئاراوە. یان لە ناچاربوونی ئەفسەرانی گۆڕەپانەکە بۆ گەڕانەوە بۆ راو هەڵوێستی پایتەخت بۆ لابەلاکردنی را ناکۆك بەیەکەکان، لەبەر پێکنەهاتنی خاوەن را جیاجیاکان لەسەر بڕیارو چارەسەرێك، دە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی بڕیار لە پایتەخت بۆ جۆری هەڵوێست وەرگرتن.

زیاتریش لەوانە بەرپرسە سەرەکییەکانی دەزگا بڕیاربەدەستەکانی ئەم رێبازە لەگەڵ کۆکردنەوەی زانیاریی زیاترو تێگەیشتنێکی باشتر خەریك بوون، بۆیە جەختیان لەسەر ئەوانەو لەسەر چاوەڕوانیی دەکرد. تا هەر بڕیارێك دەدرێت، دروست و بەسوود بێت، ناچاری پێداچوونەوەو هەڵوەشان و پاشگەزبوونەوەو وەرچەرخانی دژ بە سیاسەت و بەرژەوەندییەکان نەبن. لە لێکۆڵینەوەی دۆکومێنت و بەڵگەنامەکان لەسەر ئەم لایەنە، ئەوەی کە زیاتر سەرنج رادەکێشێت، شان بەشانی لایەنی نێگەتیڤ و ناحەزو نەگونجاو لەگەڵ خواستەکانی کورددا، بوونی گەلێك لایەنی گرنگ و پۆزەتیڤە لە هەڵویستەکان کە بەگشتیی ئەگەر لە بەرژەوەندیی کوردیش نەبووبن وا راستەوخۆ لەدژی نەبوون. ئەگەر لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتیش بۆ کورد نەبووبن وا لەدژیی هەندێك مافی نەتەوەیی یان نیشتمانیی نەبوون. بگرە داوای مسۆگەرکردنیشیان دەکرد.

بۆیه ئەگەر سەرکردایەتییەکی تێگەییو لەو سیاسەتو هەڵوێستانە، لە پەیوەندیو گفتوگۆو مشتومڕو سازانو داشکان لەئارادا بووایە، وادوور نەبوو لە سەرەنجامدا زۆر لە خاوەنانی راوبۆچوونەکانی ئەم رێبازە تێکەڵ بە لێپرسراوانی رێبازی سێیەم نەبوونایە، یان هەر هیچ نەبێت داڕشتنی سیاسەتو ستراتیجەکە لەسەرەنجامدا بەو جۆرە لەدژی کورد نەبایە. کارێکی ئاسان نییە لە باسێکی واکورتدا رووناکیی بخرێتە سەر هەموو ئەو نامەو بروسکەو بڕیارو پرۆتۆکۆڵی کۆبوونەوەو کۆنگرانە کە هەڵوێستو راوبۆچوونەکانی بەرپرس و دەزگا دەوڵەتییەکانی ئەم بەرەیە روونو ئاشکرا دەکەن. بۆیە کورتو پوخت ئاماژە بۆ کەسایەتییە سەرەکییو دەزگا دەوڵەتییەکان دەکەین.. بەتایبەتی:

- سەرەك وەزیرانی بریتانیا، لوید جۆرج (١٨٦٣-١٩٤٤)، لە سەرەتاوە تاساڵی ١٩٩٢.

- وەزیری هێزی دەریا، لە ١٩٢١یشەوە وەزیری کۆلۆنییەکان (سیر ونستۆن چەرچڵ) هەڵوێستی پۆزەتیڤانەی لە پلەکانی سەرەتادا. بەپێچەوانەشەوە دوای سەقامگیربوونی راو هەڵوێستو نەخشەی لێپرسراوانی یەکەم.

- وەزیری دەرەوە، مارك سایکس.

- حکومەتی هیند (وەزارەت یان دایەرەی هیند).

- بەشێکی بڕیارو راسپاردەکانی کۆنگرەی قاهیرەو لایەنێکی ئەنجامەکانی (١٢-٣ مارسی ١٩٢١).

پوختەی بۆچوون و راسپاردەو ڕاکانی لوید جۆرج لەم چەند خاڵەدا کۆدەبوونەوە:

- مەسەلەی سیاسەتمان بەرامبەر بە کوردستان بەگشتیی لەژێر لێکۆڵینەوەدایە.
- ناهێلرێت دەسەلاتی تورك بگەڕێتەوە بۆ باشووری کوردستان.
- ئامادە نین کە کوردستان ببێتە منداتێکی ئێمە.
- هیچ جۆرە بەرپرسییەکی بەڕێوەبردنی کوردستان قەبووڵ ناکەین.
- ئەگەر کورد ویستی لە تورك سەرفرازببێت وایارمەتییان دەدەین.

## سیر ونستۆن چەرچلو راوبۆچوونەکانی سەرەتا

دوای ئەوەی چەرچڵ وەزارەتی کۆلۆنییەکان وەردەگرێت ئیتر رۆڵی گرنگی بینیوە لە داڕشتنی سیاسەتی بریتانیا بەرامبەر کۆلۆنییەکان، ئەم کۆبوونەوەکانی کۆنگرەی قاهیرەی بەڕێوەبرد، بۆیە باشتر وایە رووناکیی زیاتر بخەینە سەر ئەو سووچانەی کە قسەو راسپاردەو بروسکەو نامەو راوبۆچوونەکان، بۆچوون و راکانی ئەم، یەکالا دەکەنەوەو باشتر لە سیاسەتە رەسمییەکانی بریتانیا لەو پلەیەدا دەگەین و دەتوانین لێکدانەوەی بابەتییانەی هەڵوێستەکان و نرخاندنیان بکەین. کە تەواو پێچەوانەی راو هەڵوێستەکانێتی لەدوای ئەم پلەیە.

چەرچڵ وەزارتەکەی، لەسەرەتادا هەوڵیان داوە کە لەسەرخۆو بێ پەلەکردن، لێکۆڵینەوە لەسەر کوردو چارەنووسەکەی بکرێت، هەمیشە

هـــانی لێپرســـراوه مەیدانییـــەکانی داوه کـــە بڕیـــاری کـــۆنکرێتیو ساغکەرەوە وەرنـەگرن، بـۆ ئـەوەی لـە سـەرەنجامدا بڕیـارێکی گونجـاو لەسەر چارەنووسی کورد بدرێت.

دەتوانین هەڵوێستو بۆچوونەکانی چەرچڵو وەزارتەکەی بکەین بە دوو پلەوە:

- **پلەی یەکەم:** کە زیـاتر هەڵوێستو راسپاردەی باشو پۆزەتیڤو نزیـك لـە بەرژەوەندییـەکانی کـوردەوە بـوون. کـە ئەمـەش سـەردەمی سەرەتای مامەڵەی راستەوخۆی سیاسەتی ئینگلیزو کورد بوو.

- **پلـــەی دووەم:** دوای ئـەوەی ناکۆکییـەکان زیـاتر دەبـوونو هەنـدێ جـــار دەتەقینـــەوەو دژ بـــەبوونو بەرژەوەندییـــەکانی بریتانیـــا بەڕێوەدەبران، ئیتر هەڵوێستەکان لەگەڵ راوکارو بۆچوونەکانی رێبازی یەکەم یەکیان دەگرتەوەو لەدژی کورد ئاڕاستە دەکرا.

لـە نامـەکانی سـەرەتادا، ئارەزووی دژایەتییـەکی بـە نەخشـەی تێـدا بەدیی نەدەکرا، بگرە لە زۆر رووەوە سوودیان بۆ کورد هەبووە. لەوەش گـرنگتر ئـەوەبوو کـە هـەوڵی داوە لـە ناحـەزیو توندوتیـژیی بەرپرسـە کاربەدەستە مەیدانییەکان کەم بکاتـەوە. ناحـەز بوو بـە تـەماعی عەرەبـە توندڕەوەکان هـەوڵی خۆسـەپاندو داگیرکردنی کوردستانی باشووریان دەدا، هەوڵی ئەدا کە بۆچـوونو راکـانی خـۆی بکاتـە ئامانجیـانو تێیـان بگەیـەنێت کـە کـاری لەسـەر بکـەن. لـە یـەکێك لـە نامەکانیـدا بـۆ سـێر پێرسی کۆکس مەندوبی سامیی بریتانیا لە بەغدا، پوختـەو کورتـەی راسپاردەو بۆچوونەکانی خۆی بەم جۆرە بۆ ناوبراو دەردەخات:

**حەز ناکەم لەم ماوە کورتەدا فۆرمەلەی (شێوگی) سیاسەتێکی دیارو سنووردار بکەم چونکە لەدواییدا گریمانی گۆڕان دێتە ئاراوە.**

**(نابێت نفوزو دەسەڵاتی حکومەتی عیراق بۆ ناوچە ناعەرەبییەکان درێژ ببێتەوە.**

**(لە سەرەتادا لەسەر جۆری مامەڵە لەگەڵ کوردستانی باشوور بۆ پێکهێنانی قەوارەو بەڕێوەبەرایەتییەك، ئەم سنوورو ناوچانەی دیاری کرد:**

**- ناوچەی سەرووی رۆژئاوای زێی گەورە. ئەفسەرێك یان راوێژکارێکی ئینگلیز دەست بەسەر لیوای باکووری موسڵدا بگرێت.**

**- کەرکوك.**

**- سلێمانی بە پێوەلکاندنی ناوەڕاستی دیالەو باکووری قزل ڕەبات کە موتەسەریف بۆ دووەم و سێیەم لەگەڵ راوێژکاری ئینگلیزدا دابنرێن.**

**هەریەکە لەو سێ بەشانە ئازادیی ئەوەیان هەبێت کە سەربەخۆ بمێننەوە یان بچنە ناو یەکێتییەك کە پێکی دەهێنن بۆ ئەوەی ویلایەتی کوردستانی باشوور دابمەزرێت. ئینجا دەڵێت:**

**من بەتوندی بەلای ئەوەدا دەچم کە بەپێی ئەو زانیارییانەی لەبەردەممدان، ئەوە دروستترین چارەسەرێ بێت.[1] هەر لەونامەیەیدا بە ڕوونیی هێڵی سنوری حکومەتە عەرەبییەکەی میزۆپۆتامیا لەگەڵ ناوچە ناعەرەبییەکاندا دەستنیشان دەکات.**

---

[1] 6346 F 0371I ،24 june 1921 - **بڕوانە د. ولید حمدی، سەرچاوەی ناوبراو ل ١٢٤- ١٢٦.**

**- دیسان بڕوانە م.ڕ هاوار، سەرچاوەی ناوبراو ل٧٥-٨٠.**



www.zheen.org

ئینجا دەڵێت: لە مێشکمدا بیرو وێنەی دامەزراندنی دەوڵەتێك هەیە کە تامپۆن (جیاکەرەوە) بێ لەنێوان عیراق و تورکیەدا، ئەم دەوڵەتەش لەو رەگەزانە پێك دێت کە عەرەب نین. ئەم ڕای وابوو کە شارەکانی هەولێرو کفری و کەرکوك بەتەواوی کورد نەبن. ئیتر بەدرێژیی باسی سنوورو ناوچەو شارەکانیش دەکات و داوا دەکات کە بایەخی تەواو بەو ڕایانە بدرێت و بەشێوەیەکی ناڕەسمیی لەگەڵ فەیسەڵ باس بکرێن.

لە کۆنگرەی قاهیرەدا (١٢- ٣٠ی مارسی ١٩٢١) کە بە سەرۆکایەتی چەرچڵ بەسترا، لە گفتوگۆ لەسەر کوردو جۆری چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی، مشتومڕ لەسەر دوو ڕای جیاوازکرا:

**یەکەمیان:** لەگەڵ کوردو دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بوو. کورتەی ڕاوبۆچوونەکان بەم جۆرە بوون:

کورد هان بدرێت بۆ جیابوونەوە. یەکێك لە لیژنە گرنگەکان کە بەم جۆرە پێکهێنرا بوو:

چەرچڵ، سێر پێرسی کۆکس، کۆلۆنێل وێلسۆن، مێجەر یۆنگ و مێجەر نۆئێل بوون لەبەر تیشکی برگەکانی پەیمانی سیڤەر وای پێشنیاز کردو کە کوردستان نەخرێتە ژێر دەسەڵاتی عیراقەوە.[٢]

**دووەمیان:** لەدژی دامەزراندنی دوڵەت بوون بۆ کورد، لەگەڵ بەستنەوەی باشووری کوردستان بوون بە میزۆپۆتامیاوە بۆ دامەزراندنی وڵات و دەوڵەتی عیراق.

---

[٢] دۆکومێنتی ژمارە (C.O.935) ساڵی ١٩٢١.

له کۆبوونەوەکانی ئەو کۆنگرەیەو له پەراوێزیشیاندا چەرچڵ دەیگوت:

"پێویسته سیاسەتی بریتانیا هیواو ئاواتی گەلی کورد پشت گوێ نەخات، بەڵکو لەبەر چاوی بێتو حسابی بۆ بکات، پێویسته هەردوولا (باشووری کوردستانو میزۆپۆتامیا) بە دوو شێوەی جیاواز بەڕێوەببرێنو هەوڵ بدرێت بەشێنەیی لەیەك نزیك بکرێنەوە.[1]

دیسان چەرچڵ له تەلەگرامێکدا بۆ سێر پێرسی کۆکس، دوای ئەوەی باسی راکانی کۆنگرەی قاهیرەو هەست کردن بەوە کە مەندوبی سامی چارەسەرێکی مامناوەندیی دیوەتەوە دەڵێت: "بەلای منەوە واباشه کەرکوك له عیراق جیابکرێتەوە.

دەربارەی پێشنیازێکی مەندوبی سامی دەڵێت: دەربارەی ئەو پێشنیازەی باستان کردبوو من لەوانەدا لەگەڵتا نیم، چونکه ئێمه دەمانەوێ ناوچەیەکی غەیری عەرەب لەنێوان تورکیاو عەرەبی میزۆپۆتامیادا هەبێت.[2]

زیاتر لەوانە، ئەوەی لەو تەلەگرامەدا سەرنج رادەکێشێت، ئاماژەکردنی چەرچڵه بە هەڵوێستی مێجەرسۆنو لۆنگریك.هەر لەو تەلەگرامەیدا چەرچڵ دەڵێت: ئێمە ئەمانەوێ حکومەتێکی تەواو له میزۆپۆتامیادا دروست بکەین بەڵام ئەمەش واناگەیەنێت کە ئەو حکوومەتە دروستکراوە پەل بۆ ئەو شوێنو ناوچانە بهاوێژێ کە عەرەب نین.

---

[1] هاوار، سەرچاوەی ناوبراو، ب٢، ل٧٣-٧٩.

[2] (F.O. 371?-6346) م. ر هاوار، هەمان سەرچاوە، ل١٣٨-١٤١.

شارەکانی هەولێرو کفری و کەرکوك بە هیچ جۆرێك عەرەب نین یا هەمووشیان کوردی تەواو نەبن.

بۆیە دەبێ هێزەکان لەو ناوچانەدا لەژێر فەرماندەی ئەفسەرەکانی بریتانیادا بن نەك عەرەب. هەرچەندە لە جێگەیەکی تردا ئەڵێت ئەو سێ شارە بەتەواوی کوردنشین نین، لەوەشدا پێدەچێت مەبەستی کەمینەی تورکمان و ئاسورییەکان بووبێت.

ئێمە وەك دەوڵەتێکی خوازراو (ماندات) پێویستە لەسەرمان ئەو ناوچانەی کورد بپارێزین.

لەناو قسەکانیدا لە کۆنگرەی قاهیرەدا چەرچڵ گوتبووی:

من واهەست دەکەم کە لە سیاسەتی بریتانیادا لایەنگرییەکی ئاشکرا هەیە بۆ عەرەب کە نابێ ئەو لایەنگرییە ئەنجامەکەی بەوە بگات کە مافی کورد پشت گوێ بخرێت، بۆیە واباشە دوو ئیدارەی کوردی لە ناوچەی سلێمانی و کەرکوکدا پێکبهێنرێ. بەهۆی پێکهێنانی چەند دەزگایەکەوە ئەتوانرێ هەڵوێستێکی وا بهێنرێتە ئاراوە کە دانیشتوانی عیراق و کوردستان لەیەك نزیك بکرێنەوەو لەدوارۆژدا ببن بەیەك حکومەت..[٣]

لەسەرەتادا لە زۆر مشتومڕو لەسەر جۆری چارەسەرکردنی کێشەی کورد، چەرچڵ زیاتر لەگەڵ راوبۆچوونەکانی ئەو کەسانەوە نزیك بوو، یان هەندێ جار یەکی دەگرتەوە، کە لەگەڵ خواستەکانی کورددا بوون،

---

[٣] بڕوانە: م.ڕ هاوار، سەرچاوەی ناوبراو، ب٢، ل٧٣.
– بروانە: د.ولید حمدی، سەرچاوەی ناوبراو، ل١٢٤–١٢٩.
– بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو بۆچونەی چەرچل دیسان بڕوانە: م. ر. هاوار، سەرچاوەی نێوبراو" د. ولید حمدی، هەمان سەرچاوە،ل٧٧.

زیاتر لەوە نزیك بە ناحەزو دژەکان بن. دوای ئەوە زیاتر بەلای ئۆتۆنۆمی لەناو حکومەتێکی عیراقیدا دەچوو.

## لە سێیەم پلەی گۆڕانەکانی راوبۆچوونەکانی چەرچڵ.

دوای لابەلاکردنی ناکۆکییە گەورەکان و سەرکەوتنی سیاسەتی ئەفسەرانی ناو رێبازی یەکەم و کەوتنە ناو پلەی سێیەم لە سیاسەت و هەنگاوەکانیان، سەردەمی دارشتنی سیاسەتێکی کۆنکرێتی و روونی دژ بە مافە نەتەوەییەکانی کورد هاتە ئاراوە، ئیتر ئەم لەناو سیاسەتێکی دارێژراوی دەوڵەتیدا دژایەتیکردنی راستەوخۆی گەلی کوردی دەکرد.

لە نامەیەکی تریدا بۆ مەندوبی سامی لە بەغدا: ئەڵێت: ... وابزانم ئێوە بە رێگەیەکی مامناونجی بەرامبەر کوردستان و عیراق قایل بوون، لە باسی ئەوەی کە کەرکوك لەگەڵ ئەمیان بێت یان لەگەڵ ئەویان، ئاماژەم بۆ ئەو سوودانە کرد ئەگەر لە عیراق جیابکرێنەوە. بڕوام وایە کە خواستیار نییە کە دەسەلاتی حکومەتی عیراق بۆ ناوچە ناعەرەبییەکان درێژ ببێتەوە. دواییەکەشی بڕیارمان لەسەر ئەوەدا کە هیچ رەگەزێکی عەرەب لەو ناوچانەدا نەبێت کە بە سەرکردایەتیی ئەفسەرە بریتانییەکان پێکدەهێنرێن، بەڵکو دەبێت کوردو تورکمان و ئاشووری بن.

واپێشنیاز دەکەم کە سنووری ئەو هەرێمەی کە عەرەب نییە بە هێڵێك بێت کە لە"مشوراداغ"وە درێژ دەبێتەوە بۆ "تیجانا" و دەوری موسڵ، ئینجا بەرەو هێڵی ئەتنیکی دانیشتوانی عەرەب درێژ دەبێتەوە، بۆ خوارەوەش تا سووچی سنووری ئێران تەوەرەکانی "نەفت قەلا" ئەم

هەرێمەش دەکرێتە سێ لیوای سەربەخۆ، یەکێك دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای زێی سەروو، ئەوەی تر کەرکوك، سێیەمیش سلێمانی کە دەتوانرێت بە جۆرێکی سادە گۆڕران لە سنووری لیواکەدا بکرێت کە ڕەگەزەکانی کورد لە ناوەڕاستی ناوچەی دیالەو باکووری قزلرەباتی بخرێتە سەر. ڕەگەزە عەرەبەکانی بەسەر (سامەڕا)و (موسڵ)دا دابەش بکرێت..[1]

## وەزارەتی کاروباری دەرەوە

وەزیری دەرەوەی بریتانیا لە نامەی رۆژی ١٩١٩/١١/٢٢ بۆ مەندوبی سامیی وڵاتەکەی لە بەغدا راکانی سەرەك وەزیرانی دووپات کردەوە کە:[2]

- مەسەلەی سیاسەتی بریتانیا بەرامبەر کوردستان بەگشتیی لە لێکۆڵینەوەدایە، حکومەتی خاوەن شکۆ مايیلە بەلای ئەم ڕێبازەی لێرەدا ئاماژەی بۆ دەکەم:

- خواست وایە سەبارەت بەهۆی سەربازیو سیاسی، سنووری عیراق بەپێی توانا کورت بێت.

- ناتوانین سیاسەتێکی چالاکانەی سەربازی لەناو یان دەری سنوورەکە بگرینەبەر.

- ناهێڵرێت دەسەڵاتی تورك بگەڕێتەوە کوردستان.

بنکەی ژین www.zheen.org

---

[1] بروانە: د. ولید حمدی، سەرچاوەی ناوبراو، ١٢٤-١٢٩.
- بۆ زانیاری زیياتر لەسەر ئو بۆچوونەی چەرچڵ دیسان بڕوانە: م. ر. هاوار، سەرچاوەی نێویراو.

[2] بڕوانە: د. ولید حمدی، هەمان سەرچاوە، ل٧٧.

- له هیچ بارودۆخێکدا حکومەتی خاوەن شکۆ ئامادە نیە ویسایەی کوردستان بگرێتە ئەستۆ واتە بریتانیا نایەوێت کوردستان ببێتە مانداتی خۆی، چونکە لەو سەردەمەدا ناڕەزایی ناوخۆی بەرفراوان بووبوو، خەڵك داوای گێڕانەوەی سەربازەکانیان دەکرد.

حکومەتیش نەیدەویست دەرامەتی لەوە زیاتر بخرێتە خزمەت سیاسەتێك کە ئایندەی ناڕۆشن بێت. بۆیە ئەو دیاردانە لەناو پەرلەمانیشدا بەهێز بوو. لە بروسکەیەکیدا بۆ مەندوبی سامی لە بەغدا جەختی لەسەر ئەوەدەکرد کە:

ئەگەر کوردەکان خواستی رزگاربوونیان لە تورك هەبێت وا یارمەتیی مەعنەوییان بدرێت بۆ ئەوەی بگەنە ئامانجەکەیان لە نامەیەکی تریدا (٢٣ی مارسی ١٩٢٠) دەنووسێت:

- هیچ جۆرە لێپرسراوەتییەکی بەڕێوەبردنی کوردستان قوبووڵ ناکەین تەنانەت لە سلێمانیشدا.

- ئەگەر کورد ویستی لە تورکەکان رزگاریان ببێت وائێمە یارمەتییان دەدەین.

هەر لەو نامەیەدا داوای کردووە لەگەڵ شەریف پاشادا کۆبوونەوە بکەن. دیسان پرسیبووی کە ئەگەر کوردێك هەبێت بتوانێ بەناوی هەموو کوردەوە قسە بکات یان بەناوی بەشێکی کوردەوە قسە بکات.. هەرچەندە ئەم لای وابو کە:

- خواستی کوردەکان روون نییە.

- نەبوونی کەسێکی وا لەناو کورددا هێندە بەهێز بێت کە بتوانێت ببێتە نوێنەری هەموو کورد.

- لەگەڵ ئەوانەشدا بڕیاردرا لەگەڵ شەریف پاشادا قسەو کۆبوونەوە بکرێت، ئەگەر بەباشیش زانرا وا نوێنەری یانەی کوردیش لە ئەستەمبوڵ بانگ بکرێت.

- داوای دەکرد ناوی چەند کەسێ پێشنیاز بکەن کە لەوانەبن بەناوی هەموو کوردستانەوە قسە بکەن، یان ئاماژەیەکی گشتیی بۆ خواستی ئاغاو سەرەك هۆزەکانی کورد بکەن.

ئەم دەیگوت: دەبێت لە پێکهێنانی جۆری ئەو حکومەتەی لە کوردستاندا کە دەهێنرێتە ئاراوە هەر چۆنێك بێت واپێویستە باری ئابووریی بۆ بریتانیای مەزن مسۆگەر بکرێ و دەسەڵاتی بریتانیا لە ناوچەی خواروو زاڵ و دەست بەسەرا گرتوو بێت.

یەکێك لەو دیاردانەی دەبێت سەرنجی لەسەر چڕبکرێت کۆبوونەوەی مەندوبی سامی بوو لەگەڵ مەلیك فەیسەڵی یەکەم (٢٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٢٠) تا بەوردی سیاسەتی ئەو سەردەمەی بریتانیای بۆ یەکالا بکاتەوە کە دەتوانرێت لەم خاڵانەدا کورت و پوخت کۆبکرێنەوە:

- بریتانیا هانی نەتەوەی عەرەب ئەدات نەك ئیمپریالیزمی عەرەب.
- کوردستان دۆست و سپەرێکی بەهێز دەبێت کە بەتورکیش دژ دەبێت.
- دیسان شەریکی عیراقیش ئەبێت لە بەرژەوەندییە هاوبەشەکاندا.
- دۆستایەتی کوردستان گرنگە بەهۆی بازاڕی بازرگانی و دەربازگەی دەریا.

تـا بایـەخی سـتراتیجی کوردسـتان باشـتر دەربخـات بـۆ فەیـسەڵ، ئاگاداری کرد کە:

- رووسیا نفوزی لە کوردستاندا هەیە..

- تورکیـا پەیوەنـدیی تونـدوتۆڵی لەگـەڵ رووسـیای بۆڵـشەویکدا هەیە. لەبەر ئەوانە کوردستان بایەخێکی تایبەتیی هەیە.

هـەر لـەو کۆبوونەوەیـەدا مـەلیك فەیـسەڵ چـەند پرسـیارێك لەسـەر کورد لە سێر پێرسی کۆکس دەکات:

- ئایا بریتانیا ئامادەیە کوردستان بپارێزێت ئەگەر هێرش کرایە سەری و تا چەند ئامادەی

## ئەو پارێزگارییەیە؟

- لـەکاتی تێکـچوونی بـارودۆخی کوردسـتان ئایـا بریتانیـا لێپرسراوەتیی راگرتنی ئاسایش دەگرێتە ئەستۆ؟

- ئـەو تاقمـە کوردانـەی کـە دەیانـەوێت بێنـە نـاو عیراقـەوە ئایـا بریتانیا بەزۆر جیایان دەکاتەوە؟

- لە حاڵەتی جیاکردنەوەی کوردستان بریتانیا چ جۆرە حکومەتێك بۆ کورد دەستنیشان دەکات؟

دەتـوانین وەڵامـەکانی مەنـدووبی سـامیش بـە کـورتو پـوختیی بـەم جۆرە ئاماژە بۆ بکەین:

♦ نـەخێر ئێمـە زۆر لـەو کوردانـە ناکـەین کـە پاشـگەز ببنـەوە لـەو دەنگدانەی کە دابوویان بۆ تێکەڵبوون لەگەڵ عیراق.

www.zheen.org

♦ بەپێی بڕگەی (١٦)ی مانداتی بریتانیا بۆ سەرعیراق، واپێشنیاز دەکرێت کە جۆری ئەو حوکمەی ئۆتۆنۆمی بێت.

لەسەر ڕێبازی هەوڵی ئیمپریالیستانەی حوکمی عەرەب، لەناو دیپلۆماسیێتیکی فێڵزانانە، لە نامەیەکیدا بۆمەندوبی سامی فەیسەڵ دەڵێت:

ئەگەر هاتو ڕێگا درا بەو کوردانەی کە دەنگیان دابوو بۆ چوونە ناو عیراقەوە، ئەگەر ڕێگەیان پێ بدرێت کە جارێکی تر دەنگ بدەنەوە، ئەترسم ئەوانە پەشیمان ببنەوە لەو دەنگدانەی پێشوویان و وەك خۆشیان، نوێنەرانی ئاکرێ و زاخۆو دهۆك و هەولێر، هاتبوونە لام و بەڵێن و بڕیاریان دا کە لەگەڵ عیراقدا بن و لێی جیانەبنەوە. لە درێژەی وەڵامەکانیدا سێر پێرسی کۆکس دەڵێت:

حکومەتی بریتانیا مافی ئەوەی نییە کە بڕیاری لە پەیمانی سێڤر پشت گوێ بخات، ئەوانەی کە دەنگیان داوە، ئەوە ناگەیەنێت کە ئیتر دەستبەردار دەبن لە مافی خۆیان، چونکە ئەوە ڕێگە لەوە ناگرێت کە ببن بە بەشێك لە دەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ، ئەگەر ئەو پەیمانی ڕێککەوتنەی لەگەڵ تورکەکاندا دەربارەی پێکهێنانی حکومەتێکی کوردی، ئەکرێت، سەربگرێت[1]. لە نەرمی و مل کەچیی مەلیك فەیسەڵ بەرامبەر بە ئینگلیزەکان و بۆ داگیرکردنی باشووری کوردستان، سەرنج لەم شێوەی رادەربڕینەی بدەن کە بۆ سێر پێرسی کۆکسی دەردەخات:

لەبەرئەوەی تائێستا مەبەست و ئارەزوی حکومەتی خاوەن شکۆی بریتانیا-م بۆ روون نەبۆتەوە، بۆیە نازانم چۆن بیروڕای خۆم لەو

[1] بۆ درێژەی باسەکە بڕوانە م.ر.هاوار، سەرچاوەی نێوبراو، ب٢ ل.٥٤.

رووەوە دەربڕم (مەبەستی هەڵوێستە بەرامبەر پێرسی کورد) سێر پێرسی کۆك وەڵامی دەداتەوە:

لام وایە کە لە کۆنگرەی قاهیرەدا واپڕیار بوو کە هەموو ناوچە کوردییەکان لە خوارووی کوردستان بخرێنە ژێر دەسەڵاتی حکومەتێکی دڵفراوانو نەرمونیان لە بەغدا، کە بە دڵێکی کراوە و ددان بە حوکمی ناوخۆیی بۆ کوردەکاندا بنێت، تا خۆیان کاروباری دەزگاکانی ئەو حوکمە لەژێر چاوەدێریی راستەوخۆی حکومەتی بریتانیا بەهۆی مەندوبی سامییەوە بەڕێوەبەرن. لە فەیسەڵم گەیاند کە حکومەتی خاوەن شکۆمان ئەو جۆرە بۆچوونە بەباش ئەزانێتو لای وایە بەرژەوەندیو سوودی دواڕۆژی عیراق لەوەدایە کە جیاکەرەوەیەك لەنێوان عیراقو فارسدا هەبێت..[٢]

ئەگەر لێکۆڵەر بێ سۆزو داشکان، لە بیروراو هەڵوێستو نامەو یاداشتو تەلەگرافی گەلێ بەرپرسو ئەفسەرە سیاسیو گەورە بەرپرس و دەزگا رەسمییەکانی بریتانیا بکۆڵینەوە، بەتایبەت ئەوانەی کە پێوەندییان بەکێشەی نەتەوەیی کوردو هەڵوێستەکانەوە هەیەو بخرێنە سەر دەزگای لێکۆڵینەوەو نرخاندن، وا هەڵوێستی پۆزەتیڤانە، هەر لە رێبازی سێیەمدا نابینرێت، بەڵکو لەناو راوبۆچوونی گەلێك لێپرسراوی تریشدا، تەنانەت ئەوانەی لەناو بازنەی رێبازی یەکەمدا پۆلاندوون، ئەو هەڵوێستە پۆزەتیڤانەیە دەردەکەوێت، بەلام لەو ئاستو گرنگییەدا نەبوون کە ئەفسەرانی رێبازی سێیەم باش

[٢] دۆکومێنتی ژمارە (٦٣٤٧ - F.O.٣٧١ نۆڤەمبەری ١٩٢١).

سوودییان لێوەربگرن و بۆچوونەکانی خۆیانی پێسەلماو و سەقامگیر بکەن.

" هێشتا تۆپەکان کپ نەبوونەوە کە ئارنۆڵد توینبی لە وەزارەتی دەرەوە بۆ مارك سایکس پێشنیازی کرد:

ئەگەر بڕیارە قەوارەیەك بەناوی میزۆپۆتامیا لەژێر ڕێبەری حکومەتێکی عەرەبی بە یارمەتی ئینگلستان هەبێ، لەوکاتەدا ئەنجامە سروشتی یەکەی ئەم کارە ئەمە دەبێ کە کوردستانێکی خودموختاریش هەبێ و بە یارمەتی بەریتانیا هەمان ئەو ئەرکانە بۆ میزۆپۆتامیا ئەنجام بدا کە "ویلایەتی سنووری باکووری ڕۆژئاوا"، Newest Frontier، بۆ هیندی بەئەنجام دەگەیەنێ، ئەم مەسەلەیە لەلایەن شەریف پاشاوە پێشنیاز کرابوو (بڕوانە ئەو داواکارییانەی باس دەکرێن) کوردستانێکی وا تەنیا ناوچەکانی خوارووی زابی گچکە ناگرێتەخۆ، بەڵکو ناوچەکانی ڕەواندزو هەکاری و بۆتان، تا خەتی سنووری ئەرمەنستانیش دەگرێتەوە- خەتی سنووری ئەرمەنستان هەرچییەك بێ.[1]

ئارنۆڵد توینبی-یش خواستی بو ئاشوورییانی تیاری و ورمێ بگەڕێنێتەوە شوێنی دانیشتنی پێشووی خۆیان، تەنانەت پێشنیازی ئەوەشی کرد کە باکووری کوردستان بدرێت بە ئێران بەو مەرجەی کوردستانێکی خودموختار بێت و لەلایەن هێزە دەرەکییەکانەوە یارمەتی بدرێت. بەڵام سایکس پیکۆ ئەو پێشنیازەی ڕەتکردەوە.[2]

---

[1] دێڤید مەکداوڵ، ل٢٥٠-٢٥١.
[2] دێڤید مەکداوڵ، ل ٢٥١.

هەروەك لە شوێنی خۆیدا باسم كردووە، مەبەستم لەو راو هەڵوێستە پۆزەتیڤانە لە زەمانو زەمینێكی دیاریكراودایە، بەتایبەتی تا ئەو كاتەیە كە كۆنكرێت ولاتو دەوڵەتی عیراق دروستكراو بڕیار لەسەر دانانی مەلیكی خواستراو دراو ئینجا كێشە هەرێمییەكان لابەلاكران. چونكە دوای ئەوانەو لە سەرەنجامی كارو هەنگاوی ئەفسەرە سیاسییەكانو گەڵاڵەبوونی سیاسەتو نەخشەی روونو ئاشكرا بەپێی بەرژەوەندیی ئیمپریالیستانەی بریتانیاو عەرەب، ستراتیجێكی لێكۆڵراوە داڕێژرا، ئیتر بە پلان هەم لەبەڵێنو پەیمانەكانی خۆیان پەشیمان بوونەوەو گفتو پەیمانە نێونەتەوەییەكانیش پووچ كرانەوە، هەم بە نەخشەو پلانو پیلانیش كەوتنە دژایەتیی كوردو پێشێلكردنی داواو مافەكانیشی.

هەرچەندە ئەم رێبازەی سێیەمە تەرخانە بۆ باسكردنی راو بۆچوونی ئەو ئەفسەرە سیاسیو دەزگایانەی كە دەیانخواست یان رایان وابوو كە دەوڵەت بۆ كورد دابمەزرێندرێت، لەگەڵ ئەوەشدا كە رای پۆزەتیڤی ئەفسەرو بەرپرس و دامو دەزگای دەوڵەتیی لەناو باسكردنی هەردوو رێبازی یەكەمو دووەمدا روون كراونەتەوە، دیسان لێرەشدا رووناكی دەكەوێتە سەر هەندێ رای پۆزەتیڤانەی تری ئەو جۆرە كەسانە.

لەگەڵ ئەوانەشدا بۆ سەلماندنی نەبوونی نەخشەیەكی لێكۆڵراوەی دژ بە كورد لەلایەن ئینگلیز یان هەر دەوڵەتێكی ترەوە، جگە لە توركیاو ناسیۆنالیستەكانی عەرەبی میزۆپۆتامیا كە بە نەخشەو

لێکۆڵینەوەو لەسەر یەك خەت لەدژی کوردو بۆ داگیرکردنی کوردستان هەوڵیان ئەدا، بۆ دەرخستنی هەندێ دیاردەو روداوو بەلاّی تر کە لەباریی هەندێك لایەن‌و رەخساویی گەلێك هەلومەرج دەردەخەن. باش وایە بەکورتی‌و چڕی ئاماژە بۆ ئەو راوو بۆچوونانەی سەرەتا بکەم کە لە بەرژەوەندیی کورد بوون:

- لە دۆکومێنتێکدا لەژێر سەرباسی FO 371- Kurdistan 3386، کە مێژووی (١٤ دیسەمبەری ١٩١٨)ی پێوەیەو لە ئەرشیفەکانی بریتانیادا پارێزراوە، نەخشەیەکی کوردستانی گەورەیە کە بەوردیی سنوورەکانی دەستنیشان کراوە.[٣]

- لە یاداشتێکی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا نەخشەی کوردستانی ئاسیای بچووکی خراوەتە تەك، واتە بێ کوردستانی رۆژهەلاّت.

- لەو کۆنگرەیەی لە وەزارەتی هیند بەستراو باسی کوردی تێداکرا، بیروڕای جیاجیاو ئالۆز باس کرا کە لەلایەنی پۆزەتیڤانەش بێبەش نەبوو.

- لەو یاداشتە دوورودرێژەی دەزگای ئیستیخباراتی سەربازیی هێزەکانی بریتانیا لە بەغدا کە لەژێر سەرناوی "کورتەی کاروباری کوردستانی باشوور لەکاتی جەنگی گەورەدا" لە (٣ سێپتێمبەری ١٩١٩)دا نووسراو ئاڕاستەی جێگری وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا کرا

---

[٣] م. ر. هاوار، هەمان سەرچاوە. ب٢، ل ٨٥.
- د. ولید حمدی، سەرچاوەی نێوبراو، ل٣٦.

بوو گەلێك بیروڕاو لێكدانەوەی جیاجیای وای تێدابوو كە نەبوونی نەخشەو ستراتیج دەرخەن.

- حكومەتی هیند ئاگادارییەكی بۆ فەڕەنسە نارد تێیدا نووسراوە:

بریتانیا كوردرستانی باشوور بەبەشێكی جیانەبووەوە لە عیراق دادەنێ، خواستیشی بەرەو ئەوە دەچێت كە لەدواییدا دەوڵەتی كوردستان لە باشوور دابمەزرێنێت كە بتوانێت بچێتە ناو عیراقەوە، یان بچێتە ناو كوردستانی باكوورەوە، ئەگەر ئەو بەشە لە پێكهێنانی حوكمێكی زاتیی بۆ خۆی سەركەوتوو بوو.

- لە كۆنگرەی قاهیرەدا، دوو بەرەی رای جیاواز هەبوو:

یەكەم لەگەڵ دامەزراندنی وڵاتو دەوڵەتی عیراقدا بوو،

دووەم لەگەڵ دامەزراندنی قەوارەیەك بوو بۆ كورد.

- بەیانە دووقۆڵییەكەی بریتانیاو فەڕەنسا (١٩١٨) كە ددان بە دامەزراندنی حكومەتێكی كوردیدا دەنێت بەڵام لەناو عیراقدا.

- بەیانەكەی هەردوو حكومەتی خاوەن شكۆی بریتانیاو عیراق (١٩٢٢/١٢/٢٢).

www.zheen.org

- پەیمانی (سان ریمۆ) كە لە گۆشەیەكیدا دەڵێت: سوێندخۆرەكان ددان بەوەدادەنێن كە ناوچەی موسڵ بەشێك دەبێت لەو دەوڵەتە كوردییەی كە پێشنیازی دامەزراندنی كراوە، چونكە بەپێی رەوایەتیی موڵك ئەو ناوچەیە هی كوردەو دەبێت بۆ خۆیان بگێڕدرێتەوە.

- داڕشتنی پەیمانی (سێڤر) بە لایەنە پۆزەتیڤو نێگەتیڤەكانیشەوە، كە ئینگلیزەكان خۆیان دایان ڕشت.

- له بڕگەی ١٦ی زانیارینامەی مانداتدا نووسراوە:

هیچ شتێك كە لەم مانداتەدا هاتووە رێگە لە مانداتكار (مەبەست بریتانیا) ناگرێت كە كۆمیتەی سەربەخۆ لەڕووی بەڕێوە بردنەوە لە ناوچە كوردییەكاندا دابمەزرێنرێت.

بنكەی ژین
www.zheen.org

# ڕێبازی سێیەم

## یەکەم هەلی مێژوویی سەدەی بیستەم

### ڕەوشە تایبەتەکانی سەردەمەکە

لە سەرەتاو ناوەڕاستو کۆتایی سەدەی بیستەمدا سێ هەلی مێژوویی بۆ کورد ڕەخسا، حوکمداریی و مەلیکایەتییەکەی شێخ مەحمود (١٩١٨-١٩٢٤)، ئەزموونەکەی موکریان و جەمهوریەتی کوردستان (١٩٤٢-١٩٤٦) کوردستانی فیدراڵ، کە دەتوانین لە دوو پلەدا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین:

یەکەم: لە ڕاپەڕین و بڕیاری ناوچەی ئارام و هەڵبژاردن و بڕیار لەسەر فیدراڵیزم بۆ کوردستان تا ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام حسێن (١٩٩١- ٢٠٠٣).

دووەم: لە ڕووخاندنی ئەو ڕژێمە بەدواوە.

ئەو ئەزموونانە کۆمەڵێك خاڵی لەیەکچوو و یەکانگیر لە ڕەخسان و خوڵقان و ململانی و کاری سیاسیی و دیپلۆماسیی و ئەقڵی سیاسیی کورد و سیمای سەردەمەکەیان تێدا کۆبۆتەوە. بە بارودۆخە نێونەتەوەیی و هەرێمی و خۆییەکانەوە. بەتایبەتی لەڕووی:

www.zheen.org

شەڕوجەنگەوە کە لە هەریەکەیاندا سەرجەم بارودۆخە سیاسیو کۆمەڵایەتیو سەربازیو بەڕێوەبەرێتیو ئاڵوگۆڕ لە بەرژەوەندیو ئینتڕێستی (خواستی) زلهێزەکاندا، قوڵبوونەتەوەو هەلومەرجێکی نوێیان لێ پەیدابووە. شوێنەوارو گۆڕرانەکانی یەکەم جەنگی جیهان لای هەموان زانراوە کە ئەوەی پێوەندیی بەکوردەوە هەبێت ئەو هەلو ئەزموونە مێژوییە بوو کە شێخ مەحمودی حەفید سەرکردەیی کرد. گۆڕدرانەکانی دوای دووەم جەنگی جیهان گەلێك گەورەو بەرینو قووڵتر بوون، ئەزموونەکەی جەمهورییەتی کوردستان لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەری ئەو سەرەنجامانەی جەنگەکە بوون. هاوژیاوانی دووەم جەنگی خەلیجیش ( Operation Iraqi Freedom)، کە بەناو بە جەنگێکی ناوچەیی دادەنرێت، ئەگینا زیاتر لە سیی دەوڵەت لە سەرو هەموویانەوە زلهێزەکان هاوبەشیی کاریگەریان تێدا کرد، تەنانەت هەڵوێستی یەکێتیی سۆڤیەت بە راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بەشێکی چەند لایەنێکی پرۆسەی جەنگەکە بوو، لە بارودۆخی راپەڕینو کۆڕەوە نزیك دوو ملیۆنییەکەو بەوەڵەدبوونی کوردستانی فیدراڵ بەئاگان. بۆیە پێش ئەوەی بچینە ناو خودی باسەکەوە، باشتر وایە تابلۆیەکی هەمەلایەنەی کوردستانو هەرێمەکەو نێونەتەوەیی وێنەگیر بکەین تابزانین لەناو چ هەلومەرجو لەسەر چ زەمینەیەك هەڵە مێژوییەکە بۆ کورد رەخسا. ئەوەش بە تیشك خستنە سەر کورتەو پوختەیەکی دیاردەو رووداوەکانی سەردەمەکە. بە نیشاندانی رەوشە تایبەتییەکانی سەردەمەکە، مەبەستم ئاماژەکردنە بۆ دیاردەو رووداوە چاوێنییەکانی ناوو دەری یەکەم جەنگی جیهان:

www.zhoen.org

◊ سـەرکەوتنی دەوڵـەتانی هاوپـەیمان و ژێرکـەوتنی ئـەڵمانیاو دەوڵـەتانی هاوکـار، لەوانـە دەوڵـەتی عوسمـانی کـە نزیکـەی لـە سـەدا هەشتای پانتـایی کوردستانی داگیرکردبوو، زیاتر لە چوار سەد ساڵ بوو خراپتر لە چەوساندنەوەی گەل و نەتەوەکانی تر، لەبەر گەلێك هۆ، کـوردی دەچەوسـاندەوەو ئینجـا لـە زۆر لـە جەنگەکانیـدا کردبوویـە ئامرازی دەستی بۆ سەرکوتکردنی دەنگی ناڕەزایی و بۆ داگیرکردن. ژێرکەوتن و رووخانی ئەم دەوڵەتەو بەرپابوونی ئاژاوە لەناو تورکیاو ناوچە داگیرکراوەکاندا، کوردستانیشی گرتەوە.

◊ بڵاوبوونـەوەی دەنگـی ئـازادی و رزگـاریی گـەلان کـە زلهێـزە رۆژئاواییـەکان بانگەشـەیان بـۆ دەکـرد، چـواردە بەندەکـەی وێڵـسۆنی سەرەك کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە یەکێکیان مافی بڕیـاردانی چـارەی خۆنووسـینی نەتـەوەو گـەلانی ژێـر دەسـت بـوو، پەیمان و بەڵێنەکانی بریتانیاو فەڕەنسە، ئینجا دامەزراندنی یەکێتیی سـۆڤیەت و بانگـەوازی بـۆ رزگـاری و سـەرفرازیی میللـەتان. راپـەڕینی گەلێك نەتەوەو میللەتانی تر لەپێناوی سەرفرازی و سەربەخۆییدا.

◊ خولقـانی بۆشـایی و وریابوونـەوەی گـەلێ سـەردارو عەشـیرەتی نیشتمانپەروەر.

◊ رابـوردووی مێـژوویی باشـووری کوردسـتان و گەشـەکردنی رۆشنبیری و مانەوەی گیانی سەربەخۆیی کوردستان.

◊ بـوونی رابـەرانی ئـایینی و گەشـەکردنی خوێنـدەواری حـوجرەو مزگـەوت و دەرکـەوتنی گـەلێك رێبـازی ئـایینی بەتایبـەتی نەقشبەندی و

قـادری، کـە سـامانێکی گـەورەی ڕێبـازی فیکـری‌و ئـایینی مـۆرك کوردایەتییان بەجێهێشت.

◊ بـوونی کەسـێتییەکی نـاوداری وەك شـێخ مـەحمود بـە هێـزی چـەکدارو ئامـادەبوونی خـەڵك بـۆ قـەبوڵکردنی وەك سـەرۆك‌و رابـەر. ئامادەبوونی لەناو ڕووداوەکاندا، دەستپێشخەری بۆ سوود وەرگرتن لە ئەزموونەکەو ڕووداوەکانی‌و حوکمداریی کوردستان.

◊ بـوونی ڕۆشـنبیرو نووسـەرو شـاعیری دەرکـەوتوو کـە ڕۆڵ‌و کاریگەریی خۆیان هەبوو لەسەر کۆمەڵانی خەڵك.

◊ بوونی کۆمـەڵێك ئەفسەری لێهـاتوو نیشتمانپەروەرو گەڕانـەوەی کۆمەڵێکی تر.

◊ هەڵکـەوتنی سیاسـەتمەدارێکی وەك شـەریف پاشـا کـە باشـترین ڕۆڵی خۆی لە سەردەمەکەو دواییشدا بینی.

مـیس بێـڵ دەڵێـت لـە سـاڵی ١٩١٤دا شـەریف پاشـا خزمـەتێکی گەورەی کردین چونکە کوردی لە تورك دوورخستەوەو بەلای ئێمەدا دایـشکاند بـەڵام لـەو کاتـەدا پێوەنـدیمان لەگـەڵ کـورد نـەبوو، بۆیـە نەمانتوانی داخوازییـەکانی قوبووڵ بکـەین. دوای ئەوەش هـەر بۆ ئەو مەبەستە وێڵسن‌و سێر پێرسی کۆکسی بینیوە.

◊ وریابوونەوەو ڕاپـەڕین لـە بەشـەکانی تـری کوردسـتان بەتایبـەتی ڕاپەڕینی سمکۆو پێوەندییەکانی لەگەڵ شێخ مەحمودو وریابوونەوە لـە بـاکووری کوردسـتان بـە بـوونی ڕێکخـراوی سیاسـی‌و کۆمەڵایـەتیی سەرکردەی لێهاتوو گەلێك ناوداری.

◊ ڕێبازی جۆراوجۆر لەناو ئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیزدا بۆ دیاریکردنی ئایندەی ناوچەکە، کە تێیاندا چەند ئەفسەرێکی ئینگلیز لایەنگیری دەستەبەرکردنی مافەکانی کورد بوون بە دامەزراندنی دەوڵەت. بەتایبەتی مێجەر نۆئیل دەیویست هەوڵەکانی شێخ مەحمود سمکۆو سەید تەها یەك بخات. دیارە نیازو مەبەست لەوەش زۆر شاراوە نەبووە.

◊ دامەزراندنی گەلێك ڕێکخراوی سیاسی کۆمەلایەتیو ...

◊ بوونی ڕۆژنامەو نووسەری دڵسۆزو شاعیری دەرکەوتوی وا کە چ لە هەندەرانو چ لە کوردستان ڕۆڵی چاوێنیی خۆیان ببینن.

◊ ململانێی نێوان:

– بریتانیاو تورکیای مستەفا کەماڵی ڕاپەڕیو، دژایەتیی زۆر لە زلهێزەکان

– ڕاپەڕینی میللەتانی تری ژێر دەستی تورکیا.

لە ڕەوشە تایبەتییەکانی تری ناوخۆ، لەگەڵ ئەو سەدانو هەزاران ساڵ داگیرکردنو چەوساندنەوەیە، سەرەڕای باڵادەستیی ڕەوشە خێڵەکیو دەرەبەگییەکە، دواکەوتنو هەژاریو نەخوێندەواری، شوێنەوارە خراپەکانی جەنگو برسێتیو نەخۆشیو پەتای کوشندە، لەگەڵ ئەوانەشدا ناوچەکە بەگشتیو شاری سلێمانی بەتایبەتی توانیبووی بیرو گیانی سەربەخۆیی، ڕۆشنبیری بپارێزن.

شێخ مەحمودو ئەفسەرو ڕۆشنبیرو سەرەك عەشیرەتە نیشتمانپەروەرکان توانییان:

◊ لەشکرێکی چەکداری تاڕادەیەك ڕێك و پێك بهێننە ئاراوە.

◊ ئیدارەیەك بۆ ناوچەکە سازبکەن بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکەو پارێزگاریکردنی ئاسایش.

◊ ئاڵای کوردستان هەڵبکەن.

◊ پووڵی پۆست چاپ بکرێ و بخرێتە کارەوە.

◊ تەقەلای دروستکردنی پەیوەندیی دیپلۆماسی و وەرگرتنی یارمەتی و دۆزینەوەی هاوکارو هاوڕێباز بەرامبەر بە ناحەزو ناکۆکییەکان.

◊کردنەوەی قوتابخانەو گەشەکردنی حوجرەو خوێندن لە مزگەوتەکاندا.

◊بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەو چالاکیی ڕۆشنبیری و نووسین و کردنەوەی چاپخانە لە شارو لە شاخ.

لە سەردەمەکەدا ڕۆژنامەکان کە لە هەر سەردەمێکدا زمانحاڵی حکومەتی کوردستان و حوکمدار یان مەلیکی کوردستان بوون بەم جۆرە بڵاوکرانەوە:

– بانگ کوردستان: یەکەم ژمارەی لە ١٩٢٢/٨/٢ دوا ژمارەشی لە ١٩٢٢/١١/٣دا (١٣) ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە.

– ڕۆژکوردستان: یەکەم ژمارەی لە ١٩٢٢/١١/١٥ دواژمارەشی ١٩٢٣/٣/٣و کۆی(١٥) ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە.

– امید استقلال: یەکەم ژمارەی لە ١٩٢٣/٩/٢٠، دوا ژمارەی لە ١٩٢٣/٨/١١و کۆی (٢٥) ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە.

– بانگ حق: یەکەم ژمارەی لە ١٩٢٣/٣/٢٨ لە ئەشکەوتی جاسەنە بڵاوکرایەوەو تەنها سێ ژمارەی لێ دەرکرا.

– هەوڵدان بۆ دەرخستنی توانستی نەتەوە بۆ بڕیاردانی چارەنووسی خۆو سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەت بۆ نەتەوە، بەڕێگەی ئاشتی و وتوێژ، کە لەوانە بێ ئومێد دەبوون ڕێگەی چەکداریی دەگیرایە بەر.

– ڕاپەڕینی خێڵەکیی زۆر لە ناوچەکان کە لە هەندێك باردا داوای نیشتمانییان تێکەڵ بە داخوازییە ناوچەییەکان دەکرد.

ئەو هەڵەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بۆ کورد خوڵقاو بوو بە یەکێك لە ئەزموونە گرنگە مێژوییەکانی ژیانی سیاسیی کورد گەلێك هۆو یارمەتیدەر لە خۆیی و هەرێمیی و نێونەتەوەیی، لە سەرەکی و ناسەرەکیی، ڕۆڵیان لە خوڵقاندنیدا بینیی، گرنگەکانیان:

– بوونی کورد وەك نەتەوە، هەرچەندە بنەماو هەلومەرجەکان تەواو کامڵ و ڕەسیو نەبووبوون، کە چەوساندنەوەو زوڵم و زۆری داگیرکەر جۆرێك لە هۆشیاریی سیاسیی تێدا جوڵاندبوو، بۆیە هەر کە بارودۆخە گونجاوەکان سەریان دەرهێنا، ئەمیش جوڵاو کەوتە تەقەلای بەدەستهێنانی ماف و خواستەکانی. بوونی سەرکردەیەکی وەك شێخ مەحمود، نیشتماپەروەرو تێگەیشتو، ئازاو خاوەنی هێزو لایەنگرانی دڵسۆز، ڕۆڵی ئایینی و جێگەی گرنگی بنەماڵەی شێخان کە خەڵکێکی زۆر متمانەیان پێ دەکردن و ئامادەی جێبەجێکردنی فەرمانەکانی شێخ بوون..

لە شەڕەکانی شوعەیبە لەدژی ئینگلیز، لە شەڕو پێکدادانەکانی پێنجوین لەدژی رووسەکان، زیاتر ناووناوبانگی بڵاوبووەو وەك سەرکردەیەکی سیاسی و نیشتمانپەروەر ناسرا. بڵاوبوونەوەی چەك و کەرەسەی شەڕ بەهۆی هەڵوەشانی لەشکری تورکەوە.

ناکۆکیی نێوان تورك و بریتانیا کە هەریەکەیان دەیویست سوود لە نفوزو هێزو ناوو ناوبانگی شێخ مەحمود وەربگرن. ئەو ناکۆکییەش بوو بە کارتێکی دەستی شێخ مەحمود بۆ مانۆڤری سیاسی و سەربازی و سوودوەرگرتن لە ناکۆکییەکانی نێوانیان. بڵاوبوونەوەی دەنگوباسی رزگاریی گەلان، بەتایبەتی زلهێزەکان رایان دەگەیاند کە شەڕ بۆ رزگاری ئەوانەو لە سەرکەوتنیاندا، هەر میللەتە خۆی بڕیاری چارەنووسی خۆی ئەدات. بوونی گەلێك لە ئەفسەرو روناکبیر، شاعیرو نووسەرو رۆژنامەوان، کە ئامادەی هاوکاری و یارمەتیدانی سەرکردەکەی کوردو ئەزموونەکە بوون.

بەهۆی بارودۆخی جەنگەوە، خولقانی ئاژاوە، داڕووخانی لەشکرو دام و دەزگای دەوڵەتی عوسمانی و خولقانی بۆشایی بەڕێوەبردن، کە دەبوو هێزێکی ئامادە جێگەی بگرێتەوەو ئاسایشی سلێمانی و ناوچەکانی تر بپارێزێت، شێخ و ئەو هێزە لە سلێمانیدا ئامادەبوون، سوود لەودەرفەتە وەربگرن و رۆڵی خۆیان ببینن. دانیشتووانی ناوچەکە لەناو چەرمەسەرییەکانی شوێنەواری یەکەم جەنگدا دەژیان، کوشتن و برینی سالانی جەنگ و ونبوون و دیارنەمانی دەیان هەزار کەس لە بەرەکانی جەنگدا، برسێتی و گرانی و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و

پەتای سەخت بەجۆرێك كە ڕۆژانە دەیان كەس دەمردن و فریای ناشتنی تەرمی مردووان نەدەكەوتن، خەڵك گۆشتی حەیوانی مردارەوەبوویشی دەست نەدەكەوت، تەنانەت زۆر كەس نەیان دەتوانی لەشی خۆیان بە جل داپۆشن. ڕەفیق حیلمی تابلۆی دیمەنەكانی سلێمانیی، وەك یەكێك لەو ناوچانەی كەوتبووە بەردەم ئەم كارەساتانە، وێنەگیر كردووە. بەهەشتیی باوكم، باسی گەلێك لایەنی ڕەش و ڕووتی و برسێتی و پەتاو نەخۆشیی كوشندەو چەرمەسەرییەكانی سەردەمەكەی بۆ گێڕابوومەوە، تەنانەت بەچاوی خۆی بینیبووی كە لەسەر لاكی حەیوانی تۆپیو، لایەكی خەڵك و لاكەی تری سەگ گۆشتەكەیان دەخوارد. لەگەڵ ئەوانەشدا كورد لەژێر قورسایی كارەساتەكاندا هەڵدەسایەوەو بەپیر ئەو هەلە مێژووییەوە دەچوو.

## هەڵوێستە جۆراوجۆرەكان

پێش ئەوەی باس لە هەڵوێست و ڕاوبۆچوونەكانی ئەم ڕێبازەو هەڵگرانی دروشمی دامەزراندنی دەوڵەتێ بۆ كورد لەناو ئەفسەرو كاربەدەستەكانی ئینگلیز دابكەم، باش وایە چەند تیشكێك ئاڕاستەی ئەو بەڵگەو دۆكۆمێنتانە بكەم كەبیروڕاو بۆچوون و هەڵوێستە جۆربەجۆرەكانی ئینگلیزەكان لەمەڕ كێشەی كورد، دامەزراندنی دەوڵەت، ئۆتۆنۆمی و گەلێك بۆچوونی تر ڕوون دەكەنەوە، وەك سەرەتایەك بۆ هەڵوێست و بۆچوونە كۆنكرێتییەكانی ئەم ڕێبازە.. كە لەسەرەتادا زۆربەیان لە بەرژەوەندیی كورد بوون، یان ئەو دژایەتییە توندوتیژەی لەدواییدا بوو بە سیاسەتێكی داڕێژراو، لەئارادا نەبووە.

ئەوانە ئەو بۆچوونە دەسەلمێنن کە لەسەرەتادا بریتانیا وەك دەوڵەت نەخشەیەکی بڕیار لەسەردراویان بۆ کورد نەبووە. بەڵکو ئەم نەخشەیە لە سەرەنجامی ململانێی ڕێبازە جیاجیاکان و هێزو دیپلۆماسێیەتی ئەفسەرانی ڕێبازی یەکەم هاتەئاراوە.

♦ لە بەڵگەنامەیەکدا کە لەژێر باسی) (3386/371،
FO Kurdistan) لە ١٤ دیسەمبەری ١٩١٨دا نووسراوە سنووری کوردستانی ئاسایی بچووك بەوردی دەستنیشان دەکات.

♦ لەو کۆنگرەیەی لە وەزارەتی هیند لە ( ٦ی دیسامبەری ١٩١٩)دا بەسترا رای جیاجیاو ئاڵۆزو تێکەڵ زۆر ئاشکرا بوو.

♦ لەو یاداشتە دووردرێژەی دەزگای ئیستیخباراتی سەربازیی بریتانیا لە بەغدا کە لە ٣ی سێپتامبەری ١٩١٩دا ئاراستەی وەکیلی وەزارەتی دەرەوەی کردبوو وەك لەژێر ناوی "کورتەی کاروباری کوردستانی باشوور لەکاتی جەنگی گەورەدا" گەلێك راوبۆچوون و لێکدانەوەی تێدایە کە نەبوونی نەخشەو ستراتیج دەسەلمێنن.

♦ حکومەتی هیند ئاگادارییەك بۆ فەرەنسا دەنێرێت و تێیدا ئەمانە دەرخراوە: "بریتانیا کوردستانی باشوور بە بەشێکی جیاوە نەبوو لە عیراق دادەنێت. خواستیشی بەرەو ئەوە دەچێت کە لەدواییدا دەوڵەتی کوردستان لە باشوور دابمەزرێت کە بتوانێت بچێتە ناو عیراقەوە. وەیان بچێتە ناو کوردستانی باکوورەوە، ئەگەر ئەو بەشە لە پێکهێنانی ئوتۆنۆمیی بۆ خۆی سەرکەوتوو بوو.

♦ لـه یـەكێك لـە بڕیارەكـانی پـەیمانی سـان ریمـۆ (٢٤ی ئـەپریلی ١٩٢٠) ئەو مافەی كورد بەم جۆرە دیاری دەكات:

سـوێندخۆرەكان ددان بـەوەدا دەنـێن كـە ناوچـەی موسـڵ بەشـێك دەبێت لەو دەوڵەتە كوردییەی كە پێشنیاز كراوە دابمـەزرێنرێت. <u>بۆیـە بـەپێی ڕەوایـەتیی موڵك، ئەو ناوچـەیە هـی كـوردەو دەبێـت بـۆ خۆیـان بگێڕدرێتەوە</u>.

♦ بەندەكانی ٦٢و ٦٣و ٦٤-ی پەیمانی (سێڤر) (١٠ی ئابی١٩٢٠) مافــەكانی كــورد تاڕادەیــەكی زۆر روون دەكاتــەوە. گــرنگیش لــەو پەیمانەدا ئەوەیە كە رەشنووسەكەیشی لەئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیـادا پـارێزراوە. ئـەوەش دەری دەخـات كـە داڕشتنەكەشـی هـەر ئینگلیزەكـــان كردوویانـــە. (لـــە كـــۆنگرەی قـــاهیرە)دا دووڕاو دوو هەڵوێستی دووبەرەی جیاواز لەیەك هەبوو.

یەكەم: دەیویست باشووری كوردستان بخرێتە سەر میزۆپۆتامیا تا وڵاتو دەوڵەتی عیراقیان لێ دابمەزرێت.

دووەم: دەوڵەتێك بۆ كورد لە باشووری كوردستاندا دابمەزرێنرێت.

♦ لەو كۆبوونەوەیەی كە مەندوبی سامیو ئەفسەرە سیاسییەكانی ئینگلیز لەگەڵ فەیسەڵی یەكەمدا كردبوویـان (٢٤ی ئوكتۆبـەری ١٩٢٠) گـەلێك مەسـەلەی گـرنگ دەربـارەی كـورد روون كراوەتـەوە. تەنانـەت ئەوانـەش كەلەگـەڵ دامەزرانـدنی دەوڵـەتی عـیراقو دژ بەدامەزرانـدنی دەوڵـەتێكی سـەربەخۆی كـورد بـوون. گـەلێك رای سـەرنج راكێـشەریان دەرخستووە، لەوانە:

مەندوبی سامی (سێر پێرسی کۆکس) لەکۆبوونەوەی ئەو ڕۆژەدا لەگەڵ فەیسەڵی یەکەم بەمجۆرە سیاسەتی بریتانیای بۆ ڕوون دەکاتەوە:

◊ بریتانیا تەشجیعی نەتەوەی عەرەب دەکات نەك ئیمپریالیزمی عەرەب.

◊ کوردستان دۆستو سپەرێکی بەهێز دەبێت کە دژ بە تورکیش دەبێت.

◊ کوردستان شەریکی عیراق دەبێت لە بەرژەوەندییە نوێیە هاوبەشەکاندا.

◊ سەبارەت بەبازاڕی بازرگانیو دەربازگەی دەریا دۆستایەتیی کوردستان گرنگە.

◊ لەو ناوچەیەدا کوردستان بایەخێکی تایبەتیی خۆی هەیە چونکە:

ڕووسیا نفوزی لە کوردستاندا هەیە.پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ ڕووسیای بۆلشەویکدا بەهێزە. هەر لەو کۆبونەوەیەدا دەربارەی کێشەی کورد، فەیسەڵی یەکەم چەند پرسیارێ ئاڕاستەی سێر پێرسی کۆکس دەکات، لەوانە:

- ئایا بریتانیا ئامادەیە کوردستان بپارێزێت؟ وە ئەگەر هێرش کرایە سەری بریتانیا تاچەند ئامادەی ئەو پارێزگارییەیە؟

- ئایا بەرپرسیی ڕاگرتنی ئاسایش لە تێکچوونی بارودۆخی کوردستان دەگرێتە ئەستۆو تاکەی؟

- ئەو تاقمە کوردانەی دەیانەوێت بێنە ناو عیراقەوە، ئایا بریتانیا بەزۆر جیایان دەکاتەوە؟

www.zbeen.org

- لـە حاڵـەتی جیاکردنـەوەی کوردسـتان، بریتانیـا چـی شـێوە حکومـەتێك بـۆ کـورد دەسـت نیـشان دەکـات؟ بەشـێك لەوەڵامـەکانی پێرسی کۆکس بەم جۆرە دەبن:

نـەخێر ئێمـە زۆر لـەو کوردانـە ناکـەین کـە پاشـگەز ببنـەوە لـەو دەنگدانـەی کـە دابوویـان بـەوەی کەئەیانـەوێت لەگـەڵ عیراقـدا بـن. واپێشنیاز دەکرێت کە جۆری ئەو حوکمە ئۆتۆنۆمییە بۆ کوردستان. ئەوەش بەپێی مادده ١٦ی بڕیاری ماندات بریتانیا بۆ عیراق دەبێت.

بڕگـەی ١٦ی لائیحـەی خـوازراو (مانـدات) دەربـارەی کوردسـتانی باشوور ئەم دەقە نووسراوە "هیچ شتێك کە لەم ماندات هاتووە رێگە لەمانداتکار ناگرێت کە حکومەتێکی سەربەخۆ لەرووی بەڕێوەبردنەوە لەناوچە کوردییەکاندا دابمەزرێنرێت.."

لەسەر تەقەلای خۆی بۆ سەپاندنی ئەو حوکمە ئیمپریالیستانەیەی عەرەب، فەیسەڵی یەکەم لەنامەیەکیدا بۆ مەندوبی سامی دەنووسێت:

" ئەترسم ئەگەر هاتوو رێگەدرا بەو کوردانەی کە دەنگیان دابوو بچنە سەر عیراق، ئەگەر جارێکی تر دەنگ بدەنەوە، دوور نییە بە بڕیارەکانیاندا بچنەوەو پەشیمان ببنەوە لەو دەنگدانەی پێشوویان کە خۆیان هاتبوونە لام و بەڵێن و بڕیاریان دابوو کەلەعیراقدا بن و لێی جیانەبنەوە.

کە ئەوانەی ئاکرێ و زاخۆو دهۆك و هەولێر لەو جۆرە کەسانە بوون. لە وەڵامەکەیدا سێر پێرسی کۆکس دەڵێت:

حکومـەتی بریتانیـا مـافی ئـەوەی نییـە کـە بڕیـاری ماددەی ٦٣-ی پەیمانی (سێڤر) پشت گوێ بخـات. ئەوانـەی کـەدەنگیان دابێـت، مانـای

ئەوە نییە کەئیتر وازیان لە مافی خۆیان هێنابێت، ئەمە ڕێگەی ئەوە ناگرێت کە ببن بە بەشێك لەدەوڵەتی کوردستانی سەربەخۆ، ئەگەر هاتوو ئەو پەیمانی پێکهاتنەی لەگەڵ تورکەکاندا ئەکرێت دەربارەی پێکهێنانی حکومەتێکی کوردی، سەری گرت. بۆ داگیرکردنی باشووری کوردستان، فەیسەڵ دەیەوێت لە بۆچوونێکی تری دیپلۆماسیانەی پڕ لە ئارەزوی مل کەچکردن بۆ فەرمان و نەخشەو بەرژەوەندیی و خواستەکانی بریتانیا، ئینگلیزەکان بەڕاو داواکانی خۆی ڕازیی بکات دەڵێت:

- لەبەرئەوەی تائێستا مەبەست و ئارەزووی حکومەتی خاوەن شکۆی بریتانیام بۆ ڕوون نەبۆتەوە، لەبەرئەوەی نازانم چۆن بیروڕای خۆم لەو ڕووەوە دەرببڕم، دیارە لەوەدا مەبەستی لە جۆری چارەسەرکردنی کێشەی کوردە. مەندوبی سامی -یش لەوەڵامیدا دەڵێت:

- لام وایە لەکۆنگرەی قاهیرەدا وابڕیار دراوە کەهەموو ناوچەکانی کورد بخرێنە ژێر دەسەڵاتی حکومەتێکی دڵفراوان و نەرم و نیان لەبەغدا کەبەدڵێکی کراوەوە ددان بەحوکمی بەڕێوەبردنی ناوخۆیی بۆ کوردەکان خۆیان کاروباری دەزگاکانی ئەو حوکمە لەژێر چاوەدێریی ڕاستەوخۆی حکومەتی بریتانیاداو بەهۆی مەندوبی سامییەوە ببەن بەڕێوە. لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت:

لە فەیسەڵم گەیاند کە حکومەتی خاوەن شکۆمان ئەو جۆرە بۆچوونە بە باش دەزانێت و لای وایە کە بەرژەوەندیی و سوودی دوا ڕۆژی عیراق لەوەدایە کە جیاکەرەوەیەکی بەهێز لەنێوان عیراق و فارسدا هەبێت.

یاداشــتەکەی ٢٣ی دیــسەمبەری ١٩١٩ کــە هێڵەســەرەکییەکانی بۆچوونەکانی لۆرد کەرزۆن لە کۆبوونەوەی هـەردوو وەفدی بریتانیا و فەڕەنسە کە خستییە بەرچاوی (بێرسیلۆت) سەرۆکی وەفدی فەڕەنسە، کـە وەك سیاسـەتی هـەردوو دەوڵـەت ڕێنمـایی لێ وەردەگـرن، لایـەنێکی ئەو بۆچوونانە روون دەکاتەوە:

O نابێت و نەخواستراوە کە هیچ مانداتێکی بریتانیا یان فەڕەنسە لەسەر کۆی کوردستان بڕیار لەسـەر بدرێت، جگە لـە هەندێك ناوچەی باشووری کوردستان..

O ئەزموونـەکانی پێـشوو دەریـان خـستووە کـە حـوکمڕانی تـورك ناتوانێت لە کوردستاندا بەردەوام بێت ئەگەر هەر بەناویش بێت.

O کوردەکـان بەتـەواوی دەتـوانن لەگـەڵ ئاسـوری و ئەرمەنەکانـدا تـەرتیباتی پێویـست بکـەن، بۆیـە ناتوانرێـت سـەیری کێـشەی کـورد بـەدابڕاوی لـە پێکهێنـانی دەوڵـەتی ئەرمەنـستان بکرێـت کـە بریتانیـاو فەڕەنسە لەسەری پێکهاتوون.

O بیرەکـەی لـۆرد کـەرزۆن وا بـوو کـە ڕێگـە بـەکورد بـدرێت کـە یـەك دەوڵــەت یــان چــەند ناوچــەیەکی بــچووکی هاوســنوور پێــك بهێــنن. ڕۆژگــاریش دەری دەخــات کــە کــورد دەتوانێــت کاروبــاری خــۆی بەڕێوەببات ئەگەر تورکەکان دەست نەخەنە کاروباریانەو

O پێویـستە پارێزگـاریکردنی کـورد لـەدژی هـەر دوژمنکارییـەکی تورك مسۆگەر بکرێت.

O لـه بـاری سـەرنجی بریتانیـاو فەڕەنسەوە نابێت کێشەی سنوور وەك ئەوەکەی لەهیندستان ڕووبەڕووی بریتانیا بوو، بخوڵقێنرێت..

وەڵامی نوێنەری فەڕەنسە ئەوە بوو کە ئەو لەگەڵ ئەو پێشنیازانەدا هاوبیرە بەڵام باشتر وایە جارێ ئەو باسە دوابخرێت و لەدواییدا دوای گفتوگۆ لەسەر موسڵ و ئەو خاڵانەی تر کە پێوەندییان بە دەوڵەتانی عەرەبەوە هەیە، بگەڕێنەوە سەری.[١]

خاڵی لاواز لەم ڕێبازەدا زۆر بوون، چارەنوسسازەکانیان:

- ئەم ئەفسەرە سیاسییانە هەم بە ژمارە کەمبوون هەم لەڕووی دەسەڵات و لێپرسراوەتییەوە مەڵبەندەکەیان بەهێز نەبوو، دەسەڵاتە بڕیار بەدەست و گرنگەکان کە دەیانتووانی ڕۆڵی گرنگتر ببینن، لەدەست ڕێبازی یەکەمدا بوو کە ڕاستەوخۆ لەدژی بۆچوون و خواستەکانی ئەم لایەکاریان دەکرد.

- لەگەڵ ئەوەشدا ئەمان سوودیان لە کەسایەتی و دەزگاکانی ڕێبازی دووەم و هەندێك بۆچوونی باشی ڕێبازی یەکەم وەرنەگرت، بەتایبەتی ئەوانەی لە بیروڕای ئەمانەوە نزیك بوون وەیان بەڕەوایان دەزانی کە ئەگەر کورد دەوڵەتی سەربەخۆشی بۆ دانەمەزرێنرێت، وا لەناو سنووری دەوڵەتە نوێیەکەدا دەوڵەتۆکەیەکی بۆ بخوڵقێنرێت. بۆ نموونە با سەرنج لە سەرەتاکانی ڕاو هەڵوێستی کەسایەتی و

---

[١] د. ولید حمدی، سەرچاوەی ناوبراو، ل ٩٢و ٩٣.
، Additionak note on the sitiuation in Kurdistan،- FO 371-4193
FO. 10 Janiuari 1920.

لێپرسراوێکی وەك چەرچڵ بدەین، هەرچەندە لە ڕێبازی دووەمیشدا ئاماژەم بۆ کردووەو بەسوودە سەر لەنوێ لێرەشدا دووبارەی بکەمەوە، چونکە تەنانەت لەو سەردەمەشدا کە کرا بە وەزیری کۆلۆنییەکان چۆن ئەو هەڵوێستە باشانەی دەخستە ڕوو، ئەمە بەڵگەیەکیشە لەسەر:

یەکەم: ڕۆڵی ئەفسەرە سیاسییەکانی مەیدانی کارو ڕۆڵی گرنگ‌و کاریگەرییان لە نەخشەدانان‌و کارکردنە سەر سیاسەتی پایتەخت‌و نەخشەی ئایندە لە وەزیری کۆلۆنییەکانەوە بۆ مەندوبی سامی لە بەغدا ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٢١ ژمارە ١٩٦: نیشانە بە بروسکەتان ژمارە ٢٠١ لە ٢١ حوزەیران، کوردستان.

لەسەر ئەو باسەو لە شێوەی نووسینی ئەو بروسکانەی بۆم ناردوون، دەبینن کە لە قاهیرە بۆچوونێکی تەواو جیاوازم وەرگرت لە پێوانەکانی دا لەوێ، لەسەر سیاسەتمان بەرامبەر بە کوردستان. بڕواشم وایە کە ئێوە ڕازیبوون لەسەر وەرگرتنی سیاسەتێکی مامناوەندی لەنێوان دوو ئەڵتەرناتیڤەکەی لە بڕگەی (١)ی بروسکە وەڵامییەکەتاندایەو ڕازی بوون بە دانانی هێڵێکی ئاشکرای جیاکەرەوە لەنێوان ناوەڕاستی عیراق و ئەو بەشەی کە خۆتان ڕاستەوخۆ دەستی بەسەردا دەگرن. ئیتر کۆتایی سەرەنجامی چارەنووسەکەی هەرچی چۆنێك بێت، لەگەڵ ئەو بەشەی تر کە لەکۆتاییدا دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عیراق. لە بروسکەی ژمارە ١٠٩ی مارسیشدا لێم پرسیبوون دەربارەی "لیڤی" و ئایا جۆری مامەڵەتان لەگەڵ کەرکوك وەك بەشێك لە کوردستان کردووە یان وەك بەشێك لە عیراق. لە حاڵەتی

جیاکردنەوەشـــی لـــە عـــیراق ئامـــاژەم کردبـــوو بـــۆ ئـــەو ســـوودە دەرنەکەوتووانەی لەو جیاکردنەوەیە وەردەگیرێ.

لە بیرو مێشکمدا بیرو وێنەی دامەزراندنی دەوڵـەتێکی دابڕ (حاجز) هەیە لەنێوان عیراق و تورکیادا کە لە ڕەگەزی غەیرە عەرەب پێك دێت.

من ددان بەو کۆسپە ناوچەییانەدا دەنێم کە لەم کاتـەدا ڕووبەڕووت دەبن، دیـارە ئـەو بیانووانـەی دەریـشتان خـستبوون لەبەرچـاوم گرتـوون. بـەڵام مـن ڕێگەم هەیە بۆ قوبوڵکردنی سەرەنجامەکانت. دوای ئەوەی کوردستانی عیراق دەکـەی بە چوار بەشـەوە، راسپاردەکانت دەربارەی ١و ٣و ٤ خستۆتە پـێش چاو بەڵام پێشنیازەکەت دەربارەی چوارەم ڕوون نەبوو.. تاد.[١]

– ئـەو ناکۆکییانـەی ناوچـەکەی گرتبـۆوە، بەتایبـەتی مەترسـیی بڵاوبوونـــەوەی نفـوزی سـۆڤیەت و کۆمـۆنیزم، مەترسـیی گەڕانـــەوەی تورکـەکان، و پێویـستیی دروسـتکردنی دیـوارێکی دابڕ لـە فارسـەکان، بۆچوونەکانی ئەم ڕێبازەی بەهێز دەکرد کە بـوونی دەوڵـەتێکی کوردی دەبێتە شورایەك بۆ ئەو مەترسییانە.

– بوونی کورد بە هێزی چەکداری خۆی بە بوونی گـەلێك ئەفسەر، سـەرکردەیەکی وەك شێخ مـەحمود، خواسـتی دامەزراندنی دەوڵـەتێکی سـەربەخۆ، بـوونی خـەڵکانێ کـە لـە کـاری بەڕێوەبردنـدا شـارەزاییان هەبێت.

---

[١]FO 371-6346، From the Secertery of the coloies to the Gigh Commissioner of Mesopotamia، 24 - june 1921.

= د. ولید حمدی، هەمان سەرچاوە، ل١٢٤–١٢٥.

جگە لەو بزووتنەوە چەکداریو یاخیبوونو راپەڕینانەی کە لە گەلێك ناوچەداو لەماوەی جیاجیادا بەرپادەبون. کە لەگەڵ زیانەکانیشیدا، دەبوونە جۆرە گوشارێك، بۆ دابەشبوونی هێزەکانی بریتانیا کە ئەمەش یارمەتییەك دەبوو کە ئینگلیزەکان نەتوانن خۆیان بۆ ناوچە گرنگەکان تەرخان بکەن.

– پەیمانو رێککەوتنو بەڵێنە نیودەوڵەتییەکان کە هەمووی لەگەڵ رەوشی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیدا بوون.

بۆ ئەوەی لە دیدو بۆچوونەکانی ئەم رێبازی سێیەمە بگەین، باش وایە راو بۆچوونو هەڵوێستەکانی ئەفسەرە سەرەکییەکانی ئەم رێبازە، روون بکەینەوە:

یەکەم کەسێك لەناو ئەفسەرە بەرپرسەکانی ئینگلیز کە داوای دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی بۆ کورد کرد مێجەر نۆئێل بوو. نەخشەی ئەم، بۆ گەیشتنە مەبەستی خۆی دوولایەنیی بوو، واتە لە چەند جەمسەرێکەوە کاری بۆ دەکرد:

یەکەم: هەوڵدان بۆ تێگەیاندنی لێپرسراوانی سەروو خۆی، بە بیرو بۆچوونەکانیو سوودیان بۆ ئیمپراتۆرێتی بریتانیا ئەگەر بخرێنە کارو بەدیهێنانی مەبەستەکان مسۆگەر بکرێن.

دووەم: بۆ رازیکردنی سەرکردەی کوردو لێپرسراوانی تر بە نەخشەکەیو بە پیادەکردنی ئەو سیاسەتەی کورد دەگەیەنێتە ئامانجەکەی خۆی کە ئەمیش کاری بۆ دەکات. هەوڵی ئەدا کە

سیاسـەتی حوکمـداری کوردسـتان لەگـەڵ سیاسـەتەکەی خۆیـدا بگونجێنێت تا ئامانجەکەی هەردوولا بهێنرێتە دی.

سێیەم: جگە لەوانە، هەوڵی ئەدا کە سەرەك خێڵو ئاغاو خاوەن نفوزو دەسەڵاتەکان بە نەخشەو کارو ئامانجەکەی قایل بن و ببنە هاوکار بۆ شێخ مەحمود. نەك هەر لە باشووری کوردستان بەڵکو لە هەموو پارچەکانی تری کوردستان، لەو رووە وێڵسن لە نووسینەکانیدا ئاماژە بۆ یەکێك لەو هەولانەی دەکات و ئەڵێت هەوڵی ئەدا کە یەکێتییەك لەنێوان شێخ مەحمودو سمایلخانی سمکۆو سەید تەهادا بخوڵقێنێ، رەفیق حیلمی باسی هەندێك لایەنی ئەو بیرو ئامانج و نەخشەو هەولانەی نۆئێل دەکات و دەڵێت، زەمان بەدڵی نۆئێل بچوایە بەرێوە شکم لەوەدا نییە کە بناغەی (کوردستانی گەورە)ی دائەمەزراند. لێرەدا دەبێت ئەو راستییە دەربخرێت کە مێجەر نۆئێل و ئەفسەرانی تری ئەم رێبازە، چەند هۆیەك پاڵی پێوە نابوون تا ئەم ئامانج و خواستەی کورد بکەن بە دروشم و رێبازی کاری خۆیان، رەنگە هەندێك لەو هۆیانە شارراوە بن، هەندێکی تری کەمێك ئاشکراو بەستراوەی بەرپرسییەکەیان بووبن. بەڵام ئەوەی ئاشکرایەو هیچ گومانێکی تێدا نییە ئەوەیە کە ئەم وەك ئەفسەرێکی سیاسیی دڵسۆز بە حکومەتەکەی، سەرجەم ئەو راو بۆچوونانەی کردبوونی بە زەمینەی تیۆرییەکەی بۆ دامەزراندنی دەوڵـەتی کوردسـتان، لـەناو بەرژەوەندییـەکانی ئیمپراتۆرییەتی بریتانیاوە هەڵهێنجرابوون. وای لێك دەدایەوە کە تەنها بەو رێیە باشترین خزمەتی وڵات و دەوڵەتەکەی دەکرێت، هەروەك

لەدواییـــدا لـــەناو بۆچـــوونەکانیدا ئـــەوان بەئاشـــکرا دەردەکـــەون و ڕووناکییـان دەخەینـە سـەر گـەلێك کۆسـپ لەبـەردەم مێجـەر نۆئێـل و هاودیدەکانیدا بوون، لەوانە:

- بـەرزیی دەسـەڵات و زۆریـی ئەفـسەرانی بـەرەی دژ بەدامەزرانـدنی دەوڵـەت بـۆ کـورد، کـە لەگـەڵ داگیرکردنـی باشووری کوردستان و لکاندنی بوون بەمیزۆپۆتامیاوە تا وڵات و دەوڵەتی عیراق بخوڵقێنن.

- بۆچوون و تیۆریی بەرپرسە دەسەڵات بەدەستەکانی ئەو ڕێبازە لەسەر کـوردو سروشـتی کۆمەڵایـەتی و فیکـری و سیاسـی و ئـایینی کـە دژ بـە خواسـتی دامەزرانـدنی دەوڵـەت بـوون، پێـچەوانە خواسـت و بۆچـوونە سەرەکییەکانی نۆئێل بوون.

- ئـەقڵی سیاسی و دیپلۆماسیی کوردو ئاستی خـراپ تێگەیشتن یـان تێنگەیشتن لـە جیـاوازیی نێـوان بـیرو بۆچـوونی ئەفسەرە سیاسـییەکانی ئینگلیز، تا ئەو ئاستەی بیرو داواو مەبەستەکانی میجەر نۆئێل لەگەڵ بیرو بۆچوونەکانی شێخدا یـەکی نەدەگرتەوە. جگـە لـەوەی کە لێکدانـەوەکان لـە ئاسـتێکی پێویـست و ڕەزامەنـدا نـەبوون کـە بتـوانن جێگـەی کـورد لـەناو ڕوداوەکاندا بکەنەوەو بەرەو ئامانجە مێژوییەکەی بەرن.

- مـــانۆڤری لێزانانـــەی ئـــەتاتورك و جەربـــەزەیی و دیپلۆماســـێتی ســـەرکەوتوانە لـە لابـەلاکردنی کێـشەو ململانێییـەکان، لـە دروسـتکردنی حاڵەتی بێ بڕوایی ئینگلیزەکان بە شێخ مەحمود.

- باڵادەستیی هێزو ئەقڵ و گیانی خێڵەکی، داب و نەریتی سستێمی دەرەبـەگیی و نیمـچە دەرەبـەگی، شـەڕو ململانێـی نێـوان خێـڵ و ناوچە

دەرەبەگییەکان، داگیرکردن و چەوساندنەوەی سەدان ساڵ. ئەوانە گیانی یاخیبوونیان نەك هەر دژ بە دەوڵەتی داگیرکەر خوڵقاندبوو، بەڵکو دژ بە یاساکانی و هەموو یاسایەکی تریش بوون. بۆیە زۆربەی هەرەزۆری کۆمەڵە خێڵەکییەکانی کوردەواری، ئامادەی مل کەچکردن بۆ یاساو ئاسایش نەبوون. زۆر خێڵ لە فرمانی سەرەك خێڵ و ئاغای خۆی زیاتر ملی بۆ هیچ هێزو یاسایەکی تر دانەدەنەواند.

ئامادەنەبوون مل بۆ یاسای دەوڵەتەکەی کوردو سەرکردەی دابنەوێنن، کەچی ئاسان ملیان بۆ ئەفسەرێکی ئاسایی بیانی دادەنەواند. زیاتر لەوە، بزووتنەوەی چەکداریی ناوچەیی و دابڕاو زۆر لە ناوچەکانی گرتبۆوە. ئەو دیاردانەش بەشە کەمەکەی کۆمەڵ لە نیشتمانپەروەرە منەووەرەکان کە لەسەر ڕێبازی ناسیۆنالیستانەی کورد بیریان دەکردەوەو هەوڵ و تەقەلای خۆیان خستبووە کار، خرابوونە پەراوێزی ڕووداوەکانەوە.

- ناسیۆنالیستە توندڕەوەکانی عەرەب، سووربوون لەسەر داگیرکردنی باشووری کوردستان و لکاندنی بەمیزۆپۆتامیاوە.

- مێجەر نۆئێڵ هەر بیری لای باشووری کوردستان نەبوو، بەڵکو لە نەخشەکەیدا دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردستان وێنەگیر کرابوو.

- خواستی ئیمپریالیستانەی بەرەی یەکەم کە هەم دژ بە خواستەکەی کورد بوو، هەم پێچەوانەی بەڵێن و پەیمانەکانی دەوڵەتەکەی خۆیان و کۆمەڵەی نەتەوەکان بوو، بەپەلە هەنگاویان دەناو هیچ هەلێکیان لەدەست نەدەدا.

## میجەر نۆئێلْ كێیە؟

ئەفسەرێكی سیاسیی جەربەزەو توانا بوو، لەگەڵ باسی مێژووی سەردەمی سەرەتای حوكمڕانیی شێخ مەحمودی نەمر دێتە پێشەوە، یەكسەر ناوی ئەو كورد دۆستە دێتەوە یاد..

ئەكادیمیی سەربازیی لە ئینگلتەرە تەواوكرد، لە دایەرەی سیاسیی لە هیندستان كاری كردووە. یەكێك بوو لەو ئەفسەرە سیاسییە چالاكو شارەزایانەی كە لە جەنگی یەكەمو ساڵەكانی دوای جەنگدا، رۆڵێكی چاوێنیی لە ڕۆژهەڵاتدا بینی، بەتایبەتی لە كوردستان، میزۆپۆتامیا و ئێرانو توركیەو ناوچەی قەفقاسو هیندستان. لە سوپای ئینگلیزدا لە هیندستان كاری كردووە. ماوەیەك موقیمی سیاسیی بووە لە بوشێر لە ئێران. لە بەهاری ١٩١٥ دا توانی لە بەندەری "دیلام" لەنزیك بوشێر جاسووسی بەناوبانگی ئەڵمان"فاسمۆس"بەدەستی خۆی بگرێت. لەسەرەتادا لەناو خێڵی بەختیاریدا كاری دەكرد. دەسەڵاتی كۆمپانیای نەوتی ئێرانی چەسپاند، و دژ بەئەڵمانەكان كاری بۆ وڵاتەكەی خۆی دەكرد. دوای جەنگ پەیوەندییەكی باشی لەگەڵ گەلێك سەرەك خێڵ لە باشووری كوردستان پەیداكردو هێنایە كایەوە. فارسیو كوردیی بەباشی دەزانی، تۆفیق وەهبیو رەفیق حیلمی وانەی تایبەتیی زمانی كوردییان بە نۆئێڵ گوتووەتەوە.

ئەو تێكەڵاوییەی لەگەڵ كورددا، بوو بە هەوێنی سازكردنی دۆستایەتییەكی باش لەگەڵ كورددا تا ئەو ئاستەی كە ببێتە هەڵگری

ئـالاّی دامەزرانـدنی دەولّـەتی کوردسـتان. لـە "ڕەشـت" جەنگەڵییـەکان دەیگرنو پێنج مانگ لایان حەپس دەبێت، دوای روخاندنیان ئازاد دەبێت.

ڕۆڵی سیاسیی ئەم ئەفسەرە لە کوردستانو بۆ کورد، لای ئەم نەتەوەیە، بۆتـە مێژوییـەکی گەشـی یـەکێك لـەو بیانییـە ناسـراوانەی دۆسـتایەتیی کوردیان بەڕاستی کردووە.

هەرچەندە ئەم ئەفسەرە سیاسییە بە لێپرسراوەتییەکی بەسنوورەوەو بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو ئاڵۆز دانرا، لەگەڵ ئەوەشدا بە ویـژدانێکی زینـدوو مرۆڤ دۆستانەوە کاری کردو کەوتە مەیدانی سیاسەتو بەڕێوەبردنـەوە. بۆ ئەوەی لە سنووری دەسەلاّتو زەمینەی کاری مێجەر نۆئێڵ بگەین چاك وایە پێشەکی سەرنجێك لە فرمانی دانانی وەك ئەفسەرێکی سیاسیو لێپرسراو لە ناوچەیەکی ئاڵۆزو سنوورێکی نادیار بدەین.

" لە یەکی نۆڤەمبەرەوە بە ئەفسەری سیاسیی لیوای کەرکوك دانراویت. ئەم لیوایە لە زێی بچووکەوە تا دیالەو بەرەو سەرووی ڕۆژهـەلاّتی سنووری تورکیـەو ئێـر. ئـەوەش بەشێکە لـە ویلایـەتی موسڵ کـە حکومـەتی خـاوەن شـکۆ لەدواییـدا چارەنووسـی دیـاری دەکـاتو بڕیـاری لەسـەر دەدات. لـەم کاتەدا دەبێت وادابنرێت کە دەکەوێتە ناو سنووری ناوچەی دایگرکراوی سەربازیو بەڕێوەبەرێتیی ئەو هێزەوە. لە مامەڵەی سەرکردە ناوچەییەکان دەبێـت وادابنرێـت کـە دەکەوێتـە نـاو سـنووری ناوچـەی داگیرکـراوی سەربازیو مانەوەی هەمیشەیی لە سلێمانی لەئارادا نییە.

دیسان بە ناوچەکانی ڕۆژهەلاّتیشییەوە. دەبێت ئامانج ئەوە بێت کـە لەگـەڵ سـەرکردە ناوچـەییەکان ئـەو هـەلو مەرجـە بخوڵقێنرێت کـە

نیزام بپارێزرێت‌و لە دۆخی ئاساییدا جێگیر ببێت. وەکیلەکانی دوژمن بگرن‌و چالاکییان بووەستێنن. تۆ دەسەڵاتت دراوەتێ کە شێخ مەحمود بە نوێنەری ئێمە لە سلێمانی دابنێیت. ئەگەر زانیتان ئەوە دەکرێت‌و دامەزراندنی تری لەو بابەتانە بۆ چەمچەماڵ‌و هەڵەبجە بکەن. هانیان بدەن کە یەکێتییەك پێکبهێنن کە بە ئامۆژگاریی ئەفسەرە سیاسییەکانی بریتانیا کێشەکانیان چارەسەربکرێت. داوایان لێ بکرێت کەباجی ئاسایی‌و پێویست بدەن هەروەك لە سەردەمی تورکدا دراوە.[١]

**سەرنجێك لەو فرمانە:**

- سنووری کارو دەسەڵات، زەمینەی کارو چالاکی. تاڕادەیەك نادیارو ئاڵۆز بوون.

- لەو فرمانەدا گەلێك لایەنی نێگەتیڤ بۆ کورد دەبینرێن، بەتایبەتی: سنووری تەسکی دەسەڵات، دابەشکردنی هەرێمەکە، جۆری فرمانی دانانی بە نوێنەر، قوتکردنەوەی نوێنەرانی تر تەنانەت لە سنووری هەرێمی سلێمانیدا کە ئەوەش دەسەڵاتی خێڵ‌و دەرەبەگیی بەهێز دەکرد..

www.zheen.org

- هەروەك چۆن هەندێکی پۆزەتیڤیش لە ڕستەکانی ئەو فرمانەدا رەچاو دەکرێن، لەوانە:

ناوچەی دەسەڵات‌و زۆربەی باشووری کوردستانە. چارەنووسی ویلایەتی موسڵ دیاری نەکراوە. ئەگەری ناردنی هێزی بریتانیا

---

[١] د. ولید حمدی، سەرچاوەی ناوبراو، ل٤٧، ٤٨.

لەئارادا نەبووە، ئەمەش ئەوەی دەگەیاند کە پشت بە هێزی ناوچەیی، واتە بە هێزەکانی کورد دەبەستن. هاندان بۆ سازکردنی یەکێتیی لەنێوان خێڵو ناوچەکانی باشوورو کوردستاندا کە ئەوەش زەمینەیەك دەبوو بۆ قەوارەیەکی سەربەخۆ. پێش ئەوەی بچینە ناو درێژەی باسەکانی ئەم لایەنەوە، لەجێی خۆیدایە وەلامی هەندێك پرس و لۆجیکی پەیوەست بە بوونی ئەو بیروڕاو بۆچوونە جۆربەجۆرو ناکۆك بەیەکانە بدەینەوە لەوانە:

دەبێت بۆچی لەو سەرەتای پەیوەندییانەدا لەگەڵ کورد، ئەو دەستەو تاقمە دژو ناحەز، دۆستو یارمەتیدەرانە وا بەئاشکرا قوت بوونەوە؟ ئاخۆ دەبێت ئەوانە هەر لە ڕۆڵ دابەشکردنەوە نەبووبێت بۆ هەڵخەڵەتاندنو پیادەکردنی نەخشەو سیاسەتەکانیان؟

ئایا بۆ هەرلایەك هۆی تایبەتی هەبوو کە بوونە ڕەخسێنەری ئەو دیدوبۆچوونە جیاوازانە؟

زۆر لەو نامەو بروسکە نهێنییانەی سەردەمەکە کە ئێستا لە ئەرشیفە بەردەستخراوەکاندا دەبینرێن، ڕووناکیی دەخەنە سەر وەلامەکانو دروستیو نادروستیی ئەو بۆچوونانەی خوارەوە ڕووناکی بخەنە سەر لایەنێکی گرنگ لەوەلامی پرسەکان:

- هەرلایەك بەرژەوەندیی وڵاتو دەوڵەتەکەی، سەرچاوەی بیروبۆچوونو هەنگاوەکانی بووە.

- بۆچوونو لێکدانەوەکانیان بەرامبەر بە کوردو ئەو لایەنە نێگەتیڤانەی لە دامەزراندنی دەوڵەت بۆ کورددا پێشبینییان دەکرد.

پێــچەوانەکەشی بــۆ پێکهێنــانی وڵاتو دەوڵــەتی عــیراق، بــە داگیرکردنـی باشـووری کوردسـتانو بەسـتنەوەی بـە میزۆپۆتامیـاوە، هەریەکــەیان پێوانــەی رادەو ئاســتی مــسۆگەرکردنی بەرژەوەنــدیی ئیمپریالیستانەی دەوڵەتەکەیان بووە بۆ:

- جێگیرکـردنو بـەرێکردنی بەرژەوەندییـەکانی وڵاتەکـەیان لـەدژی: تورکیـای کـەمالیزم، ئیـسلامو دوورخـستنەوەی ئەگــەری زیندووبونــەوەی شــەپۆلێکی هاوچەشــن بــەو شەپۆلانەی ئیسلامییەتی سەرەتا، تورکە عوسمانلییەکانو هی سەردەمی سەلاحەددینی ئەییوبی. سۆڤیەتو کۆمۆنیزم، هەرەشەی بڵاوبوونەوەی لە ناوچەکەدا.

دروستکردنی شوورەیەك بۆ پاراستنی نفوزو دەسەڵاتە نوێیەکان لەو عیراقـە ی پێکـی دەهێـنن، لـە وڵاتـی فـارسو لـە رێگەوبانـە گرنگەکـەی هیندستانیش کە لەو ماوانەدا بە هیندستان دەگوترا یاقوتی تاجی بریتانیا.

– بەرژەوەندییە ئابووریو ستراتیجییەکان، بەتایبەتی بۆ نـەوتو کەرەسەی خاوو بازرگانیو بازاڕی نوێو هێزی کار بەهەرزان.. تاد.

– رەنگە پێوەندیو دۆستایەتی شەخسییو ئاشنابوون بەیەکتری، رەفتاری باشو کاری دۆستانە، رۆڵێکی گرنگی بینیبێت لە داشکانی لێپرسـراوێك بەلایەکـداو وەسـتان لـەدژی بەرامبەرەکـەی. بـۆ نموونـە ژیـانی مێجـەر سـۆن لـەناو جافـەکانی هەڵەبجـەدا دۆسـتایەتیی لەگـەڵ ئـەوان جۆرێـك لـە دژایـەتیی لەگـەڵ شـێخ مـەحمووددا خوڵقانـد کـە لەدواییدا لەگەڵ هۆیە سیاسییەکەدا تێکەڵ کرد.

– رەنگــە ویــژدانو بــەزەیی‌و لایــەنی هــەق گــرتنو رەوابــوونی مەسەلەیەك‌و ناڕەوابوونی یەكێكی تر، ناكۆكیی، ململانێی شەخسی، رۆڵی پۆزەتیڤیان بینیبێت.

– هەروەك چۆن لۆرەنس بوو بە لۆرەنسی عەرەب‌و ئەو ناوبانگەی بۆ خۆی دروست كرد، دوور نییە مێجەر نۆئێڵیش هەمان بیر جوڵێنەر نەبووبێت بۆ بینینی رۆڵێكی هاوچەشن.

– لەوانەیە رێزگرتنو داب‌و نەریت‌و رۆڵی ئەم سەرەك خێڵ‌و ئەو سەرەك خێڵ جۆرێك لە سۆزی دۆستانەی لای ئەم یان ئەو ئەفسەری سیاسی خولقاندبێت.

– شێوەی بەڕێوەبردنو مامەڵەی خەڵك‌و ئاستی پێشكەوتن یان دواكەوتویی، رادەی پابەندیی بە یاساو جۆری پیادەكردنی، ئەم لێپرسراو یان ئەو لێپرسراوی كردبێتە لایەنگیر یان دۆست.

– ئاستی ئامادەبوون بۆ خۆگونجاندنی لەگەڵ بۆچوونو نەخشەی ئەفسەرە سیاسییەكانو ئامادەبوون بۆ هاوكاریو قوبووڵكردنی خواستەكانیان رۆڵێكی گرنگی لە وەرچەرخانی روداوەكاندا بینیوە..پوختەی نەخشەو تیۆرییەكەی مێجەر نۆئێل لەم بۆچوونو لێكدانەوانەوە هەڵهێنجرابوون كە لە نامەو بروسكەو یاداشتەكانیدا تۆماری كردوون كە دەتوانرێت كورت‌و پوخت بەم جۆرە رووناكیی بخرێتە سەر گرنگەكانیان:[1]

---

[1] بڕوانە یاداشتەكەی ناوبراو"یاداشتێ دەربارەی هەڵوێستی كورد" كە لە ١٩١٩/٧/١٩ نوسیوییەتی.

– دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی دەسەڵاتی تورك چ عوسمانیو چ کەمالیزم، لە ناوچەکەدا، ئەمەش یەکێك بوو لەو کارە گرنگانەی ناو نەخشەی بریتانیا کە لەگەڵ نەخشەی ئەفسەرانی ناو ڕێبازەکانی تریشدا یەکیان دەگرتەوە.

– ئەم لای وابوو کەئەگەر سیاسەتی بریتانیا دامەزراندنی دەوڵەت بێت بۆ کورد، وا ئەم دەوڵەتە دەبێتە هەرێمی بێلایەن، " Buffer state" واتە " دەوڵەتێکی جیاکەرو دابڕکەر"، لەنێوان عەرەبو تورکدا کە بەوەش پارسەنگی هێز لە ناوچەکەدا رادەگیرێتو ڕێگە لە دەستدرێژیی بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی بریتانیا لە میزۆپۆتامیا دەگیرێت.

– دیسان لای وابوو کە ئەم دەوڵەتە هەمان رۆڵی تامپۆنی دەبینێت لە بەرامبەر رووسیاو بڵاوبوونەوەی کۆمۆنیزم.

– ئەم دەیگوت ئەگەر واز لە کورد بهێنرێت، وادەبێتە لایەنگری بریتانیا، بۆیە ئەم لەدژی بەستنەوەی ناوچە دەوڵەمەندەکانی کوردستان بوو بەو عیراقەوە کە نەخشەی دروستکردنی ئەنجام دەدرا. ئەم لای وابوو ئەگەر ئەو کارە بکرێت وا کورد دەبێتە دوژمنی بریتانیاو دۆستی تورك.

– ئەم بەگشتیی کوردی کردبو بە دوو بەشەوە:

بەشی یەکەم: کوردی لایەنگری تورك.

بەشی دووەم: نیشتمانپەروەرانی کوردە کە سەربەخۆنو لەدژی بریتانیا نین.

– له لێکدانەوەو بۆچوونەکانیدا ئەم کوردی بە کراوەو میهرەبانو دڵسۆزو پێگەییوتر لەڕووی هەستی نەتەوەییو هۆشی نیشتمانپەروەرییەوە دادەنا بە بەراورد لەگەڵ گەلو نەتەوەکانی تری ناوچەکەدا. بۆیە ئەم: سوور بوو لەسەر دامەزراندنی دەوڵەت بۆ کورد.
( دابەشکردنی کوردستانو هێشتنەوەی ناوچە دەوڵەمەندەکان لەناو سنووری ئەو دەوڵەتەی بۆ کورد پێك دەهێنرێت.

( سنووری کوردستان بەپێی هێڵی رەگەز لەنێوان کوردو عەرەبدا بێتو نەخشەی بکێشرێت. یەکێك لەو هەلو مەرجانەی کە پێویست بوون بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی لەو بابەتەی مێجەر نوئێل بۆ کوردی دەخواست، ئاستی پێگەییویی ناسیۆنالیزمی کورد، ئەم بڕوای وابوو کە لەو رووەوە کورد قۆناغی دروستبوونی نەتەوەی بڕیوە. لەو رووانەوە، ئەم لە یاداشتە بڵاوکراوەکانیدا دەڵێت:

".. زۆربەی کوردەکان ...

ئەوان زۆر بەپەرۆشەوەن کە خۆیان لەچنگ دەسەڵاتی رزیوی تورکەکان دەرباز بکەنو دەوڵەتی سەربەخۆ بنیات بنێن. داکۆکیو ململانێی کوردەکان لەو زەمینەیەوە هەڵقوڵاوە کە کەسێتیی تایبەتییو رەسەنی کوردەکان خۆی لەخۆیا شەیداو سووتاوی ئازادییە، سەر نەوی ناکات بۆ هیچ سەرکوتکردنو داگیرکردنێك. لەبەر ئەو هۆیانە دەسەڵاتی ماندانی سەر بە ئێمە رێگایەکی سەختو دڕکاویی لەبەردەمدایە.

پێویسته مامەڵەیەکی تایبەتیی لەگەڵ کوردەکاندا بکات. ئەوانە چەند بەڵگەو نموونەیەکی ترن و بۆمانی دەسەلمێنن کە کەسێتیی کوردو تورك لەبنەڕەتەوە زۆر جیاوازن.[1]

ئەو پەرۆشی رزگاربوون و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیە، بوونی کەسێتییە، تەنانەت لە کەسێتیی تورك کە چوار سەدەیە لەناو گەورەترین ئیمپراتۆرێتی دنیادا دەژی، کوردیش بەپێچەوانەوە ژێردەست و چەوساوە بووە، ئەوانە هەمووی بە بەشێکی گرنگ لە رەوش و بنەماکانی دروستبوونی نەتەوە دادەنرێن. لەمەڕ رۆڵی مێجەر نۆئیل ئەحمەد تەقی لە یاداشتەکانیدا دەڵێت:

"..شێخ مەحمود هەرگیز گەلی وای دەست نەکەوتبوو، کە لەوانەبوو بتوانرایە ئەم فەرمانڕەواییەی ببێ بە بەردی بناغە بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی یەکگرتوو، بەتایبەتی کە هەر لەو کاتەشدا (مێجەر نۆئێل) کەوتبوە پڕوپاگەندە لە شارەکانی تری کوردستانی عیراقدا بۆ ئەوەی بیانخاتە سەر کوردستانی تازە پێگەیشتو..". دیسان ئەڵێت:

ئەم مێجەر نۆئێلە هەرچۆنێك بێ، ئەگەر بە سەرزارەکیش بێ، وای دەرئەخست کە وۆستی کوردە. زۆر رێزی شێخ مەحمودی ئەگرت و یچی بەبێ پرسی ئەو نەئەکرد، هەر ئەویش بوو لە ٢٧ تشرینی یەکەمی ١٩١٩دا یاداشتێکی دا بە وێلسۆن و تێیدا وتی:

"ماوەی چوار سەد ساڵە کورد گیرۆدەی دەستی تورکەو هەموو هەوڵێك دراوە کە وەکو گەلێك نەهێڵرێ و بتوێنرێتەوە". دیسان دەنووسێت:

---

[1] یاداشتەکانی مێجەرنۆئیل لە کوردستان، حسین احمد جاف و حسین عوسمان نیرگسەجاری وەریانگێڕاوەتە سەر کوردی. چاپی بەغدا ١٩٨٤.

" نوئێل زۆر هەوڵی ئەدا لە ئینگلیزەکان بگەیەنێ کە چاك وایە هیچ بیانوویەك بە شێخ مەحمود نەگرنو هەوڵێکی راستەقینە بدەن بۆ دروستبوونو یەکگرتنی هەموو کوردستان، بەڵام ئینگلیز ئەو رایەی پەسەند نەئەکردو لەپێشدا ئەیویست کوردستان دابەش بکات بە چەند حکومەتێکی بچووکەوەو لەدواییدا بە یەکجاری وازی لەم بیروڕایانەش هێناو بەدزییەوە بڕیاری پارچەپارچەکردنی کوردستانی دا. کە نۆئێل زانی هیچی پێناکرێ داوای لە وێلسۆن کرد کە لە حاکمی سیاسی سلێمانی مەرەخەسی بکات. ئەویش بەخۆشییەوە لای بردو (مێجەر سۆنی) لەجێگە دانا.[٢]

لەسەر ئاستی قووڵێتیی هۆشو هەستی نەتەوەیی لە باسی گەشتەکەی لە مەڵاتیە وادەنووسێت:

"... بەوردی لەوە گەیشتووم کە خەڵکی ئەو ناوچانەی پێیا رۆیشتووم، هەستو گیانێکی قووڵی نەتەوایەتییان هەیە، هەتا یەت ئەو سۆزی کوردایەتییە لە گەشەکردنو پوختەبووندایە، لە هەمان کاتیشدا رقیان لە تورکو حوکومەتەکەیەتیو لێی پڕن، تۆزێك سەرنج بدەیتە بارو گوزەرانی خەڵکەکە هەست دەکەیت کە بەپەرۆشەوە ئامادەن شۆڕشێکی توندوتیژ دژی دەوڵەتی عوسمانی بەرپابکەن، بەڵام ئەو ئاواتە بەشێوەیەکی کاتی کپ کراوە، چونکە خێڵو عەشرەتەکان لەکاتی جەنگدا بەتەواوی تۆقێنراونو زارەترەك بوون، بەڵام

---

[٢] ئەحمەد تەقی، خەباتی گەلی کورد لە یاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا، دووبارە چاپکردنەوە، ستوکهۆڵم، ١٩٨٨، ل٢٣-٢٤.

هەڵگیرسانی ئەو شۆڕشەیش تیرەو دەستێوەردانی دەرەوەی پێویست نییە، هاکا مەشخەڵانی کردوو بووژانەوەی بەربڵاوی نەتەوەی کورد ئەو کاتە دەست پێدەکات".[1]

لە بەراوردکردنی کوردو تورکدا بەم جۆرە راکانی خۆی تۆمار دەکات:

".. لەو ماوەیەدا بە قووڵیی لەوەگەیشتم کە هەڵسوکەوت و رەوشتی تورکەکان زۆر جیاوازن لەگەڵ کوردەکاندا، ئەوەی سەرنجی راکێشام تورکەکان دنگو مۆنن، مرۆ ڤ کە دەیانبینێت هەست بە پەستیی دەکات، بەڵام کوردەکان رووخۆش و زرنگو ئازان و زۆریش هەڵئەچن، هەستی نەتەوایەتییان قووڵترو تیژترە لە تورکەکان.[2]

مێجەر وئێڵ لەسەر یەك خەت بۆ ئامانجەکەی خۆی کاری کردووە. تەنانەت لە واساتەکانی گەڵاڵەبوونی نەخشەو ستراتیجی بریتانیا بۆ داگیرکردنی باشووری کوردستان و بەستنەوەی بە میزۆپۆتامیاوە بۆ دامەزراندنی ئەو عیراقەی کەخواستی ئیمپریالیستییان گەرەکی بوو، دیسان ئەم هەر کۆڵی نەداوە، تەنانەت لەو کاتانەشدا کە ەو لەباشووری کوردستان دوور خرابووەوە، کاتێك شێخ مەحمود لە یندستانەوە هێنرایەوە لە امەیەکیدا بۆ سکرتێری مەندوبی سامی (Bordillion) نوئێڵ دەنووسێت:

"من وای بۆ دەچم کە ئەگەر کورد پێی ناخۆش بێت، بڕیار دراوە کە خوارووی کوردستان بە هەموو جۆرێك بخرێتە سەر عیراق و لەژێر

[1] ئەحمەد تەقی، خەباتی گەلی کورد لەیاداشتەکانی ئەحمەد تەقیدا، دووبارە چاپکردنەوە، ستوکهۆلم، ١٩٨٨، ل٢٣-٢٤.
[2] یاداستەکانی مێجەرنوئێل، ل٥٢.

دەسەڵاتی عیراقدا بێت. جارێکی تریش دووبارەی ئەکەمەوە کە کورد نابێ بخرێتە ژێر دەستی عیراقەوە. کە ئەگەر کەرکوك بکرێت بەناوچەی ئینتیخابات بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجومەنی دامەزرێنەر، ئیتر ئەمە مانای ئەوەیە کەبەکوردەکان بوترێ کەبەئاشکرا بڕیار دراوە کەرکوك بخرێتە سەر عیراق.[٣]

لە یاداشتەکانیدا ڕەفیق حیلمی تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگو بەدەنگی سەردەمەکەی شێخ مەحمودی نەمری بۆ نەخشاندین، ئەم نزیکترین کەسێکی کورد بووە بە مێجەر نۆئێڵ. چونکە بە فەرمانی شێخ مەحمودی سەرکردە بە موتەرجیمی نۆئێڵ دانراوە، بۆیە زۆر بەوردی لە هەڵسوکەوتو بۆچوونو کارەکانی ئەو ئەفسەرە سیاسییەی بریتانیا گەیشتبوو. ئەم لە یاداشتەکانیدا دەڵێت:

"مێجەر نۆئێل" بۆ ڕێکخستنی کاروباری شارەکانی ترو بڵاوکردنەوەی نفوزی شێخ مەحمود تا ڕەواندز چوو، بۆ یەکخستنی ئەم شارانە لەگەڵ حکومەتی سلێمانی (کوردستان) تەقەلایەکی زۆریدا... بەڵام کە گەڕایەوە سلێمانی "شێخ مەحمود"ی لە وێنەیەکی تازەدا هاتە بەرچاو. وای بۆ دەرکەوت کە لە هەوایەکی ترایەو خەریکە لە ڕێ لائەدات. لەگەڵ ئەمەیشدا نەیدایە ڕووی. ئینگلیزێکی زۆر شارەزاو بە هەواڵی کورد بوو. تا لە سلێمانی مایەوە ماوەی بە دەرکەوتنی کەمو کورتی نەدا، هەوڵی ئەوەی ئەدا کە چەوتی کرا

---

[٣] م. ڕ هاوار، شێخ مەحمودی قارەمانو دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، بەرگی دووەم، لەندەن، ١٩٩١، ل٤٨٤.

راستی بکاتەوە. مەبەستی بیانوگرتن نەبوو. بەڵکو ئەی ویست "شێخ مەحمود"پێ بگەیینێت‌و بۆ حوکمدارییی بەڕاستی دوواڕۆژ ئامادەی بکا، زەمان بەدڵی (نۆئێڵ) بچوایە بەڕێوە شکم لەوەدا نییە کە بناغەی (کوردستانی گەورە)ی دائەمەزراند.[1]

نۆئێڵ نەیتوانی تاسەر نەیەڵێت ویڵسۆن لە شێخ مەحمود زویر نەبێت. زیاتریش لەوە، ئەو بەو پشتگیریکردنەی کورد کە دژ بە هەڵوێستەکانی ئەفسەرو کاربەدەستانی

ئینگلیز بوو لە بەغدا. کەسایەتییە بەدەسەڵاتەکانیشی تووڕە دەکرد، ئەدمۆنس لە کتێبەکەیدا (کورد، تورك‌و عرب) لەسەر نامەکەی مێجەر نۆئێڵ بۆ (Bordillion) بەم جۆرە دەنووسێت:

"نۆئێڵ زۆر بە هەڵەدا چووەو بە چاوێکی بایەخپێدانەوە سەیری ئەنجومەنی دامەزرێنەری عیراق دەکاو بە (زەڕەبین)ـە کەی سلێمانی سەیری هەموو شتێك دەکاو هەڵەی نۆئێڵ لەوەدا دەبینم کە دەمەوێ بۆی روون بکەمەوەو تێی بگەیەنم کە ئێمە زۆر ماندوو بووین‌و گەلێك شەڕەشەق‌و سەریەشەمان دیوە هەتا توانیمان کێشەی موسڵ چارسەرە بکەین لەگەڵ تورکەکاندا.[2]

ئەو هەر لە هەمان کتێبیدا دەڵێت:

"مێجەر نۆئێڵ هەوڵی دا شێخ مەحمودو سمکۆو سەید تەها پێکەوە یەك بخات، بۆ ئەوەی هاوکاری بکەن. بەڵام شێخ مەحمود مەبەستێکی

[1] رفیق حلمی یاداشت، کوردستانی عیراق‌و شۆڕشەکانی شێخ مەحمود، بەرگی یەکەم – بەشی یەکەم، بەغدا ١٩٥٦ ل ٦٩.
[2] م. ر هاوار، سەرچاوەی ناوبراو، بەرگی دووەم، ل ٤٨٤.

www.zheen.org

تـری هـەبوو. ئـەو قبـووڵ نەکردنـەی شـێخ مـەحمود سـوودێکی زۆری هەبوو بۆ ئێمە، من (ئەدمۆنس) بەخێرایی داوای ئەوەم کرد ئەو بەیانە دووقۆڵییـەی بریتانیـا و عـیراق بکـرێ بـە کـوردیو بنێررێـت بـۆ کـوردە موعتەدیلەکان نەك بۆ شێخ مەحموود، ئەو پێشنیازەی کە لـەو رووەوە کردبـووم کاربەدەسـتمان لـە بەغـداد پەسـەندیان کـردو لەسـەر کـردو بڕیاردرا ئیتر نقیب A. J. Chapmann ئەوامر لە منەوە وەربگرێ.[٣]

راوبۆچوونو لێکدانەوەکانی مێجەر نۆئێڵ لـە بروسـکەو نامەکانیـدا ئاشکراو روون دەکەونـە پێش چاو، هەنـدێك لایـەنی تـر لـە ڕەتدانـەوەو وەڵامی ناحەزان بەو بۆچوونانەی ئەمدا دەردەکەون.

مێجەر نۆئێڵ ئازاو بێ دەربەستانە داکۆکی لـە بۆچوونەکانی خـۆی دەکـات، هـەر بـە هـەمان شـێوە وەڵامـی بۆچـوونی بەرامبـەرەکانی داوەتـەوە. لـە یـەکێك لـە مشتومڕەکان لەسـەر راکـانی نۆئێـڵو وەڵامـی بەرامبەرەکانی، بەڵگەنامەکان بەم جۆرە مشتومڕەکان دەخەنەڕوو:

لە بروسکەیەکدا بۆ نوێنەری بریتانیا لە بەغدا سکرتێری وەزارەتی هیندستان دەڵێت:

بۆ ئەوەی رێگەنەدرێ زیان بەئارامیو ئاسایشی میزۆپۆتامیا بگاو، بـۆ ئـەوەی کارەکـەمان بەئـەنجام بگـا، وادیـارە دەبێـت دەسـتبەرداری کوردسـتان بـبین. لـە بروسـکەکەدا سـکرتێر دەڵێـت: بـەلای مێجەر(نۆئێل)ـەوە سێ مەرج دانراوە:

[٣] م. ڕ هاوار، هەمان سەرچاوە، بەرگی دووەم، ل ٤٧٣.
-(چاپمان) لەو سەردەمەدا ئەفسەری سیاسی بوو لەسلێمانی.



www.zheen.org

١- پێویستە دەسەڵاتی تورکیا لە کوردستاندا نەهێڵرێت.

٢- ئەبێ کوردستان لەت و پەت نەکرێ.

٣- لەکاتی دەست نیشان کردنی سنووری کوردو عەرەبدا پێویستە هێڵی نەتەوایەتیی دیاری بکرێ.

جگە لەوە نۆئێل لایوایە ئەگەر کارمان بەسەر چارەنووسی کوردەوە نەبێ، هەموو کوردەکان حەز بە دۆستایەتی بریتانیا ئەکەن و پێویستیان بە یارمەتی و هاندانی کەس نابێت بۆ ئەوەی تورکەکان لە دەرەوەی سنوور بهێڵنەوە، لە سەرێکی ترەوە نۆئێل لای وایە لەت و پەتکردنی وڵاتی کوردستان و لکاندنی بەمیزۆپۆتامیاوە هەل و دەرفەتێکی لەبار ساز ئەکا بۆ پڕوپاگەندەی تورکەکان دژی بریتانیا " لە وەڵامی ئەو بروسکەیەدا حاکمی گشتیی بریتانیا لە بەغدا لە ١٩١٩/١١/٢٦دا بەم جۆرە وەڵام ئەداتەوە:

" نیشانە بە بروسکەتان، هەرسێ مەرجەکەی نۆئێل ڕەد ئەکەینەوەو لەگەڵ هیچیاندا نین".[١]

مێجەر نۆئێل لە ڕاپۆرتێکیدا (١٩٢١/٣/١٦) لەو بەشەی پێوەندیی بە باسی کوردو شێخ مەحمودەوە هەیە دەڵێت:

" شێخ مەحمود تاکەکەس بووە کە لە ناوچەکەدا دەسەڵاتی هەبووەو توانیبووی دەست بەسەر بارودۆخەکەدا بگرێت.

---

[١] لەدۆکومێنتەکانی ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا ژمارە -13-C.O.730.
-م. ڕ. هاوار، سەرچاوەی ناوبراو، بەرگی یەکەم، ل٤٥٧-٤٦٥٤. ئەو بڕگانەی لەم سەرچاوەیەوە وەرگیراوەو وەردەگیرێن بەکەمێك ئاڵوگۆڕ لەداڕشتنەکاندا دەکرێن، بێ ئەوەی دەست لەناوەرۆك و جەوهەری ناو نامەو بروسکەکان بدرێت، واتە رستەو بڕگە وەرگیراوەکان وەك دەق وەرنەگیراون، دیسان دیاردەی پاشووپێش کردنیش دەبینرێت.

بنکەی ژین www.zheen.org

ئەوە ڕاست نییە کە مێجەر سۆن لە ڕاپۆرتێکدا گوتویەتی گوایا (نۆئێل) یارمەتیی شێخ مەحمودی داوە بۆ ئەوەی خۆی بکات بە زۆرداری ناوچەکە هەر لە سنووری ئێرانەوە هەتا شەمزینانو جەبەل حەمرینو ئەگەر ماوەی پێبدرایە هەوڵی ئەدا ڕەواندزیش بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

ئەو دەستوورەی بە شێخ مەحمود درابوو لەلایەن حاکمی گشتیی مەدەنییەوە لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩١٨دا ڕێگەی ئەوەی دا بە شێخ مەحمود کە حوکمڕانی ئەو ناوچانە بکات کە ئەکەونە نێوان سنووری ئێران هەتاکو زابی گەورە. ئەو دەسەڵاتە هەتا مانگی شوباتی ساڵی ١٩١٩ دەوامی کردو لەوکاتەوە ئیتر حاکمی مەدەنی گشتی بڕیاری دا ئەو دەسەڵاتەی شێخ مەحمود بوەستێنرێت. تا ئەو کاتە هیچ پشێویو ناکۆکییەك لەئارادا نەبوو، وڵات بێ ئاشووب بوو، پاش وپێش کردنیش دەبینرا.

ئاسایش بەرپابوو، هەتا ئەو کاتە کوردەکانو کاربەدەستانی شێخ مەحمود خۆیان وەکو دۆستی ئێمە پیشان ئەدا، دەرئەکەوێ کە ئەو بڕیارەی کۆلۆنێل ویڵسۆن بوو لە مانگی کانونی یەکەمی ١٩١٩دا کە وای ئەگەیاند:

١- دەزگایەکی خودموختاری لە کوردستاندا دامەزرێنرێ بە مەرجێك ئەنجامێکی خراپو دژواری بۆ ناوچە هاوسێ عەرەبییەکان نەبێت کە لەلایەن بریتانیاوە ڕاستەوخۆ حوکم دەکرێن."

٢- هەندێ لەوانەی کە لە ناوچەکەدا لەسەر کاربوون ناڕاستو زۆردار بوون، ئەمەش تاڕادەیەك بوو بەهۆی بێزاربوونی خەڵك کە ئەمەش لەگەڵ پێویستی سەرشانی ئێمەدا یەکی نەدەگرت.

٣- پشت به دۆستایەتیو دڵسۆزیی ئەو تاقمە سوپاییە نابەسرێت کە لەناوچەکەدا دائەمەزرێت بەتایبەتی دوای ئەوەی ئەوانە شوێن پێیان پتەو ئەکەنو ڕەگ دائەکوتنو ئەگەنە ئەوەی هەست بە سەربەخۆیی بکەن".

لە مارسی ١٩١٩دا مێجەر سۆن لە جێگەی من دانرا، ئەوەبوو لەدوای دوو مانگ شۆڕش ڕووی داو بەناچاری هێز بەکارهێنرا. مێجەر سۆن لە ڕاپۆرتەکەیدا دەنووسێت:

هۆی ئەو ڕووداوانە لە ئەنجامی جۆری ئەو سیاسەتەوە پەیدابوو کە لەکاتی خۆیدا بە هەڵە پیادەکراوە.

بەڵام هۆی ڕاستەقینەی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ کردەوەکانی سۆن کە لەگەڵ سیاسەتە دانراوەکەدا یەکی نەدەگرتەوە. هەتا کاتی لابردنی من شێخ مەحمود بەپێی ئەو نەخشەو دەستوورە ئەجوڵایەوە کە بۆی دانرابوو. ئێمە دەمانزانی هەندێك هەڵەو ئارەزووکاریی لەکاروبارەکانی شێخ مەحموددا هەبووە، بەڵام بەلای منەوە مافی خودموختاری ئەوە ئەگەیەنێت کە پیاو بتوانێت حوکمی خۆی، ڕاست بێت یان چەوت، ببات بەڕێوە، من هیوای ئەوەم هەبوو کە بە ئامۆژگاریکردنی دۆستانە کار بکرێتە سەر کاربەدەستانی سیاسی جێنشینم کەلە چەوتیی حوکم کەم بکاتەوە، بەڵام بڕیاری گۆڕانی سیاسەت بەرامبەر بەکوردستان دەرچوو بەبێ ئەوەی ئەو پرسانەی کە لەناوچەکەدا هەبوون بخرێنە بەرچاوو حسابیان بۆ بکرێت"...

بنکەی ژین
www.zheen.org

لەبەشێكی تری راپۆرتەكەدا نۆئێلْ درێژە بەنووسینەكەی ئەدات و ئەڵێت:

شێخ مەحمود حوكم درا بە (١٠)ساڵ و ئێستە لەبەندیخانەیەكدایە لەهیندستان، بەپێی تاقیكردنەوەیەك كەلەگەڵ ئەو پیاوەدا هەمبووە هەتا مارتی ١٩١٩ەو لەرێڕەوی گفتوگۆما لەگەڵ ئەو لێپرسراوانەی كەشێخ مەحمودیان ناسیوە، بڕوام وایە پێداچوونەوەیەك بەوەی كەبەرامبەر بەشێخ مەحمود كراوە شتێكی بەسوودو باش بێت، لەم ڕووەوە باوەڕی (كۆلۆنێل گۆردن ۆكر)و مێجەر دانلیس) شتێكی پێویستە..

وەختێك شێخ مەحمود دۆستایەتیی خۆی بۆ ئێمە دەربڕیو لەزستانی١٩١٧-١٩١٨دا كەلەدژی تورك یاخی بوو، ماوەیەك پێشنیازكرا كەشێخ مەحمود بكرێت بەنوێنەری ئێمە لەسلێمانی، بەڵام لەبەركشانەوەمان لەسەرەتادا ئەو كارە سەری نەگرت و بڕواشم وایە كەتوركەكان لەكاتی خۆیدا ئاگاداری ئەو پێشنیازەی ئێمە بوون كەشێخ مەحمود بكرێت بەنوێنەری ئێمە.لەدوای وەستانی شەڕی جیهانیی، شێخ مەحمود تاكە كەسێكی دەسەڵاتدار بوو كە وەكو بەرپرسێكی سیاسیی ئینگلیز پێشوازیی لێ كردم. ئامۆژگارییەك كە من خستمە پێش چاو ئەوە بو كە شێخ مەحمود بكرێت بەنوێنەرمان لەسلێمانی. كەلەبەغداوە هاتمە سلێمانی كاربەدەستانی خۆمان ئاگاداریان كردم و پێیان گوتم: نابێت بەتەمای ئەوەبیت كەهیچ سەربازێكی ئینگلیزت بۆ بنێردرێت بۆ كوردستان، بەڵكو پێویستە

هەوڵی ئەوەبدەم کەلەگەڵ ناودارانی ناوچەکە کاروباری بەڕێوەبردن و ئاسایش سازبکەم، بەگەیشتنم بۆ سلێمانی بۆم دەرکەوت کە شێخ مەحمود بەهێزترین کەس بوو لەو ناوچەیەداو بەبێ دۆستایەتی و هاوکاریی ئەو پیاوە راگرتنی ئاسایشی ناوچەکە لەتوانادا نەبوو.

بەبێ دۆستایەتی و هاوکاریی شێخ مەحمود، ئەبوایە هێزێکی سوپامان بۆ ناوچەکە کێش بکردایە،کەلەو رۆژگارەدا ئێمە بیرمان لەکارێکی وانە ئەکردەوە. لەئەنجامی ئەوەدا بەشتێکی باشم زانی کەشێخ مەحمود بکرێت بەنوێنەری ئێمە. پاش دوو هەفتە کۆلۆنێڵ وێڵسن هەنگاوێکی زیاترو بەرەو پێشتری ناو نامەیەك درا بەشێخ مەحمود کەسەرکردایەتی ئەو لەناوچەی دیالەوە تازابی گەورە، پەسەند کرا، بەمەرجێك کوردەکانی ئەو ناوچانە بەرەزامەندی و ئارەزووی خۆیان ئەو سەرکردایەتییەی ئەو قوبووڵ بکەن. لەماوەی دووهەفتەدا زۆربەی عەشیرەتەکان هاتنە ناو ئەو کۆنفیدراسیۆنەوە..

ئەگەر هەڵوێست و بۆچوونێکی دژ بەشێخ مەحمود لەئارادا بووبێت ئەوە لەڕاپۆرتی (مس بێڵ)دا نیشان دراوە کە دەڵێت:

شێخ مەحمود نوێنەرو دەمڕاستی ئاغاکان بوو، ئەو دەسەڵاتە بەهێزەی ئاغاکانیش هەر لەخراپەدا بوو، وەك گەورەیەکی ئایینی نەدەکرا شێخ مەحمود فەرامۆش بکرێت، نەشدەبوو هیچ گۆڕانێکی کوتوپڕ لەهەڵوێستدا بەرامبەری بکرێت. بەڵام دەرکەوت کەپێشکەوتن و بەرژەوەندیی گشتیی نەدەهاتە ئاراوە تا ئەو دێوەی لەشوشەکەی حەزرەتی سلێمانەوە هاتبووە دەرەوە، نەخرێتەوە ناو شووشەکەی.

www.zheen.org

لەسەر توندڕەویکردنی سیاسەتی هەندێك بەرپرسی ئینگلیز، مێجەر نۆئێلْ نموونەی تر دەخاتە بەرچاوو لەڕاپۆرتەکەیدا هەلویستی ناحەزانەی مێجەرسۆنی دەرخستووەو لەوەلامی پرسیارێکدا گوتوویەتی:

ئەبێت بەجۆرێك دەسەلات و مەرکەزی شێخ مەحمود بچووك بکاتەوە کەزۆر وەستایانە بۆی بچێتو بەجۆرێکی شارەزایانە بێت..

ئینجا نۆئێلْ رای خۆی لەسەر ئەو جۆرە سیاسەتە دەردەخاتو دەڵێت:

شتێکی ئاشکراو بەڵگەنەویست بوو کەبەرامبەر بەو هەڵوێستە(کەمکردنەوەی دەسەلاتو بچووککردنەوەی مەرکەزی) شێخ مەحمود بەرامبەری بووەستێت، بەتایبەتی بەرامبەر بەو شێوەیەی مێجەرسۆن بەکاری دەهێنا کەئەنجامەکەشی گەیشتە ئەو ئاستەی کەبەناچاری هێزی سوپا بنێردرێتو شێخ مەحمود بەدیل بگیرێتو دووربخرێتەوە.

دەسەلاتی شێخ مەحمود داتاشراو بەجۆرێك کەم کرایەوە کەپێویستی بەوەنەدەکرد، چونکە دێوەکە زنجیر کرابوو، هەر بەو جۆرەش ئەمایەوە هەتا خۆی دەستەمۆ ئەبوو ئەگەر وەستایانە بۆی بچوونایە. ئینجا نۆئێلْ لەسەر رەوشتو رەفتاری شێخ مەحمود ئەدوێت، و لەراپۆرتەکەیدا دەنووسێت:

کردەوەی شێخ مەحمود بەرامبەر بەو ئینگلیزانەی لەسلێمانیدا گیران، بەڵگەیەکی جوامێریی شێخ مەحمودەو پێویستە جێگەی ئێستای لە(هەنگام)وە لەهیندستان بۆ شوێنێکی تر بگۆڕدرێت. یەکێك

لەکۆسـپەگەورەکانی بـەردەمی نەخـشەکەی مێجـەر نۆئێـڵو سەرکردایەتییەکەی کورد، خۆپەرستیو گیانو ئەقڵی خێڵەکیی بوو کە ئەفـسەرە کاربەدەسـتەکانی دژ بەئامانجەکـەی نۆئێـڵو کـورد بـوون، ئاغاکانیان بۆ لای خۆیـان رادەکێشاو عـەریزەی دژ بەشێخ مـەحمودیان پێ ئیمزادەکردن. بۆ نموونە مل نەدانی کەرکوکو کفریو گەڵ سـەرەك هـۆز بۆ چوونە ژێـر دەسـەڵاتی حوکمداریی شێخ، بەهانی ئـەوان بـوو، کەئەمـەش شـێخ مـەحمودی نـەك هـەر لەناحـەزانی دوودڵو بـەدگومان دەکرد، بـەڵکو دۆستەکانیشی تێوەدەگلاندو کارەکـان ئاڵۆزتر دەبوون، بەتایبەتی هەر وەك رەفیق حیلمی دەنووسێت:

"شێخ لەکاروباری حکومەتدا کـەم تەجروبـەو لەمەیدانی سیاسـەتدا بێ کەس بوو..

ئـازاییو بـێ ترسـیو کـەم تەرخـەمی خۆشـی لـەو بابەتـە بـوون کەبەهەڵەی بەرن. ئەوانەی کەئەیان توانی لەحوکمدا لێی نزیك ببنـەوە لەم بابەتە بوون:

دەسو پێوەنـدی نـەفامو نەخوێنـدەوار، دەوروپـشتی چاوبرسـیو دوای تـالان کـەوتوو، نۆکـەری خەنجـەر لەپـشت عەشـایەری تفـەنگ لەشـان. هەرچـەند لەبەغـداوەو هـەتا لـە(تورکیـا)وە هەنـدێ لەزابتـە کوردەکان هاتبوونەوە سلێمانیو لەو سەرو دەمەدا هەندێ خوێنـەورای بـاشو نیـشتمان پـەروەر لـەوێ بـوونو ئـەیان ویـست کەدەسـت لـەناو دەست تێبکۆشنو یارمەتی حوکمدار بدەن..[1]

---

[1] رەفیق حلمی، سەرچاوەی ناوبراو، بەرگی یەکەم بەشی یەکەم ل ٦٧و ٦٨.

بنکەی ژین
www.zheen.org

رەفیق حیلمی کەشەوانە وانەی زمانی کوردیی بەمێجەڕ دەگوتەوە، گەلێك بیرەوەریی خۆی لەسەر ئەو دەگێڕێتەوە..لەدوای دەرس لەگەڵم ئەکەوتە باسی کوردستانەوە. هەر لەو ڕۆژەوە لەخەیاڵی گەشتێکدا بوو بۆ کوردستانی (تورکیا). ئەی ویست لەلایەن کوردە ناودارەکانی تورکیاوە شارەزایی پەیا بکا. باسی "بەدرخانی (یەکان و کوڕەکانی _جمیل پاشا)و بابانەکانی ئەستەموولّی ئەپرسی. وەکو بۆم دەرئەکەوت ئەو لەمن شارەزاتر بوو. لەگەڵ ئەمەشا هەر ئەی پرسی. بەڵام لەم باسانە من سوودم زیاتر بوو. لەدڵیا بوو کەلەگەڵ خۆی بمبا بۆ تورکیا بۆ ئەوەی لەگەڵ کوردەکانی ئەوێ، لەگەڵ نیشتمانپەروەران وەگەورەکانیان بۆ داوای کورد تێبکۆشێت و بۆ حکومەتی کوردستانی "شێخ مەحمود" پشتیوان و لایەنگر بدۆزێتەوە. لەبەر ئەوە خۆی لەشێخ مەحمود(زیز) نەئەکردو نەی ئەویست دەسی لێ بەردا هەڵوێستی مێجەڕ نۆئێل هەر بۆ حکومەتەکەی شێخ مەحمود و بۆ سلێمانی یان بۆ جنووبی کوردستان نەبوو، بەڵکو ئەو بیروبۆچوونێکی زۆر فراوانتری هەبوو:

www.zheen.org

بەتوندی بەرگری لە دروستکردنی سێ وڵاتی کورد دەکرد :

کوردستانی خواروو، کە ناوەندەکەی سلێمانی بوو، نەهری و رواندزو هەولێر و کەرکووك و کفری و خانەقینی دەگرتەوە. کوردستانی ناوەڕاست کە ناوەندەکەی موسڵ بوو، و کوردستانی رۆژئاوا کەناوەندەکەی دیاربەکر بوو، لەلای باکوور تا ئەو ناوچانە دەڕۆیشت کە زۆربەی دانیشتوانیان کورد بوو – و هەڵبەت ئەم سی

هەرێمە لەژێر سایەی بریتانیادا دەبوون و لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیاندا پشتیان بە ڕێنوێنییەکانی دەبەست.[1]

دوای ئەوەی مێجەر نۆئێل سلێمانیی بەجێهێشت (گرینهاوس) بەوەکیلی دانرا. ئیتر شارەکە وەك جاران نەما، هەموو جۆرە سەربازی لەشکری ئینگلیز لەهیندیو سیكو عەجەمو ئەفغانو عەرەبو ئەرمەنی و ئاسووریو جوولەکەو گاور، رژانە شارەکەوەو کەوتنە تەنگ هەڵچنین بەخەڵکی شارەکە، لەوەش خراپترئەوەبوو کەژمارەیەکیش لەدانیشتوان بوون بەپۆلیسو کەوتنە خزمەتی ئینگلیزەکان.. هەر دایەرەیەك یاریدەدەر، یان راوێژکارێکی ئینگلیزی بۆ دانرا..

کاپتەن بێڵ-یش کەوتە سەردانو گەڕان بەناو هۆزو خێڵەکانی سلێمانیو هەولێرو کەرکوك بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاریو ناسینی ناحەزانی شێخ مەحمود... رەفیق حیلمی کە کاپتەن بێڵ لەگەڵ خۆی بۆ ئەو سەردانانەی بردبوو، دەڵێت:

ئەو کۆڵینەوەو (ئامارە) یەکێتیی نیشتمانی کوردستان کە(بێڵ) کردبووی بە (خەزنە)یەکی زانیاری گەلی بەنرخو بەکەڵك بوو بۆ کاربەستی حکومەتی سیاسی..[2]

لەسەر چالاکیی بێڵ دەڵێت:

(بێڵ) دوژمنی دانیشتنو وەستان بوو، بێووچان ئیشی ئەکرد، هەر خەریکی پرسینو نووسین بوو. تەقەلای نەیارانی کوردو مێجەر نۆئێڵ،

---

[1] بڕوانە دێڤید ماکداوڵ، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی ئەبوبەکر خۆشناو، ل.٢٥٥.
[2] رەفیق حلمی، سەرچاوە ی ناوبراو.

بۆ یاخیبوون لەحوکمداری شێخ مەحمود کەوتە کار تا لەدەسەلاتو نفوزی کەم بکەنەوە. هەروەك نموونە بۆ ئەو کارەو هەولانە:

– تەقەلای (بێل)و (بارکر)، بەنەخشەی مێجەرسۆن لەرانیە لەناو سەرەك عەشیرەتەکانی مەنگور، مامش،بلباس، ئاکۆیان، پژدەر، ناودەشت، بۆ ئەوەی بریار بدەن بەلابردنی شێخ ئەمینی سندۆلان، بێ ئەوەی لەو کارەدا سەربکەون. لەو کارەی دژ بەو تەقەلایە(غەفورخانی) ناودەشت رۆلێکی ئازاو جوامێرانەی بینی، هەم لەبەرپەرچدانەوەی خواستی ئەو دوو بەرپرسە ئینگلیزە، و هەم لەهاندانی سەرەك خێلەکان بۆ وەرگرتنی هەمان هەلوێست. ئیتر دەویسترا نەخشەکەی وێلسن بەسۆنو کاربەدەستانی بەردەستی ئەنجام بدەن. تا ئەو ئاستەی کەلەهاتنی سۆن بۆ وەرگرتنی بەرپرسایی ئینگلیزەکان، و هەم لەهاندانی سەرەك خێلەکان بۆ وەرگرتنی هەمان هەلوێست. ئیتر دەویسترا نەخشەکەی وێلسن بەسۆنو کاربەدەستانی بەردەستی ئەنجام بدەن. تا ئەو ئاستەی کەلەهاتنی سۆن بۆ وەرگرتنی بەرپرسانەی لەسلێمانی، لەگەل ئەوەی شێخ خۆیو سەدان چەکداری سوارو پیادە بەپیرییەوە چوون، کەچی لەکاتی پرسینەوەو تەوقەکردن ئاوری لەشێخ مەحمود نەدایەوە.. بەوەش شێخ نیازخراپی ئەو لێپرسراوانەی بۆ دەرکەوتو ئەمیش کەوتە دانانی نەخشەی خۆی.

بۆ زیاتر روونکردنەوەی تەقەلای ئەفسەرە سیاسییەکانی سەر ئەم رێبازە، بۆ زیاتر سەلماندنی نەبوونی نەخشەو ستراتیجێکی ئامادەکراوی دەولەت دژ بەکورد لەلایەن بریتانیاوە، بۆئەوەی زیاتر

ڕووناکی بخەینە سەر ئەو لایەنە کە زیاتر ئەفسەرە سیاسییە مەیدانییەکان ڕۆڵیان لە گەڵاڵەکردنی بیرو ڕاوهەڵوێستدا دەبینی، کەلەڕێڕەوو ئینجا لەسەرەنجامی کۆی ئەو ڕاپۆرتو بروسکەو هەڵوێستو کۆبوونەوەو کۆنگرەو ڕاگۆڕینەوانەدا کە زەمینەی دارشتنی ستراتیج خۆش کراو ئیتر وەك ستراتیجی دەوڵەتیی دژ بەبەرژەوەندییەکانی کوردو ئامانجە ستراتیجییەکەی بوو، بۆ ئەوانە باش وایە کەمە ڕووناکییەك بخەینە سەر ڕاوبۆچوونی چەند ئەفسەرێکی سیاسیی تر کەلەبیروبۆچوونەکانی نۆئێڵەوە نزیك بوون، لەوانە:

مێجەر ئەندریۆ یۆنگ لەیاداشتێکیدا، جیاوازیی نێوان دانیشتوانی ناوچە جیاجیاکانی باشووری کوردستان بەم جۆرە دەخاتەپێش چاو:

سلێمانی زۆر کەللەڕەق و دڕن.

کەرکوك بەئاشکرا سەربەتورکیایە (لام وابێت مەبەستی شارەکە بێت، زیاتریش لەوە ڕەنگە دەرکەوتوویی ئورۆستۆکراتەکانی تورکمانو بەندوباوی تورکخوازانو ئینجا بۆچوونی هەڵە کەبەهۆی ئاینی ئیسلامەوە کورد تورکیای دەوێت، ئەوانە هۆی ئەو جۆرە را نادروستانە بن، بەڵام ڕەنگە عیراق قەبووڵ بکەن ئەگەربۆیان دەربکەوێ لەژێر کۆنترۆڵو چاودێریی بریتانیادا بن).

ناوچەی هەولێر کەکوردێکی تەواوە جگە لەچەند شوێنێکی زۆر کەم نەبێت کەدەکەوێتە لای چەپی ڕووباری دیجلە، ئەوانیش بەفەیسەڵ ڕازین بەمەرجێك دڵنیابن لەوەی عیراق لەژێر حوکمی بریتانیادا دەبێ. کوردەکانی ناوچەی زاخۆو دهۆكو ئاکرێ هەمیشە لەژێر دەسەڵاتی موسڵدا بوون، ئەو

کوردانە دەیانەوێ هەر بەو جۆرە بمێننەوە هەرچەندە زۆر نابەدڵن لەوەی کەبچنە ژێر سایەی فەیسەڵەوە. مەگەر تەنها بەوە دڵنیابکرێن کەفەیسەڵ لەژێر کۆنترۆڵی بریتانیادا دەمێنێتەوە... لەو یادداشتەیدا دەڵێت: لەگەڵ ئەو پێنج کەسەدا کەهەموویان شارەزای باری کوردستانن گفتو گۆ کرا.

بۆچوونی لەو گفتوگۆیەدا ئەوە بوو کە هیچ کوردێك لەناوچە کوردییەکاندا بەوە رازینین بخرێتە ژێر دەسەڵاتی فەیسەڵو عیراقەوە.. ئەگەر چی رەنگە بتوانرێ جگە لە سلێمانی ئەوانی تر بهێنرێنە ژێر بار، ئەگەر دڵنیا بکرێن لەوەی بریتانیا سەرپەرشتی فەیسەڵ دەکاو بەپێی راوێژی بریتانیا دەڕوا بەڕێوە.[1]

دیسان یۆنگ دەڵێت:

لەو گەشتەی کەبەناوچە کوردییەکانی لیوای موسڵو کەرکوكو هەولێرو سلێمانیدا کردم، هەڵوێستم بەتەواوی بۆ روون بووەوە. هەرچەندە لەگفتوگۆکەمدا لەگەڵ فەیسەڵ دەستی برد بۆ ریشی وتی:

بنکەی ژین
www.zheen.org

" بەخوا من پیاو نیم ئەگەر نەتوانم خەڵکی سلێمانی وا لێ بکەم کە دژی تورکەکان بووەستن. ئەوسێ راوێژکارانەمان کەلەناوچەکانی کوردەکاندان، دەڵێن پێویست بەدووبارەکردنەوەی ریفراندەم بۆ دەنگدان ناکات، چونکە خەڵکەکە ئەو ریفراندەمەیان ناوێت، ئەگەر بڕیاریش درا بکرێ وا پێویستە حیساب بۆ ئەو مەبەستانە بکرێ کەلە دواڕۆژدا پێویستە بخرێنە بەرچاو.

---

[1] دۆکومێنتی ژمارە C.O.730-16رۆژی 1921-11-26.
– م. ڕ. هاوار، هەمان سەرچاوە، بەرگی دووەم، ل١٠٥.

سـلێمانی بـەهیچ جۆرێـك بەشـداری ریفرانـدەم ناكـات. كـەركوك و هــەولێر بەبەشــێك لــەعیراق دەژمێــردرێن، هەرچــەندە راوێــژكارانمان هەوڵێكی زۆریان دا، بەڵام بە فەیسەڵ قایل نەبوون. لەهـەولێر بەهۆی تەقــەڵای راوێــژكارانمان بەفەیــسەڵ رازیبــوون و كوردەكــانی ئــەو ناوچەیەیان والێكردووە مەزبەتە بۆ ئەو مۆر بكەن. فەیسەڵ زۆرباش لەئەنجامی ریفراندەمی تازە گەیشتووەو سوور دەزانێت كە كوردەكان نایانــەوێت بــچنە ژێــر ســایەی ئــەوەوە، مەگــەر بــەهۆی ئەفــسەرە سیاسییەكانمانەوە بتوانرێت شتێك لەو رووەوە بكرێت. ئەگەر فەیسەڵ بــچێتە ئــەو شــوێنانەی كــە راوێــژكارانی ئێمــەی لێیــە، ئایــا كــەس لەكوردەكان بەپیرییەوە دەچن؟

ئەگەر كاربەدەست و ئەفسەرە سیاسییەكانمان زۆریان لەكوردەكانی ئەو ناوچانە كرد تابچن بەپیر فەیسەڵەوە، ئایا بەدڵ پێشوازیی لێدەكەن؟

لەشـوێنێكی وەك سـلێمانیدا، كاتێـك دەتوانرێـت ئـەو پێـشوازییە لەفەیـسەڵ بكرێـت كـە پێیـان بگوترێـت: فەیـسەڵ دۆسـتی ئینگلیـزەو مــەلیكی عیراقــە نــەك مــەلیكی كوردەكـان. نـاو شـاری كـەركوك سـەر بــەتورك و راوێــژكارانمان زۆر بــەگران دەتــوانن كاریــان تــێ بكــەن كەبەفەیسەڵ رازیبن. لەهەولێر راوێژكارانمان دەتوانن كارێكی وابكەن كەدانیـشتوان بـەئارەزوی ئـەوان بـڕۆن بـەرێوە، بـەڵام ئـەوە هـیچ كـەڵك و سـوودێكی نییـە، زاخـۆو دهـۆك و ئـاكرێ ئامـادەی ئـەوەن بەشـداریی دەنگدان بكەن. دەتوانرێ ئاسوورییەكانیش بەوە ڕازی بكرێن.[1]

---

[1] دۆكۆمێنتی ژمارە C.O.630-16 رۆژی 1921-11-26.

لەپاشکۆی ئەو یاداشتەدا مێجەر یۆنگ گەلێك راوبۆچوونی تر دەخاتە پێش چاو، هەرچەندە ناکۆکییان تێدا بەدی دەکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا رووناکیی دەخەنە سەر چەند لایەنێکی هەستیار کەهەرچەندە لەو رۆژگارەدا ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، تەنانەت بۆ ئەم رۆژگارەش هەر بەسوودە:

- ئێمە بەڵێنمان دابوو کەلایەنگیری نەتەوایەتی عەرەب بین و هانی بدەین نەك ئیمپریالیزمی عەرەب. پێویستە ئەوانەش کەعەرەب نین حیسابیان بۆ بکرێ، هەرچەندە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە بیر لەوە بکرێتەوە کەمە نەتەوایەتییەکان سەربەخۆبن.

- ئاڵۆزییەکی تەواو هەیە لەنێوانی ئەو دوولایەی کەبەهێڵێك عەرەب لەغەیری عەرەب جیادەکاتەوە (باکووری رۆژئاوا و باکووری رۆژهەلات، بەتایبەتی ئەو هێڵەی کەدەکەوێتە شوێنە بەرزاییەکان لە "مشووررداغ"ەوە تا قەڵا نەفت").

- ئەو ناوچانەی لەو هێڵەوە دەست پێدەکەن تاسنووری تورکیا هەموویان کوردن جگە لەکەمایەتییەکی تورکمان، هیچ عەرەبی تێدا نییە کە بەو ناوچانە دەڵێن کوردستان.

- دۆستایەتی کورد بۆ عەرەب زۆر پێویستە، دەتوانرێ کوردستان ببێتە قەڵایەك لەنێوانی تورك و عیراقدا. بوونی کوردستانێکی نادۆست هەر خۆی لەخۆیا هەرەشەیەکی گەورە پێك دەهێنێت و بوونی کوردستان دەبێتە بەرهەڵستییەکی بەهێز دژی تورك و بۆڵشەویك.

---

- م. ر. هاوار، هەمان سەرچاوە، بەرگی دووەم، ل١٠٥.



www.zheen.org

- بۆ کوردستانیش، بوونی عیراقێکی دۆست شتێکی پێویسته چونکه بەسره تاقه بەندەرێکه کەڕێگەی بازرگانی بگەیەنێته دەریا، بەغدادو بەسره لەبازاڕە سەرەکییەکانن.

- ئەگەر هۆی دەرەوە نەبێت بەرژەوەندیی هەردوولا لەوەدایە کەعیراق و کوردستان پێکەوە بەدۆستانە بژین. بیرکردنەوەی لەوە بەزۆرە ملیی دەستی بەسەر ناوچە بەرزەکانی کوردستاندا بگیرێت زۆر لەسەر عیراق دەکەوێ، سەرکوتکردنی کورد لەلایەن عەرەبەوە بەئاسانی سەر ناگرێ و جێبەجێ ناکرێ. کەرکوك شارێکی ستراتیجیی ناو جەرگەی کوردستانە، شوێنێکی کراوەیەو هەروا بەئاسانی لەلایەن عەرەبەوە هێرشی نابرێتە سەر.

- بۆمان دەرکەوتووە کەپەیوەندییەکی دۆستانەو هاوکارییکردنی هەردوو وڵاتەکە شتێکی زۆر گرنگە، لەبەرئەوە ئێمە زۆر بەپەرۆشەوە هەوڵی سەرگرتنی ئەو دۆستایەتییە ئەدەین. ئێمە بەڵێنمان بەجیهان داوە کە بەرپرسیی گرتنە ئەستۆی خۆمان و ڕێبەرایەتیی میزۆپۆتامیا بکەین و حکومەتێك بۆ میزۆپۆتامیا دروست بکەین. لەبەرئەوە چ عیراق و چ کوردستان، هەتا دەگەنە قۆناغی بەجێهێنانی ئەو مەبەستە، پێویستە لەسەرمان چاودێری بکەین بەبێ ئەوەی ڕێگە بدەین سوودی لایەك کەم بکەینەوەو مافی لایەك پێشێل بکرێ لەسەر حیسابی سوودی لا یەکەی تر.

- تاقە بەرهەڵستی و هاندەرێ کەهەبێت هەر بەهۆی ئەو لایەوەیە کەدەسەڵاتی لەکوردستان و عیراقدا نەماوە، ژمارەیەکی زۆر

کوردنشینی تێدایەو لەگەڵ سۆڤێتی بۆلشەویکدا دۆستایەتییەکی گەرمی هەیە، ئەو جۆرە ناحەزییەی کورد زیانێکی گەورە بەبریتانیاو بەعەرەب دەگەیەنێت.

- رێگەی تورکەکان بۆ نانەوەی ئاژاوەو پشێوی دژی بریتانیاو عەرەب لەعیراقدا. کوردستانە، بۆ ئەو مەبەستە تەقەلای ئەوە ئەدەن کە بەرژەوەندیی تورک‌و کورد یەك بخەن، کەئەنجامی ئەوە هەر تەنها سوودی تورکیای تێدایە. بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پڕوپاگەندەی تورك هەر لە موسڵەوە تا کەرکوك بڵاوبۆتەوە. لەلایەکەوەتورك پیاوە ئاینییەکان هان ئەداو باوەشیان بۆ دەگرێتەوە، لەلایەکی تریشەوە کوردەکانیش لەدژی بریتانیا هان ئەدا. تا ئەم هەڵوێستە بەو جۆرە بمێنێتەوە ددان بەسنووری نێوان تورکیاو عیراقدا نەنرێت، تەقەلاکانی تورك‌و بۆلشەویك هەر لەکاردا دەبێ‌و سوودی لێوەر دەگرن..

- رەنگە بگوترێت ئەو تەقەلایانەی تورك بەوە پووچەڵ دەکرێتەوە کەدەسەڵاتی هەردوولا، بریتانیاو عەرەب، لەکوردستاندا بکشێنرێتەوە.

بەڵام لەڕاستیدا ئەو مەبەستەی ئێمە، ئەو بۆچوونەی ئێمە ناهێنێتە دی‌و پێویستە هەوڵی بەهێزکردنی دۆستایەتییەکی بەهێزی نێوان عیراق‌و کوردستان سازبکرێ، چونکە بەپێچەوانەوە ئەمە رێگە خۆش دەکات بۆ تورك کە بۆ ویلایەتی موسڵ بگەڕێتەوە. هێزە نەتەوەیی کوردیش هێشتا وەکو هەستی نەتەوەیی عەرەب خەست نەبۆتەوەو هێشتا وەکو دەڵەمە وایەو نەمەییوە، لەبەرئەوە سەرپەرشتی‌و رێنمایی نەکردن‌و یارمەتی نەدانیان رێگەیەکی پان‌و بەرین بۆ تورکە فێڵبازە

دڕندەکان خۆش دەکا، ئەبێ چاوەڕوان بین و بزانین ئەنجام لەڕەواندز بەچی دەگات.

ئەگەر بڕیاری تەواو لەسەر کێشانەوەی دەسەلاتی هەردوولا درا، وا لەژێر سایەو دەسەلاتی بریتانیادا کوردستان جیابکرێتەوە، کەبەوە دژایەتی کورد بەرامبەر بەعەرەب کەم دەبێتەوە، بەلام بەوە کە کوردستان بەبەشێك لەعیراق بهێلرێتەوە وادژایەتی کورد بەرامبەر عەرەب بەهێز دەبێ و پەرەدەسێنێ، کەپریشکی ئەو دوژمنایەتییە بریتانیاش دەگرێتەوە..

هەلوێست و بۆچوونەکانی یۆنگ، باش و روونتر لەو قسانەیدا دەردەکەون کەبەئامادەبونی(سێر پێرسی کۆکس)و (کۆرنوالیس) بۆ فەیسەلی یەکەمی کردووەو سێر پێرسی کۆکس لەوەلامی تەلەگرافێکی وینستۆن چەرچلدا جۆری مشتومڕو باسەکەی بۆ دەنووسێت:

" سیاسەتی حکومەتی ئێمە بریتییە لە هاندانی نەتەوایەتی عەرەب نەك ئیمپریالیزمی عەرەب.ئەو ئەرکەی کەخراوەتە سەرشانی حکوومەتی خاوەن شکۆی بریتانیا، بەپێی بڕیاری ماندات، بریتییە لەپارێزگاریکردنی خاکی ئەم وڵاتە، لەبەر ئەوە بە پێویستی ئەزانێ هێلێك وەك هێلی سنوور هەبێت کەلەپێدەستی بەرزاییەکانەوە دەست پێ ئەکات کەبەوەش دانیشتوانی عەرەب لەغەیری عەرەب جیادەکاتەوە کە کوردن و جگە لەو کوردانە کەمە نەتەوەیەکی تورکمانیش هەیە، بەو ناوچانەی ژوورووی ئەو هێلە ئەوترێ (کوردستان)..

ئینجا دەڵێت:

ئەندرۆ یۆنگ بۆ فەیسەڵی روون کردەوە کەبوونی کوردستانێکی دۆست بۆ عەرەب شتێکی گرنگە چونکە لەکاتی رووبەڕووبونەوەیا لەگەڵ تورکەکان پاڵپشتێکی گەورە ئەبێ بۆی، هەمیشە سوودو بەرژەوەندیی عیراق لەهاوکاری کردنایە لەگەڵ کوردەکان. خۆ ئەگەر بەو جۆرە سەیری مەسەلەی کورد نەکرێ ئەوە خەڵکی ناوچەکانی کوردستان نەك تەنها هەر دەبنە مایەی سەریەشەو هەرەشەکردن بەڵکو دەشبنە هۆی ئەوەی کەدەستدرێژکردنی تورکەکانیش ئاسان بکرێ.حکومەتی بریتانیا بەپێویستی ئەزانێ روونی بکاتەوە کە نابێ هیچ لایەك لەو دوو لایە (عیراق و کوردستان) بەزۆرە ملێ بخرێتە ژێر ئارەزووکاریو فشاری ئەوی ترەوە، لەم رووەوە تاقە کۆسپێك کەهەبێ بریتییە لەتورکەکان کەئەوانیش بەشێکی کوردستانیان داگیرکردووەو دوژمنی عەرەب و بریتانیاشن و دۆستی بۆلشەویکەکانن. سیاسەتی تورك تواندنەوەی کوردە لەناو بەرژەوەندیی خۆیاندا، هەر لەموسڵەوە تا کەرکوك دەستی بەسەردا بگرن. لەوەشدا تائێستا تەقەلای تورك لەدوو لاوە خۆی دیاری کردووە:

یەکەمیان: بەناوی ئایینەوە کوردەکان لەدژی بریتانیا هان ئەدەن.

دووەم: بەناوی نەتەوەوە کورد لەدژی عەرەب هان ئەدەن.

ئەگەر هەوڵێکی وانەدرێت کەمەسەلەی نەتەوایەتیی کورد بخرێتە ناو چوارچێوەی ئیسلامەتییەوە، وارێگە بۆ تورکەکان خۆش دەکرێت کە پەناببەنە بەر تەقەلای یەکەم. بۆ ئێمە واباشە کەرێگا لەهەموو جۆرە تەقەلایەکی تورك بگیرێت..[1]

---

[1] تەلەگرافی ژمارە ٤٢٣ رۆژی 3/10/1925 لە ئەرشیفی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا.
– هاوار، هەمان سەرچاوە، بەرگی دووەم، ل٨٤.

لەڕاپۆرتێکی تردا کە لەژێر ناوی (فەیسەڵو کوردستان)دایە، یۆنگ ئەڵێت:

..جارێ نامەوێ بەقووڵیی بچمە ناو باسی کوردستانەوە لەوە زیاتر کە بڵێم: شتێکی زۆر ترسناکە کەلەبەرخاتری عەرەبەکان خێڵەکانی کورد پشت گوێ بخرێن، لەبەر ئەوە بەباشی دەزانم کەناوچە کوردییەکان بەشێوەیەکی کاتیی لەحکومەتی عەرەب جیابکرێتەوە..[2]

ئارشیباڵد هامڵتۆن ئەندازیاری کردنەوەی ڕێگەی هەولێر- ڕەواندز کەلەساڵی ١٩٢٨دا تەواوکرا، ڕێگەیەکە بەڕێگەی هامڵتۆن ناوی دەرکرد، لەکتێبەکەیدا (Roads Through Kurdistan) لە زمان (کاپتەن کلارك) ئەفسەری سیاسیو ڕاوێژکاری شێخ مەحمود لەڕۆژەکانی پێش کۆتایی پلەی دووەمی حوکمڕانیدا دەڵێت:

کاتێ کە بە شێخ مەحمودم گوت: پێویستە واز لەو حکومەتە کوردییە بهێنێت کە وەکو حکومەتێکی سەربەخۆ کاربکا، شێخ مەحمود بەوە زۆر تووڕە بوو، وتی:

بنکەی ژین
www.zheen.org

من نۆکەری بریتانیا نیم شێخ مەحمود دانی نەدەنا بەو بڕیارو فرمانانەی کەلەبەغداوە دەردەچوون، هەمووی پشت گوێ دەخستو گوێی نەئەدایە ئەو بڕیارانەی کە ئەفسەرە سیاسییەکان بۆیان دانابوو.. لەبەرئەوە کاپتەن کلارك بڕیاری بەجێهێشتنی سلێمانیدا، هەڕەشەی لێکرد کە:

---

[2] دۆکومێنتیی ژمارە C.O.730-18 ڕۆژی –٢٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٢١.
– هاوار، سەرچاوەی ناوبراو، بەرگی دووەم، ل ١٠٩.

ئـەو هەڵوێـستە وادەگەیـەنێت لـە یاسـا لابـداو ڕێگـەی شـەڕو یاخیبوون بگرێتە بەر. ئەویش بەکلارك دەڵێت:

نابێـت بـەجێم بهێڵێـت چـونکە تـۆ باشـترین و بەکـەڵکترین دۆسـت و میوانی خۆشەویستی منیت. لە وەڵامدا کلارك دەڵێ:

بەو قسەیەتدا دەردەکەوێ کەراوێژکاری خۆتت دەستبەسەر کردوە، ئەگەر لات وابێت کە بـەگرتنی من لـەبۆردومان ڕزگـارت دەبێت لـەوەدا بەهەڵەدا چوویت.

بەڕاستیی شتێکی ئاسان نـەبووە کـەوا لەشێخ مـەحمود بکرێ کە خـۆی و کوردەکـان عـەرەبیان خـۆش بوێـت ئەگـەر سـەرۆکە عەرەبـەکان دڵنیایان نەکەن کەدەتوانن دڵی کوردەکان بەباشی ڕابگرن.

منیش بەئاشکرا بەشێخ مەحمودم گوت:

تـازە کـار لـەکار تـرازاوەو بڕیـاری ئـەوە دراوە کـە پێویـستە تـۆ لەژێردەسەلات و لەناو ئیدارەی حکومەتی عیراقدا بیت. لەبەرئەوە پێویستە ئەنجومەنەکەت هەڵبوەشێنیتەوە بەر لەوەی بە یاخیبوو دابنرێیت.

تـا ماوەیـەك شـێخ لـەناو شـاردا هێـشتمییەوە، پیاوێـك هەمیـشە بەدوامەوە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەڕاستیی شێخ منی خۆش دەویست، چونکە ناکۆکییەکی تایبەتیی لەگەڵ مندا نەبوو، بۆیە زۆری پێ نەچوو شێخ ڕێگەی پێدام کە سلێمانی بەجێبهێڵم پێی گوتم:

دوور نییـە ماوەیـەکی تـر تـۆ پـێش لەشکری لیڤی و سـەربازی سـوپای عیراق نەکەویت و بێیتـەوە ئەم ناوچەیەو بە هـەمووتان دوام بکەون، یاخود دووریش نییە هەروەکو سەفیری وڵاتەکەی خۆت بێیتەوە بۆ کوردستان. هەر

ساتێك بووم بە مەلیكی كوردستان ئەوسا كە گەڕایتەوە بەڵێنت دەدەمێ هەموو شتەكانت كە لێرە بەجێی دەهێڵیت لەگەڵ خانووەكەتدا هەمووی وەرگریتەوە، كلیلی خانووەكەی دامێ و وتی بالای خۆت بێت.

دوای ئەوەی هێزی لیڤیی ئاسووریو هێزی ئاسمانی خرایەكار.. سلێمانی گیرایەوە.. فڕۆكەیەكمان بەهۆی تێكچوونی مەكینەكەیەوە لەنزیك سلێمانی كەوتە خوارەوە، فڕۆكەوانی فڕۆكەیەكی تر فڕۆكەوانەكەی رزگاركرد بەبێ ئەوەی كوردەكان هەوڵی كوشتنی بدەن، كەئەمە نیشانەی ئەوە بوو كە شێخ مەحمود نەی دەویست خراپەمان لەگەڵ بكات، لەگەڵ ئەوەشدا كەلەو رۆژانەدا فڕۆكەكانمان سلێمانییان بۆمباران دەكرد. شێخ مەحمود هەمیشە هەوڵی ئەدا كەبۆمان روون بكاتەوە كە بێزاربوونی لەئینگلیز لەبەر ئەوەیە كەدەیانەوێ بەزۆرە ملێ كورد ناچار بكەن كەبچنە ژێر دەستی عەرەبەوە..

لەڕاستیدا شێخ مەحمود بەڵێنەكەی خۆی بردە سەرو دوای ئەوەی سلێمانیمان گرتەوە، جێی سەرسووڕمان بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی بۆردومانەوە ئەو خانووە كەسی تێدا نەمابوو بەڵام شتەكانی من هەر وەكو خۆی پارێزرابوون و دەستكاری نەكرابوون كە ئەمە بەتەواوی راستگۆیی و پیاوەتی شێخ مەحمودی بۆ ئاشكرا كردم. لەكۆتایی ئەو باسە كە كلارك بۆ ئارشیباڵد هامڵتنی باس كرد دەڵێت:

دەتوانم بڵێم شێخ مەحمود هەروەكو قارەمانێكی كورد ناوی چووە ناو مێژووەوە.

**پوختەی راوبۆچوونەکانی کاپتەن های:**

-ئەبێ و پێویستیشە دەوڵەتێك بۆ کورد دابمەزرێنرێ ئەم دەوڵەتە دژبەجولانەوەی کۆمۆنیزم دەوەستێ. لەدژی تورکەکانیش دەبێت.

-نارەزایی‌خۆی لەبێ باوەڕیی بەکورد دەردەبڕێ.

**پوختەی راوبۆچوونەکانی وەزیری دەرەوەی بریتانیا:**

لە دۆکومێنتێکی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیا ناوەرۆکی ئەو باسانەی لەکۆبوونەوەیەکی نێوان لۆرد کەرەزۆن وەزیری دەرەوەی بریتانیا لەگەڵ سەرۆکی دایەرەی سیاسی و بازرگانیی فەڕەنسە لەسەر کێشەی کوردستان و پرسەی کورد بەم جۆرە تۆمارکراوە:

" لەکۆبوونەوەی سێیەم کە لە رۆژی ٢٣ کانونی یەکەم لەنێوان هەردوو وەفدی بریتانیا و فەڕەنسەدا کرا، لۆرد کەرەزۆن سیاسەتی گشتیی بۆ بیرسیلیۆت پێشنیاز کرد کە هەردوو حکومەتی بریتانیا و فەڕەنسا رێنمایی پێدەکەن تابگەنە بڕیارێکی کۆتایی:

١- نابێت و خواستراو نییە کە هیچ ویسایەتێك لەسەر کوردستان بەگشتی دابنرێت، بریتانیایی بێت یان فەڕەنسایی، جگە لەهەندێك ناوچەی سەقامگیری باشووری کوردستان.

٢- ئەزموونەکانی رابوردوو سەلماندیان کەشییانی بەردەوامیی حوکمی تورك لەکوردستاندا نییە، ئەگەر تەنها بە ناویش بێت.

٣- کوردەکان بەتەواوی دەتوانن کەلەگەڵ ئاشووریی لەلایەك و لەگەڵ ئەرمەن لەلایەکی ترەوە، تەرتیباتی پێویست دابنێن. بۆیە

ناتوانرێــت ســەیری کێــشەی کــورد دوور لەدامەزرانــدنی دەوڵــەتی ئەرمەنــستان بکرێــت، کــەبریتانیاو فەڕەنــسە لــەو رووەوە لەســەری رێککەوتون..

٤- بیری لۆرد کەرەزۆن لەسەر ئەوە بوو کە بڕیار بدرێت رێگە بەکوردەکان بدرێت کە دەوڵەتێك، یان چەند ناوچەیەکی بچووکی نزیك بەیەك دابمەزرێنن. رۆژگار دەری دەخات کە کورد توانای بەڕێوەبردنی کاروباری خۆی هەیە ئەگەر تورکەکان دەست نەخەنە کاروبارییەوە.

٥- پێویستە کورد لەهەموو دەستدرێژییەکی تورك بپارێزرێ، باشتریش وایە هیچ راوێژکارێکی رەسمیی دانەنرێن، بریتانیایی بن یان فەڕەنسایی.

٦- باری سەرنجی بریتانیاو فەڕەنسە وایە کە کێشەی سنوور، وەك ئەوەی بریتانییەکان لەهیند رووبەڕوویان بووەوە، نەخولقێنرێت.[١]

بەشێکی تر لە راوبۆچوونەکانی وەزیری کاروباری دەرەوە، لۆرد ئێرلْ کەرەزۆن :

بروسکەی ژمارە ١٥٥ لە ٤ فێبریوەری و ئەو نامانەی تر کە پێوەندییان پێوەی هەیە. کوردستان جارێکی تر حکومەتی خاوەن شکۆ لێکۆڵینەوەی لەسەر کێشەی پاشەڕۆژی کوردستان کرد کەلەم نزیکانەدا پێشنیازەکانی خۆی دەربارەی ئەو کێشەیە، پێشکەش بەکۆنگرەی ئاشتیی دەکات.

---

[١] د. وليد حمدی، الكرد وكردستان فی الوثائق البريطانية، لندن، ١٩٩٢،( ل٩٣، ٩٢).
FO.10 January ،- FO371-4193.Addition Note On Situation in Kurdistan 1920

یەکــەم مەبەســتمان پێویــستیی کەمکردنــەوەی هــەموو پابەندییــە سـەربازیو سیاسـییەکانە تاکەمترین ئاسـتیان. بۆیـە لای وایـە، باشـترە کەپاشەکــشەی تــەواو لــە کوردســتان بکــەین، هــیچ بەرپرســییەکی بـەڕێوەبردن، تەنانـەت لەناوچـەی سـلێمانیش، نەگرینـە ئەسـتۆ، لەبـەر هەسـتکردن بـەوە کەپێـدانی ئاسـتێکی لـەئۆتۆنۆمی زیـاتر بەباشـووری کوردسـتان لـەژێر ویـسایەی بریتانیـا، کـە زیـاتر بێـت لـەوەی دەدرێـت بەعیراق، نارەزایی و جیاوازی دەخولقێنێ و گرفت دروست دەکات.لـەم لایەنەوە حکومەتی خاوەن شکۆ ئامادەیە کەیەك مەرج بۆ ئەوە دابنێت، ئەوەش ئامادەبوونی کوردەکانە بۆ رزگاربوون، لە تورکـەکان لەپـەیمانی تورکیـا، کـە پاڵپـشتی مەعنـەویی تـەواوی دەکـات بـۆ بەدەسـتهێنانی ئامانجەکـەیان. بــەڵام هەســت بــەوە دەکــات کــە لــەو رووەوە دەســت بەسـتراوە لەبەرئـەوە کـە زانیـاریی تـەواو لـەبارەی خواسـتەکانی کـورد بەگـشتی نـازانێ، لەبەرئـەوەش کـە کەسـێتییەکی بـەهێزی کـورد نییـە کەنوێنەرایەتیی هەموو کورد بکات تا کێشەکەیان لەبەردەم کۆنگرەدا بخاتە روو. پێشنیازکراوە کە کۆبونەوە لەگەڵ شـەریف پاشادا بکرێـت کــە ئێــستاکە لــە لەندەنــە، تــا دەربــارەی ئــەو خاڵــە، گــوێ لــەباری سـەرنجەکانی بگیرێـت، خـۆ ئەگـەر بڕواتـان وایـە کـەبخوازرێت بـانگی نوێنەری یانەی کورد لە ئەستەمبوڵ بکرێت وا هیچ ڕێگرێك نییە کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادە بێت..

ئایا دەتوانن پێشنیازی ناوی هـەر کەسایەتییەکی تـری کورد بکـەن کەبتوانێت بەناوی هەموو، یان بەشێکی کوردستانەوە قسە بکات؟

ئەگەر ئەوە لەتوانادا نەبێت، بەهۆی شارەزاییتان لەسەر هەڵوێست کەلەڕێگەی ئەفسەرەکانتانەوە وەرتان گرتووە، ئایا دەتوانن ئاماژەیەکی گشتیی بۆ خواستەکانی ئاغاو خێڵە کوردەکان بکەن؟ بڕیاریش دراوە کە جۆرێك لەپێشڕەویی ئابووریی بریتانیای مەزن مسۆگەر بکرێت ئیتر شێوەی ئەو حکومەتەی لەکوردستاندا دەبێت هەرچی چۆنێك بێت، دەبێت نفوزی بریتانیا لەباشووری ناوچەکەدا باڵادەستو دەستبەسەراگیراو بێت.[١]

ئەمە لە سێیەم کۆبوونەوەی دیلیگاسیۆنی بریتانیاو فەڕەنسە کە بۆ باسکردنی"هەڵویست لە کوردستان" سازکرا، بیروڕای خۆی بەئاشکرا دەردەبڕیو لای وابوو کە:

ڕێگەبدرێ بەکورد تا بڕیاری دامەزراندنی یەك دەوڵەت یان لە چەند ناوچەیەکی بچووکی دراوسێ لەگەل یەك بدات.. ڕۆژگار دەری دەخات کە کوردەکان توانای بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیان هەیە ئەگەر تورکەکان دەست نەخەنە ئیشو کاریانەوە. ئەمە لەنامەیەکی دییا لە ٢٦ مارسی ١٩٢٠ بۆ (ئەدمیراڵ دیرجی. دی. ڕۆبیك) بەناوی وەزارەتی دەرەوە، دەنووسێت:

"ئەو سیاسەتەی مەبەستمانە بەرامبەر بەکوردستان. لە پەیمانی ئاشتیدا هیچ شتێکی وای تێدا نییە کەبکرێت بە پارێزراوگەی

---

[١] د. ولید حمدی، هەمان سەرچاوە س. ٩٤و٩٥..ئەم بروسکەیە لە ٢٣ مارسی ساڵی ١٩٢٠دا نێرراوە دۆکومێنتەکە بەم ژمارەو ڕۆژە لە ئەرشیفی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیادا پارێزراوە.
from Secretary of State to Civil Commissioner Baghdad ،- F.0371-5068 23 March 1920.

www.zheen.org

(مەحمییە) بریتانیا یان فەڕەنسا، یان بە پارچەپارچەیی بکرێت بە مەحمییە یان بەچەند دەوڵەتۆکەیەك کەلەژێر پارێزراوی ئەوروپاییەکاندا بێ. بەڵکو کوردستانێك دەبێت کەحوکمی زاتی خۆی هەبێت و جیابووەوە بێت لە تورکیا، تەنانەت لەژێر دەسەلاتی تورکیشدا نابێت. ئێمە خواستمانە کە ڕاوێژ لەگەڵ سەرکردە بەرپرسەکانی ڕای گشتیی کورد بکەین، چونکە باش نییە کە شتێکی باش بدەیت بە گەلێك کەخۆی نەیەوێت، یان سوودی لێوەرنەگرێ.[٢]

**هەڵوێستی حکومەتی هیندستان (حکومەتی بریتانیا لە هیندستان):**

پوختەی راو بۆچوونەکانی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە لەو نامەیەدا دەرخراوە کە بۆ وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا نێردرا (٢٠-١٢-١٩١٩) کە ئەمە پوختەی بۆچوون و راسپاردەکانی بوو:

زۆربەی ناوچەکانی کورد بخرێنە سەر میزۆپۆتامیا. بەتایبەتی لەخانەقینەوە بۆ کفری، کەرکوك، ئاڵتون کۆپری، دهۆك، زاخۆو فیشخابوور. بەهیچ جۆرێك رێگەی گەڕانەوەی تورك بۆ کوردستان نەدرێ. هەولێر ئازادیی بڕیاردانی هەبێت بۆچوون یا نەچوونە ناو دەوڵەتی عیراقەوە. حوکمڕانیی بۆتان، بدرێتە دەست بنەماڵەی بەدرخانییەکان و جزیرەش ببێتە پایتەختیان. بۆ ئەوەی بۆچوونە وردو چڕو لە هەمان کاتدا بێ ناکۆکی نەبوونی راوبۆچوونەکانی ئەو دایەرەیە وەك خۆیان لەبەرچاو بن بەباشم زانی کە دەقە کوردییەکەی نامەکە بەسەر ناوەکەشییەوە بخەمە پێش چاو:

[٢] وەڵامی مەندوبی سامی لە شوێنی خۆیدا باسکراوە.

١. كوردستان راسپاردەکانی دایەرەی هیند (وەزارەتی کاروباری هیند)[١]
گەورەم بە نامەی ژمارە ٧٧٠١ لە ٤ کانونی یەکەم کە رەزامەندیی منی لەسەر بووە دەربارەی سیاسەتی حکومەتی خاوەن شکۆ لەکوردستان. نوێنەری هەمیشەیی دەوڵەت بۆ کاروباری هیند (وەزیری هیند) ئاگاداری کردم کە نوسخەیەك لەبروسکەی رۆژی ٢٧ دیسەمبەر، ژمارە ١١٦٩ کە لە حاکمی مەدەنیی گشتیی لە میزۆپۆتامیاوە گەیشتووە، بنێرم و بیخەمە پێش چاوی وەزیری دەرەوە.

٢. مستەر (مۆنتاگۆ) لەناوەرۆکی بروسکەکە وردبووەو دەستی کرد بە لێکۆڵینەوەی سەرجەمی کێشەی کوردستان، بە گفتوگۆو راوێژ لەگەڵ ئەو ئەفسەرانەی لەم دواییەدا ئەزموونیان وەرگرتووە، پێویست بوو کە لەگەڵ ئەمەدا نوسخەیەکی رووداوەکانی ئەو کۆنگرەیەی بۆ ئەو مەبەستە لەرۆژی شەممە شەشی دیسەمبەر لە وەزارەتی هیند بەسترا بنێرم.

٣. دەربارەی هەڵبژاردەی بەرفراوان بۆ دەست وەردانە ناو کاروباری کوردستان یان پاشەکشە لێی، مستەر (لۆنتاگو) ئەمەی دوایی لاباشترە، بەڵام وای دەبینێ کەناتوانرێ خۆ لەو دەرەنجامە لابدرێت کە پاشەکشەی مەحاڵە، لەبەرئەوەی پێویستیی وا دەسەپێنێت کە بۆ هەلومەرج هەڵخستن بۆ داکۆکیی لە (موسڵ) لەلای سەرەوە، پارێزگاریکردنی رێگەوبانی زەویی رەوەو فارس لەرۆژهەڵاتەوە، ئەو ئەم راسپاردەیەی هەیە:

لە حاڵەتی بڕیاردان لەسەر مانەوەی موسڵ لەناو میزۆپۆتامیادا ئەو کاتە یاری ستراتیجیی وادەخوازێت کەزاخۆ بۆ خۆمان بهێڵینەوە.

---

[١] 5058 -371 F:O، 1034-78 ژمارە (؟) رۆژی سێپتەمبەری ١٩١٩.

لەگەڵ زاخۆشدا دیسان دەبێت جزیرەی ئیبن عومەر لە ڕۆژئاواو دهۆك لەڕۆژهەڵات بۆ خۆمان بهێڵینەوە. دیسان وائامۆژگاری دەکات کە بۆ پارێزگاریکردنی ڕێگەی فارس و هێڵی شەمەندەفەری قۆرەتو لە هێرش و پەلامار، دەبێت جۆرێك لەدەست بەسەراگرتنی سلێمانی هەبێت بۆ مسۆگەرکردنی جۆری ئارامی و حکومەتێکی باش لەوێدا، دیسان مستەر مۆنتاگۆ لای وایە کە ئەگەر جۆرە کۆنترۆڵێك بێتە دی وا ژمارەیەکی کەم سەرباز بۆ سنووری میزۆپۆتامیا پێویست دەبێت لەوەی کە ئەگەر ناوچەکە بەجێ بهێڵرێت. بۆیە رادەسپێرێت (هەرچەندە بەجۆرێك لەدوودڵییەوە)، کە کوردستان لەناو بازنەی بەرپرسیماندا بهێڵرێتەوە.

٤. بەلام بۆ سنوور ئەو بایەخ بەوە دەدات کە لەناو دەوڵەتی میزۆپۆتامیادا زۆر ناوچەی کە زۆربەی کورد بن، تێدا نەبێت، کە بێ زەحمەتییەکی زۆر دەتوانرێت ئەوەی لێ دەربکرێت. بۆیە رادەسپێرێت کە سنووری نێوان باشووری کوردستان و میزۆپۆتامیا وەك هێڵێك کە بەم جۆرە بێت بنەخشێنرێت:

لەسەرووی (خانەقین)ەوە بەماوەیەکی کەم بۆ (کفری) ئینجا بۆ (کەرکوك) و (ئاڵتون کۆپری) و (هەولێر) و (دهۆك) و (زاخۆ) تافیشخابوور. ئیتر هەموو ئەو مەڵبەندە ناوبراوانە، جگە لە(هەولێر)، دەکەونە ناو میزۆپۆتامیاوە. سەربەستییش بدرێتە دەست ئاغاکانی هەولێر- کە ئەمە شارێکە عەرەب و کورد نیشتەجێن تێیدا- کەمافی ئەوەیان هەبێت بڕیار بدەن کەبچنە ناو (میزۆپۆتامیا)وە، یاخود بچنە

www.zheen.org

ناو دەوڵەتی (باشووری کوردستان)ەوە. (کۆڵۆنێل لیچمەن) لای وایە کە زیاتر ئەوە هەڵدەبژێرن کە بچنە ناو یەکەم دەوڵەتەوە. ئەمەش هەڵبژاردەیەکە کە دەبێتە هۆی سەرکەوتن بەسەر گەلێ کۆسپدا ئەگەر کارەکە پێچەوانەی ئەوە بێت. سنووری باشووری کوردستان لە ڕۆژهەڵاتەوە سنوورەکانی فارس دەبێت. بەڵام بۆ سنوورەکانی باکوور، ئەو هێڵە دەبێت کە لەخاڵی بەیەکگەیشتنی چیای قەندیلو وڵاتی فارسەوە دەست پێدەکاتو لە لوتکەکانیەوە بۆ چیای (هەریر)و (قەندیل) درێژدەبێتەوە لەدوای ئەوە (ئەوەش بەهەر گۆڕانێکی ناوچەیی کە کۆلۆنێل وێڵسن بەپێویستی دەزانێت، بەستراوە) بەلای زاخۆدا تا ئەگاتە ئەو خاڵەی کە دەوڵەتی میزۆپۆتامیا رووبارەکە دەبڕێت. و لەپێناوی بەرگریکردن لەزاخۆ پێویست دەبێت کە دەستبەسەر (جزیرەی ئیبن عومەر)دا بگیرێت.

مستەر(مۆنتاگۆ) وا پێشنیاز دەکات کە بانگی بنەماڵەی بەدرخان بکرێت کە حوکمی (بۆتان) بکەنو (جزیرە) ببێتە پایتەخت. لەڕوی مەبدەئییەوە رەنگە واباش بێت کەحامییەیەك سەربازی بریتانیا لە شارەکەدا بێتو یارمەتیی چەكو رەنگە هەندێ پارەشیان بدرێتێ. بەڵام دەبێت بەڵێنی لە (جزیرە) زیاتر نەدرێت، و لەو بارەیەوە، یان بەمەودای ئەو سنوورانە، سنوورێکی زیاتر لە بۆتان جێگەی بایەخی حکومەتی خاوەن شکۆ نەبێت.

٥. دەربارەی دامەزراندنی قەوارەیەك لە(باشووری کوردستان)، مستەر (مۆنتاگۆ) واپێشنیاز دەکات کە:

یەکــەم: دەوڵــەتێکی تیــا دابمــەزرێنرێت کەلــەڕووی سیاســی و ئابوورییەوە لە (میزۆپۆتامیا) جیابکرێتەوە.

دووەم: ئــەم دەوڵەتــە دەبێــت ســەربەخۆ بێــت، ئەنجومــەنێکی جێبــەجێکار حــوکمی بکــات و راوێــژکاری بریتــانی ببنــە یارمەتیــدەرو ئەنجومەنەکــە لــەژێر دەســتیاندا نــابن، و ئــەبێت دانانیــشیان لەلایــەن ســەرۆکی دەســەڵاتی مــەدەنی بێــت لــە(بەغــدا). ئــەو لای وایــە کــە لــە یــەکگرتنی سلێمانی لەگەڵ ناوچەی نێوان هــەردوو زاب یــەك دەوڵــەت پێك بهێنرێت.

ئەم کارە لەڕووی پراکتیکەوە کارێکی لەکردن هاتووە، و واپێشنیاز دەکــات کــە ئاگــاداری کۆلۆنێــل (وێڵــسن) بکرێــت کــە دەســتبەجێ کــار لەســەر ئــەم رێبــازە بکــات. و بــە سەرچاوەی ئــەو سامانە گەورانــەی لــە کوردستاندا هەیە کە کۆلۆنێڵ (ویلسن) مەزەنەی کردووە، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ئەو دەوڵەتە دامەزراوە ئارمی ئابووری بەدەست دەهێنێت. رەنگە درێژەی کاری هاوپەیوەند بە یەکخستنی گومرگ و دابەشکردنی مەسرەف کە لەپێناوی سوودی هاوبەشی هــەردوو دەوڵەتەکەدا سەرف دەکرێ، هەندێك زەحمەتیی تیا بێت، بــەڵام لەوانە نییە کە نەتوانرێت نەهێڵرێن، مستەر (مۆنتاگۆ) بەلای ئەوەدا دەچێت کە داوا لــە کۆلۆنێڵ (وێڵسن) بکات بایەخێکی کاتیی بەو کێشەیە بدات.

٦. ئەگــەر بڕیــار لەســەر ئــەم هێڵــە سیاسییە درا، ئــەوا ئــەو هێڵــەی شەمەنەفەری نێوان (کەرکوك) و (کفری) بایــەخی سەربازییان نامێنێت، لەلایەکی ترەوە، بێگومانیشەکە ئەوبوونە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی

قـەبارەی سـەربازگەی (میزۆپۆتامیـا)، لەبەرئـەو هۆیـەو لەبـەر بایـەخی بازرگانی مستەر (مۆنتاگۆ) رایوایە کە بهێڵرێتەوە.

٧. بەڵام بۆ پەنابەرە مەسیحییەکان، مستەر (مۆنتاگۆ) پێی خۆش نییە کە لەناو ئەم پێشنیازانەیدا پانتاییەکی پێویست ئەرزی بۆ بەجێ نەهێشتوون کەلەژێر پارزگاریی بریتانیادا بن. بۆیە وا دەردەکەوێت کەهیچ رێگەیەکی تر نەبێت جگە لە گەڕانەوەیان بۆ دەشتو چیاکانی (ورمێ). کەدەوڵەمەندترین بەشی نیشتمانە کۆنەکەیانە. لەگەڵ ئەوەشدا کە سەید تەهاو یارمەتیدەرەکانی بەزۆر داگیریان کرد، بەڵام لەڕووی هەرێمییەوە، ئەو رەفتارە خۆگیڤکردنەوەو دژ بەدەوڵەتی فارس بووە. و مستەر (مۆنتاگۆ) بەلای ئەو بیرەدا دەچێت کە لەوانەیە حکومەتی فارس هەموو نیشتەجێبوونێکی بەهێزی مەسحییەکانی لەو مەڵبەندەدا پێی خۆش بێت لەبەرئەوەی دەبێتە شوورەیەك لەبەردەم هەموو دەستدرێژییەکی کوردەکان، و رەنگە ئامادەش بێت کە جۆرێك لە خودموختاریش بداتە ئاشوورییەکان بەرامبەر بە مسۆگەرکردنی جیبەجێکردنی خزمەتی سەربازی، مستەر (مۆنتاگۆ) هەست بەو زەحمەتییانەی رووبەڕووی دەستپێشخەریی سەرلەنوێ نیشتەجێکردنەوەی پەناهەندەکان دەبن، دەکات، چونکە دەسەڵاتداریی فارس ئێستاو پێش چەندینساڵیش هەر بە ناو بووە..

بەڵام هیوای وایە کە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی فارسدا لەو ڕووەوە نەبێتە هۆی نەکردنی. لەبەرئەوە پێشکەشکردنی ئەو رێگەچارەیە موجازەفەکردنێکە بەو چارەسەرکردنە، بۆ ئاگاداریی (لۆرد کەرەزۆن).

٨. دەربارەی تورکەکان- بەپێی ناوەرۆکی بروسکەی مستەر (مۆنتاگۆ) لە ٢٢ی نۆڤەمبەری ١٩١٩ بۆ کۆلۆنێل (وێڵسن) نێردرا، وەك خاڵێکی سەقامگیر لەسیاسەتی حکومەتی خاوەن شکۆدا. هەرگیز ناهێڵرێ دەسەلاتی تورك بۆ کوردستان بگەڕێتەوە، ماوەیەکی کورتە ئەوە روون بۆتەوە کەنەبەردییەکانی جەنگ و برسێتیی، کوردی واهیلاك کردووە کەنەتوانن بەربەرەکانیی دژ بە، تەنانەت هێزێکی بچووکی تورك رێك بخەن. هەروەها هەندێ سەرکردەی دیاری کورد هەن کەهانی سەربازەکانی پێشووی تورك ئەدەن کەبچنە پاڵ کۆمەڵە چەکدارەکانی تەکیان، و ژنەکانیان مارە بکەن، لەم بارودۆخەدا مستەر (مۆنتاگۆ) لەوە دەترسێ کەنەهێشتنی تەواوەتیی تورکەکان لە کوردستاندا، لەباری سەرنجی میزۆپۆتامیاوە وەك پێشنیازێکی پراکتیکانە لەئارادا نەماوە،و ئەگەر رێبازی ئەم راسپاردانە لەگەڵ رای (لۆرد کەرەزۆن)دا جووتە وا سەرکەوتووانە دەخرێتە بەر کارو پیادەکردن. سنووری میزۆپۆتامیا لەهەموو دەست درێژییەکی تری تورك لە باکوری رۆژهەلات بەهۆی بوونی دەوڵەتی (بۆتان)ی دۆست، و لەکوردیشەوە بەبەرگریکردنەکان لەموسڵ بەهێزی سەربازی، و لەباکووری خۆرئاواوە بەدەوڵەتی ئازادی کوردستان کە زنجیرەیەك چیای سەختەو لەزۆر شوێنیدا هاتوچۆکردن پێیدا مەحاڵە لە کوردستانی ناوەڕاستی جیادەکاتەوە. نیشتەجێبوونی مەسیحییە دۆستەکان لەورمێ مسۆگەرییەکی تر دەهێنێتە ئاراوە، هەر لەو کاتەدا کە مستەر(مۆنتاگۆ) دەتوانێ ئەوە دەستەبەربکات، کە مانەوەی دەسەلاتی تورك

بەلغاوكراوی لە ڕۆژهەلاتی هێڵی نەخشكێشراودا بەشێوەیەكی نزیك لەخلیجی (ئەسكەندەروونە)وە تا (تەرابزۆن) لەوانەیە ببێتە هۆی حاڵەتێكی ئاشتیی لە (قەفقاس و میزۆپۆتامیا)دا ئیتر هیچ پێویست بەلەناوبردنی ئەو پرۆژەیەی كە هێڵەكانی لەپێشەوە كێشرا ناكات. بەمەرجێك كەنفوزی بریتانیا بەشێوەیەكی تەواو بەهێز بێت بۆ پاریزگاریكردنی هێڵی سنووری هەردوو دەوڵەتەكەی كورد. ئەو باسكردنی كاروباری نێودەوڵەتیی هاوپەیوەندە پێیەوە بەپێویست نازانێت. سەرەنجام لەسەرم پێویستە كە بڵێم مستەر (مۆنتاگۆ) بەپێویستی دەزانێت كە پێش كاركردن لەسەر بڕیارێكی كۆتایی ماوە بۆ سێر (پێرسی كۆكس) بڕەخسێنرێت بۆ دەربڕینی رای خۆی لەسەر ئەو سیاسەتە پێشنیازكراوە.

سكرتێری هەمیشەیی وەزارەتی دەرەوە أ. هێرتزڵ بەو جۆرە ئەو راوبۆچوون و راسپاردەو پێشنیازو داوایە دەری دەخەن كە چ جۆرە ئاڵۆزییەك لەئارادا بووە، چ جۆرە جیاوازی و ناكۆكییەكیان تێدادەركەوتووە، هەر لەم نامەیەدا گەلێك راو قسەی ناكۆك ودژ بەیەك دەبینرێن.. ئەمەش لەئەنجامی نەبوونی ستراتیج و نەخشەیەكی بڕیار لەسەردراوەو.. دیسان لەسەر نەبوونی نەخشەو ستراتیج لەلایەن بریتانیاوە..

یان لەسەر ڕێبازی داڕشتنی نەخشەی دژ بەدامەزراندنی دەوڵەتێك لەباشووری كوردستان. تەنانەت دوای پێكهێنانی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق و دوای هێنانی فەیسەڵ، لەسەر مەسەلەی دەنگدان لەسەر دانانی

فەیسەڵ بە مەلیکی عیراق، کەئەوەش تەنها کارێکی رووکەش‌و بۆ چاوبەست بوو، ئەو دیاردەیە دەردەکەوێت کە تائەو ماوانەش ستراتیجێکی داڕێژراو کە راستەوخۆ لەدژی کوردو هەموو مافەکانی بێت نەهاتبووە ئاراوە، بەلام وەك پرۆسەیەك کە بەرەو پێکهێنان‌و داڕشتن، باشتر ئەڵقەکانی ستراتیجێك کە ڕوخسارێکی لەو بابەتەی تێدا ببینرێت، دەردەکەوتن و وردە وردە ئەو ئەڵقانە پێکەوە دەبەسترانەوە.

لەوەلامی نامەیەکی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیرانی عیراقی تازە دامەزراودا، سکرتێری مەندوبی سامی لەبەغدا، واوەلامی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق دەداتەوە: ژمارە (س د ١٦٣١)و بەمێژووی (٨ی تەمووزی ١٩٢١) بەم جۆرە وەلامی "لەوەلامی نامەی ژمارە (١-٥٣٥)و رۆژی(٨ تەمووز ١٩٢١)دا ئەڵێم:

فەخامەتی مەندووبی سامی زۆر پێی ناخۆشە لەو دواکەوتنە بدویّ کە لەبابەت بڕیاردان لەلایەن (قانوونی هەڵبژاردن)ـەوە رووی داوە. دواکەوتنێ کەلەبنچینەدا لەو گرنگییە پەیابوە کەهاتوەتە ڕێی دۆزینەوەی رێکخستنی جێبەجێکردنێکی وا کەلەگەڵ (پەیمانی سێڤر)دا بگونجێ بۆ پێك هێنانی قازانجی (لەپەراوێزی سەرچاوەکەدا: تەئمینی مەسالیح لێکدراوەتەوە) کوردەکان لەو سێ بەرانەدا (لەپەراوێزی سەرچاوەکەدا بەرە بەمەنتیقەی عەرەبی لێکدراوەتەوە) کە تیا ئەژین. بەتایبەتی ئەم گرنگییە زیاتر لەتێکەڵ‌و پێکەڵیی هۆزە جیاجیاکانی کوردا دەرکەوتوە کە لەلایەن هەڵوێست خۆیانەوە بەرامبەر بە حکومەت‌و بەرامبەر بە فەخامەتی مەندوبی سامیی بریتانیا

پیشانیان داوه. فەخامەتی مەندوبی سامی لەو هۆیانە ئاگادارە کە مەجلیسی وزەرای خستووەتە سەرهەوڵدان بۆ بڵاوکردنەوەی قانوونی هەڵبژاردن و لەگەڵ ئەوەشا کە لە هەموو (هەوڵ)یٚ ئاگادارە دیسانەوە ئامادەیە بیٚ جێبەجێکردنی ئەم قانوونە، بەمەرجێك کەلەسیٚ بەرەکانی کورد (جڵەوی کار بدرێتە دەس خۆیان لەوەدا کەبیانەویٚ تێکەڵ بن بەم هەڵبژاردنەو یا لیٚی دوورکەونەوە و ئەمەش کارنەکاتە سەر بڕیاری دووایین یان لەڕۆژی خۆیا لەبابەت ویستیانەوە بەرامبەر بە حکومەتی عیراق. تاد.[1]

کاربەدەستانی ڕێبازی یەکەم دەکەونە هەنگاونان لەدژی حوکمداری کوردستان دوای دەرچوونی بڕیاری گواستنەوەی مێجەرنۆئێڵ، گرینهاوس کرا بەوەکیلی، کاپتەن بێڵ کەتازە گەیشتبووە سلێمانی کرابوو بەحاکمی سیاسی، ئیتر ڕێگەو شوێن بۆ گەیشتنی مێجەرسۆن کەلەجێگەی مێجەرنۆئێڵ دانرا، لەگەڵ گەیشتنی بۆ سلێمانی، دەستیکرد بەجێبەجێکردنی ئەو نەخشەیەی لەدژی شێخ مەحمودو بیری سەربەخۆیی دانرا بوو. هەر لەکەمکردنەوەی دەسەڵاتی حوکمدار، تادەرهێنانی ناوچەکانی هەڵەبجەو ڕانیەو کۆیەو شوێنەکانی تر لەناوچەی دەسەڵاتەکەی، هاندانی گەلێك سەرەك عەشیرەت بۆ دەربڕینی ناڕەزایی و ناڕازیبونیان، هاتنی مەحمود خانی دزلی بوو بۆ سلێمانی، سۆن بەهەڕەشەوە ئاگاداری شێخ مەحمودی کرد

[1] رفیق حلمی، سەرچاوەی نێوبراو، لەسەرچاوەکەدا ژمارەی نامەکە هەر بەو دوو جۆر جیاوازییە نووسراوە، هۆی ئەو جیاوازییەم بۆ دەرنەکەوت.
دیسان بڕوانە م.ر.هاوار، سەرچاوەی نێوبراو، ل. ٤٣٧.

کەڕێگەنەدات بەو هاتنە، ئەمیش وەڵامی دایەوە کەهاتنیان بۆ زیارەتی حاجی کاکە ئەحمەدی شێخەو ناکرێت کەس مەنع بکرێت.

بۆیە مێجەرسۆن هێزێکی دووهەزار چەکداری پیادەو چوارسەد سوارە بەسەرکردایەتیی (دانلیس) دەنێرێتە گۆیژە بۆ بەرهەڵستی هاتنەکەی مەحمود خان. دوای شەڕو پێکادان، هێزەکەی دانلیس دەشکێ، هەرچیچەکداری کورد بوو چوونە پاڵ مەحمود خان. لەو بارە کرژیو رووەو تێکچوونەدا لە ٢١ی مایسی ١٩١٩دا مێجەرسۆن (گرینهاوس) دەکاتە وەکیلی خۆیو سلێمانی بەجێدەهێڵێت.

ئەوسا نەخشەی داگیرکردنی سلێمانیو تێکدانی حوکمدارییەکەی شێخ مەحمودو تێکشکانی هێزەکەی دادەنرێت.. پێش هێرشی سەربازی، کۆلۆنێڵ ویڵسۆن بەیاننامەیەکی بۆ شێخ مەحمود بەفڕۆکە خستە خوارەوە. داوای لە شێخ کردبوو کە بچێتە بەغدا تا لەوێ کێشەکان باسو چارەسەر بکرێن.

ئەمە یەکەم هەنگاوی کردەیی بوو کە بەزۆری هێز شێخ مەحمود ناچار بکەن تادەستبەرداری سەربەخۆیی ببێتو لە دایگرکردنی باشووری کوردستانو بەستنەوەی بەمیزۆپۆتامیاوەو چوونە سەر عیراق قوبووڵ بکات. شێخ بەهەندێك مەرج داواکەی قوبووڵ کرد، بەڵام ویڵسۆن ملی بۆ هیچ مەرجێك نەدا.

ئیتر هێرش بۆ سەر سلێمانی بوو بەکارێکی چاوەڕوانکراوو. سەرەتای شەڕ لەتاسڵوجە بوو، هێزێك بە سەرکردەیی کۆلۆنێل (بیدجیس)و هێزێکی تر بەسەرکردەیی کاپتەن (لۆنگریك) نێردرانە

تاسڵوجه. هێزەکانی ئینگلیز لەبەردەم هێزی کورددا خۆیان ناگرن، بەتایبەتی دوای ئەوەی هێزەکەی لۆنگریك، کە کورد بوون، چوونە پاڵ هێزەکەی شێخ مەحمود، ئینگلیزەکان دەشکێن، دوو ئەفسەرو هەشت سەرباز دەکوژرێن، دوانزدە سەربازیش بریندار دەکرێن و چواردەی تریش بێ سەرو شوێن دەبن. دوای ئەو سەرکەوتنە دەربەندی بازیان کرا بەهێڵی بەرگریی و خۆ بۆ شەڕێکی رووبەڕوو ئامادەکرا.

سەرەنجام شەڕی دەربەند بەبریندارکردنی شێخ مەحمودو بەخسیرکردنی کۆتایی دێت، دوای موحاکەمە کردنیشی، بەکوشتن حوکم دەدرێت و دواییتر حوکمەکە دەکرێت بەدەساڵ و نەفیکردنی بۆ دورگەی ئەندامان لە هیندستان.

دادگاییکردنی شێخ و هەڵوێستی جوامێرانەی لاپەرەیەکی گەشە لەمێژووی سەرکردەکانی کورددا.. تا ئەو کاتەو تائێستاش هیچ سەرکردەیەکی کورد بەو جۆرەی شێخ مەحمود، لەهێڵی پێشەوەی جەنگێکی رووبەڕووی بەرەییدا لەگەڵ گەورەترین زلهێزی جیهاندا، سەنگەری لێ دا نەناوە.

- لەشەڕێکدا کە گریمانی روودانی سەد دەر سەد بێت، لەپێشکەوتنی هێزەکانی دوژمندا سڵ نەکردوو بێت، تەنانەت لەکاتی بریندارپشدا بیر لەخۆدەربازکردن نەکاتەوەو بەیەخسیر بگیرێت.

- بەیەخسیریی و بەبرینداریی واجوامێرانە بەرگریی لەکێشەی نەتەوەکەیی و رۆڵی خۆی ببینێت و بەرەنگاری قسەو تۆمەتی لێپرسراوانی ئینگلیز ببێتەوە. تەنانەت دوژمنەکانی شێخ ددانیان بەو

ئازایەتی و جوامێرییەیدا ناوە هەر وەك كۆلۆنێل وێلسۆن باسی دەكات بە بۆنەی سەردانەكەی شێخ لەخەستەخانە كە چۆن بەوێلسۆن دەڵێت هیچ دادگایەك بۆی نییە موحاكەمەی من بكات، چونكە لەپێناوی هەقی رەوای میللەتەكەمدا كەخۆیان ددانیان پێداناوەو بڵاویان كردۆتەوە، شەرم كردووە، بۆ سەلماندنی قسەكەی چواردە بەندەكەی وێلسۆنی سەرەك كۆماری ئەمریكا، كەبەتەرجەمەكراوی لەگوللە بەنگەكەیدا هەڵیگرتبوو، دەری دەهێنێت و وەك بەڵگە بۆ قسەكانی پیشانی كۆلۆنێلی دەدات.

دیسان ئازایەتی شێخ لەدادگاو هەڵوێستی جوامێرانەی لەبەرگریكردنیدا لاپەڕەیەكی گەشن لەمێژووی نەتەوەی كوردو رۆڵی سەركردەدا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

# بەشی سێیەم

## ئەقڵی سیاسی و دیپلۆماسیی کورد

ئاستی پێگەییوی ئەقڵی سیاسی و دروستیی مامەڵەی دیپلۆماسیی، سەرەنجام و خەملیوی ناو کامڵبونی هەست و نەست و هۆشیاریی سیاسی و سەقامگیربوونی بنەماکانی ناسیۆنالیزمی سەردەمە.. لە مانەشەوە سازاویی زەمینەکانی دروست و نادروستیی مامەڵەی دەوروپشت، هەست پێدەکرێن و بەپێی تێگەیشتنی واقیعبینانەی جیۆپۆلیتیک و لەخۆو لەدەورو پشت و لەجیهانی دەرەوەگەیشتن، نەخشە دادەنرێ و پیادەی ئەڵقە پێکبەستراوەکانی دەکرێ.. بەپێی هەلومەرجەکان و لەناو هونەری تێگەیشتن لەبارودۆخەکان و دەستینشانکردنی ئەوەی دەلوێ و دەگونجێ و قابیلی بەدەستهێنانە هەنگاو دەنرێت..

هەرچەندە ئاڵۆزییەکانی سەردەمەکەو سەرجەمیی ئەو گیروگرفتانەی چواردەوری دەوڵەتەکەی کوردستانی باشوورو شۆڕشەکانی ئەو سەردەمەی دابوو، لەسەرەنجامدا، بەهۆیانەوە سەبارەت بەگەلێك هۆی گرنگی تر لەناوبران، دیسان ئەوە:

- یەکەم هێزی چەکداریی نەتەوەیەك بوو تا ئەو سەردەمە بەو جۆرەو بۆ ئەو ماوە دورودرێژەو لەناو ئەو ململانێیەدا بەرامبەر بە ئینگلیزەکان بوەستێ.

- یەکەم نەتەوە بوو کەبەخواستی خۆی دەوڵەتی ئازادو سەربەخۆ دابمەزرێنێت.

- یەکەم گەل بوو کەسەرکردەکەی مل بۆ داگیرکردن و سەپاندنی حوکمی زۆرە ملیّ و دوور لەئامانجی نەتەوە دانەنوێنێت.

- یەکەم نەتەوە بوو کە سەرکردەکەی دووچاری برینداری و دیلیی ئینگلیزو تورکەکانیش ببێت و حوکمی ئیعدام بدرێت، دووربخرێتی‌وە. ئینجا لەسەر خواستی ئازادانەی خۆی بۆ خزمەتی نەتەوەکەی بەردەوام بێت. پێش ئەوەی روونـاکیی بخەمە سەر هەندێ لایەنی بەزییان لەرِوداوو جوڵانەوەی سەردەمەکەدا، دەمەوێت بڵێم:

من کە قسە لەسەر مێژوو دەکەم، دەمەوێت راستییەکان، راستیی رووداوەکان، چۆن بوون و چۆن روویان داوە، بەپێی بەڵگەنامەی سەردەمەکە، بەو جۆرە بیانخەمە پێش چاوو، مەبەستیشم تەنها بۆ گەیشتنە راستییەکان و دەرخستنی بۆچوونە ناراستەکان و تیشك خستنە سەر هەڵەو کەموکورتییەکانە. بەو پێیانە هەل و مەرجە پێنەگەییو کاڵ و کرچەکان دەستنیشان بکەم و ئاماژە بۆ ئەو ئەنجامە خراپانەش بکەم کە بەهۆیانەوە خولقان. رەنگە ئەوەش لەهەندێك باردا، هەست و نەستی بەشێك لەنەتەوەپەرستان بجووڵێنێ و بەکارێکی نێگەتیڤی دابنێن و سۆزی خۆشەویستیی زاڵ بکەن بەسەر

لێکۆڵینەوەی بابەتیو زانستانەو گوێ بەدەرسو پەند وەرگرتن لەرابوردوو نەدەن. ئەگەڕێن بەدوای هۆو فاکتەرەکانی شکستییو کارەساتو نەهامەتییەکان. کەلەسەرچاوەدا، لەزۆر باردا، هەڵەکانی سەرەتا، هۆی سەرەکیی سەرنەکەوتنو نوشستییەکانن.

بۆ ئەوەی تابلۆیەکی بارودۆخو رووداوەکانی سەردەمەکە بنەخشێنرێو لەناوییەوە لەڕەوتی مامەڵەی سیاسیو دیپلۆماسێتیی کورد بگەین، باش وایە رووناکیی بخرێتە سەر:

١. راپەڕینو شۆڕش یان ئاژاوەو شێواندن؟ نموونەکانیان.

٢. بەپێچەوانەی ئەو راپەڕینانە، هاوکاریی گەلێک سەرەك عەشیرەتو تیرە لەگەڵ ئینگلیزەکانو جێبەجێکردنی داواکانیان. نموونەکانیان.

٣. شێخ مەحمودو سیاسەتەکانی: سیاسەتی کورد-تورك، سیاسەتی ئازادو مل نەدان بۆ پشکنەرانی ئینگلیز..

بنکەی ژین
www.zheen.org

## تێنەگەیشتن لە هەڵوێستە جۆراوجۆرەکان..

بەڕێوەبەرایەتییەکی ناکامڵو خرم خرمێنە، کاتێکی شێخ گەیشتە حاڵەتی بێ ئومێدی لەسەربەخۆییو ملدان بۆ سیاسەتی دامەزراندنی ئۆتۆنۆمی کورد لەناو دەوڵەتە نوێیەکەدا، ئەو کاتە سەردەمی ململانێی رێبازو بیرو هەڵویستە جیاجیاکانو نەبوونی سیاسەتێکی داڕێژراوی ئینگلیز بەرەو کۆتاییو رووەو پێچەوانەکەی پیادەدەکرا..

لەناو ئەو مەتەڵانەدا یان دروستتر بڵێم لەناو ئەو ڕێبازانەدا کە بۆ کورد پەی پێ نەبراوبوون، ئەوەشی سەرێکی لێ دەردەکرا بۆ کورد مەتەڵ بوون و هەست بەجۆری کردنەوەی گرێ کوێرەکان نەدەکرا، ئەوەشی هەستی پێدەکرد، لەناو بازنەی داڕشتن و سیاسەت و بڕیارە چارەنووسسازەکاندا نەبوون، یان نەدەهێڵرا وەك پێویست ڕۆڵ ببینن یان بۆ داڕشتنی سیاسەتێکی ریالانە (واقیعبینانە) لەشێخی سەرکردە نزیك ببنەوە.

لەوەش خراپتر رەوتی رووداوەکانی ناوخۆ هەر لەسەرەتاوە بەدژی بەرژەوەندیی کورد دەڕۆی یان ئاڕاستە دەکران دەتونرایت بەکورت و پوختیی بۆشاییەکان لە سیاسەتی کوردو ئەو ڕووداوو دیاردانەی بەدژی بەرژەوەندیی و داخوازییەکانی کورد کۆتاییان پێدەهات بەم جۆرە دەستنیشان بکرێن:

خۆیی: دیپلۆماسی: باش تێنەگەیشتن لە سیاسەتی جۆراوجۆری ئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیزو دەزگا دەسەڵات بەدەستەکان.

- سەربازی: پەنابردنە بەر چەك بەبێ ئەوەی لاسەنگییەکان لەڕووی سوپا، چەك، ئازوقەو جبەخانەی شەڕ، پارەو پوول و ڕۆڵی بریتانیای مەزن..

- ئامانج و دروشمی ستراتیجی و سیاسەتی کوردستانیکردنی جولانەوەو دەوڵەتەکە بێئەوەی حساب بۆ جیاوازی و ناکۆکییەکان و زەمینەی نەڕەخساوو هەل و مەرجە پێ نەگەییوەکان و گرفتەکانی ناوخۆو کێشە هەرێمییەکان بکرێت. گوێ نەدان بەڕاو بەرژەوەندییەکانی ئینگلیز..

- ناحەزیی ئەفسەرە سیاسییە کاربەدەستە گرنگەکان‌و دژ بەخواستی کورد وەستان.

- عەرەبە ناسیۆنالیستە رەگەزپەرستەکان، بەمەلیکە خواستەمەینیە کەشەوە.

- تورکە ناسیۆنالیستە رەگەزپەرستەکان‌و ئەتاتورك‌و سیاسەتەکانی دژ بەکورد.

- رووداوە چەکدارییەکان لەدژی ئینگلیزو کوشتنی گەلێ ئەفسەر.

- کەموکورتییەکانی سیاسەتی ناوخۆ: بەڕێوەبردن، خزمایەتی‌و رێگە خۆش نەکردن بۆ رووناکبیرو لێزانەکان تارۆڵی خۆیان ببینن. مامەڵەی عەشایەری.

- رۆڵی خراپ‌و چەوتی زلهێزەکان، پەشیمان بوونەوە لە بەڵێنەکان، هەڵوەشانەوەی پەیمانە نێودەوڵەتییەکان، هەر لەو سەرەتایەشەوە کۆمەڵەی نەتەوەکان دەریخست کە کۆمەڵەی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکانە نەك هی نەتەوەکان.

- لەگەڵ هەڵکەوتنی هەلێکی مێژوویی‌و لەبار بۆ کورد کە بتوانێت ئامانجە نەتەوەییەکەیانی تیا بەدی بهێنێت، و لەبریی سیاسەتێکی نەتەوەیی‌و یەکگرتوو لە نێوان سەردارانی کورددا کە لە سیاسەتی ئینگلیزەکان بگات‌و پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ساز بکەن‌و رەوایەتیی‌و ئامادەیی کورد دەربخەن بۆ سەربەخۆیی‌و بوونە دەوڵەت‌و خۆ بەڕێوەبردن.. لەبریی ئەوانە، و لەناو ئەو بارودۆخە ئاڵۆزانەدا، جوڵانەوەو راپەڕینی چەکداریی، ناوچەیی، بێ بەرنامە، لەناو خواستی

سـەرەك عەشـيرەتەكاندا دەكـرا، پـچڕ پـچڕو دوور لەبەرنامەيـەكى نەتـەوەيى، كـارى راووڕووت، كوشـتنى ئەفسەرانى سياسـيى ئينگليـز، تەقـەلاى سنوورى عەشـيرەتيى فراوانكـردن، ديـارە ئەوانـە تـەواو رووت نـەبوون لـە داخوازييـە نيـشتمانييەكان، چونكە راپـەڕينى واش هـەبوون كەلەگەڵ هەڵەو كەموكورتييەكانيشدا ئارەزووى نيشتمانپەروەريى تيا ئاشكرا بوو.

## ئاژاوەو ياخيبوون يان راپەڕين و شۆڕش:

بـەلام بەگـشتيى ئـەو بزووتنـەوە چـەكدارييانە، بـەهۆى سروشـتى سـەركردەكانيان و رەوشـى جوولانـەوەكان و تايبەتمەنديـيـەكانى هەڵـە مێژووييەكـە، هـەر چۆن ناكۆكييـەكانى نێوان كـوردو ئينگليزييـان قـووڵ دەكـردەوە، هـەر بـەو ئاسـت و رادەو زيانانـە بـۆ بريتانيـا و هێزەكـانى، كوردى لە ئامانجەكەى دووردەخستەوە، يارمەتيى ناحەزانى كورديـان دەدا تابۆچوونەكانى خۆيان لەدژى شێخ مەحمودو ئامانجـەكانى كـورد بسەلمێنن و بسەپێنن.

■لـە جـولاى ١٩١٥دا حـاجى شـەعبان ئاغـاى ئامێـدى جوولانـەوەى چەكدارييان كرد (مەكدۆناڵد) حاكمى سياسى و بەڕێوەبەرى پۆليس كوژران.

■لە ساڵى ١٩١٩دا شۆڕشى يەكەمى بارزان لەدژى ئينگليزەكان كرا.

■لـە ٥ئەپريلى ١٩١٩دا عەشيرەتى گۆيان لەسـەرووى زاخـۆ لـەدژى ئينگليزەكـان بزووتنـەوەى چـەكدارييان دەسـت پێكـرد، و كاپتـەن (پێرسـن) كەلەسـەردانى ئـەو ناوچانە بـوو كـوژرا. لەئاگۆسـتى ١٩١٩دا

حاجی ڕەشید بەگ بەهێزێکی چەکدارەوە دەستی کرد بەهێرش بردنە سەر هێزەکانی بریتانیاو لەدەربەندی مزور شکاندیانن و گەلێ کەسیان کوشتن.

▪ لەبامەڕنی شێخ بەهائەددین ئەفەندیی نەقشبەندی لەدژی ئینگلیزەکان هەستا، لەئاگوستی ۱۹۱۹دا خۆی و خزم و موریدەکانی گیران.

▪ هەرلەم ساڵەدا سەرەك عەشیرەتەکانی ئامێدی: حاجی شەعبان ئاغا، حاجی ڕەشید بروارى، عەبدوڵڵا سەعدەڵڵا ئاغای ئامێدی هێرشیان بردە سەر تەلاری حاکمی سیاسیی کاپتەن (ویللی) لەگەڵ کاپتەن (مەکدۆنالد)و (ترۆپ) وەشەش ئەفسەری تریان کوشت.

▪ لە چواری نۆڤەمبەری ۱۹۱۹دا کورد لەئاکرێ ڕاپەڕینی چەکدارانەی دژ بەئینگلیز کرد کۆلۆنێل (بێڵ) و کاپتەن (سکۆت) کەحاکمی سیاسیی موسڵ و یاریدەدەری بوون بەدەستی زێباری و بارزانییەکان لەناوچەی زێبار کوژران.

▪ لە جەنیوەری ۱۹۲۰دا عەشیرەتی سوورچی دژی ئینگلیز ڕاپەڕین و لە ئەپریلدا ئاکرێ-یان گرتە دەست خۆیان.

▪ لە جونی ۱۹۲۰دا دانیشتوانی تەلەعفەر، لەدژی ئینگلیزەکان دەستیان دایە چەك وە ڕائید (بارلۆ) حاکمی سیاسیی و هاوڕێکانی کوژران.

▪ دەبلیو ئار. های لە کتێبەکەیدا(دووساڵ لە کوردستان) باسی ناوچەکانی هەولێر دەکات کە چۆن لە ساڵەکانی ۱۹۱۸و ۱۹۱۹و ۱۹۲۰دا نائارامیی باڵی بەسەر ئەو ناوچانەدا کێشابوو.

▪ سادق ئاغا و سلێمان ئاغاو تاهیر ئاغا لە دۆسکی-ییەوە دژی ئینگلیزەکان هەڵسان و لە۲۷ ئاگوستی ۱۹۱۹دا هێرشیان کردە سەر

سـەربازگەیەکی بریتانیـا و ژمارەیـەکی زۆریـان لێ کوشـتن و لەعەشایەرەکانیش زیاتر لەسیی کەس کوژران.

سـالانی تـری دوای ئـەو جـۆرە رووداوانـە، دیـسان لـەم لاو لـەولا هەرسـەریان دەردەهێنـا.. رەفیـق حیلمـی دیمـەنێکی ئـەو راپـەڕین و شۆڕشـانەی لەهەرێمـەکانی: سـەنگاو، چەمـچەماڵ، رانیـە، ناوچـەی هەمەوەنـد بـە سـەرۆکایەتیی (کـەریمی فـەتاح بـەگ) و کوشـتنی کاپتـەن (بۆند) و کاپتەن (ماکن).

ئـەو روداوە بـێ ئەنجامانـە رۆژ لـەدوای رۆژ ئەفسەرانی ئینگلیـزی لـە کـورد تـووڕە دەکـرد، چـونکە ئەوانـە نـەك هـەر لـەناو خواسـتیی ئـەقڵی عەشـایەری و نـەبوونی بەرنامەیـەکی سیاسـی و نەتەوەییـەوە نـەدەکران، بەڵکو زیاتر رۆڵیان تێدا دەبینی.

بەرامبەر بەو کارانە کە لە ڕووکەش و روخساردا دژی داگیرکەر بوون و لەڕاستیـشدا هەنـدێکیان لـەناو بازنـەی نیـشتمانپەروەرییەوە بـوون، بـەڵام لـەڕووی سیاسـی و مامەڵـەی سیاسـیی پراکتیکانـەو گونجـاو لەگـەڵ بارودۆخەکـەدا، لـەڕووی شـێوەو زەمـان و زەمینـی دەسـت پێکردنیانـەوە، لـەڕووی دروشـم و ئامـانجی هەریەکـەیان، جـۆری پێکهاتـەی هێزەکانیـان. بـەزیان دەگەڕانـەوە. چـونکە ئەوانـە هۆیـەکی گـرنگ بـوون لـە دەرخـستنی رەوشـەکانی پێکهاتـەی کۆمـەڵی کـوردەواری و ئاسـتی پێنەگـەییویی سیاسی و تێنەگەیشتنی بارودۆخەکان، لەڕووی بوونی کۆمەڵێك ئەفسەری سیاسـیی کـورد دۆسـت و زیـان بەخـشین بەهەڵوێـستە سیاسـییەکانیان، و بەپێچەوانەشەوە سوود گەیاندن بەناحەزەکان..

ئا لەو چەند سەرەك عەشیرەتێك بێ هیچ پاداشتێكی سیاسیی بەستراوە بەئامانجە نەتەوەییەكان، لەپێناو بەرژەوەندییە تەسكە عەشایەرییەكاندا، بووبوونە دۆستو یارمەتیدەرو رێ پیشاندەری ئینگلیزەكان، كەهەندێكیان رۆڵی گرنگیان لەتێكدانی ریزەكانی كوردو بەهێزكردنی بەرەی ئەفسەرە ناحەزەكان بەكورد بینی. نموونەی ئەمانەش لەكاروكردەوەكانیاندا كەم نین، و شوێنەواری هەڵوێستەكانیش كاریگەر بوون. لەوانە:

- عەریزەی شەست سەرەك عەشیرەتەكانی كورد دوای كۆبوونەوەكەی (وێلسن) لەگەڵیان و رێكخستنی عەریزەكەو ئیمزاكردنی، كەبەكارو بەنەخشەو بەناوەرۆك و بەمەبەستو بەدارشتن و بەئەنجامدانی كارەكە لەزەمەن و زەمینەیەكی هەستیاردا دژ بە خواستەكانی كوردو ئامانجە نەتەوەییەكەو سەركردەكەی كورد بوو.
- مشیری حەمەی سلێمان.
- جافەكان دوای جیابوونەوە لەشێخ مەحمود دەكەن و حاكمی سیاسییان بۆ دادەنرێت.
- هەندێك لەسەرەك عەشایەرەكانی كەركوك و كفری.

## ئەو عەشیرەتانەی تر كە دژ بەشێخ بوون.

## سیاسەت و دیپلۆماسیەتی شێخ مەحمود

سەرەتا پێویستە ئاماژە بۆ سێ دیاردەو رووداوی دەری خواستو رەفتاری كورد بكەم كە راستەوخۆ دژ بەرەوتی بزووتنەوەی مێژوویی

www.zheen.org

کوردو ئامانجەکانی بوو: - شۆڕشی ئۆکتۆبەرو دەرچوونی سۆڤیەت لەپەیمانی سایکس پیکۆ- رازیبونی فەڕەنسا بۆ تەسلیمکردنی باشووری کوردستان بە بریتانیا بەرامبەر ئەڵتەرناتیڤێکی تر. لەناو دەوڵەتێکی دۆڕاوو داڕوخاوی وەك دەوڵەتی عوسمانی پیاوێکی ئازاو جەربەزەو زیرەکی وەك ئەتاتورك دەربکەوێت و لە ناکۆکییەکان بگات و بۆ بەرژەوەندیی تورکیاو دژ بەکورد لابەلایان بکات..

لەگەڵ ئەوانەشدا گەلێك رووداوو دیاردەی تر لەبەرژەوەندیی کورد بوون لەوانە:

◊ پەیمانی سایکس-پیکۆ.. (ئەگەر بەراوردی دەوڵەتە کۆڵۆنییەکانی رۆژئاوا بەرۆژهەلاتە دواکەوتووەکان بکەین).

◊ پەیمانی سێڤر.

◊ پەیمانی سان ریمۆ.

چواردە بەندەکەی ودرۆ وێلسۆنی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لە بەندی دوازدەدا بەم جۆرە جەخت لەسەر ئازادیی گەلانی ژێر دەست ئەکات:

بەشە تورك نشینەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی دەبێ سەربەخۆیی و فەرمانڕەواییەکی تەواویان هەبێ. بەلام دەبێ بوار بەتەواوی ئەو میللەتانەش بدرێ کە ئیستا لەژێر دەستەلاتی عوسمانی دان، ژیانێکی پڕ لە ئاسایش و بواری گەشەستاندن بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی یان هەبێ.[1]

---

[1] دیڤید مەکداول، سەرچاوەی نێوبراو، ل٢٤٦.

(ناکۆکییه گرنگەکانی ناوو دەرەوە کەبێ وچان دەوری تورکیایان دابوو.. بەتایبەتی (بریتانیا، فەرەنسا، یۆنان، بەڵقان، عەرەب، ئەرمەن، کورد...)

هەرچەندە زۆر لەهەل‌و مەرج‌و زەمینەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان لەئارادا بووە، بەرامبەر بەوەش هەندێك لە هەل‌ومەرجەکان ناکامڵ، هەندێك لە فاکتەرە خۆییەکان نائاسایی، و گەلێك لە ڕووداوەکان بەدژو پێچەوانەی خواستی کوردو بەدیهێنانی ئامانجەکەیەوە دەسووڕا:

- پەیوەندیی‌و هەوڵ‌و نامەکانی شێخ مەحمود بۆ دەوڵەتان.
- لەگەڵ بریتانیا. ڕێبازە جۆراوجۆرەکان، سیاسەتی هاوبەشی ئەو ڕێبازانەو هەڵوێستی شێخ مەحمود.
- تورك. مانۆڤرو ڕۆڵی زیرەك‌و جەربەزەو فرپوفێڵ‌و ناسیۆنالیستانەی دژ بەکورد، سیاسەتی هەرێمیی‌و نێونەتەوەیی ئەتاتورك‌و دژ بەکورد بەکارهێنانی، یەکێتی سۆڤیەت‌و سیاسەتی نائاسایی.
- یەکێتی سۆڤیەت.
- عەرەب. سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی عەرەب‌و هەڵوێستی دژ بەکورد، کەگەلێك لەئینگلیزەکانی تووڕە دەکرد.
- کۆمەڵەی گەلان،
- سیاسەتی کوردانەی شێخ مەحمود:

—ناوخۆی باشووری کوردستان

www.zheen.org

- سمکۆ.
- عەشایەری رۆژهەلاتی کوردستان
- پلانی، کردنی شەریف پاشا بەنوێنەر، لە کۆنگرەی ئاشتیدا.
- سیاسەتی جەربەزەو شەڕئەنگێزو پڕ لە مانۆڤری سیاسیو ناسیۆنالیستانەی ئەتاتورك لەدژی کوردو عەرەب و هەموو نەتەوەو کەمینە نەتەوەییەکانی تر، رووبە ڕووبوونی چەکدارانە لەدژی زلهێزەکانو پەیمانو بڕیارەکانی کۆنگرەی ئاشتیی لە پاریسو ئەو پەیمانانەی تر کەلەژێر چەتری ئەو کۆنگرەیەدا مۆردەکرا. گەلێك ناکۆکیو ململانێو جەنگو بەرەی شەڕی بۆ ئەتاتوركو دەوڵەتە نوێییە خۆنەگرتووەکەی خوڵقاند کە هەمووی لە بەرژەوەندیی کوردو ململانێیەکەی بوو لەدژی تورکیا لەلایەك وەزەمینە خۆشکەریش بوو بۆ باشکردنی پەیوەندییەکانی کورد- بریتانیا، ناکۆکیو ململانێ، راکێشانی یەکێتی سۆڤیەت بۆ یارمەتیو پاڵپشتکردن ... تاد. ئەتاتورك
- سیاسەتی ناحەزانەی گەلێ لەئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیز..
- سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی عەرەب لەدژی کورد..

## شێخ مەحمود-سیاسەتو کاری دیپلۆماسیو ئەنجامەکان

هەندێك لەڕووداوەکانی سەرەتادا، بێ ئەوەی شێخ مەحمود لە هەندێکیاندا مەبەستی بێت، بەدژی کوردو ئایندەی پەیوەندییەکانی بوو:

- هاوبەشیی شێخ مەحمود لەشەڕی شوعەیبە لەدژی هێزەکانی ئینگلیز..

- دوای شکانی هێزەکانی ئینگلیز بەرەو ناوچەکانی کوردستان تورکەکان بەڕەسمیی شێخ مەحمود، یان بەحوکمداری سلێمانی دانا..

- لە نامەکانی (حسەین- مەکماهۆن)دا لە ١٩١٥/١٠/٢٤دا بەڵێن بەحسەین دەدرێت کەزۆربەی ناوچەکانی سلێمانیو پردێ بخرێنە سەر ئەو ناوچە عەرەبییەی سەربەخۆی دەبێت.

- هەرچەند پەیمانی سایکس-پیکۆ (١٩١٦/٥/١٦) دیاردەی پۆزەتیڤی بۆ کورد تێدا بوو، دیسان لەلایەکی ترەوە بێ دیاردەی نێگەتیڤ نەبوو. لەوانە، بڕیاردان لەسەر ئەو ناوچە ناوبراوانە لەنامەکانی حسەین مەکماهۆن کە بخرێنە سەر حکومەتێکی عەرەبی سەربەخۆ کەلەژێر سەرپەرشتیی بریتانیاو فەرەنسەدا دادەمەزرێو یارمەتیی پێویستیشی بدرێ.

- لە فێبریوەری ١٩١٩دا کەرکوك و کفری لەناوچەی ژێر دەسەڵاتی شێخ مەحمود دەرهێنرا، کەشێخ بەوە ڕازیی نەبوو.

- کە شێخ مەحمود ئەو فەوجە سەربازەی تورك کەلەسلێمانی بوو، چەك دەکاتو هەموو ئازووقەو کەلو پەلەکانیان وەردەگرێت، ئیتر سەربازەکان دەنێرێتەوە بۆ عەلی ئیحسان پاشا، ئەوەش لەدژی خواستەکانی لێپرسراوانی ئینگلیزەکان بوو، چونکە میجەرنۆئێڵ داوای لەشێخ کرد کە ئەو سەربازانە تێکەڵ بەیەخسیرەکانی جەنگ بکرێن لەکەرکوك، بەڵام شێخ بەوە رازی نەبوو.

ئەوەی کە زۆر گرنگو چارەنووسساز بوو لە سیاسەتەکانی شێخ مەحمودا، سیاسەتی بەرامبەر بە بریتانیا لە لایەك و تورکەکان

لەلایەکی تر بوو، کەلەوەدا جگەلە مانۆڤرە سیاسییەکانی شێخ خۆی، دەوروبەرە کەشی بووبوون بەدوو بەشەوە، کەهەریەکەیان لەهەل و مەرجێکی تایبەتی و دژ بەبەرامبەرەکەی، بۆ سەلماندن و سەپاندنی هەڵوێست و بۆچوونە تایبەتییەکانیان بەکارهێنراون. واپێدەچێت کەلەناو بیرومەزەنەو بۆچوونەکانی شێخ مەحموددا، لەسەرەتای ئەزموونەکەدا، رۆڵی ئینگلیزەکان بەچارەنووسساز نەزانراوە، رۆڵی ئینگیلزەکان لەدنیاداو وەك تاکە هێزی چارەنووس بەدەست لای کورد زۆر ئاشکرا نەبووە، سستێمی بەڕێوەبردنەکانی کۆلۆنییەکان و رۆڵی ئەوروپاییەکان زۆر روون و ئاشکرا نەبوون. بۆیە لەسەرەتادا شێخ سیاسەتێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەرانەی دوور لەواقیعبینانەی پیادەدەکرد. بۆیە چەند هەڵوێست و روداوو کردەوەو خواستێکی شێخ مەحمود، جگە لەوانەی سەردەمی پێش حوکمداریی، ئینگلیزەکان تووشی سەریەشەو دوودڵیی کردبوو، لەوانە:

- خواستی پیادەکردنی سیاسەتی سەربەخۆ لەئیدارەکردنی وڵاتدا، سەیرکردنی رۆڵ و ئینگلیزەکان بەپلەی دووەم.

- سیاسەتیی کوردستانیی شێخ مەحمود کە بریتی بوو لەیەکخستن و گرتنەدەست و حوکمی هەموو باشووری کوردستان بوو بەناوچە نەوتییەکانیشەوە. لەلایەك وەپەیوەندییە سیاسی و چەکدارییەکانی لەگەڵ ناوچەکانی خوارووو سەرووی رۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتی لەگەڵ سمایل خانی سمکۆ و مەحممود بەگی دزڵی و سەردانیان بۆ سلێمانی. سەردانی مستەفا پاشای یاموڵکی بۆ سمکۆ، هەرچەندە زیاتر

بەدەستپێشخەریی خۆی وەك ئەركێكی نەتەوەیی ئەوەی كرد، بەڵام بۆ ئینگلیزەكان لێكدانەوەیەكی تریان بۆ دەكرد.

نەپچراندنی پەیوەندییەكانی شێخ لەسەردەمە جیاجیاكاندا لەگەڵ توركەكان وەیاخود، دەسپێكردنی سەردەمێكی نوێ لەپیادەكردنی سیاسەتی فڕوفێڵاویی توركەكان بۆ چەسپاندنی ئەو بیرو ڕایەی ئینگلیزەكان.

- بەهێزیی زەمینەو ڕۆڵی توركخوازەكان لەنزیك شێخ مەحمودو لە بەڕێوەبەرایەتییەكەیدا.. بەپێچەوانەوە، بۆ ئینگلیزدۆستەكان.

- بەیەك چاو سەیری هەموو ئەفسەرو لێپرسراوانی ئینگلیز دەكرا.

- دواكەوتویی لەجۆری بەڕێوەبردن و مامەڵە لەخزم نزیك كردنەوەدا.

- ئارەزووی ڕوو لە سۆڤیەت كردن و هەستكردن لەبڵاوبوونەوەی كۆمۆنیزم لە كوردستاندا.

- بەكارهێنانی چەك لەدژی هێزەكانی ئینگلیز.. و گرتنی لێپرسراوانی ئینگلیز لەناوچەكەدا.

- ڕووداوی دژ بەئینگلیزەكان كەشێخ مەحمود نەیدەتوانی یان نەیدەویست لغاویان بكات.

هەرچەندە كورد وەك نەتەوە، وەك مرۆڤ، و لەخاڵ و بەندەكانی پەیمانە نێونەتەوەییەكان و چواردە بەندەكەی وێڵسۆن ناوبرابوون، تەنانەت بە بەراورد لەگەڵ گەلانی تری ناوچەكەو دەریشی، و بەهۆی ڕەخساویی گەلێ هەل و مەرج.. شایەنی ئەوەبوو كە دەوڵەتی خۆی بۆ دابمەزرێنرێ، چاودێری و ڕێنمایی و سەرپەرشتیی و هاوكاریی بكرێ.. بەتایبەتی، ئەگەر

لێپرسراوانی ئینگلیز بیانویستایە، وا ئەلتەرناتیڤی تریش لە ئارادا بوو.. زیاتریش لەوە تەنانەت لەو سەردەمانەشدا کەخودی شێخ مەحمودیش ملی ئەدا بۆ حکومەتێکی ناوخۆیی لەناو دەوڵەتە تازە دروستکراوەکەی عیراقدا.. بەڵام ئەوانە نەکراو سیاسەتی پێچەوانەش، لە دژو بگرە دژ بەبەڵێن و پەیمان و قسەو خواستەکانی خۆشیان، پەیڕەو کرا..

دەڵێم لەگەڵ ئەو راستییانەشدا دەبێت ددان بەو راستییەدا بنرێت کەهەندێك لەو بۆچوونانەی ئینگلیزەکان راستبوون:

-دەسەڵاتی خێڵ و ناوچەگەری و نەبوونی سەرکردەیەك کەدەست بەسەر هەموو کوردستاندا بگرێت.. هەرچەندە ئەمە دیاردەیەکی نامۆی ئەو سەردەمە نەبووەو لە هەموو کۆلۆنییەکاندا ئەوە هەبووە، تەنانەت لەهێنانی فەیسەڵی یەکەمدا، نەك هەر لەکوردستان، بەڵکو لەناوەڕاست و خوارووی عیراقیشدا ئەوە هەبوو، شۆڕشی ١٩٢٠ نموونەیەکی دیاری ئەوەیە.

-ئیدارەیەك بەسەرپەرشتیی ئینگلیزەکان، لەڕووی شارستانێتی و کولتورو جۆری مامەڵەو یاساو ئاستی بەڕێوەبردنەوە، ئاسایی و لەبارو بەسوودتر بوو وەك لەوەی خۆماڵیی. بۆ ئەو سەردەمە کەنەخوێندەواری و هەژاری و نەخۆشی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشا بوو.

-شێخ مەحمود بە بەراورد لەگەڵ رەوش و هێزو دەسەڵات و رۆڵی ئینگلیزەکاندا، سیاسەتێکی ناڕیالانەی پیادە دەکرد. ئەو بەیەك چاو سەیری لێپرسراوانی ئینگلیزی دەکرد، ئاسان نەخشەی دۆستەکانی کوردی تێك دەدا.

- هەرچەند ئەو بیروبۆچوونە جیاجیایانەی ئەمڕۆ لەنامەو بروسکەو یاداشتو کتێبو بیرەوەرییەکانی ئەفسەرانی سۆسیی ئینگلیز کەلەو سەردەمەدا رۆڵیان لەنەخشاندنی سیاسەتی ئینگلیزدا بینیوە، لای کوردو سەرکردایەتییەکەی وائاشکرا نەبوون، بەڵکو زیاتر سیاسەتی ناحەزانەو سەپاندنی خواستو ئیرادەی خۆ زەق دەردەکەوتن.. لەدژی کرداری ئەوانەو رەفتاری (جلخوارەکان) لەلایەكو (ئینگلیزدۆستەکان) لەلای بەرامبەر، بەزەقی دەردەکەوتن.. لەگەڵ ئەوانەشدا مێجەر نۆئێلو ئەفسەرانی هاوبیروبۆچوونی. رای خۆیان نەدەشاردەوە، ئەوەتا رەفیق حیلمی بۆمان دەردەخات کەهەوڵی ئەوانە چەند لەڕووبووە.

- هەڵوێست و هەنگاوەکانی شێخ مەحمود هەر ئەو راستییە دەسەلمێنن کە بیری نەتەوەیی و ئامانجە ستراتیجییەکە سەرچاوەی کارو نەخشەو ستراتیجی شۆڕش و حوکمڕانییش بوون، شیعرەکانی شێخ مەحمود گەشانەوەی هەستی نەتەوەیی و خواستی سەربەخۆیی و ئازایەتیی دەردەخەن بە تایبەتی کە لە گەڕانەوەیدا بۆ سلێمانی بۆ پلەی سێیەم دەسەڵاتی سیاسیی و دووەم پلەی مەلیکایەتی، لە بە پیرەوەچوونی خەڵکی شار دەڵێت:

*من کوردم و بە کوردی ئەڵێم و بڕایەوە*
*دڕك نەما گوڵی هیوامان گەشایەوە*

بۆیە سەرجەمی هەنگاوەکانی لەو سەرچاوەیەوە خوڵقاون.
لە ناو خواستی حوکمڕانییەوە ئەم هەنگاوە گرنگانەی ناوە:

- پێکهێنـانی بەڕێوەبـەرێتیی و حکومـەت کـە روخـساری دەوڵـەتی سەربەخۆیان پێوە دیار بێت.

- هەڵکردنی ئالأی سەربەخۆیی کورد لەو ناوچانەی کەوتبوونە ناو قەڵەمڕەوی حوکمداری و

- مەلیکایەتییەکەیەوە.

- بانگەشەی مەلیکایەتی، تا روخساری سەربەخۆیی کوردستان لە مەلیکایەتییەکەی فەیسەڵ

- جیابکاتەوە..

- دانانی ئەنجومەنی وەزیران و بڕیارە تایبەتییەکان بۆ دەوام و لێ پرسینەوەو سزا.

- دانانی پوول بۆ پۆست. ژمارە ٩ ی رۆژنامەی ئومێدی ئیستیقلال لە دووەم پلەی حوکمی مەلیکایەتیدا بەم جۆرە هەواڵی هێنانە ئارای پوول بۆ بلأودەکاتەوە:

ریاسـەتی مالیـە قیمـەتی یـەك ئانـەیی و هەشـت ئانـەیی و بـۆ تـاپۆ پێنج رووپیەیی پوولێکی تازەی داهێناوە ئەم پوولانە لەسەر زەمینی سـەوزەو نموونـەی چـاپکراوی هەیـە لـە ژمـارە ٢٠ ی رۆژی ٣/٢٧/ ١٩٢٤یشدا: امرۆ پوولی چوار رووپیەیی رووپیەونیوی و یەك رووپێیی تەبع کراو خرایە موقعی تتبیقەوە.[١]

- دانانی چاپخانە بە پیتاك کۆکردنەوە، لیستەی پیتاك بەخشان لە رۆژنامەی ئومێدی ئیستیقلال دا بلأوکراوەتەوە.

---

[١] گۆڤاری گزینگ، ژمارە ٢٥، پاییزی ١٩٩٩.

## پەیوەندییەکانی شێخ مەحمود

**- لەگەڵ بریتانیادا :**

بۆ بەهێزکردنی مەڵبەندی نێونەتەوەیی کوردو رۆڵبینین لە کۆنگرەی ئاشتیدا، بۆ باسکردنو ناساندنی کێشەی کوردو داننان بەسەربەخۆیی کوردستاندا لەناو پەیمانە نێودەوڵەتییەکاندا، بەهۆی بوونی کەسایەتییەکی گرنگو شارەزاو ناسراوی وەك شەریف پاشا کەلەو مەیدانەدا تواناکانی خستبووە گەڕ، وە بۆ بەهێزکردنی ئەو هەڵویستەیو کردنی بەنوێنەری دەوڵەتەکەی باشووری کوردستان. بۆ ئەوانە مەزبەتەیەکی بۆ شەریف پاشا وەك بەڵگەیەك بۆ سەرپشك کردنی شەریف پاشا بە نوێنەری کورد رێکخست. رەفیق حیلمی لە یاداشتەکانیدا دەڵێت من خۆم ئەو مەزبەتەیەم نووسی. مەزبەتەکە درا بە (رەشید کابان)و (سەید ئەحمەدی بەرزنجی) تا بچنە پاریس بۆ ئەو مەبەستە. لەڕێگەیاندا بەرەو فەڕەنسە، دەگەنە حەڵەب، ئیتر رێگەیان پی دەگرنو ناهێڵرێت لەسەر سەفەرەکە بەردەوام بن..

www.zheen.org

چونکە هەر لەو سەردەمەدا کوردەکانی تورکیاو کۆمەڵە سیاسییەکانی کوردی ئەستەمبوڵ بەناوی خۆیان و هەموو کوردەوە وەکالەتنامەیان بۆ شەریف پاشا کردەوە. ئەویش دەربارەی مافەکانی کورد رۆژی ٢٢ی مارسی ١٩١٩ یادداشتێکی لەژێر سەردێری: ( Memorandum Sur les reveneications du pewple Kurde) دا بە کۆمەڵەی گەلان.[٢]

---

[٢] رەفیق حیلمی، یاداشت، بەشی یەکەم، ل١٩.

**هەوڵو هەنگاوەکانی شێخ مەحمود لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی:**

هەرلەسەرەتاوە، وپێش ئەوەی هێزەکانی ئینگلیز بێنە ناو قوڵایی باشووری کوردستانەوە، شێخ مەحمود پەیوەندی پێوەکردن.

- کە هێزەکانی ئینگلیز دەگەنە کفری شێخ مەحمود نامەیەکیان بۆ دەنێرێت.

- کە هێزەکانی ئینگلیز بەسەرکردایەتیی جەنراڵ (ماریشاڵ) دەگەنە کەرکوك، شێخ مەحمود نامەیەکی بۆ دەنووسێت. تێیدا داوای یارمەتیی لێ دەکات بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی کوردی. کاتێك نامەکە دەگاتە کەرکوك ئینگلیزەکان کەرکوکیان چۆڵ کردبوو. ئیتر نامەکە دەکەوێتە دەست تورکەکان. بۆیە تورکەکان بەفێڵ شێخ دەگرنو رەوانەی کەرکوکی دەکەن. لەوێ حوکمی کوشتنی دەدەن. بەڵام عەلی ئیحسان پاشا داوای دەکات، دوای دڵدانەوەو پێبەخشینی نازناوی"نەقیب"و کۆمەکی مالیی، پێسپاردنی پارێزگاریکردنی ناوچەی سلێمانی، دەینێرێتەوە بۆ مەڵبەندەکەی خۆی.

- لە ١٩١٨/١١/١دا رۆژی بڵاوکردنەوەی بوونی شێخ مەحمود بەحوکمداری کوردستان، داوا لەبریتانیا دەکات کە کوردستان لە لیستەی میللەتانی رزگاربوودا دابنرێ.

- شێخ نامە بۆ وێڵسن دەنووسێت. ئەویش مێجەر (نۆئێل)، مێجەر (دانلیس) بەژمارەیەك سەربازو دوکتۆرو ئەندازیارەوە دەنێرێ بۆ سلێمانی.

- دوای ئەوەی شێخ مەحمود لە ١٩١٨/١١/١دا حوکمداریی خۆی بۆ کوردستان رادەگەیەنێت و پەیوەندیش بەئینگلیزەکانەوە دەکات، مێجەر نۆئێل لە ١/١٨دا بەرەسمی دەگاتە سلێمانیی.

- لە ١٩١٨/١٢/١دا مەندوبی سامی وێلسن بۆ پیرۆزبایی دەگاتە سلێمانی.

نامەکەی شێخ مەحمود کەلە ٢٠-کانونی دووەمی ١٩٢٣دا ئاراستەی یەکێتی سۆڤیەتی کرد:

" بۆ گەورەو بەڕێز کۆنسۆڵی رووسیای سەرکەوتوی پایەدار لەئازربایجان پاش رێزو سڵاومان:

لە ساڵی ١٩١٧دا کاتێک کەدەنگی سەربەستی و ئازادیی راستەقینەی گەل لە چنگ و کەڵبەی تاوانبارە ئاشکراکان بڵاوبووەوە هەموو نەتەوەو گەلانی ژێر دەست لەجیهاندا بەپێخۆشبوونێکی زۆرەوە بیستیان و وەریان گرت، بۆیە بەهیواو نییەتپاشی و شەرەفی گەلی رووسیا دەستیان کرد بەخەبات و فیداکاریی لەپێناوی سەربەستیدا.

بەڵام دەربارەی مافەکانی ئێمە لەزۆر رۆژنامەدا نەشر کراوە کەچۆن بریتانیای خوێنرێژ لەساڵی ١٩١٩دا مانای چوار ساڵ لەمەوبەر کەوتە لێدانی گەلی کورد، بەچەک و تۆپ و بۆمبای سووتێنەر ژن و منداڵ و پیاوی لێک جیانەدەکردەوە، کاتێ گەلی کوردی ژێر دەستە ویستی داخوازی و مافەکانی خۆی لە سلێمانیی پایتەختدا بەکاربهێنێت. بەڵام بێشانسیی گەلی کورد وەزعی ناوخۆی حکومەتی مەزنی رووسیا بەجۆرێك بوو کەرێگەی ئەوەی نەبوو ئاوڕ لەگوزەرانی گەلانی ژێر

دەست و چەوساوە بداتەوە، کە ئەم حاڵەش هەر بەردەوام بوو تا گەلی بەهێزی رووسیا بەنییەت و مەبەستی راستی خۆی -شوکور بۆ خوا- توانی هێزو مەزنیی خۆی دەربخات. گەلی کوردی ژێر دەست و چەوساوە بەشەرەفەوە ئەمانەی خوارەوەتان ئەخاتە پێش چاو:

هەموو گەلی کوردستانی خواروو ئارەزووی دۆستایەتیی و یارمەتیی حکومەتیی بەڕێزی رووسیا دەکات و ئامادەشە لەپێناوی ئەو دۆستایەتییەدا بەگیان و بەماڵ فیداکاریی لەپێناودا بکات.. ئێمەش لەلای خۆمانەوە وەکو مەرجێکی بناغەیی تکامان وایە کەبەڕەسمیی ددان بەمافە نەتەوەیی و رەسمییەکانماندا بنێن. بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییەشمان بۆ رای گشتیی جیهان دەربکەوێ و خۆمان بەهێز بکەین و دوژمن لاواز بکەین پێویستمان بەهەندێ تۆپ و رەشاش و فڕۆکەو چەك و جبەخانە هەیەکەسەرکردەی سوارە عەقید رەشید ئەفەندیو سکرتێری تایبەتیی خۆم عارف ئەفەندی لەدرێژەی ئاگادارتان دەکەن لەدواییدا هیوامان وایە کەمافە نەتەوەیی و سیاسییەکانی گەلی کورد بەدیی بهێنرێ و خێرا دۆستایەتی و یەکێتی کەبەئارەزوییەکی زۆرەوە دەیخوازێ بهێنرێتە دی. لاشتان ئاشکرایە کە ئاگر بەست چۆن بووەو ئێمە لەباشووری کوردستاندا لەدژی کێ شۆڕشمان کردووەو پەیوەندیی حکومەتەکانی دراوسێش چۆن بووە بەوانەوە، لێرەدا لەکاتێکدا کەپێوەندیی دیپلۆماسیمان لەگەڵتاندا نییە ناتوانرێت دەربارەی ئیشەکانمان هەموو شتێك بنووسرێت، ئەگەر چی بڕواتان پێ دەکەین و بەپاڵپشتی خۆمانتان دەزانین، بەڵام دەتوانم

شتێك بڵێم ئەوەش: سەرجەم گەلی كورد رووسەكان بەرزگاركەری رۆژهەڵات دادەنێن بۆیە ئامادەیە چارەنووسی خۆی بە چارەنووسییەوە ببەستێتەوە.

گرنگترین شتێك كەبیری داگیركردووین مەسەلەی یارمەتییە، گەلی كورد زۆر بەسەبرەوە چاوەڕوانیی پێكهێنانی پەیوەندیی لەنێوانماندا دەكات، كاتێك ئەو پەیوەندییە دامەزراو یەكێتیی و هاوكاریی و ئەو تەبایی و هاوكارییەی هەمیشە بەتەنگییەوەم پێكهات، ئەو كاتە گەلی كورد رزگاری ئەبێت و ئەگەر ئەو رووداوە گرنگەش بێتەدی واخەبات و توانای هەموو لایەك بەوشەی زێڕین لەمێژوودا دەنووسرێت."

دوای ئەوەی شێخ مەحمود لەسیاسەتی وێڵسۆن و تاقمەكەی بێئومێد بوو، لە ١١مایسی ١٩٢٣دا لەگەڵ گەلێك لەسەرەك خێڵ و تیرە نیشتمانپەروەرەكانی ناوچەكەدا یاداشتێكی ئاڕاستەی زلهێزەكان و توركیاو ئێران كرد بەم جۆرەی خوارەوە:

بۆ باڵوێزی:

امریكا، توركیا، فەڕەنسە، انگلترە، سەرەك وەزیری ئێران:

لەدوای جەنگی ١٩١٤ و كوژانەوەی چرای برووزی عوسمانی بەتەواوبوونی جەنگ نیشتمانی ئێمە (كوردستانی جنوبی) لە ئەوروپادا ادارەیان چۆڵ كرا هێزی سوپای ئینگلیز بەهەلی زانی خۆی هاویشتە ولایەتی (موسڵ)وە كوردستانی جنوبیشی داگیركرد بەڵام بەو پەیمانەی كەبەپێی پەیمانی (سیڤر) كەهەموو حەقێكی قەومیمان بدەنێ و لەكوردستانی جنووبیدا حكومەتێكی كوردی دروست بكات و

هەموو چەشنە یارمەتیەکمان بدەن ئینجا بەتەواوی رێگەی ئینگلیز درا هاتن بۆ سلێمانی. سێ مانگی بەسەرا نەڕۆیشت بەپێچەوانەی پەیمانەکەیان بۆ کاروباری چ سیاسیو چ ئیداریو چ ئابووری لە:

ئینگلیزو ئیرانیو عەرەبو ئەفغانیو هیندی هەڕەمە پیاو مامورانی هێنا بەناو کیشوەرەکەماندا بڵاوی کردەوە بەڵام کوردەکان لەدورەوە تەماشایان ئەکرد ئەو یارمەتییەی کورد بەهیوای بوو وە ئەو پەیمانەی دابووی کە حکومەتێك بۆ کورد دروست بکات گۆڕرا بەزۆرداریو بێ بەزەیی، ئەو هێزە بێ شومارەی کە لەجەنگی گەورەدا بەرامبەر بە تورکو ئەڵمان بەکاری ئەهێنا بەری دایە وێزەی کورد بەکوشتنو سووتاندنو تاڵان کردن وڵاتی وێران کرد بەچەشنێك دڵی هەموو ئادەمیزاد بگریەنێت زۆر کردەوەی زۆرداریو ناپەسندیان نواند تاهەموو کوردی ناچار کرد بۆ پاسی خاكو داراییو ناموسی بەرامبەر بەو ئینگلیزەی کە بەدۆستی کورد خۆی پیشان ئەدا دەست بداتە چەكو داوای مافی خۆی (استقلال)بکات ئینگلیز خۆی کرد بەدوژمنی خوێنینی کورد.

www.zheen.org

لەڕۆژی ٢٢مایسی ١٩١٩دا کورد بەچەك کەوتە بەربەرەکانی ئینگلیزەکان بەڵام تەنیا بەچەکی تفەنگو خەنجەر. ئینگلیزیش بێجگە لەتۆپ و فڕۆکە، بەهێزێکی کوشندەی ٣٠ تا ٤٠ هەزار کەسیی سوپایەوە رۆژی ١٨-١٩١٩ کوردی پەرێشان کردو ئەو حوکمدارەی کەبەفەرمانی خۆیان بۆ کوردستان دانرا بوو بە برینداركراوی لەگەڵ نزیکەی هەزار مرۆڤو زابتانی کوردا کوژرانو بەیەخسیری گیرانو بران.

له بڕیاری خنکاندنەوە بۆ ١٠ ساڵ بەندی، حوکمداریان ئاوارەی هیند کرد ٣ شەو ٣ ڕۆژ سلێمانی تالآن کرا، لە کۆڵاناندا کوژراو فڕێ ئەدرا، دێهات و کشتوکاڵ پردو مزگەوت بەبۆمبا وێران کران. ئاژەڵ بە ماترەلیۆزو فڕۆکە قڕکرا. ژن، پیاو، منداڵ بە هەزاران لەناو ئەشکەوت و سەر چیاکاندا کوژران، مردن، حوکمدار لەبەندییەکەی ٣ ساڵ بەسەرنەچوو بەپێی داوای دەنگی کورد لە ٢٢ ئەیلول ١٩٢٢دا دووبارە بەناوی حوکمداری کوردستانەوە لەسلێمانی دایان نا، ئەمجارەش پەیمانی دروست کردنی حکومەتی کوردستانی بلاوکردەوە.

بەڵام ئەو داوایەی کە ئینگلیز لە کوردی ئەکرد لە توانای کوردا نەبوو، کە بەپێی پێویست لەتورکیاو ئێراندا شۆڕش هەڵگیرسێنێت، ئینجا دیسانەوە لەپاش شەش مانگ کەوتەوە بیانو بەبۆمبا شاری سلێمانی، دێهات، چیاو دارستانەکان و باخ و ڕەزی سووتاند، وێرانی کرد، لە ئادەمیزادو ئاژەڵ کوشتار لەژمارە نایەت، خێزانی کورد بەپیاوو ژن و منداڵو پیرەوە کەوتنە چیاو ئاوارەی ئەشکەوت و مغارەکان بوون بەڕووتی، برسێتی، گەرما، سەرما، ژیان تاڵ بوو. فڕۆکە ماوەو دەرەتانی پەیداکردنی ئازوخەی نەئەدا، لەئادەمیزاد پەروەری و دڵسۆزیتان تکا ئەکەین کە دڵسۆزی خۆتان بەرامبەر بەم ئاوارەو پەریشنانە پیشان بدەن کە بەهەزاران خێزان لەچیاکاندا بەبێ پیاو بەسەختی گوزەران ئەکەن و ئەژین و پیاوەکانیان بەرامبەر بەبەدبەختی و جانەوەری ئینگلیزەکان سنگیان ناوەتەبەر گوللەی ناگەهانیانەوەو بەبێ بەزەیی لە کوشتار کورددەست پارێزی ناکەن چارەیەك بکەن.

کورد ئەیەوێت بگات بەمافی خۆی، دەست بەرداری چەك نابێت تا وەکو ئەم دوژمنانەمان لێ‌دورنەکەونەوە.

١١مایس ١٩٢٣

حمه ئاغای علی ئاغا، حاجی رسوڵ ئاغا

دیسان سەرۆکی عەشیرەتی پشدەر

مەحمود سەرۆك‌و فەرماندەی گشتی

سابر بەگ، ساڵح ئاغا حمه ئاغا

سەرۆکی عەشیرەتی هەمەوەند   سەرۆکی عەشیرەتی پشدەر

کەریم فەتاح بەگ، اورحمان ئاغای احمد پاشا

سەرۆکی عەشیرەتی هەمەوەند   له اشرافی سلێمانی

سەید کەریم سەید ئەحمەد، ئەمین حمه ئیمام

لەساداتی بەرزنجە، لەسەرۆکەکانی هەمەوەند

ئەحمەد مدحەت، رزابەگ

مبعوسی رەواندز، له اشرافی سلێمانی‌و فەرماندەی سوپا

لەگەڵ ٨ ناوی تر. هەرچەندە سەرکردەی کورد وەڵامی ئەونامەیەی ئاراستەی یەکێتی سۆڤیەتی کردبوو، دیسان لەسەر کۆششی خۆی بەردەوام بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی بەناچاری قۆناغی دووەمی شەڕی چەکداریی لە دژی ئینگلیزەکان دەستپێکردو ناچارکرا بەهێزەکەیەوە خۆی بگەیەنێتە کوردستانی رۆژهەلات. لەوێشەوە لە ١٥جونی ١٩٢٣دا نامەیەکی تری ئاراستەی یەکێتی سۆڤیەت کردو تێیدا گوتیی:

"ئێمە دانیشتوانی کوردستانی خواروو هەر لەسەرەتای جەنگی جیهانییەوە داوامان لە ئینگلیز کرد کەدان بەمافەنەتەوایەتییەکانماندا بنێ، بەڵام ئینگلیزەکان لەشکریان کردە سەرمانو بەفڕۆکە وڵاتەکەمان ویران دەکەنو خەڵك دەکوژنو ڕێگەی ئەوەشمان نادەن ناڕەزاییو بێزاریی خۆمان دەربڕین. هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٢٢یشەوە دەسەڵاتدارانی ئینگلیز هەمووهەوڵی خۆیان داوەو دەیدەن کەکوردستانی خواروو بەزۆر بەعەرەبستانەوە گرێ بدەن. داواتان لێ دەکەین لەپێناوی مرۆڤ دۆستیدا نوێنەرانی خۆتان بنێرنە کوردستان بۆ ئەوەی هەمووشت لەنزیکەوە بەچاوی خۆیان ببینن".

نامەی سێیەمی شێخ مەحمود بۆ رووسەکان لە ٢٧ جولای ١٩٢٣دا دەنێررێتو تێیدا دەڵێت:

زەبرو زەنگی هێزەکانی ئینگلیز رۆژ لەدوای رۆژ پەرە دەسەنێ،هەموو دانیشتوانی کوردستان دووچاری بۆمبارانو پەلاماری سەربازی هاتوون. نزیکە ٢٠٠ماڵ لەژێر فشاری ئینگلیزدا شاری سلێمانییان بەجێ هێشتووە، دەیان کەس بەندکراونو رەوانەی بەغدا کراون، ماڵاتێکی زۆر دزراوە، وڵاتەکەمان کاول کراوە. داواتان لێدەکەین هەستی مرۆڤ دۆستیو عەدالەتی خۆتان دژی ئەو چەوساندنەوەیە دەربڕنو کۆمەکمان پێبکەن.[1]

نامەکانی ل١١٦ ،١٤٢،١٢٤،١٢٢پەیوەندییو هەوڵەکانی شێخ لەگەڵ ئینگلیز.

---

[1] نامەکانی بۆ باڵوێزەکان، ل١٢٤،١٢٢،١١٦، ١٣٨،١٢٧، ١٤٢.

## شێخ مەحمودو تورك

ریشەی پەیوەندیی شێخ مەحمود بەتورکەکانەوە، دەگەڕێتەوە بۆ باوباپیرانی، کەلای سوڵتانەکانی عوسمانی بەهۆی پایەی ئایینیو رۆڵیان لە کۆمەڵی کوردەواریدا شوێنێکی تایبەتییان هەبووە.

بەڵام ئەو پەیوەندییە لەسەردەمی شێخ مەحموددا بەو جۆرە نەما، روداوەکەی موسڵو دامەزراندنی کۆمەڵی (ئیتیحادو تەرەقی)زیاتر شێخی لە تورکەکان زویر کردبوو. جگە لە پێگەیوی هەستی نیشتمانپەروەریی کەلەگەڵ داگیرکردنو مامەڵەی تورکەکاندا نەدەگونجا.

لەگەڵ ئەوانەشدا بەرپابوونی یەکەم جەنگی جیهانو تێکەڵبوونی دەوڵەتی عوسمانی لەلایەك وەدابەزینی هێزەکانی ئینگلیز لەفاوەوە بۆ سەر زەمینی میزۆپۆتامیاو لەشکرکێشیی لەدژی کورد، و سەبارەت بەناموی داگیرکردنی ئینگلیز، هەم وەك دەوڵەتێکی داگیرکەر وەهەم وەك دەوڵەتێکی مەسیحی ئایین بۆ ئەو ناوچانەو کشانی هێزەکان بەرەو بەغدا، هاوپەیمانیی رووسەکان لەگەڵ ئینگلیزداو داگیرکردنی هەندێك ناوچە لەلایەن هێزەکانی ئەو دەوڵەتەشەوە کەبەدڕندەو خوێن رێژو تالانکەر ناوبانگی دەرکردبوو، جگە لەئایین جوداییش.

- شێخ مەحمود سەرکردەی هەزار سوارە دەکاتو هاوبەشی نەبەردییەکانی دژ بەهێزەکانی ئینگلیز دەکات، ئەوە رووناکییەکی سەوز بوو بۆ تورکەکان کەهەوڵ بدەن زیاتر سوود لەکورد وەربگرنو بەشێك لە ناکۆکییەکانی ناوچەکەیان پێ چارەسەر بکەن.

- كە هێزەكانی ئینگلیز كەركوك داگیردەكەن. توركەكان پەیوەندیی بەشێخ مەحمودەوە دەكەن و پاراستنی ئاسایشی سلێمانی و ناوچەكانی مەڵبەندەكەی پێ دەسپێرن.

- كاتێ ئینگلیزەكان كەركوك داگیردەكەن شێخ مەحمود پەیوەندییان پێوە دەكات و نامەیەك بۆ سەركردەی هێزەكانی بریتانیا لە كەركوك جەنراڵ (ماریشاڵ) دەنێرێت. بەهۆی كشانەوەی هێزی ئینگلیز لە كەركوك، نامەكە دەكەوێتە دەست توركەكان. لە نامەكەدا شێخ داوای یارمەتی و چەكی كردبوو بۆ دەركردنی توركەكان لە ناوچەكەدا. بۆیە شێخ لەسلێمانی دەگیرێت و لەكەركوك حوكمی كوشتن دەدرێت.

بەڵام عەلی ئیحسان داوای دەكات كەشێخ بنێرن بۆ موسڵ. لەوی رێزی لێ دەگرێت و پارەو یارمەتیی پێدەدات و دەیكات بەحوكومداری سلێمانی و بەرێی دەكات.

- دوای گەڕانەوەی شێخ لە نەفیگەی هیندستان، نامەیەك بۆ مستەفا كەمال دەنووسێت و داوای كۆمەكی چەكی لێ دەكات بۆ دەركردنی ئینگلیزەكان لەناوچەی سلێمانی.

- دوای دووەم پلەی حوكمی، شێخ لەسێباخ لای جاسەنە لەگەڵ ئۆزدەمیر كۆدەبێتەوە

- لەكاتی چەككردنی فەوجە سەربازەكەی تورك لە سلێمانی، سەربازەكان ناداتە دەست ئینگلیزەكان، وەك داوایان لێ دەكرد، بەڵكو دەیاننێرێ بۆ لای عەلی ئیحسان پاشا.

www.zheen.org

**ئۆزدەمیرو ئاڵۆزییەکانی سیاسەت لەبەردەم سەرکردایەتیی کورددا:**

یەکێك لە زیرەکییەکانی سیاسەتی مستەفا کەمال، نەخشەی ئاڵۆزکردنی بارودۆخی باشووری کوردستان بوو،لە گەلێك جەمسەرەوە کاری بۆ ئەم مەبەستە دەکرد، یەکێك لەونەخشەو هەنگاوەکاریگەرانە دانانی (میرئالآ-کۆلۆنێل عەلی شەفیق) بوو کەناوی ئۆزدەمیری (گیان پۆلآ)ی لێنرابوو، کە ئەرکی پاککردنەوەی ویلایەتی موسڵی لە ئینگلیزەکان پێسپێردرا، لەبەرئەوەی کە لە میساقی میللیدا ئەم ویلایەتە بەبەشێك لە خاکی تورکیا دانراوە،لەبەرئەوەش کە ناوچەکە دوای ئاگربەست داگیرکراوە، جگەلەوە، بەهۆی بوونی کەمایەتییەکی نەتەوەیی تورکمان لە هەندێ شاروشارۆچکەدا کرابوو بەبیانووی بەزەوی تورك لەقەڵەمدانی هەمووناوچەکە...

ئۆزدەمیر، رەواندزی کرد بەسەنتەری هێزو کاری، ئەم پیاوێکی زیرەكو شارەزا، لەئەقڵی خێڵەکیی کورد گەیشتو بوو، دەیزانی چۆن مامەڵەی بکاتوچۆن رێزی لێبگرێتو یاریی بەسۆزی کەسێتیی کوردی موسڵمان بکاتو بیکات بەگژ ئینگلیزدا.سەغییانەش پارەو چەکێکی زۆری بۆ ئەنجامدانی نەخشەکەی سەرف دەکرد، ئەوەی یارمەتیدەری رەواجدان بەو سیاسەتەو بەهێزکردنی ئۆزدەمیر بوو، سیاسەتی ناقۆڵای وێڵسنو مێجەرسۆنو تاقمەکەیان بووکەلەدژی شێخ مەحمودو دامەزراندنی دەوڵەت بۆ کورد کاریان دەکرد.

لەلایەکی تریشەوە، تورکخوازەکان، کوردو نیشتمانپەروەرانی بێزارونارەزا لەسیاسەتی ئینگلیز، چی ئەوانەی لەگەڵ شێخ مەحمود

بوون‌وچـی ئەوانـەی بێلایـەن لەسـەر گۆڕەپانەکـە بـۆ دۆزینـەوەی ڕێگەچـارەیەك کەوتبوونـە مـشتومڕو بـیرو ڕاگۆڕینـەوە.جگەلـە گـەلێك سەرەکعەشیرەتی دڵسۆزو هاوکار لەگەڵ شێخ مەحمود کە ڕاستەوخۆ لـەدژی سیاسـەتەکەی ئینگلیـز بـوون، وەك مـەحمودخان.هەندێکیشیان چوونە پاڵ هێزەکەی ئۆزدەمیر، وەك کەریمی فەتاح بـەگ سـەرەك هـۆزی هەمەوەندو گەلێکی تر..

گـەلێك کـەس کەوتنـە پڕوپاگەنـدەو داشـکان بـەلای تورکـدا، یـان پەیامی ئۆزدەمیریان، بلاو دەکردەوە چی لەناو عەشایەرو چی بە گەڕان بە شارەکانی هەولێرو کەرکوك‌و کۆیەو ڕانیەو سلێمانیدا.

سیاسەتی ئەتاتورك لەدانانی ئۆدزدەمیر دوو لایەنەبوو، لەلایەك بۆ بەرەنگاربوونـەوەی هێزەکانی ئینگلیز.لـەلای دووەمیش بـۆ دڵدانـەوەی کوردو تەقاندنەوەی ناکۆکییەکانی لەگەڵ ئینگلیزەکان‌و دروستکردنی بەرەیەکی بەهێزی دژ بە بوونی بریتانیا لەناوچەکەدا...

لای دووەمـی نەخـشەکە زۆرزیرەکانـە ئـەنجام درا، بـەهۆی گـەلێك هۆکارو دیاردەو ڕوداوی ترەوە، بەتایبەتی ڕۆڵ‌و گوشاری جلخوراەکان لـەدەوری شـێخ مـەحمود، بێئومێـدیی لەسیاسـەتی ئینگلیـز بەرامبـەر بەکوردوداخوازییـەکانی، ئـاڵوگۆڕی نامـەو گەیاندنـەوەی. تەنانـەت لەسـەردانی حەمـدی بـەگی بابـان بـۆ سـلێمانی، بـە هانـدانی مەنـدوبی سـامی لەبەغـدای، وەك ئەڵتـەرناتیڤێکی نـاو تاقیکردنـەوە بـۆ دانـانی لەسلێمانی، ئۆزدەمیر نامەیەکی پڕ سۆزی بۆ نووسی‌و باسی ئاییندەی ناوچەکەشی بۆ لێکدابووەوە کەچۆن هـەر بۆ تـورك دەبێت... ئەمیش

دۆستانه وەڵامی نامەکە دەداتەوە... دەقەکەشی دەگاتەوە دەستی لێپرسراوانی ئینگلیزلەبەغدا.

بۆیە دڵ لەویش کرمێ دەکەن، بگرە دەبێتە هۆیەکی تر کەکاربەدەستانی بریتانیا هەمیشە لەپەیوەندیی کوردوتورك، بەهۆی لایەنی ئایینەوە، بەدگومان بن.

دوور نییە ئەم ئاشکراکردنەی پەیوەندیو نامانەی شێخ مەحمود لەگەڵ ئۆزدەمیرو لێپرسراوانی تری تورك، هەر بەنەخشەو دەستی تورك خۆی نەبووبێت، لام وایە ئەم گریمانە بەهێزترە لەبوو نی پیاوو سیخوڕی ئینگلیز لەنێوانیاندا کە ئەوکارانەیان جێبەجی کردبێ.

یەکێك لەو دیاردە سەمەرانەی ناو ئەو یارییە، ئەوەبوو کەئۆزدەمیر لەنامەکانیدا داوای لەشێخ مەحموددەکرد کەبەئاشکرا نەخشەو مەبەستەکانی خۆی بۆبنووسێت.

پێش گەڕانەوەی شێخ مەحمود، ئۆزدەمیر نامەیەکی دوودرێژ بۆ شێخ قادری حەفید دەنێرێت. وەستایانە گەلێك خاڵە گرنگو هەستیارو بە ەبەست لەمەڕ ئامانجەکانیان بۆ گرتنی ویلایەتی موسڵ، هوشیارکردنەوەی برا کوردە موسڵمانەکانی تا نەبنە قوربانیی ئینگلیزە خائینەکان، سەرکەوتنیان لە ەرەکانی خۆرئاواو لەم ساتەوە دەستکردن بەپاککردنەوەی ئەم هەرێمە. نامەکە ستایشێکی زۆری شێخ مەحمودو جەوری ئینگلیز لێیو بەدیلگرتنی. بەرزبوونەوەی ناوی شێخ لە دڵی عالەمی ئیسلاما. پێخۆشبوونیان بۆ گەڕانەوەی شێخ تێدایە. ئینجا باسی نەخشەی پەلاماردانی بەشی شارو ناوچەکان

دەکات. لەنامەکەدا هێرش دەکاتەسەر نەمرود (مستەفا پاشای یا موڵکی) لەگەڵ گەلێك باس و خاڵی تری گرنگدا.

لەگەڕانەوەی شێخ مەحمودلەتاراوگەو جڵەوی حوکم گرتنەوەدەست، ئۆزدەمیر چالاکانە روی کردە شێخ و لە نامەیەکیدا ئایندەی رووناکی تورکەکان و بەدەستهێنانی ئامانجەکانی کوردی بۆ دەنووسیٚ، تا ئەو ئاستەی کەبەناوی ئەتاتورکەوە بەڵێنی بە شێخ مەحمود دا کەوەك سەردەمی محەمەد عەلی پاشای گەورە لە میسر، ئەم دەکرێتەخدێویی کوردستان و وەك والییەکی سەربەخۆ دادەنرێت.

لەناو ئەوململانێ سیاسی و فرتوفێڵە چەندلایەنییەشدا، لە سەرەتادا شێخ مەحمود نەیدەویست نیازەکانی دڵی خۆی ئاشکرا بکات. لەناو ئەو ئاڵۆزییە سیاسییانەشدا شێخ دەیویست راستگۆیی و ناڕاستیی و نیازەکانی هەردوو لایەنی بۆ ساغ ببێتەوە. بۆیە درێژەی دا بە پەیوەندییەکانی خۆی بەهەردوو لاوە، هەم لەڕێگەی نوێنەرو هەم بەنامە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## کوردستانیکردنی مەلیکایەتییەکەی شێخ مەحمود:

دوو رێبازو دوو جۆر بیرو ئامانج و دوو سیاسەت هاتنە مەیدانی شێخ مەحمود بۆ خەبات و بۆ حوکمداریی وەك دوو رێبازی گەیشتن بە ئامانجە نیشتمانی و تایبەتییەکانی خۆشی لە چەند فاکتەرو سەرچاوەیەکەوە سەریان هەڵگرتبوو گرنگەکانیان:

- ئامادەیی سلێمانی بە تایبەتی و ناوچەکە بە گشتی .
- هەلومەرجە نیەدەوڵەتی و هەرێمییەکان.

- گیانی نیشتمانپەروەری و هەستی نەتەوەیی لای شێخ مەحمود.

- ناووناوبانگی ،وەك سەرکردەیەك بۆ ئامانجە نیشتمانییەکان و خواستەکانی خۆی.

بەڵام زۆربەی ئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیز کەکاروبارەکانی عیراق و کوردستانیان دەبرد بەڕێوە، بە چاوێکی ترەوە لە شێخ گەیشتبوون:

- پیاوێکی ئایینیەو لە تورکەوە نزیکترە وەك لە ئینگلیزەکان.
- خاوەن ئەقڵێکی خێڵەکییەو بەو پێیە رەفتار دەکات و ولات بەرێوە دەبات.
- خوازیاری حوکم و دەسەڵات و سەروەت و سامانە.

بۆیە هەر لەسەرەتای یەکەم حوکمدارییەوە ئەو بۆچوونە جیاواز و هەڵسەنگاندنانە دوو سیاسەت بە دوو رێبازی پێچەوانەی یەکتردا دەبران بەرێوە.

ئەوانە هەموو لایەنەکانی پەیوەندی و بڕیارەکانیشیان گرتبووەوە، بۆنموونە:

شێخ مەحمود هەموو جنووبی کوردستانی بە یەك وڵات و سنووری حوکمدارییەکەی خۆی دەزانی.

لە رووی جوگرافیاو ئەو سنوورەی لە لایەن مەندووبی سامییەوە بۆ حوکمدارییەکەی کوردستان دیاریکرابوو، هەرچەندە ئاڵۆزو نا ئاشکرا بوو،لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی بۆچوونی هەموو لایەك،
سلێمانی و کەرکوك و هەولێری دەگرتەوە.

بەلاّم کە مێجەرسۆن لە جێگەی مێجەر نۆئێلّ دانرا و گەیشتە سلێمانی، راستەوخۆ ئەم بڕیارو کارانەی کرد:

- سنووری حوکمڕانییەکەی نەك هەر لە سلێمانیدا قەتیس کرد بەلّکو بڕیاری دابڕانی هەلّەبجەو چەمچەمالّ و رانیەو قەلاّدزەشی دا.

- لە هاتنیدا بۆ سلێمانی( ١٩١٩/٤/٢٤) هەرچەندە شێخ مەحمود لەگەلّ دەستو پێوەند و کاربەدەستان و کەسایەتییەکانی شاردا بەپیرییەوەچوو، کەچی وەك پێویست بایەخێکی شیاوو ڕێزی تایبەتیی لێ نەگرت..

- هێزی پۆلیس و ئیدارەی سلێمانیی گرتە دەست خۆی،هەروەك حوکمدار لە ئارادا نەبێت، لە هەر دایەرەیەکیش راوێژکار یان یاریدەدەرێکی ئینگلیزی دانا.

- مووچەی شێخی کەمکردەوەو کردی بە دە هەزار رووپیە.[١]

هەر چەندە شێخ مەحمود ئەو کارانەی سۆن نیگەرانی کردبوو، دیسان هەر خۆی لە شەڕی ئەو لادەدا..

لە هەمان کاتدا بە هۆی ناردنی نوێنەرەوە بۆ تاران پەیوەندیی بە ئەمریکاییەکانەوە کرد، کە ئەو هەولاّنە بەبێ ئەنجام مانەوە،ئەوسا ئەمیش کەوتە خۆی:

– ئاگاداری مەحمود خانی دزلّی کرد تا بە هێزەکەیەوە بگاتە ناوچەکە.

---

[١] بروانە، سدیق سالّح، حکوومەتی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٣" یاداشتەکانی رەفیق حلمی.

– نامـەی بـۆ شـێخ ئەحمـەدی بـارزانی و زۆری تـر لـە کەسـایەتییە ناودارو سەرەك هۆزو خێڵەکان
نارد بۆ کۆمەك ..

– بـە ئیـسماعیل حـەقی شاوەیـسدا نامـەی بـۆ ئەفسەرانی ئینگلیـز ناردە کەرکوك، نامەکە درایە دەستی فرایزەر بەلاّم بێ وەلاّم بوو.

– ئـەوەی ناکۆکییـەکانی زیـاتر قـووڵ کردەوە،هەوڵـەکانی ئـۆزدەمیر بـوو بـۆ پەیوەنـدی کردنـەوە بـە شـێخ مـەحمودەوە، بـۆ ئـەوە نێـردراوی خۆی فـەوزی بـەگ–ی نـارد و لـە دێـی کەڵـەکنی نزیـك سلێمانی شێخی بـینی، لەوێـداو بـێ پێـچوپەنا متمانـە نـەبوونی بـە ئینگلیزەکـان دەرخـستو ئامادەییـشی دەرخـست بـۆ هاوکـاریی تورکـەکان بـۆ دەرکردنـی هێزەکـانی ئینگلیـز تـا جەبـەل حـەمرین.. بـە پێـچەوانەشەوە ئینگلیزەکـان کەوتنـە خـۆ ئامـادەکردن.. سـەرەنجام وەك وێڵـسنی مەندووبی سامی ویستی شەڕی بازیان دەستی پێ کرد و بـە شکستیی هێزەکانی کـورد و برینـدارکردنی شـێخ و گرتنـی و کوشـتنی دەیـان لـە چەکدارەکان و یەخسیرکردنی سەدانی تر، کۆتایی هات،بەلاّم بە کاتی..

تەنانـەت کـە شـێخ مـەحمودیان لـە نەفیگـە لـە دوورگـەی ئەنـدامان لـە هیندستانەوە هێنایە دورگەی هـەنگام لە خلیج لەبەر چەند هۆیـەکی گرنگ لەوانە:

– جێگیربـوونی هێـزی تورکـەکان لـە ڕەوانـدز بـە سـەرکردایەتیی عـەلی شـەفیق کـە بـە ئـۆزدەمیر نـاودەبرا، لەوێـشەوە پـەلی بـۆ زۆر ناوچـەی تـر هاویشت.

– بـەردەوامیی نـاڕەزایی دانیـشتوانی سـلێمانی لـە سیاسـەتی ئینگلیزەکان وچاوەڕوانیی شێخ.

– بەرزبوونـەوەی دەنگـی نـاڕەزایی لـە نـاوخۆی بریتانیـا بـۆ کشانەوەی سوپا.

– ئینگلیزەکـان خۆشـیان نـەیان دەویـست هێزێکـی گـەورەیان لـە ناوچەکە سەقامگیر ببێت.

– بـۆ ئەوانـە ئینگلیزەکـان کەسـێکی تـر بـە توانـاو خـاوەن نفـوزو دەسەلاتی وەك شێخ مەحمودیان دەست نەدەکەوت.

تەنانـەت لـەو بارودۆخانەشدا ئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیز لەو ڕێبازو نەخشەیەی خۆیان نەدەهاتنە خوارێ یان دانە شکان.

لـەم قۆناغـەی دووەمیـشدا، شـێخیش ئامـادەی داشـکان نـەبوو، سووربوو لەسەر سەربەخۆیی هەموو کوردستان. بۆیە دوای گەڕانەوەی بـۆ سـلێمانی (١٩٢٢/١٠/٩) لـە ١٠/٩دا یەکـەم ئـیرادەی حوکمـداریی ڕاگەیاند و دوای یەك ڕۆژ کابینەی حکومەتی کوردستانی ڕاگەیاند..

لەگـەڵ هـەموو ئـەو ئاڵۆزییانـەدا هـەر لەسـەرەتای ئـەم پلـەی دووەمـەی حوکمڕانییـەوە،کردەوەی دژ بـە شـێخ وبـە ناوچـەکە دەسـتی پـێ کـردەوە، تەنانەت بۆمببارانی ڕانیەو ناوچەی شێخ بزەینیش کرا. لە دژەکرداری ئەو کارانە، مێجەرنۆئێڵ بۆ (بۆردیلیۆنی) سکرتێری مەندووبی سامی دەنووسێت:

وای بۆ ئەچم بڕیاری ئەوە درابێ کە کورد پێی خۆش بێ یا ناخۆش بێ، ئەبێ بە هەموو جۆری خواروی کوردستان بخرێتە سەر عیراق و لە ژێر دەستی عیراقدابێ،جارێکی تریش دووبارەی ئەکەمەوە کە کورد

نابیّ بخریّته ژیّردەستی عیراق. ئەگەر کەرکووك بکریّت بە ناوچەی ئینتیخابات بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی دامەزریّن،مانای وایە بە کوردەکان بوتریّ بە ئاشکرا بڕیاردراوە کەرکوك بخریّتە سەر عیراق.[1]

ناکۆکییەکانی نیّوان شیّخ مەحمودو ئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیز لە بەغدا زۆربوون، دووانیان زۆر گرنگو هەستیارو چارەنووسساز بوون، تا ئەو رادەیەی کە هیچ لایەکیان ئامادەی داشکانی ستراتیجی نەبوون بۆ ئەوی تر:

١. شیّخ مەحمود ئازادیو سەربەخۆییەکی وای دەویست کە پیّچەوانەی ریّبازی ئەو ئەفسەرانە بوو.

٢. ئەو ئەفسەرانە دەیانویست دەسەڵاتی شیّخ مەحمود لە سلیّمانی تیّپەڕ نەکات، ناوچەکانی هەڵەبجەو رانیەو گەلیّ شویّنی تر لە سلیّمانی بپچڕیّنریّن. شیّخ مەحمودیش کوردستانی بیری دەکردەوە، بە هەموو باشووری کوردستان نەبووایە رازی نەدەبوو.

ئەدمۆندس لەنووسینیّکیدا لەژیّر ناوی "کوردەکانی عیراق" لە (The Middle East Jounal)دا، لە باسی سەردەمەکەی شیّخ مەحمودو ئامانجەکانی شیّخدا دەڵیّت:

"بەڵام هەوای نەشئەبەخشی کیّوەکانی سلیّمانی "شیّخ مەحمود"ی سەرمەست کرد. لەبەرئەمە هەر گفتیّکی دابووی‌و هەر پەیمانیّ کەلەگەڵ گەورەکانی حکومەتی بەغدا کردبووی لەبیری چووەوەو زۆری پیّ نەچوو ناوی خۆی نا (مەلیکی کوردستان)و دەسی کرد بە

---

[1] هاوار، سەرچاوەی ناوبراو، ب ٢، ل٤٨٤" سدیق سالّح، سەرچاوەی ناوبراو، ل٦٢.



www.zhgen.org

داواکردنی شارە کوردەکانی ترو هەموو ئەو خاکەی بە کوردستان ناوئەبرێو تا سنووری (جەبەل حەمرین) درێژ ئەبێتەوە...

**_رەفیق حیلمی خۆشی دەڵێت:_**

هەمووی مانگێکی پێ نەچبوو (مەبەستی لەوە، دەستپێکردنی حوکمداریی پلەی دووەمی شێخ مەحمود) کەئیتر عنوانی (حوکمدار)یشی گۆڕی بەعنوانی (مەلیکی کوردستان) (تشرینی دووەمی ١٩٢٢). ئینجا دەسی کرد بە داواکردنی سەرپاکی ئەو شارانە کەکوردنو ئەکەونە خاکی کوردستانەوە..

هەر لەسەر هەمان ئەو رێبازو ئامانجە کەمستەفا پاشا لەڕۆژنامەی (بانگی کوردستان) رۆژنامەی کۆمەڵەی کوردستان، بەیانێکی بڵاوکردەوە کەئەوەی مەبەستە بەم جۆرە بوو:

" لەپاش تشریف هێنانەوەی حزرت حوکمدار کردستان دام شوکتە..

هەتا وەکو جناب مندوب سامی دوڵت فخیمەی بریتانیا کەلەبەغداوە هەر وەکو وعدی فرموە موفق خریتە عموم لواو قزایان کردستان الحاق افرمویت اوسایە حزرت حکمدار دام شوکتە لەکرکوك واربیلو لەزاخوو عقرەو عمادیەو دهوكو سلاحیەو خانقینو سایر بلاد کردستان رجال محترمە دعوتو تشکیلاتێکی دائمی اجرا اکری.

# شێخ مەحمود لەنێوان پەتی سێدارەو تەختی مەلیکێتیدا

لەو بۆشاییەی بارودۆخە نێودەوڵەتییەکە لە کوردستاندا خوڵقاندیان، و بووبەهەلێکی مێژوویی بۆ کورد، شێخ مەحمودی حەفید وەك سەرکردەیەکی تواناو خاوەنی هێزێکی کاریگەر، هاتە گۆڕەپانی ململانێی سیاسیی و سەربازی، بەتوانای خۆی و هێزەکەی بۆشاییەکەی لەناوچەیەکی گەورەی باشووری کوردستاندا پڕکردەوە، هەردوو دەوڵەت و هێزی دژ بەیەك، تورکیا و بریتانیا، لەشەڕو پێکادان و ململانێیەکی سەختدا بوون لەسەر ناوچەکە..

لەوەشدا پێویستیان بە هاوکاریی دانیشتوانی ناوچەکە هەبوو. جگە لەوەی ناوو ناوبانگی بنەماڵەی شێخ، بەتایبەتی شێخ مارفی نۆدێ و حاجی کاك ئەحمەدی شێخ هۆیەکی گرنگ بوون بۆ ناو خۆشەویستیی شێخ مەحمود، هەر لەسەرەتاشەوە شێخی کورد، تواناو جەربەزەیی خۆی دەرخستبوو. بەتایبەتی لە شەڕەکانی شوعەیبە لەدژی هێزەکانی ئینگلیز، لە شەڕو پێکادانەکانی پێنجوین لەدژی رووسەکان و دوورخستنەوەیان لە ناوچەکە..

بۆیە هەر لەسەرەتاوە شێخ مەحمود لەناو زۆرانبازی و شەڕی ئەو دوو هێزەدا، لەناو دوو بەرداشی ئەو دوو دەوڵەتەدا کاری دەکرد، مامەڵەی سیاسی و دیپلۆماسی، مانۆڕی سیاسی و سەربازی دەکردو هەوڵی ئەدا جێگەی کورد لەسەر مەڵبەندەکەی خۆی قایم بکات. بۆیە چارەنووسەکەشی

لەبەردەم گەرداوی بەرەو سێدارە یان بوونە مەلیکی نیشتمانەکەی خۆی، ئەمسەرو ئەوسەری دەکرد..

کاتێک ئینگلیزەکان لە کەرکوک نزیکبوونەوە، شێخ مەحمود کەوتە بەردەم رووناکیی سەوزی تورکەکان. کاتێك جەنراڵ (مارشاڵ) لە ٧ نیسانی ١٩١٨دا کەرکوکی داگیرکرد.. شێخ مەحمود نامەیەکی ئاڕاستەی (وێڵسن) کرد، تێیدا پێخۆشحاڵی کوردی بەسەرکەوتنی بریتانیا دەرخستو داوای کرد کە ڕێگە بە گەڕانەوەی تورك نەدرێت. داوای یارمەتو دامەزراندنی حکومەتی کوردستانی لێ کرد.

بەڵام زۆری نەبرد بەهۆی هەندێ گۆڕران لەبەرەکانی جەنگ لەئەوروپای رۆژئاوا، کەرکوك چۆڵ کراو هێزی تورك گەڕایەوە. پەیوەندییەکەی شێخیش بەتورکەکان گەیەندرابوو.بۆیە فەرمان درا بەمستەفا بەگ کە سەرکردەی هێزەکانی تورك بوو لەسلێمانی کەشێخ مەحمود بگرێو بۆ کەرکوکی رەوانە بکات.

دادگایەکی سەربازیی تورك بڕیاری خنکاندنی بەسەردا دەدات. بەڵام بارودۆخی ناوچەکەو بوونی هێزەکانی ئینگلیز لە ناوچەکە، پاڵی بەعەلی ئیحسان پاشا سەرلەشکری ئۆردوی شەشەمی تورك لەعیراق_ وە نا کە داوای شێخ بکات، دوای دڵنەوایی و دانانی بەسەرکردەی لەشکری مەدەنی، پێنج هەزار لیرەی رەشادیشی پێدا، فەرمانی بەسەر لەشکرەکەی سلێمانیش دا کەهەر چی پێویستییەکی چەكو جبەخانە هەیە بیدات بەشێخ. ئەوەبوو بەڕێزەوە گەڕاندییەوە بۆسلێمانی کەوتە ڕێکخستنی کاروبارەکانی خۆیو وڵاتەکەی. لەم لایەنەشەوە ئینگلیزەکان لەو پەیوەندییە ئاگادار کران.

بۆ جاری دووەم، لەژێر گوشاری هێزەکانی ئینگلیزدا،جارێکی تر تورکەکان کەرکوکیان چۆڵ کرد، ئیتر شێخ ئومێدی بەگەڕانەوەی تورك نەماو دەبوو سەرحسابی پاشەڕۆژی پێوەندییەکانی خۆی بکات .بۆیە نامەیەکی بە(عززەتی تۆپچی)و (ئەحمەد فایەق)دا بەرێگەی ئینگلیزەکانەوە لەکفری نارد بۆ (وێڵسن). ئەوە بۆ ئینگلیزەکان چاوەڕواننەکراو بوو. داوایان لیٚ کرد کە چاوەڕوانی وەڵامی وێڵسن بێت.

ئەوەبوو وێڵسن-یش (مێجەر نۆئێڵ) کە زانیاریو شارەزاییەکی زۆری دەربارەی کوردستان هەبوو، بە ڕاوێژکاری شێخ مەحمود دانا. لە ١-١١-١٩١٨دا شێخ مەحمود خۆی بە حوکمداری کوردستان ناساند. کە مێجەر نۆئێڵ گەیشتە داریکەڵیو ئینجا بەرەو سلێمانی کەوتەڕیٚ.. پێشوازییەکی گەورەو چاوەڕواننەکراو کرا.

یەکێك لە هەنگاوە سیاسییە گرنگەکانی تر، ئەو مەزبەتەیە بوو کەشێخ بۆ کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس ئامادەی کردو بە ئامادەبوونی نۆئێڵ، گەورە پیاوان ئیمزایان کردو تێیدا بەڕەسمیی شەریف پاشا بە نوێنەری کورد ناسێنرا.

ئەو پێوەندییە لەگەڵ گەورە لێپرسراوانی ئینگلیز لەبەغدا زۆری نەخایاند. چونکە شەڕی دەربەندو برینداریو دیلکردنی شێخ مەحمود، بریاری لەسێدارەدانو لەدواییدا گۆڕینی بۆ دەساڵ حوکمو دوورخستنەوەی بۆ هیندستان بارودۆخەکەیان پێچەوانە کرد. تاشەڕی ئاوباریکیش (١٩٣١) چەندین جاری تر، بێدادگاو یاسا بڕیاری

کوشتنی بەسەردا درا، بۆمبارانی خۆیو شارەکەی کرا، لەشەڕیشدا هەمیشە لەبەردەم هەڕەشەی مردندا بوە، لەناو ئەو ئالۆزیو هەڕەشانەشدا، دیسان هەر هۆیە خۆییەکان کاریان لەسەر ویژدانو بێئومێدیی شێخ دەکرد.

گرنگترین ئەو سەرچاوانەی کەسیاسەتەکانی شێخ مەحمود روونو رەوان دەخەنەپێش چاو:

١. ئەو نامانەی بۆ لێپرسراوانی ئینگلیز ناردوونیو لە ئەرشیفی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیادا پارێزراون...

٢. ئەو نامانەی بۆ رووسەکانی ناردووەو چەندین ساڵ دوای ناردنەکە بڵاوکراونەتەوە..

٣. نامەو راسپاردەو پێوەندییەکانی لەگەڵ تورکەکاندا...

٤. رۆژنامەکانی سەردەمی حوکمداریو مەلیکایەتییەکەی کەزمانحاڵی خۆیو حکومەتەکەی بوون..

٥. ئەو وتوێژانەی لەگەڵ سمایلخانی سمکۆدا کردویەتی لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ سلێمانیو ئینجا ئەو نامەو بروسکانەی لەنێوانی شێخو سمکۆدا ئاڵوگۆڕکران..

٦. بروسکەو نامەو وتوێژو بیرەوەریو نووسینەکانی ئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیز لەناوچەکەدا..

٧. بیرەوەریو نووسینەکانی ئەوانەی هاودەمی ئەزموونەکە بوون یان لەنزیکەوە لەگەڵ شێخ ژیاونو زانیارییەکی زۆریان لەسەر شێخ هەبووە بەتایبەتی:

رەفیق حیلمی، ئەحمەد تەقی، ئەحمەد خواجە، بابەعەلی، شێخ رەئووف...

٨.نووسەرانی عەرەبی عیراق و رۆژنامەکانی عیراق، بەتایبەتی ئەوانەی سەردەمەکەو مێژووی دواییتر...

بەشێك لە بۆچوونەکانی شێخ وەك لە نامەو بروسکەکانیدا بۆ سمایلخانی سمکۆ دەردەکەون:

دوالاپەڕەی خەباتی چەکداریی شێخ مەحمود

شەشی ئەیلوولی ساڵی ١٩٣٠ رۆژێکی دیارو خوێناوییە لە مێژووی نەتەوەی کورددا کە خەڵکی شاری سلێمانی بەخوێنی گەشیان تۆماریان کردووە. لەو رۆژەدا، دژ بەپەیمانی ساڵی ١٩٣٠ نێوان بریتانیاو عیراقی کۆلۆنی، بۆ داواکردن و جێگیرکردنی داخوازییەکانی کورد خەڵکی سلێمانی دژ بە دەسەلاتی داگیرکەری پاشایەتیی عیراق و ئیمپریالیزمی بریتانیا، راپەڕینێکی جەماوەریی بێ چەك و دوور لەتوندو تیژیی چەك بەکارهێنان کرد.. بەڵام دەسەڵاتی سەپێنراو بە گوللەبارانی رەشاش و مەترەلۆز وەڵامی خۆپیشاندەرەکانی دایەوە، کەکوشتارێکی زۆری تیاکرا.

شێخ مەحمود لەوسەردەمانەدا ژیانی ئاوارەیی و بەزۆر دوورخستنەوەی لە مەڵبەندەکەی خۆی لە ئێران بەسەردەبرد. کاتێك دەنگ و باسی شەڕی بەردەرکی سەراو خوێن رێژییەکەی پێ گەیەنرا. خۆشەویستیی نەتەوەو نیشتمانەکەی و خۆبەرپرسزان لەبەرامبەر ئەو نەهامەتییە نوێیەی بەسەریاندا سەپێنرا بۆ کۆڕی خەبات رای دەکێشنەوە.

بۆیە لە ١٧-٩-١٩٣٠دا نامەیەکی ناڕەزایی بۆ مەندووبی سامیی بریتانیا لەبەغدا دەنێرێت پرۆتستۆ دژ بەو کوشتن و بڕینەی سوپای عیراق لەسلێمانی رادەگەیەنێت و تێیدا دەڵێت:

لاتان روون بووەوە کەمەحاڵە دوای ئەوە کوردو عەرەب پێکەوە بژین، سەبری کورد تەواو بوو بەهۆی ئەوتاوانانەی لەلایەن عەرەبەوە لەدژی دەکرێت..

**لەکۆتایی نامەکەدا دەنووسێت:**

بەناوی ئەم گەلە ئاریییەوە- هەموو کورد داواتان لێ دەکەن کە ڕزگار بکرێن و لە عەرەب جیابکرێنەوەو بخرێنە ژێر پارێزەریی بریتانیاوە. مەندووبی سامیش وێنەیەکی نامەکە بۆ سەرۆك وەزیرانی عیراق (نوری سەعید) دەنێرێ. مەندوبی سامی رای وابوو کەلەوەلامدانەوەیدا لەگەڵ ئەو شتانەی کەجەخت لەسەر برایەتیی هەردوو گەلی عەرەب و کورد دەکات باسی دوورخستنەوەی خەوی سەربەخۆیی کوردلەبیری شێخ مەحمود بیرێتە دەرێ وەکە خۆشگوزەرانیی گەلی کورد و گەشەکردنی بەخۆشی و گەشەکردنی عیراق وەك کۆ بەهاوکاریی لەگەڵ حکومەتی عیراقەوە بەستراوە.[1]

بەڵام ئینگلیزەکان بە هەڕەشەی نەجووڵان و نەگەڕانەوە بۆ عیراق وەڵامیان دایەوە. بۆیە شێخ لە ٩_١_١٩٣١خۆی گەیاندە پێنجوین ،دوایتر ناوچەکانی شانەدەری و خورماڵی رزگارکرد. هیچ گومان

[1] هاوار، سەرچاوەی نێوبراو. ب،٢ ل ٤٦٩.

لەوەدا نییە کە زەمین و زەمانی شەڕەکە، هەلومەرجەکان، لاسەنگیی هێزی چەکدارو چەك وجبەخانە.. لە بەرژەوەندیی کورددا نەبوو.. لەگەڵ ئەوەشدا بەو چاونەترسییەی خۆی و بە هیوایەکی نوێوە لەگەڵ چەکدارەکانی خۆی گەیاندە ئاوباریك.

بنكەی ژین
www.zheen.org

## سەرچاوەکان


١. م. ر. هاوار، شێخ مەحموودی قارەمان و دەوڵەتەکەی خوارووی کوردستان، ب ١ و٢، لەندەن، ١٩٩١ و١٩٩٢.

٢. د. وليد حمدي، الكرد وكردستان في الوثائق البريطانية، لندن، ١٩٩٠.

٣. د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا، بەغدا، ١٩٧٥.

٤. رفيق حلمی، یاداشت، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەمو دووەمو سێیەم، چ٢، هەولێر، ١٩٨٧.

٥. بیرەوەرییەکانی ئەحمەد تەقی دەربارەی شۆڕشەکانی شێخ مەحموودو سمکۆ، چ٢، ئامادەکردنی جەلال تەقی، سلێمانی، ١٩٩٨.

٦. محەممەد ئەمین زەکی، دوو تەقەلای بێ سوود، توێژینەوەو لێکۆڵینەوەو پێشەکی سەباحی غالب، لەندەن، ١٩٨٤.

٧. یاداشتەکانی مێجەر نۆئیل لە کوردستان، وەرگێڕانی بۆ کوردی حسين احمد الجاف و حسين عثمان نێرگسەجاڕی، سلێمانی، ١٩٨٤.

٨. ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی رەشە، شاری سلێمانی، ب١و ٢، بەغدا، ١٩٨٧ و ١٩٨٩.

٩. سی. جی. ادمودز، کرد وترك وعرب، ترجمة جرجيس فتح الله، بغداد، ١٩٧١.

١٠. ارشيبالد هملتۆن، ڕێگە بەناوکوردستاندا، لەندەن، ١٩٥٨(چاپی ئینگلیزی).

١١. رحلة ريچ، ترجمة بهاء الدين نوري، بغداد، ١٩٣٦.

١٢. ڕەفیق ساڵح، ڕۆژنامەکانی سەردەمی حوکمی شێخ مەحموود، لەسەرنووسینی سدیق ساڵح، سلێمانی، ٢٠٠٢.

١٣. بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا.

١٤. سدیق ساڵح، حکوومەتی کوردستان لە سلێمانی ١٩١٨-١٩٢٤، سلێمانی، ٢٠٠٢.

بنکەی ژین
www.zheen.org

## ناوەرۆك


| | |
|---|---|
| پێشکەش | ٥ |
| وتەیەکی پێویست | ٧ |
| ئەم لێکۆڵینەوەیە | ١٣ |
| ئاوڕێك لە مێژووی کوردستانی عێراق | ١٦ |
| سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوردی لەوویچوە بوو بۆچی؟ | ١٧ |
| کورد لەناو مەتەڵی سیاسەتی بریتانیادا بۆچی؟ | ١٨ |
| بەشی یەکەم: | |
| (١) سێ پلە لە حوکمڕانی خۆماڵیو سێ ڕێباز لە ئەقڵو کاری ئینگلیزدا | ٢٢ |
| سێ دیاردەی زەقو پڕلەزیانی ئەو شکستییەو پاشەکشەی کوردایەتی | ٢٨ |
| (٢) بریتانیا: ستراتیجو هێڵە سەرەکییەکان | ٣٣ |
| بۆچی بەرەی ناحەز سەرکەوت، ئەوەی ویستی جێگیر کرا؟ | ٣٨ |
| (٣) خاڵی هاوبەش لەنێوان لێپرسراوو ئەفسەرە سیاسییەکاندا | ٤٠ |
| هۆکارو کارتێکەری ناساز لە خوڵقاندنی کۆسپو گرفتی تر | ٤١ |
| ستراتیجو نەخشە یان بیرو بۆچوونی جیاجیا | ٤٣ |
| (٤) ئاوڕێك لە ڕابوردووی دوورتر | ٤٨ |
| کوردو ئینگلیز لە سەردەمەکانی پێشووتردا | ٥٢ |
| پەیوەندییەکان لە سەردەمی جەنگو دواتردا | ٥٣ |
| گرێو گرفتەکانی ناوخۆ | ٥٧ |
| ڕەوشە بەزیانەکان | ٥٩ |
| بۆچی بەشێکی کارای ئینگلیزەکان لە سیاسەتی شێخ مەحمود ناڕازیو لەدژیشی کاریان دەکرد | ٦٤ |
| گرفتە عاسییەکانی تر | ٦٧ |


بنکەی ژین
www.zheen.org

خاڵی تری لاواز لە سیاسەت و مامەڵەو هەڵوێستی کورددا ٧٠
بەشی دووەم ٧٣
ڕێبازی یەکەم: ٧٨
بنەما سیاسی و ئابوری و ستراتیجی و تیۆرییەکانی بەرپرسانی ئەم ڕێبازە ٨٢
سەرەتای پەیوەندی ٨٤
ئارنۆڵد وێلسۆن ٨٩
ستراتیجی جوگرافیی ئەم لە کوردستان بۆ ئەو عێراقەی پێك دەهێنرێ ٩٢
هێنری دوبس ١٠٤
ڕائید ئەدمۆندز ڕاوێژکاری وەزیری ناوخۆ ١٠٧
مێجەر سۆن ١١٠
دەزگای ئیستخبارات و سەرکردەی سوپای بریتانیا لە میزۆپۆتامیا
جەنراڵ ر"هاڵدن" ١١١
ڕێبازی دووەم:
ڕێبازی لێکۆڵینەوەو چوەڕوانی یان ڕێبازی مامناوەنجی ١٢٠
سێر ونستۆن چەرچڵ و ڕاو بۆچوونەکانی سەرەتا ١٢٣
لە سێیەم پلەی گۆڕانەکانی ڕاو بۆچوونەکانی چەرچڵ ١٢٩
وەزارەتی کاروباری دەرەوە ١٣٠
ڕێبازی سێیەم:
یەکەم هەوڵی مێژوویی سەردی بیستەم
ڕەوشە تایبەتەکانی سەردەمەکە ١٤١
هەڵوێستە جۆراوجۆرەکان ١٤٢
هەڵوێستی حکومەتی هندستان ٢٠٢
بەشی سێیەم

بنكەی ژین
www.zheen.org

| | |
|---|---|
| ئەقڵی سیاسیو دیپلۆماسیی کورد | ٢١٥ |
| تێنەگەیشتنی گشتی لە هەڵوێستە جۆراوجۆرەکان | ٢١٧ |
| ئاژاوەو یاخی بوون یان ڕاپەڕینو شۆڕش | ٢٢٠ |
| سیاسەتو دیپلۆماسیەتی شێخ مەحمود | ٢٢٣ |
| شێخ مەحمود: سیاسەتو کاری دیپلۆماسیو ئەنجامەکان | |
| پەیوەندییەکانی شێخ مەحمود لەگەڵ بریتانیادا | ٢٢٣ |
| هەوڵو هەنگاوەکانی شێخ مەحمود لە ئاستی نێونەتەوەییدا | ٢٣٤ |
| شێخ مەحمودو تورک | ٢٤٢ |
| ئۆزدەمیرو ئاڵۆزییەکانی سیاسەت لەبەردەم سەرکردایەتیی کورددا | ٢٤٤ |
| کوردستانیکردنی مەلیکایەتییەکەی شێخ مەحمود | ٢٤٧ |
| شێخ مەحمود لەنێوان پەتی سێدارەو تەختی مەلەکییەتیدا | ٢٥٤ |
| سەرچاوەکان | ٢٦١ |

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

## له بەرهەمە بڵاوكراوەكانی نوسەر

١٩٧٣-٢٠٠٦

یەكەم: نوسین و دانراو

١- دیپلۆماسێتی بزوتنەوەی كوردایەتی، سلێمانی، ١٩٧٣.

٢- كۆماری میللی مەهاباد

چاپی یەكەم: كوردستان، ١٩٨٤.

چاپی دووەم، ستۆكهۆڵم، ١٩٨٦.

٣- ڕەگ و ڕیشەی تەقەلای بەعێراقیكردنی كوردو مەسەلەی كوردستان

چاپی یەكەم: سوید، ١٩٨٧.

چاپی دووەم: سلێمانی، ١٩٩٨.

چاپی سێیەم: سلێمانی، ١٩٩٩.

تێبینی: چاپی دووەم و سێیەم لەگەڵ (بازنەكانی ململانێ و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەی كوردا ڕێك خراون).

٤- كودرو ململانێ و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوە

چاپی یەكەم: كوردستان، ١٩٨٨.

چاپی دووەم: سلێمانی، ١٩٩٨.

چاپی سێیەم: سلێمانی، ١٩٩٩.

تێبینی: چاپی دووەم و سێیەم لەگەڵ (بازنەكانی ململانێ و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەی كوردا ڕێك خراون).

٥- دەوڵەتی جمهوری كوردستان- نامەو دۆكومێنت

بەرگی یەكەم- چاپی یەكەم: ستۆكهۆڵم، ١٩٩٢.

بەرگی دووەم- چاپی دووەم: ستۆكهۆڵم، ١٩٩٥.

بەرگی سێیەم- چاپی سێیەم: ستۆكهۆڵم، ١٩٩٧.

٦- بازنەكانی ململانێ و ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەی كورد

www.zheen.org

چاپی یەکەم: سلێمانی، ١٩٩٨.

چاپی دووەم: سلێمانی، ١٩٩٩.

٧- کاروانای بێکۆتایی

چاپی یەکەم: سلێمانی، ٢٠٠٠.

چاپی دووەم: سلێمانی، ٢٠٠٠.

٨- ئەمریکا و عێراق و ئەگەرەکانی کورد لەبەردەم چاوەڕوانیەکاندا

چاپی یەکەم: سلێمانی، ٢٠٠٢.

**دووەم: وەرگێڕان**

١- دەروێشەکان بەدوای ڕاستیدا ئەگەڕێن، لەعەرەبیەوە کراوە بە کوردی

چاپی یەکەم: سوید، ١٩٨٣.

چاپی دووەم: سلێمانی، ٢٠٠٠.

٢- جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە خەباتیدا بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتی و سیاسی، نوسینی پ. ڕادۆڤان پاڤیچ، لەعەرەبیەوە کراوە بە کوردی

چاپی یەکەم: ستۆکهۆڵم، ١٩٨٥.

چاپی دووەم: کوردستان، ١٩٨٦.

٣- کورتەی مێژوویی فەلسەفە، لەعەرەبیەوە کراوە بە کوردی

بەرگی یەکەم: چاپی یەکەم- سوید، ١٩٨٨.

٤- لەپێناوی گەشەپێدانی ئەرشیفە نوێدامەزراوەکەی کوردستان، لەسویدییەوە کراوە بە کوردی

چاپی یەکەم: سلێمانی، ٢٠٠٠.

٥- چۆن بنوسین، لەسویدییەوە کراوە بە کوردی

چاپی یەکەم: سلێمانی، ٢٠٠١.

**سێیەم: ئەو بەرهەمانەی تری نوسەر کە بەناوی ترەوە بڵاو کراونەتەوە**

خەباتی کرێکاران

چاپی یەکەم: سلێمانی، ١٩٧٣.

www.zheen.org

**چوارەم: لەگەڵ دەیان باس و لێکۆڵینەوەو دیدەنی کە لە ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەکاندا لە وڵات و دەرەوەدا بڵاو کراونەتەوە،**

**بەتایبەتی:**

**لە ڕۆژنامەی: خەبات، النور، برایەتی، التآخی، کوردستانی نوێ، ئاڵای ئازادی، سلێمانیی نوێ، ڕای گشتی، ئۆپسالانییە تیدنینگ- سویدی-سوید، کوردستانی نوێ-چاپی ڕوسی- مۆسکۆ.**

**لە گۆڤاری: ڕزگاری، پەیڤ، ڕابوون، مرۆڤایەتی، گزینگ، ڕێبازی نوێ، مامۆستای کورد، تایم، ئایندە، پێشمەرگە، گۆڤاری ناوخۆ، دەنگی مامۆستا، نوێدەم، نڤار، پەیڤین، ئاران، ئامانج، ....**

بنکەی ژین
www.zheen.org